برایم جەلال

# فەرهەنگی سیاسی

» فەرهەنگی سیاسی
» نووسین: برایم جەلال
» دیزاین: کەمال حامد
» تیراژ: 250 دانە
» ساڵی چاپ: 2025
» شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی
» چاپ: چاپخانەی پیرەمێرد
» زنجیرە (560 - 75)

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (1585) ی ساڵی 2025 پێدراوە

# پێڕست


پێشەکیی چاپی دووەم ........ ٩
ئابوریی ڕامیاری ........ ١٤
پاسفیزم ........ ٢١
ئامانجی دور و نزیک ........ ٢٢
ئۆپۆرتۆنیزم ........ ٢٦
ئۆردوگای زۆرەملێ ........ ٢٦
ئۆتۆکراسی ........ ٢٦
ئیئتیلاف ........ ٢٧
ئێستاخانۆفیزم ........ ٢٧
ئیمپریالیزم ........ ٢٨
باری شۆشگێڕانە ........ ٣٣
بەئاشتی پێکەوە ژیان ........ ٣٤
دۆگماتیزم ........ ٣٧
بەیاننامەی مافی مرۆڤایەتیی جیهان ........ ٣٩
رادیکالیزم ........ ٤١
بۆرجوازی (چین) ........ ٤٢
بۆلشەفیزم ........ ٤٦
بیروباوەڕ ........ ٤٧
کۆسمۆپۆلیزم ........ ٤٩
پارت (حزب) ........ ٥٠

| | |
|---|---|
| پانجاشیلا (پێنج سەرچاوە) | ٥٩ |
| پەرلەمان و خەباتی پەرلەمانی | ٥٩ |
| پەیوەندیی بەرهەم هێنان | ٦٢ |
| پرۆلیتاریا | ٦٤ |
| پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندن | ٦٦ |
| پلورالیزم | ٦٨ |
| تۆتالیتاریزم | ٧٠ |
| تیۆری | ٧٠ |
| تیۆکراسی | ٧٢ |
| تیرۆریزم | ٧٢ |
| تەکنۆکراسی | ٧٣ |
| جیاوازگەری | ٧٤ |
| جیهانبینی | ٧٤ |
| چەند شێوەیەک لە چالاکیی جەماوەری | ٧٦ |
| چەوساندنەوە | ٧٨ |
| چین | ٨٠ |
| ئەرستۆکراتی | ٨٢ |
| خەباتی حزبی | ٨٤ |
| خەباتی چینایەتی | ٨٦ |
| خودپەرستی | ٩٠ |
| تالگەرایی | ٩٢ |
| خۆیی و بابەتی | ٩٤ |
| دادگای پاپ | ٩٦ |
| داسەپاندن | ٩٧ |

داگیرکردن .......... ٩٩
کۆلۆنیالیزمی نوێ .......... ١٠٣
دەرەبەگایەتی .......... ١٠٥
دیکتاتۆریای پرۆلیتاریا .......... ١٠٨
دەروێشی .......... ١١١
دیسپۆتیزم .......... ١١٢
دیسپلین و دیموکراسیی حزبی .......... ١١٣
دیماگۆکی .......... ١١٥
دیموکراسی .......... ١١٦
ڕامیاری .......... ١١٩
ڕەگەز پەرستی .......... ١٢٠
ڕژێم .......... ١٢١
ئۆلیگارشی .......... ١٢٢
ڕیفۆرم .......... ١٢٥
ڕیفۆرمی زەوی .......... ١٢٧
زایۆنیزم .......... ١٢٨
زەویداری گەورە .......... ١٣٠
ژێردەستی .......... ١٣١
ژێرخان، سەرخان .......... ١٣١
سانسۆر .......... ١٣٤
سەرمایەداری .......... ١٣٤
سەرمایەداری لادێ .......... ١٣٨
میلیتاریزم .......... ١٣٨
سیستمی هەڵبژاردن .......... ١٤٠

سی بنکەی سەرەکیی دژ بە ئیمپریالیزم ............................................ ١٤١
شەڕ .................................................................................... ١٤٢
شەڕی سارد ............................................................................ ١٤٥
شورەی چین ............................................................................ ١٤٦
شۆڤێنیزم (نەتەوەچێتی) .............................................................. ١٤٦
شۆڕش .................................................................................. ١٤٨
شۆڕشی کەلتوری ..................................................................... ١٥٢
شیری دامۆکلیس ..................................................................... ١٥٦
شێوەکانی خەبات ..................................................................... ١٥٧
شێوەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی-ئابوری ........................................ ١٦٠
فابیسنیزم .............................................................................. ١٦١
فاشیزم ................................................................................. ١٦١
فالانگیزم .............................................................................. ١٦٣
فەرهەنگ .............................................................................. ١٦٤
فیدرالیزم .............................................................................. ١٦٦
ڤیتۆ .................................................................................... ١٦٧
قەدەغەکردن ........................................................................... ١٦٨
کەسایەتی ............................................................................. ١٦٩
لۆمبین پرۆلیتاریا ...................................................................... ١٧١
کرێکاری کشتوکاڵ .................................................................... ١٧٢
کۆنفراسیۆن ........................................................................... ١٧٣
کۆنسێرڤیاتیزم ......................................................................... ١٧٤
کۆرپۆراتیزم ........................................................................... ١٧٥
کۆمینتانگ ............................................................................. ١٧٦

| | |
|---|---|
| کۆمنفۆرم | ١٧٦ |
| کۆمنتێرن | ١٧٧ |
| کۆنەپەرستی | ١٧٧ |
| کۆمۆنیزم | ١٧٩ |
| کۆمۆنی سەرەتایی | ١٨١ |
| کۆیلەداری | ١٨٣ |
| کێشەی زەوی | ١٨٥ |
| ریفیژنیزم | ١٨٧ |
| گێرەشێوێنی | ١٨٨ |
| لەشکری پێنجەم | ١٩٥ |
| لکاندنی زەوی | ١٩٦ |
| لیبرالیزم | ١٩٧ |
| مارکسیزم-لینینیزم | ١٩٧ |
| مافی بێ سنور | ٢٠١ |
| مالتۆسیاتیزم | ٢٠١ |
| مانیفێست | ٢٠٢ |
| ماک کارتیزم | ٢٠٣ |
| مرۆڤدۆستی | ٢٠٣ |
| مەنشەویزم | ٢٠٥ |
| مکیاڤیللیزم | ٢٠٥ |
| نانیزم | ٢٠٦ |
| ناوەندێتی دیموکراتی | ٢٠٧ |
| ناسیۆنالیزم | ٢٠٩ |
| نەتەوە و کێشەی نەتەوایەتی | ٢١٠ |

نێونەتەوەیی ........................................................................................ ٢١٣
نێونەتەوەیی پرۆلیتاری ........................................................................ ٢٢٠
نیشتمانپەروەری ................................................................................ ٢٢٥
نیهیلزم ............................................................................................. ٢٢٦
یەکسانی .......................................................................................... ٢٢٧
سۆسیالیزم ....................................................................................... ٢٢٨
هەڵپەی چەپڕەوانەی بلانکیزم ............................................................. ٢٣٠
یەکێتیی پیرۆز ................................................................................... ٢٣١
یەکێتیی کرێکاران (سەندیکا) .................................................................. ٢٣٣
یونسکۆ ............................................................................................ ٢٣٤
یونیسیف ........................................................................................... ٢٣٦

# پێشەکیی چاپی دووەم

**فەرید ئەسەسەرد**

پاش ٤١ ساڵ لە دەرچونی ئەم کتێبە، ئەوە یەکەم جارە چاپێکی تری لێ دەردەچێ و یەکەم جاریشە پێشەکیی بۆ دەنوسرێ. هۆکەش بۆ ئەوە دە گەڕێتەوە کە کتێبەکە لە چاپی یەکەمدا پێشەکی بۆ نەنوسراوە.

کتێبی « فەرهەنگی سیاسی» کە برایم جەلال، لە ساڵی ١٩٨٤، لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا دەری کردوە،لە بنەڕەتدا پشت ئەستورە بە کتێبێکی فارسی بە هەمان ناونیشان کە لەماوەی نێوان ١٩٧٩-١٩٨٠ لە ئێران بڵاوکراوەتەوە. لە راستیدا زانیارییەکی زۆر دەربارەی کۆپییە فارسییەکە نیە. ئێستا پاش تێپەربونی زیاتر لە ٤٠ ساڵ بەسەر دەرچونی کۆپییە فارسییەکە، ئەستەمە زانیاریی وردمان لەسەر کتێبەکە چنگ کەوێ. هەر بۆ نمونە ئەستەمە بزانین دانەرەکەی کێیەو کتێبەکە چ ساڵ و لە کوێی ئێران و لە چ چاپخانەیەک چاپ کراوە و چ حیزبێک دەری کردووە. بەڵام بەوردبونەوە لە ناوەڕۆکی کتێبەکە و زاراوە تاوتوێکراوەکان دەردەکەوێ کە دانەری کتێبەکە چەپێکی ڕادیکاڵی کۆمۆنیستە و زۆرتریش بیر بۆ ئەوە دەچێ کە ماویست بووبێت.

کتێبەکە، بە مانای وشە، وەرگێڕدراو نییە بەڵکو ئامادەکراوە. ئەمەش بەم واتایە دێت کە زاراوە نمایشکراوەکانی ناو کتێبەکە بە دەست کارییەوە دارێژراونەتەوە بەبێ خۆ بەستنەوە بە دەقی بەرایی. بۆیە ئەمە بەم مانایەش دێت کە برایم جەلال دانەری کتێبەکە نییە.

بەڵام ئەو بە ئەمانەتێکەوە کە هەر لە پێشمەرگە و تێکۆشەری سەردەمی پێشمەرگایەتی دەوەشێتەوە، خۆی بە ئامادەکار ناساندووە لەسەر بەرگی کتێبەکە کارەکەی بە «ئامادەکردن» پۆلێن کردووە.

پێشتر داوام لە ئامادەکار کردبوو چەردەیەک زانیاریم دەربارەی فەرهەنگەکە بداتێ و بەرچاوڕونییەکم دەربارەی شێوەی بەڕێوەچونی پڕۆژەکە بۆ دابین بکات بۆ ئەوەی لە نوسینی پێشەکیدا سودی لێوەرگرم. هەرچەندە لەم داوایەدا لاپەڕەیەکی فولسکاب زانیاریم چنگ کەوت،بەڵام لە بنەڕەتدا چاوەڕوانی زانیاریی زۆرتر بوم. هەمو لاپەڕەکە دەوروبەری ١٦٠ وشە بوو، بەڵام بە ناوەڕۆکێکی چڕوپڕ و دەوڵەمەند. لە نوسراوەکەدا دەردەکەوێ کە سەرسامبوون بە کۆپییە فارسییەکە، وروژێنەری بیرۆکەی دەرکردنی کۆپییەکی کوردی بوە. ئامادەکار دەڵێ «هەوڵمدا چەندم پێ بکرێ، زۆرترین زاراوەی سیاسی (لە ناواخنی کتێبەکە) کۆ بکەمەوەو ئامادەکردنی کتێبێکی بەسود و تێروتەسەل». بەکارهێنانی وشەی وەک «بەسود» و «تێروتەسەل» زۆر بە وردی گوزارشت لە پێداویستییە ڕۆشنبیریەکانی ئەو ڕۆژگارە دەکات کە کتێبەکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، چونکە ئامانجی سەرەکیی کارەکە «بەرزکردنەوەی» ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی ئەندامان و کادیرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە.

ئامادەکار لە دەسپێشخەرییەکەیدا بە چەند مانگێک ٢٥٧ زاراوەی لە کتێبەکە ئامادە کرد و بەپێی ئەلف و بێی کوردی ڕێکی خست. ئامادەکار لە پلانەکەیدا خوازیار بوو کتێبەکە بە دوو بەرگ بڵاو بکاتەوە. وای دانابوو لە بەرگی یەکەم دا ١٢٨ زاراوە بڵاوبکاتەوەو لە بەرگی دووەمدا ١٢٩ زاراوە. ئەوەی کە ئێستا لەبەر دەستی خوێنەر دایە، بەرگی یەکەمە کە ١٢٨ زاراوەی لەخۆ گرتووە.

ئامادەکار زۆر بە تەنگ ئەوەوە بوو کە کتێبەکە زوو چاپ بکرێ. بۆیە بیری لەوە کردەوە کتێبەکە لە شاری مەهاباد چاپ بکات. بۆیە سەردانی مەهابادی کرد و لەوێ پەیوەندیی بە کتێبخانەی سەیدیانەوە کرد. لەگەڵ خاوەنی کتێبخانەکە لەسەر چاپکردنی کتێبەکە ڕێککەوت.

ئامادەكار بەو بەڵێنەوە لە مەهاباد گەڕایەوە كە كتێبەكەی لە ماوەی دوو مانگدا چاپ بكرێ. بەڵام كتێبەكە چاپ نەكرا. پێشتر كتێبخانەی سەیدیان زۆر كتێبی كوردیی كوردستانی عێراقی، تەنانەت بەبێ ڕەزامەندی و ئاگاداریی خاوەنەكانیشان چاپ كردبوو.

ئەمە وای لە برایم جەلال كردبوو ئومێد لەسەر ئەوە هەڵچنێ كە كتێبەكەی بە مسۆگەری و زوو لە مەهاباد چاپ دەكرێ.

لە ڕاستیدا لە هەلومەرجی ئەو كاتەدا چانسی چاپكردنی كتێبەكە لە مەهاباد چانسێكی زۆر نەبوو.سوپای پاسداران تا دەهات لە كوردستانی ئێران زۆرتر پێشڕەوی دەكرد و زەویی دەگرتەوە.پەراوێزی چاپ و بڵاوكردنەوە، دوور لە سانسۆری دەوڵەت، وردە وردە تەنگەبەر دەبوو. بۆیە ئەستەم بوو سەیدیان بتوانێ بەردەوام بێ لەسەر ڕەفتاری پێشووی. لە لایەكی ترەوە، دەكرێ كتێبەكە بخرێتە خانەی كتێبە قەدەغەكراوەكان، هەرچەندە ناواخنی كتێبەكە هیچ هێرشێكی بۆ سەر سیاسەتی فەرمیی دەوڵەت و سەركردە سیاسیەكان تێدا نەبوو. بەڵام ناوەڕۆكی كتێبەكە لەگەڵ فەلسەفەی دەوڵەت نەدەگونجا و داڕشتنەكانی زۆرتر بەلای چەپگەرایی و ماركسیزمدا دایاندەشكاند. ئەمەش بە ڕوونی بە زاراوە نمایشكراوەكانەوە دیارە، لەوانە بورژوازی، بەلشەفیزم، پرۆلیتاریا، تیۆكراسی، دیكتاتۆریای پرۆلیتاریا، كۆمۆنەی یەكەم، ریڤیژیونیزم (لادان لە ماركسیزم)، یەكێتی كرێكار، هتد.

ترس لە چاپكردنی كتێبێكی دژ بە فەلسەفەی دەوڵەت، فاكتەری سەرەكیی چاپ نەكردنی كتێبەكە بوو لە مەهاباد. بەڵام سەیدیان هۆی چاپ نەكردنی كتێبەكەی بە تەمومژاوی هێشتەوە. ئەو وەڵامەی كە بە پەیامبەری نارد بوو، وەڵامێكی یەكلاكەرەوە بوو: «كتێبەكەم لا نەماوە. نازانم فەوتاوە یا براوە». فەوتانی دەستنوسەكەی مەهاباد ڕێگر نەبوو لە چاپكردنی كتێبەكە پاش سێ ساڵ لە بەرگەڵوو لە دۆڵی جافەتی. ئامادەكار دەستنوسێكی پارێزراوی هەبوو كە لە كاتی چاپكردندا پشتی پێ بەسترا.

ساڵی ١٩٨٤ کتێبەکە لە دوتوێی١٦٨ لاپەڕە بە قەبارەی ٢١،٥ بە ١٦سم لە چاپخانەی برایم عەزۆ لە بەرگەڵووی دۆڵی جافەتی چاپ کرا. تیراژی کتێبەکە نەزانراوە، بەڵام بەپێی نەریتی ئەو سەردەمە، دەشێ ٣٠٠تا ٥٠٠ دانەی لێ چاپ کرابێ.

کارەکە لە بنەمادا تێکەڵەیە لە وەرگێڕان و کورتکردنەوەو داڕشتنەوە. لە هەندێ شوێندا ئامادەکاری کتێبەکە بۆ ئەوەی زاراوەکە مەبەستی خۆی بپێکێ، هەندێ شتی بۆ زیاد کردووەو وای لێ کردووە هیچ ئاڵۆزییەکی تێدا نەمێنێ و لەبەر ئەنجامدا خوێنەر زۆر بە ئاسانی کرۆکی زاراوەکە تێگەشتووە. لە هەندێ زاراوەدا تێبینی ئەوە دەکرێ کە ئامادەکار شرۆڤەی تری پێشکەش کردووە کە پێدەچێ جیاواز بێ لە شرۆڤەی دەقە فارسییەکە. ئامادەکار لە هەر شوێنێکدا کە پێویستی کردبێ، تێڕوانین و تێگەشتنی خۆی لە بارەی زاراوەکەوە دەربڕیوەو سڵی لە ڕونکردنەوەی بۆچونی خۆی نەکردووە. لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە تێڕوانینی خۆی دەربڕیوە، ئاماژەی پێ داوە کە شرۆڤەکە بۆ ئەو دەگەڕێتەوەو لە هەندێکیاندا، لەو شوێنانەی کە دەقەکە ڕێی پێ داوە، گشت و تایبەت یان رەها و لۆکاڵی تێکهەڵکێشی یەکتری کردووە بۆ ئەوەی بیرۆکەکە رونتر و پوختتر بگاتە خوێنەر. ئەمەش لە ژمارەیەک زاراوەدا دەبینرێ لەوانە ئۆردوگای زۆرەملێ، ئۆپۆرتۆنیزم (هەلپەرستی)، تۆتالیتاریاتیزم، (رادیکالیزم).

بوونی فەرهەنگێکی سیاسی بۆ شرۆڤەکردنی دەستەواژە قورس و نامۆکانی جیهانی ئایدۆلۆژیا، شتێکی زۆر پێویست بوو، و هەوڵێکی جوامێرانەش بو بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنیری سیاسی. کادیرەکانی ڕێکخستن لە تیپەکانی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی ناوشار، زۆر پێویستیان بە فەرهەنگێکی لەو جۆرە بوو. مایەی شانازییە کە یەکەم فەرهەنگی سیاسی لە ڕۆشنبیریی کوردیدا لە لایەن کادیرێکی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانەوە ئامادە کراوەو لە دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستاندا چاپ کراوە.

چاپکردنـەوەی ئـەم کتێبـە بەشـێکە لـە بەرنامـەی پاراسـتنی ئەرشـیفی سـەردەمی پێشمەرگایەتی کە بە هۆیەوە تیشک دەخرێتە سـەر وردەکاریی ژیانـی کەلتوریی قۆناغێکی سـەختی نەتەوەکەمان.

سلێمانی

## ئابوری ڕامیاری
## Political Economy

زانستی یاساکانی بەرهەم و دابەش کردنی سوودەکانی. بریتیە لە زانستی یاساکانی بەرهەم و دابەشکردنی بەرهەمە مادییەکان لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

هەر لە سەردەمی کۆیلەییەوە ئابوری ڕامیاری وەک زانستی بەرهەمی کار کەوتەڕوو و بووە مایەی دروست بونی جیاوازی چینایەتی. بەم پێیە چینە دەسەڵاتدارەکان لە ڕێگەی ئایدیۆلۆجیەتی خۆیانەوە توانیان سود لە چەوساندنەوەی کۆیلەکان وەرگرن. وردە وردە ئەم شێوەیە لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگادا گەشەی کردو لە ڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەوە بایەخێکی گەورەی پەیدا کرد.

### ئابوری سیاسی کلاسیکی بۆرجوازی:

لە سەرئەنجامی بەرەو پێشەوە چوون و گەشەکردنی شێوەکانی بەرهەم هێنان و ئامڕازەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری، ئابوریی سیاسی سەرمایەداری بەرەو گەشە کردن ڕۆیشت و شێوەیەکی زانستی بەخۆیەوە گرت بە تایبەتی پاش پەیدابونی مامۆستایانی ئابوریی سیاسی کلاسیکی بۆرجوازی (ئادەم سمیس و داڤید ڕیکاردۆ)کە بونە هۆی دەوڵەمەند کردنی و زیاتر چەسپاندنی یاساکانی بەرهەم و دابەش کردنی لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە.

ئەم قوتابخانەیە بناغەی زانستی ئابوری سەرمایەداری داڕشت و وای بڵاوکردەوە کە دەسەڵات و ڕژێمی سەرمایەداری بێ کەم و کوڕی نەمرە،کە لە ڕاستیدا تەنها پارێزەری دەستکەوتەکانی سەرمایەداری بوەو

تەنها لە سەردەمی خەباتی دا دژی دەربەگایەتی شێوەو قەبارەیەکی پێشکەوتنخوازانەی بەخۆیەوە وەرگرتوە.

لە کۆتایی چەرخی حەڤدەهەم و سەرەتای چەرخی هەژدەهەم دا، ئەم قوتابخانەیە لە ئینگلستان و فەڕەنسا بە توندی سەری هەڵدا. نوێنەران و سەرکردەکانی ئەم جۆرە ئابوریە کلاسیکیە بۆرجوازیە کەوتنە ململانێیەکی زۆر توندوتیژ لەگەڵ ئابوری دەرەبەگایەتیدا کە درێژەی ململانێی چەرخەکانی ناوەڕاست بو و بوە هۆی داسەپاندن و چەسپاندنی ئابوری سەرمایەداری و سڕینەوەی شوێنەوارەکانی ئابوری دەرەبەگایەتی و ویستیان چەسپاندنی ئەم شێوە ئابورییە بکەنە شتێکی سروشتی و یاساکانی بچەسپێنن بە جۆرێک کە زەمینەیەکی لەباری بۆ بڕەخسێنن تا بارە بابەتییەکان لەبار بن بۆ سەپاندنی یاساکانی.

ئەمانە بە گشتی بونە هۆی داڕشتنی بناغەی تیۆری (نرخ) و کۆمەڵێک ئەندێشە لەسەر بایەخی خاوەنداریەتی قازانج، سود، زێدەبایی، پەیدا بو بۆ ڕون کردنەوەیان.

ڕیکاردۆ کە یەکێکە لە تیۆریستە بە ناوبانگەکانی ئابوری سەرمایەداری سەرئەنجامی لێکۆڵینەوە و شی کردنەوە گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە ناکۆکی هەیە لە نێوان دەستی کارو قازانج کە لە بناغەدا بریتیە لە ناکۆکی نێوان سەرمایەداران و پرۆلیتاریا.

ئەم قوتابخانەیە بایەخێکی زۆری هەبوو لە ڕووی بوونی بە یەکێک لە سەرچاوەکانی دروست بونی مارکسیزم و تیۆری مارکسیزم لەسەر ئابوری بە شێوەیەکی داهێنەر و زیندوانە لە لایەن مارکسەوە کە بوە هۆی دەرکەوتنی کەم و کوڕی و تەسکیی چوارچێوەی چینایەتیی ئەم جۆرە ئابورییە کلاسیکیە بۆرجوازیە.

## ئابوری سیاسی ورده بۆرجوازی:

قوتابخانەیەکی تری ئابوری سیاسیە کە دەربارەی بەرژەوەندییەکانی ورده بۆرجوازی و کۆمەڵەکانی تری مامناوەندی نێوان بۆرجوازی و پرۆلیتاریا دەدوێ.

ئەم قوتابخانەیە لە سەرەتای چەرخی نۆزدەم دا پاش تێک شکان و بەرەو نەمانچونی بەرهەم هێنەرە بچوکەکان هاتەکایەوە، مامۆستایانی ئەم قوتابخانەیە کە بەناوبانگ بوو بون بریتی بوون لە (سیمسون) لە سویسرا (برۆدۆن) لە فەرەنسا، (گری) لە ئینگلترا. ئەمانە توانیان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ناکۆکییەکانی نێوان سەرمایەداری خاوەن ئامرازی بەرهەمهێنانی گەورەو فراوان وپێشکەوتووە نێوان ورده بۆرجوازی خاوەن ئامرازی بەرهەم هێنانی سادەو دواکەوتوو بخەنە ڕوو بیخەنە بەرتیشکی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەو ململانێ کردنی. لایەنی چاکەی ئەم قوتابخانەیە بریتی بوو لە دۆزینەوەی ناکۆکیەکانی ئابوری سەرمایەداری وەک درک پێ کردنی تەقەلای سەرمایەداری بۆ تێک شکاندن و پوچەڵکردنەوەی دەزگا و ئامرازە سادەکان و دواکەوتوەکانی بەرهەم هێنان. لایەنی خراپەی ئەوە بوو کە مامۆستایانی ئەم قوتابخانەیە نەیانتوانی درک بە ناوەڕۆک و بناغەی ناکۆکیەکانی سەرمایەداری و ڕێبازەکانی گەشەکردنی ئەو ناکۆکیانە بکەن،هەر بۆیەش خواستەکانی ئەم قوتابخانەیە و ڕێگای چارەسەری ناکۆکییەکانی لە چوارچێوەیەکی خەیاڵی و دوور لە زانستی و کۆنە پەرستانە بو، هەروەها دژی گەشە کردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بوە و دژی هەمو جۆرە داهێنەرێکی پێشکەوتوانەی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بون.

مامۆستایانی ئەم قوتابخانەیە لە وڵاتە ئیمپریالیستەکاندا پەیدا بوون و گەشەکردنی کۆمپانیا گەورەکان دەگەڕێتەوە بۆ گەشە کردنی باری بابەتی کۆمەڵگای سەرمایەداری بێ ئەوەی هەست بەو ڕاستیە بکەن کە

دەوڵـەت بریتیـە لـە دەزگایەکی دەستی کۆمپانیـای سـەرمایەداری. هەر بۆیە بیرکردنـەوەو شـیکردنەوەیان بەرامبـەر بـە دەوڵـەت و چۆنایەتـی دەوڵـەت شـێوەیەکی خەیاڵی و دور لـە ڕاستی بـە خۆیـەوە دەگرێ و ناڕاسـتەوخۆ لـە قازانجی سـەرمایەداری و دەسـەلآتی ئابـوری سـەرمایەداری دایـە.

قوتابیانـی ئـەم قوتابخانەیـە لـە ڕاپەڕینـی گشـتی گـەلان و خەباتـی دیموکراتـی گەلانـدا هاوبەشـی دەکـەن دژی ئیمپریالیـزم و سـەرمایەداری جیهانـی بـەلآم ڕاڕاو سـەوداکارن ناتوانـن ئاسـۆی ڕوون و ڕێـی ڕاسـتی خۆیـان بدۆزنـەوەو ئابوریەکـی سـەربەخۆی چینایەتـی بنیـات بنێـن.

## ئابوری سیاسی مارکسیزم:

پەیدا بونی ئەم قوتابخانەیەش بەندە بە چینێکی سەربەخۆ.مامۆستایانی گـەورەی ئـەم قوتابخانایـەش بریتیـن لـە مارکس-ئەنجلس کـە سـەرکردەی بەتوانـای بزوتنـەوەی کرێکاران بـوون لـە نیوەی سـەدەی نۆزدەیـەم دا.

ئـەم قوتابخانەیـە توانـی بـە شـێوەیەکی زۆر قـوڵ و ڕون و زانسـتیانە هەمـو لایەنەکانـی پەیوەندیـی بەرهـەم هێنانـی سـەرمایەداری شـی بکاتەوە و بـە سـود و ەرگرتـن لـە کۆڵەکەکانـی ئابـوری سیاسـی کلاسـیکی بۆرجـوازی بـە شـێوەیەکی زانسـتیانە توانـی ئابـوری سیاسـی پرۆلیتـاری وەک زانسـت بهێننـە کایـەوە کـە بەشـێکی هـەرە گرنگـی زانسـت و تیـۆری مارکسـیزم-لینینـزم و پەیدابوونـی ئابـوری سیاسـی مارکسـی شـۆڕشـگێڕیە لـە مێـژوی ئابوریـدا.

ئـەم قوتابخانەیـە دروسـتکەر و داهێنـەری تـەواوی مەسـەلە ڕبنەڕەتیەکانـی ئابوریيـە بـە شـێوەیەکی ڕەواو ئاشـکراو هەمیشـە لـە پەرەپێـدان و گەشـەکردنی دایـەو ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ دەوڵەمەندتـر دەبـێ. ئـەم قوتابخانەیـە پەیوەندییەکانـی نێـوان مـرۆڤ و چینەکانـی کۆمـەڵ و پەیوەندییەکانـی ئابـوری و بەرهـەم هێنـان وە پەیوەندیەکانـی بەرهـەم هێنـان لەنـاو پەیوەنـدی گشـتی کۆمەلآیەتـی دا درک پـێ کـردوەو یاسـا بابەتیەکانـی

گەشـە کردنـی ئابـوری دۆزیوەتـەوە کـە دەبنـە هـۆی دیاریکردنـی ئـەو یاسـاو بـارە کۆمەڵایەتییـەی جێـگای یاسـا و کۆمەڵایەتـی سـەرمایەداری دەگرێتـەوە.

زانسـتی ئابوری مارکسـی لـە ڕێگـەی ئـەم قوتابخانەیـەوە توانـی یاسـا بابەتـی و خۆییەکانـی ناوەڕۆکـی گەشـەکردنی کۆمەڵـگای مرۆڤایەتـی بدۆزێتـەوە و بیسـەلمێنێ کـە شـێوەی سـەرمایەداری لـە بەرهـەم هێنـان دا بـەرەو ڕوخـان و پوچـەڵ بـون دەچـێ.

لێـرەدا ئەوەمـان بـۆ دەردەکـەوێ کـە ئابـوری ژێرخانـی کۆمەڵـە و کۆمەڵێـک سـەرخانی سیاسـی لەسـەر وەسـتاوە.

مارکس زۆر بەوردی ئەو ڕاستیەی ئاشکرا کرد لە ڕێگەی دۆزینەوەی یاسـا بابەتییەکانـی ئابـوری سـەرمایەدارییەوە کـە (ئابـوری ژێرخانـی کۆمەڵـە و کۆمەڵێک سـەرخانی سیاسـی لەسـەر وەسـتاوە) و سـەلماندی کـە بـە هـۆی دۆزینـەوەی ناکۆکی نێوان کارو سـەرمایە واتـە نەگونجاوی پەیوەنـدی بەرهـەم هێنـان و بونـی بـە کۆسـپ لـە ڕێگـەی گەشـەکردنیدا و بونـی چەوسـاندنەوە لـە ئابوری سـەرمایەداریدا ناکۆکی چینایەتی ڕۆژ بـە ڕۆژ توندوتیـژ تـر دەبێ و دەبێتـە هـۆی گۆڕانـی کۆمەڵگای سـەرمایەداری بەشـێوەیەکی شۆڕشـگێڕانە بـە کۆمەڵگای سۆشیالیسـتی پرۆلیتـاری.

بنچینـەی ئابـوری مارکسـی بریتیـە لـە تیـۆری (زێدەبـای) کـە هـۆی سـەرەکی و بنچینەیی چەوسـاندنەوەیە لـە سـەرمایەداریدا. پەیامی پیرۆزی مێژوویـی چینـی کرێکاران و ڕابـەری و پێشـرەوایەتی کردنـی ئـەو پەیامـە لـە هەڵتەکانـدن و لـە ڕەگ و ڕیشـە دەرکردنـی ڕژێمـی سـەرمایەداری و داڕشـتنی بناغـەی ڕژێمێکی سۆشیالیسـتی هـەر لەبەر تیشـکی ئەو تیۆرەدا درێـژە بـە بەردەوامـی خـۆی دەدا.

بـەم شـێوەیە زانسـتی ئابوری مارکسـی گەورەترین چەکـی خەباتکاران و ڕێبەرانـی پارتـە کۆمۆنیسـتەکان و کرێکارانـە.

دۆزینـەوەی یاسـاکانی دوایـن قۆناغـی سـەرمایەداری کـە ئیمپریالیزمـە و بـەرەو پێشـەوە بـردن و گەشـەکردنی ئابوری مارکسـی بـەو شـێوە ڕون و

ئاشکرایە دەگەڕێتەوە بۆ پێشەوای مەزن لینین. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ داهاتە زانستییەکان چ لە کۆمەڵ و چ لە سروشت و چ لە بیردا زیاتر ڕاستی و ڕەوایی ئەم قوتابخانەیە دەسەلمێنن و پتر و بێ وەستان لە گەشە کردن و دەوڵەمەند بون دا دەبێ.

## ئاستی ژیان Standard of Living

ئاستی ژیان زاراوەیەکە بەکار دەهێنرێ بۆ نیشاندانی سنوری خەرجی مادی و مەعنەویی دانیشتوانی ولاتێک. ئاستی ژیان، کێشانەکردن دەگۆڕێ بەپێی قۆناغە جیاجیاکانی گەشەکردنی مێژووی کۆمەڵگاو بەپێی سیستم و فرماسیونی ئابوری و کۆمەلایەتی هەر ولاتێک بە جیاجیا.

ئاستی ژیان بەندە بە: بەرهەمی کۆمەلایەتی، داهاتی خەڵکی، کێشانەی خەرجی کالای دریژ ماوە و کورت ماوە ڕادەی جێبەجێ کردنی پێویستیەکانی فەرهەنگی و چارکردن.

دارایی خەڵکی، یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکانی دەستنیشان کردنی ئاستی ژیان ئەویش بەندە بە سێ فاکتەرەوە:

١.دارایی (نقدی) کە بریتیە لە ڕۆژانەی کرێکاران، موچەی فەرمانبەران و خانەنشینەکان، سەرباری کرێی ڕۆژانە، دارایی خوێندن و خێزانی، یارمەتی بێ کاران و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، پاداشتە نەقدییەکان...هتد.

ئاشکرایە کە هەر چەندە ئەم دەرامەتە بڵندتر و پتر بێ ئەوەندەش ئاستی ژیانی خەڵکیش باشترو پێشکەوتوترە.

٢.ئاستی نرخی کەل و پەل و پێویستیەکانی ژیان و بژێوەکان گران یان هەرزان. ئەگەر چی دەرامەتی دانیشتوانی تا ڕادەیەک بەرز بوبێتەوە بەلام نرخی کەل و پەلیش لەو ڕادەیە بڵند تر بوبێ، واتە گرانی پەیدا بوبێ ئەوا ئاستی ژیان بەرەو پێشەوە نەچوەو نزمە. بۆ نمونە ئەگەر ئێستا لە چاو بیست ساڵ لەمەوبەر لە عێراق دا دەرامەتی خەڵک سێ

قات بوبێ بەڵام نرخی کەل و پەل و پێویستیەکانی ژیان پێنج قات بەرز بوبێتەوە،مانای وایە ئاستی ژیانی دانیشتوان نزمتر بۆتەوە.

٣.بوجەی ساڵانەی کارگوزاری کە لە لایەن ڕژێم یا شارەوانیەکانەوە دیاری دەکرێ.

ئەمیش کاریگەرە لەسەر ئاستی ژیان وەک پەروەردەو فێرکردن، کتێب چاپ کردن، یارمەتیی نەخۆشخانەکان بۆ دانیشتوان...هتد ئەگەر بە خۆڕایش بن، ئەمانەش دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی دانیشتوان.بەپێچەوانەوە ئەگەر پەروەردە و فێرکردن بە پارەیەکی زۆر بێ کتێب گران بێ و دەرمان و چارەسەری نەخۆش و نرخی پزیشک گران بێ و کاردەکاتە سەر نزم بونەوەی ئاستی ژیان.

هەرچەند بە شێوەیەکی گشتی چاکترین پێوەری ئاستی ژیانی دانیشتوان بریتیە لە دەرامەتی نەتەوەیی بەڵام لە کۆمەڵگای فرەچین دا ئەم دەرامەتە بەپێی شوێن و جێگای کۆمەڵایەتی هەر چینێک بەسەریاندا دابەش دەکرێ. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا کە چەند ساماندارێک خاوەنی هەمو ئامێرەکانی بەرهەم هێنانن و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی وڵاتەکەش کە ڕەنجدەرانن دەچەوسێنرێنەوە، بەشی هەرە زۆری دەرامەتی نەتەوەیی لای ئەوان کۆ دەبێتەوە. بۆ نمونە ئەگەر بە کێشانەی دەرامەتی خێزانەکانی روکفلەرەکان و مۆرگانەکان لە ئەمریکا ئاستی ژیانی دانیشتوانی ئەمریکا پیشان بدەین، دەبینین کە بە تەنیا ئەو دوو خێزانە بە قەدەر چەندین ملیۆن کرێکار ڕەنجدەریان بەرکەتوە

ئەم کێشانە ئەوە مانای وایە ئەم کێشانەیە کێشانەیەکی زۆر ناڕاست و ناڕەوایە.

## پاسفیزم Pacifism

زاراوەیەکی لاتینیە بە مانای ڕێکەوتن یا ئاسایی دێ و هەڵگرانی ئەم بیروڕایە بە لایەنگرانی ڕێکەوتن یا ئاسایی ناودەبرێن.

پاسیفیزم ڕێبازێکی (لیبرال) یانەیە کە بڕوایان بە هیچ جۆرە شەڕێک نییە و ڕایان وایە لە ڕێگەی وتوویژو ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەوە دەتوانن ئاشتی سەرتاسەری پایەدار کەن.

پاسیفیزمەکانی ئەم سەردەمە هەرچەندە لەژێر چەندین دروشم و ئایدیۆلۆجیەتی جیاجیادا کەوتونەتە کار بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕاکەی خۆیان کە بریتیە لە ئاشتی ژێر دەستی لە ژێر ناوی (ئاشتی جیهانی و بەرگری کردنی مەترسی شەڕی ئیمپریالیزمی جیهان بە سیاسەتی (وفاق، صلح، سلام) وە تا ڕادەیەک کاریگەر بوە بە هۆی هەڵپەی دڕندانەی ئیمپریالیزمەوە بۆ هەڵگیرسانی شەڕ. لە هەمان کات دا پاسیفیزم یەکێکە لە شێوەکانی هەڵخەڵتاندن و لە ڕێ لادانی جەماوەر لە ڕێبازی ڕاستی شۆڕشگێڕانەی خۆیان دژی شەڕی ئیمپریالیزمی جیهانی، وە بۆ پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی و فراوان کردن و داکوتانی ڕیشەی چاوچنۆکی ئیمپریالیزم و داگیرکەران. لایەنگرانی ئاشتی پێویستە چالاک و خەباتکەر بن، وە ڕیشەی شەڕخوازی لە ڕژێمی سەرمایەداری و سروشتی ئیمپریالیزمیدا ببینین، کۆمۆنیستەکان هەمیشە لایەنگری ئاشتین و لە هەمان کاتیشیدا دژی شەڕی ناعادیلانەن و بەرپەچی شەڕی ناعادیلانە دەدەنەوە و ڕاپەڕێنەرو ڕابەڕی شۆڕشی جەماوەری و بەرگری گەل و چینە چەوساوەکانن.

پاسیفیزم شەڕی عادلانە و شەڕی ناعادلانە لە یەکتری جیاناکاتەوەو بەرامبەر بە هەردوولا یان هەر دژی شەڕە و لایەنی ئاشتی ژێر دەستانەیە.

## ئامانجی دوور و نزیک Strategy & Tactics

زاراوەی ستراتیج و تاکتیک بەشێکی لێکۆڵینەوەی سیاسی و دبلۆماسی و سوپایی و ئابوری بەشەکانی تری ژیانە کە بەکار دەهێنرێ.

لە ڕووی سوپاییەوە «ستراتیج» بۆ پلانی دورخایەن بەکار دەهێنرێ وەک کۆمەڵەیک لێدانی گەورەو بڕینەرەوە، بۆ سەرکەوتن لە یەک شەڕدا.

بەڵام تاکتیک بریتیە لە ئامانجی نزیک وەک لێدانی یەک لە دوای یەکی، بۆ وەدەستهێنانی سەرکەوتن لە لێدانە لە ڕووی سیاسی و پارتایەتیەوە. لە پارتێکی پرۆلیتاریادا، ستراتیج و تاکتیک بەکار دەهێنرێ بۆ گۆڕانی باری نەتەوایەتی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی و بەدەست هێنانی سەرکەوتن لە بەدیهێنانی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ستراتیج و تاکتیک بریتیە لە (زانستی پێشڕەوایەتی کردنی خەباتی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان).

**ستراتیجی بریتیە لە :-**

١.دەستیشان کردنی لایەنی ڕەوای خەباتی چینی پرۆلیتاری.

٢.دەستنیشان کردنی سوپای سیاسی سەرکردایەتی پرۆلیتاریا لە قۆناغێکی دیاری کراوی شۆڕش دا.

٣.دەستنیشان کردنی نەخشەی پێویست بۆ سوود وەرگرتن لە توانا و وزەی هێزە سەرەکیەکان و نا سەرەکیەکان.

٤.دەستنیشان کردنی نەخشەی ڕاست و گونجاو بۆ خەباتی هاوبەشی هێزە شۆڕشگێڕەکان و پرۆلیتاریا و پاشان ڕادەی ئامادەیی و کردەوەکانی ئەو هێزانە.

ستراتیجی پارتێک لە قۆناغێکی دیاری کراو دا نەگۆڕە چ لە ڕووی کار بۆ کردنی و چ لە ڕووی داڕشتنی بناغەییەوە.

بۆ نمونە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان-عێراق کە ئامانجی بەدی

هێنانی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمە ئامانجی ستراتیجی بریتیە لە بەدیهێنانی ڕژێمێکی دیموکراسی گەلی بۆ مەیدانێکی دواتر. ئەمانە هەموی بە گشتی تاکتیکی جۆر بەجۆرن لە خزمەتی بەدیهێنانی ئامانجی ستراتیجی دا، کە هەمیشە باری سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتی لەم گۆڕانانەدالە گەشەکردن و گۆڕان و تەسک بونەوەو فراوان بون و گۆڕانی بەپەلە و هێواش بون دان.

پێویستە لەسەر حزب هەمیشە ڕاسترین و سەرکەوتوترین تاکتیک هەڵبژێرێ لەناو ئەو نەخشەو پلانانەی کە هەن وخەباتی بۆ بکا. وە دەبێ زۆر وریایانەو بەپێی ئەو و هەل و مەرجانەی کە لەبارن ئامادەی گۆڕینی شێوەی تاکێکی خۆی بێ لە کارکردن و شێوەی خەبات و شێوەی کاری ڕێکخراوەیی و لە دروشمی تاکتیکی بە جۆرێکی ئەوتۆ کە لە خزمەتی ستراتیج دا بێ.

دروشمی تاکتیکی: ئەو دروشمەیە کە بۆ ماوەیەکی کورت تر لە قۆناغی ستراتیج بەرز دەکرێتەوە و نوێنەرەوەی داخوازیە کورت خایەنە دەستنیشان کراوەکانە.

بۆ نمونە: دروشمی تاکتیکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان-عێراق بریتیە لە بەدی هێنانی ڕژێمێکی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان.

ستراتیج و تاکتیک کە (زانستی خەباتی پێشڕەوایەتی پرۆلیتاریایە) مل کەچی کۆمەڵێک یاسا و ڕێزمانە. داڕێژەرانی لە کوردستان دا کە لە سایەی دا سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری و نیشتیمانی مسۆگەر ببێ و وڵات بەرەو گەشەکردنێکی نا سەرمایەداری بەرێ. پاس بڕینی ئەم قۆناغە، ستراتیجی دەبێتە بردنی وڵات بەرەو ڕژێمی سۆشیالیستی (دکتاتۆریەتی پرۆلیتاری).دروشمی ستراتیجی بریتیە لەو دروشمەی کە خواستەکانی حزب لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەستنیشان دەکا.

**تاکتیک چیە:**

تاکتیک بریتیە لەو نەخشانەی کە بە شێوەی جیاجیا دادەنرێن لە خزمەتی ستراتیجی قۆناغێکی دیاری کراوی شۆڕش دان.

تاکتیک یەک بەدوای یەکدا دەوری بەسەر دەچێ لە قۆناغێکی ستراتیجی دا و خۆی لە شێوەکەی تردا دەبینێتەوە وە بۆ دیاری کردنی ئامانجی نزیکترە لە ئامانجەکەی ستراتیجی و پاشان بەکارهێنانی شێوەیەکی دیاری کراوی خەبات لە هەلومەرجێکی دیاری کراودا، بەمەبەستی بەدەست هێنانی سەرکەوتنێک و یەکێکی تر لە سەنگەری خەبات دا یان هەنگاونان بۆ پێشەوە لە هەلومەرجێکەوە بۆ هەل و مەرجێکی تر یان بە دەست هێنانی سەرکەوتن لەم هەلوێست و کارەدا و لە داهاتویەکی تریش دا یان پاشەکشە کردن بە دوژمن لەم مەیدانە. مارکسیزم، واتە مارکس و ئەنگلس و لینینی مەزن زۆر زانایانە توانیویانە کە زانستی مارکسیەت لە شێوەی تاکتیک و ستراتیج دا لەسەر زەمینەیەکی گونجاو پیادە بکەن و سەرکردایەتی و پێشڕەوایەتی نەبەردانەی پرۆلیتاریا بسەلمێنن و دەوڵەمەندی بکەن و پاشان، ستالین گەشەی پێ بدا و پاشان ماوتسی تۆنگ دەوڵەمەندتری کرد.

لە نیوەی ئەم سەدەیەدا خەباتی پرۆلیتاریا و چینە زەحمەتکێشان لە پێناو بەدی هێنانی سەربەستی و سەربەخۆیی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و بەدی هێنانی سۆشیالیستی دا بە سەرکردایەتی حزبە مارکسیەکان توانیان ئەو ڕاستیانە بسەلمێنن.یاسای ستراتیج و تاکتیکی پارتێکی شۆڕشگێڕ بریتیە لە نمونانەی (تجربە) کە لە سەرچاوەی خەباتی شۆڕشگێڕانە دا هەڵهێنجرا لەگەڵ واقعی بابەتی دا گونجێنران.

مەرجی گەیشتن بە ستراتیج و تاکتیکی ڕاست بریتیە لە تێڕوانینێکی وردی بارەکانی بابەتی و خۆیی بزوتنەوەکە و شیکردنەوەی تەواوی باری وڵات و جیهان و دەستنیشان کردنی دۆست و دوژمن و ریڤیژنیزمی چەپ و ڕاستی جیهانی.

پێویستیەکانی پەیڕەوکردنی ستراتیج و تاکتیکی ڕاست کە بە تەجرەبە سەلمێندراون و بەکارهێنراون بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە لە خەباتێکی دوورو درێژدا پەیڕەو کراون بریتین لە:

١.یەکگرتنی هەمو هێزەکانی شۆڕشگێڕ کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەتوانن یەک بگرن دژی دوژمن.

٢.لاواز کردنی بەرەی دوژمن و بە تاک هێشتنەوەی.

٣.سود وەرگرتن لە هۆیەکانی یارمەتی دەر.

٤.سود وەرگرتن لە گەنجینەکانی هەمیشەیی و کاتی شۆڕش.

٥.دەست نیشان کردنی لاوازترین بەشی دوژمن.

٦.دەست نیشان کردنی ناکۆکی سەرەکی بۆ لێدانی گورزی سەرەکی.

٧.دەستنیشان کردنی دۆستی نزیک و دوور و هەڵبژاردنی زەمینەی لەبار بۆ دروست کردن و پتەوکردنی یەکێتی کار لە نێوانیان دا.

٨.دۆزینەوەی بازنەی سەرەکی ئیش کردن.

٩.دەستنیشان کردنی کەسانی لێهاتو بۆ کاری پێویست لە شوێنی مناسبدا.

١٠.دابەش کردنی کار بەسەر هیزەکان دا بە پێی تواناو گونجاوی و لێهاتویی.

١١.دەستنیشان کردنی دروشمی لەبار لە هەل و مەرجی لەباردا.

١٢.هەڵبژاردنی شێوەی خەبات لە دۆخی لەباردا، وە گەلێ شتی تر.

## ئۆپۆرتۆنیزم Opportunism

ئـەم زاراوەیـە بـۆ هەمـو ئـەو جـۆرە کەسـانە، یـا ڕێکخراوانـە یـا ئـەو جـۆرە بیرانـە بـەکار دێ کـە هەلپەرسـت بـن، کـوڕی ڕۆژ بـن، بـە پێـی بەرژەوەندی خۆیـان ڕووی خۆیان بگـۆڕن بۆ هـەر لایەک کە بە سـوودی ئـەوان بی یـان بـە پێـی دەسـەڵاتی ڕژێمـی ڕۆژ ڕەفتـار دەکـەن لـەو هیـچ هەڵوەێسـتیان نییـە.

## ئۆردوگای زۆرەملێ Gheto

بریتیە لـەو نشـینگانەی کە ڕژییمێکی چەوسـێنەر و فاشیسـت و ڕەگـەز پەرسـت و زۆردار دروسـتیان دەکا و بەزۆر خەڵکی ناوچەیەک یا دیلەکان. یا بەندییەکانی تیا نیشـتەجێ دەکا لـە ژێر هـەل و مەرجێکی توند و تیژ و داگیرکەرانـە و زۆردارانـە و فاشیسـتانە کە بەسـەر نەتـەوەی ژێر دەسـت یا وڵاتـی ژێر دەسـت دا دەیسـەپێنن. یەکەمین ئۆردوگای زۆرەملێ نازییەکان لـە سـاڵی ١٩٣٣ دا دروسـتیان کـرد بـۆ بەندییـە سیاسـیە- کۆمۆنیسـت و جولەکەکان.

لەسـاڵی ١٩٧٦ وە لە عیراق دا ڕژێمی ڕەفتار فاشیسـتی سـەددام حسـێن هەمـان شـێوەی بـەکار هێنا کە پتر لـە (١٢) هـەزار دێی کوردسـتانی کاول کـرد و دانیشـتوانی گوێزرایـەوە بـۆ ئـۆردوگای زۆرەملێیـەکان کـە لەسـەر ڕێگای هێڵـی سـوپایی خـۆی دروسـتی کردبون.

## ئۆتۆکراسی Autocracy

بریتیە لە جۆرە دەسەڵاتێک کە لەم خاڵانەدا کورت دەکرێتەوە:
آ.دەسەڵاتی تاکی یەک کەس بەسەر زنجیرەیەک ئۆرگان دا.
ب.نەبونی هیچ یاسایەک کە بەسەر فەرمانڕەواکەدا بسەپێنرێ.

ج.نەبونی هیچ سنورێک بۆ دەسەڵاتی فەرمانڕەوا یا سەرکردەکە.
ئەتۆکراتیـەت یـا لـە ئەنجامـی بڕوابونـی ڕەهـا بـە تاکـە کـەس و خۆشەویسـتی و وەفـاداری بەرامبـەری پەیـدا دەبێ، یا لـە ئەنجامـی تـرس و خۆسـەپاندنی بـەزۆر.

## ئیئتیلاف Coalion

بە مانای یەکگرتنی کاتیی نێوان دوو یا پتر لە دوو ڕێکخراو یا حزب دەگەیێنێ کە بۆ مەبەستێکی تایبەتی و بۆ ماوەیەکی کورت یەکدەگرن.
هەندێ جار بۆ بەدەست هێنانی دەسـەڵاتی پەرلەمانی یەکدەگرنـەوە، کاتێک هیـچ حـزب و ڕێکخراوێک بەتەنها توانـای پڕکردنـەوەی جێگاکانـی پەرلەمانیـان نابێ. هەنـدێ جـار ئـەو یەکگرتنـە بـۆ ڕوخاندنـی ڕژێمەکەیـە.

## ئیستاخانوفیزم Estakhanofism

بریتیـە لـە پێوانـەی بەرهـەم لـە ڕوی چەندایەتـی و چۆنایەتیـەوە لـە ڕێـگای بەرهەمـی هـەر کرێکارێکـەوە.
ئـەم زاراوەیە لە سـەرەتاوە لە نـاوی ئاسـتاخانوفی کرێکاری ڕوسـیەوە وەرگیراوە کە هەمیشـە لە پێویستی سـەرشـانی خـۆی پتری بەرهـەم دێنا. بۆیـە لـە سـەردەمی سـتالین بە
نمونـەی کرێـکار هەڵبژێـردرا لـە یەکێتـی سـۆڤیەت دا. ئـەم ڕەفتـارەی ئاسـتاخانوف وردە وردە بـوە ڕێبازێـک کـە کرێـکاران ڕۆڵـی سـەرەکی خۆیانـی تێـدا دەگێـڕن لـە گەشـەکردنی بەرهـەم و پەرەسـەندنی.

## ئیمپریالیزم Imperialism

بڵندترین پلەی سەرمایەداری.ئیمپریالیزم بڵندترین و دوایین قۆناغی سەرمایەدارییە، ئەم قۆناغە لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەم و سەرەتای ئەم سەدەیەدا هاتەکایەوە.

دەستنیشان کردنی دارشتنی ئەو تیۆرییانەی کە پەیوەندیان بە ئیمپریالیزمەوە هەیە لە سەرەتاوە لە لایەن ڤلادیمێر ئیلیچ لینینەوە بوە، کە بە پێی ئەو لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەنجامی داوە، مەرجەکانی ئیمپریالیزمی لە پێنج خاڵ دا دەستنیشان کردوە:

١.کۆبونەوەو کۆمەڵ بونی بەرهەم و سەرمایە، بوە هۆی دروست بونی (مۆنۆپۆل) گەورەترین دەور دەگێڕێ لە ژیانی ئابوریدا.

٢.تێکەڵ کردن و پێکەوە لکاندنی سەرمایەی سەنعەتی و بانقی، کە دەبنە هۆی پەیدابونی سەرمایەی دارایی و ئۆلیگارشی.

٣.ناردنە دەرەوەی سەرمایە و دامەزراندنی شان بە شانی شتومەک.

٤.دروست کردنی هاوپەیمانی و (کنسرن)ی مۆنۆپۆلی سەرمایەداران وەک کارتل، ترست، کنسرسیومی جیهانی کە شادەمارەکانی ئابوری و بەرهەم هێنان لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن.

٥.دابەش کردنی جیهان بەسەر گەورەترین و دەوڵەمەندترین و بەهێزترین وڵاتانی سەرمایەداری و هەوڵدان بۆ دوپات کردنەوەی ئەو دابەش کردنە بە شێوەیەکی نوێ.بناغە و بنچینەی ئابوریی ئیمپریالیزمی لەسەر دەسەڵاتداریێتی مۆنۆپۆلەکان دادەڕێژرێ، مۆنۆپۆلەکان بە جۆراوجۆر شێوە هەمو لایەنەکانی سیاسەت و ئابوری دەوڵەتە سەرمایەدارە گەورەکان دەخاتە ژێر دەسەڵات و توانای خۆیەوە و و هەموو سانسۆرێکی ئابوری لە بەین دەبا، مۆنۆپۆلە دەسەڵاتدارەکان بە هۆی دەسەڵاتی سەرمایە و هێز و توانای ئابورییان تەواوی سیاسەتی دەوڵەت لە ژێر دەسەڵات و لەبەر تیشکی سود و قازانجی خۆیان

هەڵدەسوڕێنن و لەم قۆناغەدایە کە دەبنە ئیمپراتۆری ئابوری.

وشەی ئیمپریالیزم زاراوەیەکە لە وشەی ئیمپریۆی لاتینی هاتوە کە مانای ئیمپراتۆر دەگەیەنێ وە هەر لەم قۆناغەشدایە کە سەردەمی سەرمایەداری بەرەو دواین شێوەی گەشەکردن و لەناو چونی یەکجارەکی دەچێ، چونکە لێرەدایە کە ناکۆکییەکانی سەرمایەداری (ئابوری، سیاسی چینایەتی، نەتەوایی) لە بڵندترین شێوەی دا خۆی دەدوێنێ وە تەقەڵا و هەوڵدانی دەوڵەتانی ئیمپریالیزم بۆ زیاتر مسۆگەر کردنی دەستی کاری هەرزان، بازاڕی ساغ کەرەوەی کەل و پەل، کەرەستەی بەرهەم هێنانی هەرزان، و دەست بەسەراگرتنی جیهان لە لایەن خۆیانەوە دەگاتە توندوتیژترین شێوەو هەڵگیرساندن و خۆش کردنی ئاگری شەڕی جیهانی وێرانکەر.

واتە قۆناغی ئیمپریالیزم هەر وەک بڵندترین قۆناغی سەرمایەدارییە، هەروەها قۆناغی گەندەڵ بون و لەناوچونی سەرمایەداریشە.

لەبەرئەوەی کە لە سەرانسەری جیهانی سەرمایەداریدا پرۆلیتاریا پێدەگاو گەشە دەکا، دەبینین ئیمپریالیزم خۆی دەبێتە شوێن و مەیدانی شۆڕشی سۆشیالیزمی و ڕۆژ بە ڕۆژ ناکۆکیەکانی نێوان کارو سەرمایە، ناکۆکیەکانی نێوان وڵاتە ئیمپریالیزمەکان و وڵاتانی داگیرکراو و ناکۆکیەکانی نێوان وڵاتە ئیمپریالیستەکان خۆیان و ناکۆکیەکانی نێوان گەلانی چەوساوەو چینە چەوسێنەرەکانی گەلانی حوکمڕان، پتر گەشە دەکەن و توندوتیژتر دەبن بەهۆی بونی سیستمی جیهانی سۆشیالیزمی گەشە کردن و قبوڵ کردنی ئایدیۆلۆجیەتی پرۆلیتاری ڕۆژ بە ڕۆژ زیاترلە نێو گەلانی ژێر دەستەو چینە چەوساوەکانی جیهان. ڕون و ئاشکرایە کە توندوتیژ بونی ناکۆکییەکان و لەرزۆک بوونی ئیمپریالیزم بە مانای نەمان و لەناو چونی بنەبڕی یەکجارەکی سەرمایەدارییە.

**لینین دەڵێ:**

ناکۆکیەکانی ئیمپریالیزم دەبنە هۆی گۆڕینی سەرمایەداری مۆنۆپۆلی بەسەرمایەداری مۆنۆپۆلی-دەوڵەتی و شێوەیەکی نوێی مۆنۆپۆلی دێتە کایەوە کە تا ڕادەیەک ژیانی خەڵکی دەگۆڕێ(مەبەست لە چینی بۆرجوازیە) و هێزەکانی مۆنۆپۆلی سەرمایەداری و هێزەکانی دەوڵەت دەبنە یەک ئەمەش تاڕادەیەک لە قازانجی چینی بۆرجوازی و پاراستنی ڕژێمی سەرمایەداری دایە.

بەڵام نە ئەم شێوەیە و نە شێوەی پرۆگرام کردنی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵات ناتوانن دەزگاکانی سەرمایەداری لە هەڵتەکاندن ڕزگاربکەن.

گەشە کردنی بەرهەم لە وڵاتانی سەرمایەداری نابێتە هۆی ڕاوەستانی توندوتیژی ناکۆکییە نەتەوایی و ئینترناسیونالیزمیە سەرمایەدارییەکان. کاتێ قازانجی مۆنۆپۆلەکان دەگاتە بڵندترین پلەی،ئۆتۆماسیۆن(واتە سود وەرگرتن لە کار لە کاتی بەرهەم هێنان دا) ئەمەش بەڵای نوێ بۆ زەحمەتکێشان پەیدا دەکا.

دەسەڵاتی مۆنۆپۆڵی نەک هەر دژی کرێکاران و جوتیاران و گشت زەحمەتکێشانە بگرە دژی قازانجی توێژەکانی بورجوازی بچوک و ناوەندیشە، هەر بۆیەش هەمو ئەو دروشم و تیۆریە پڕشنگدارانەی وەک (سەرمایەداری جەماوەر) یا (رژێمی سەرمایەداری یەکسانی) شتی پڕوپوچ و هەڵخەڵەتێنەرن.

بۆرجوازیەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن دامودەزگاکانی خۆیان وا پیشان بدەن کە گوایە دەتوانن هەمو داخوازییەکانی زەحمەتکێشان بەبێ گۆڕانی شۆڕشگێڕانە بهێننە دی.

سەرمایەداران بە هیوای درێژەدان بە ڕێبازی چەوسێنەرانەیان جۆراوجۆر تیۆری رازاوە دەخەنە ڕوو وەک (سەرمایەداری جەماوەری، ڕژێمی کۆمەڵ، کۆمەڵگای یەکسانی...هتد) بەڵام بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی

کرێکاران هەمو ئەو تیۆرو درۆ و دەلەسانە پوچەڵ دەکاتەوە و دژیان دەوەستێ بە خەباتی بێ وچان بۆ هەڵتەکاندن و هەڵوەشاندنی شێوازی ئایدۆیۆلۆجیەتی ئیمپریالیزم و ڕۆژ بە ڕۆژ جەماوەر پتر پەچە لە ڕوی ڕەشی ئایدیۆلۆجیەتی ئیمپریالیزم هەڵدەداتەوە.

دەرونی مرۆڤایەتی هەرگیز ڕێگای ئاشتی و پێکەوە ژیان لەگەڵ ئیمپریالیزم نادا، ئاواتی هەردوو شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم کە دەیان ملیۆن بونە قۆچی قوربانی، لە ئەستۆی ئیمپریالیزمە ئیمپریالیزم مەکینەیەکی شەڕی بێ وێنەیە کە هەمو سەرچاوەکانی مرۆڤایەتی و ژیان قوت دەدا و هەمیشە خەریکی دانانی نەخشەو بەرنامەی شەڕ و پەرەپێدانی کەرەستەکانی شەڕو هێنانە دیی کەرەستەی نوێی هەڵگری ئۆباڵی مەترسی شەڕێکی تری جیهانیە کە بێ شک دەبێتە هۆی لەناوبردنی سەدان ملیۆن مرۆڤ و لەناوچونی زۆربەی وڵاتانی جیهان. ئەو سەرچاوەیەی کە ئیمپریالیزمی لێوە پەیدا بوە فاشیزمە بەردەوام لەناوبەری سەربەستی و مەیدانی مەرگی مرۆڤایەتی بوە، ئیمپریالیزم کە نەوەی فاشیەتە لە هەر شوێنێ بۆی بلوێ هێرش دەباتە سەر ئازادی و دیموکراتی و گەلان. جگە لە سەرشۆڕی و ژێر دەستی چەوساندنەوە هیچی تر بە شایستەی مرۆڤایەتی نازانێ.

هەر ئیمپریالیزمە کە بەرپرسیارو هۆی سەرەکی و هەڵگری ناتوانی بێ بەری بوونی سەدان ملیۆن مرۆڤە لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی لە سادەترین مافی مرۆڤایەتی و بڵاوبونەوەی کارەساتی نەبونی، نەخۆشی،نەخوێندەواری، ژیانی کۆمەڵایەتی دواکەوتوانە، و مەرگێکی درێژخایەنی بەسەریاندا سەپاندوە.

لە سەرتاسەری جیهاندا ئیمپریالیزم دژایەتی هەمو بزوتنەوەیەکی کرێکاران و زەحمەتکێشان و چینە شۆڕشگێڕو دیموکراتییەکان و گەلانی ژێردەستەو داگیرکراو دەکا. بۆ کۆتایی هێنان بە ڕەفتاری تاوانکاریانەی ئیمپریالیزم،پێویستە لەسەر هەمو کرێکارانی جیهان، گەلانی زۆرلێکراوی جیهان، هێزە شۆڕشگێڕو دیموکراتیەکانی جیهان. یەکگرن لە خەباتی

سەختی بێ وچانیان دا دژی ئیمپریالیزم.

ڕزگارکردنی جیهان و مرۆڤایەتی لە چەپەڵییەکی تری ئیمپریالیزم کە مەترسی جەنگێکی تری جیهانییە، پێویستی بە درێژەدانە بە خەباتی کرێکاران و فراوان کردنی جیهانی سۆشیالیزم، پێویستی بە درێژەدانە بە خەباتی گەلانی ژێردەستەو چەوساوە بۆ بڕینی قۆناغی ڕزگاری نیشتیمانی و مسۆگەر کردنی دیموکراتیەتی ڕاستەقینە، پێویستی بە تێکۆشانێکی هاوبەشی و بەردەوامە بۆ جێگیرکردنی ئاشتی سەرتاسەری لە جێگەی شەڕی سەرتاسەری.

لەناوچونی ئیمپریالیزم بە شۆڕشێکی سەرتاسەری جیهانی ناکرێ لە یەک کاتدا، لەبەر نا بەرامبەری تەرازوی گەشەکردنی ئابوری و سیاسی لە هەمو وڵاتە سەرمایەدارەکانی دونیا(واتە لەبەر جیاوازی باری ئابوری و سیاسی وڵاتێکی سەرمایەداری لەگەڵ وڵاتێکی تردا) پێویست بەوە دەکا شۆڕش لە وڵاتە سەرمایەدارەکاندا لە کات و شوێنی جیاجیا و تایبەت بەرپا بکرێ.

لینینی مەزن ئەو ڕاستیەی سەلماند کە شۆڕشی سۆشیالیستی لە (باری بابەتی و خۆیی) تایبەت بە وڵاتانی ئیمپریالیستی و لە هەل و مەرجی لەبارو کات و شوێنی تایبەتی دا دەکرێ سەرکەوتن بە دەست بێنێ لە وڵاتێک یا چەند وڵاتێکی سەرمایەداری دا، شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن ڕاستیی ئەو تیۆرەی سەلماند کە بوە هۆی لەناوبردنی ڕژێمی سەرمایەداری مۆنۆپۆڵی و بەدی هێنانی کۆمەڵگای سۆشیالیست و پەیدابونی دوو جۆر سیستمی جیهان:

سیستمی سۆشیالزمی و سیستمی ئیمپریالیزمی، کە ڕۆژ بە ڕۆژ پرۆسەی سۆشیالیزمی لە گەشە کردن و فراوان بون و پەیڕەو کردن دایە و درێژەی پێ دەدرێ، کەچی پرۆسەی ئیمپریالیزمی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو کزی و تەنگ پێ هەڵچنراوی نابوتی دەچێ.

ئێستا گەورەترین وڵاتی ئیمپریالیزمی جیهان ئیمپریالیزمی ئەمریکایە کە دەسەڵاتدارترین وڵاتی سەنعەتی و سەرمایەداری جیهانە و پێشەنگی

هەمو وڵاتە سەرمایەدارەکانی جیهانە لە دەست بەسەراگرتنی سامانی وڵاتانی ئاسیا و ئەمریکا و ئەمریکای لاتینی و لە هەڵسوڕاندنی پیلانی هەڵگەڕانەوە لەو وڵاتە ڕزگارکراوەکان و دیموکراتەکان و لە بەستنی پەیمانی جۆربەجۆری سوپایی و پیشکەوتنی چەکداری بە نویَ ترین و کاولکەرترین جۆری چەک، هەر خۆشی خۆی بە ڕاویژکەر و هەڵسوڕینەر و فەرماندەری هەمو وڵاتانی تری سەرمایەداری دەزانیَ.

## باری شۆڕشگێڕانە

## Revo lutionary  Circumstance

شۆڕشی کۆمەڵایەتی بریتیە لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی کۆمەڵایەتی بە شیوەیەکی ئەوتۆ کە گۆڕانی چۆنایەتیی ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵی تیا بەدی بیَ.ناکۆکی نیوان گەشەکردنی هیزە بەرهەم هینەرەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەم، مەرجە مادییەکانی شۆڕش دینیتە کایەوە لە قۆناغیکی دیاریکراو پیویستی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەدی دینیَ.

تەنیا لەباریی مەرجە مادییەکان بەس نیەبۆ شۆڕش. بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی بیجگە لە مەرجەکانی ماددی یان خۆیی مەرجی بابەتیش پیویستە.

بە ڕای لینین (ئەو کۆمەڵە گۆڕانە بابەتییانە ) باری شۆڕشگێڕی لەبار دەکا. لینین دەربارەی (باری شۆڕشگێڕی) سیَ نیشانەی دیاری کردوە.

١-ئاڵۆزی و پشیویی نەتەوایەتی کە چەوسینەران لە ئاستی بەرز و نزم و چەساوان پیکەوە توانای پەسەندکردنی ئەو ژیانە کۆنەیان نامینیَ و جەماوەر بە گشتی بیر لە گۆڕان دەکەنەوە.

٢-پەرەسەندن و بڵاوبونەوەی هەژاری و بیکاری کە جەماوەری

ڕەنجدەران بەرەو ڕاپەڕین دەبا.
٣-چالاکی و جموجوڵی ڕەنجدەران بە جۆرێ کە زۆر هەست پێکراو بێ و ڕەنگدانەوەی لە سەرتاسەری وڵات و چیتر ڕژێمی دەسەڵاتدار لە هەوڵەکانیدا بۆ چاسەرکردنی ناکۆکییەکان بە شێوەیەکی دڕندانە و فاشیانە سەرکەوتوو نەبێ.
باری شۆڕشگێڕی هەڵقوڵاو لە سەرچاوەی گۆڕانەکانی باری بابەتی و بە پێی هەل و مەرجە مێژووییەکان لە وڵاتانی جیاجیادا دەتوانێ بە شێوەی جیاجیا سەر هەڵبدا لەم وڵات یا لە وڵاتێکی دیکەدا لە کاتی جیاجیادا.
ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە شۆڕش بێ لە بارییی (باری شۆڕشگێڕی) سەرکەتو نابێ و تاسەرنابێ. لینین دەڵێ-(شۆڕش سەرئەنجامی باری شۆڕشگێڕی بە تەنیا لە دایک نابێ، بگرە شۆڕش لە منداڵدانی دۆخێکدا لە دایک دەبێ کە گۆڕانی تیا ببێ و مەرجەکانی بابەتی و خۆیی لەبار بێ واتە چینی شۆڕشگێڕ توانای بەڕێوبردن و سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی هەبێ وهێزی جەماوەری شۆڕشگێڕ بەڕێوەبەری تاسەرکەوتن و ڕوخانی ڕژێمی کۆن و هێنانەکایەی ڕژێمێکی دیکە لە شوێنی).

## بە ئاشتی پێکەوە ژیان Peaceful Coexistence

ستراتیجیەتی پارتەکانی کۆمۆنیست و کرێکاری لە بارەی شەڕەوە ئەوەیە کە تەنانەت لەم سەردەمەدا کە ئیمپیریالیزم هێشتا لە ناو نەچوە و بگرە تا ڕادەیەکی زۆریش بەهێزە و هەر لە تەقەڵای ئەوەدایە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕابکێشێتە ناو کورەی شەڕێکی جیهانییەوە، ستراتیجیەتی ئەو حزبانە ئەوەیە کە ڕێگە نەدا چارەی کێشەکان و ناکۆکییەکان لە ڕێگەی بەرپابونی جەنگێکی جیهانیەوە بکرێ و تەقەڵای ئەوە دەدا کە بە ئاشتی و پێکەوە ژیان بەسەر ئیمپریالیزم دا بسەپێنێ.
لە لایەکی ترەوە هێشتا گەلان هەن کە سەربەخۆیی خۆیان بە

دەست نەهێناوە، وڵاتان هەن هێشتا سەربەخۆیی ئابوریان دەست نەکەوتوە. مەسەلەی سەرەکی ئەو گەل و وڵاتانە ڕزگاری و دەرپەڕاندنی کاربەدەستانی ڕژێمی بێگانە و دەرکردنی مۆنۆپۆڵەکانی وڵاتانی سەرمایەدارە لە ناو خۆیاندا و تێهەڵدانی ڕژێمە فاشیست و کاولکەر و داگیرکەرەکانە کە پاشکۆی ئیمپریالیزمن. ئا لەم جۆرە وڵاتانە دایە کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایی کۆڵەکەیەکە لە سێ کۆڵەکەکانی دژی ئیمپریالیزمی و لاواز کردنی لەم سەردەمەدا.

بەئاشتی و پێکەوە ژیان واتە (ڕەچاو کردنی مافی حوکمداری یەکسانی لە ماف دا و پارێزگاری کردن و دەست درێژ نەکردن بۆ سنووری هیچ وڵاتێ گەورە یا بچوک و دەست نەکێشانە کاروباری ناوخۆی وڵاتان و ڕێ نەگرتن و ڕێزگرتنی هەر شێوەیەکی ڕژێمی ئازادانەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی-ئابوری و سیاسی کە وڵاتان و گەلان بۆ خۆیانی هەڵدەبژێرن، چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهان بە ڕێگای وتووێژ و سیاسەتە، ڕێز گرتنی مافی گەلان لە هەڵبژاردنی هەر شیوەیەکی خەبات کە بۆ خۆیان بە باشی دەزانن، یا خەباتی چەکدارانە بێ یان شێوەیەکی تر).دەربارەی خەباتی ڕزگاری خوازی گەلان و سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوە ژیان دو ڕای جیاواز لە یەکتری هەیەو، هەر ڕایەش یان هەر تیزەش بەڵگەی خۆی هەیە.

(بە ئاشتی پێکەوە ژیان بەستراوە بە شێوەی پەیوەندی نێوان ئەو دەوڵەتانەی کە لەسەری ڕێک دەکەون و هەر یەکەیان جۆرە سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی جیاوازیان هەیە. لەم سەردەمەدا تیۆری پاڵپێوەنانی شەڕ بە شەڕی پەسەند ناکرێ وەچاکترن بەڵگەی ڕاستی و سەرکەوتویی بڕوای بە ئاشتی پێکەوە ژیان، سەرکەوتنی یەکەمین وڵاتی سۆشیالیزمیە کە سۆڤیاتە و یەکەمین پەیمانی ڕێککەوتنیش لە لایەن لینینەوە ئیمزا کرا کە پەیمانەکە تەواو ناوەڕۆکی بە ئاشتی پێکەوە ژیانی تێدا بوو.

ئەگەر لینین لە کاتی خۆیدا لەباتی سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوە ژیان

سیاسـەتی پاڵپێوەنانی شـەڕی بە شـەڕ بـەکار بهێنایـە نـەی دەتوانـی بـەو شـێوەیە شـەڕی ئیمپریالیزمـی و ١٤ وڵاتـی یـەک لایەنـەی بـە

شـەڕی سـۆڤیات بـە تەنیـا بەرپـەچ بداتـەوە و ناچاریـان بـکا کـە بکشێنەوەو ئاشـتیان بەسـەردا بسـەپێنێ و بـە (فەرمـی) یەکێتـی سـۆڤیەت بناسـن.

ئەمـڕۆش ئیمپریالیـزم کـە ئەگـەر ناچـار نەکـرێ هەرگیـز دەسـت لـە بەرپاکردنـی شـەڕو شـەڕخوازی هەڵناگـرێ. هـەر سیاسـەتی بـە ئاشـتی پێکـەوە ژیانـە کـە دەتوانـێ ئیمپریالیـزم ببەسـتێتەوە و ڕێگـری لـە دەسـت درێـژی بـکا بـۆ سـەر وڵاتانـی بچـوک و داگیرکردنیـان بەشـەڕ.

سیاسـەتی بە ئاشـتی پێکەوە ژیان یەکێکە لـە بەرهەمەکانی جیهانبینی خەباتـی چینایەتـی دژی ئیمپریالیـزم. وە ئـەم سیاسـەتە هەرگیـز دژ و پێچەوانـەی خەباتی گـەلان و ڕزگاریخـوازان نییە، بگرە بە تەواوی پاڵپشـتی خەباتـی گەلانـە. بـۆ نمونـە شـەڕی دووەمـی ڤێتنـام چاکتریـن نمونەیـە کـە سیاسـەتی بـە ئاشـتی پێکـەوە ژیـان ڕێگـری خەباتـی گـەلان نییـە و هەمـو وڵاتانـی سۆشیالیسـتی بـە هەمـو توانایانـەوە پشـتگیریان کـردن.

بـە پێـی سیاسـەتی بـە ئاشـتی پێکـەوە ژیـان دەتوانـرێ هـاوکاری و هاوبەشـی کاری نێـوان وڵاتـە سۆشیالیسـتەکان و بزوتنـەوەی ڕزگاری نەتەوایەتـی و ڕاپەڕینـی کرێکارانـی وڵاتـە سـەرمایەدارەکان، سـودی لـێ وەربگیـرێ.

کـە سـێ هێزی سـەرەکی شۆڕشـگێڕانەی ئـەم چەرخـەن، بـۆ بەرگرتـن لـە هەڵگیرسـانی شـەڕێکی تـری جیهانـی لـە لایـەک و لەلایەکـی تریشـەوە بـۆ مسـۆگەرکردنی سـەرکەوتنی ڕزگاریخوازانـە سـودی لـێ وەربگیـرێ.

ڕای دووەمیان یان تێزی دووەمیان ئەوەیە کە دەڵێن:

سیاسـەتی بـە ئاشـتی پێکـەوە ژیـان یەکێکـە لـە پیلانەکانـی ریفیژنسـتی بـۆ بەرگرتـن لـە خەباتـی گەلانـی ڕزگاریخـواز و خەباتـی چەکدارانـە دژی سـەرمایەداری بە بیانوی پاراسـتنی ئاشـتی و بەرهەڵسـتی کردنی بەرپابونی جەنگـی جیهانـی، گوایـە سیاسـەتی بـە ئاشـتی پێکـەوە ژیـان ڕێگەدانـە بـە

ئیمپریالیزم بۆ مانەوەیان لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا و پاشان ڕێگری کردن لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ژێر دەستە بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری.

هەمو ڕێگریەک لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلان و پوچەڵ کردنی خەباتی چەکداری و گرتنی ڕێبازی وتوویژ و ڕێککەوتن و ئاشتیانە لەگەڵ دوژمنێکدا کە چەندین جار بەهێزترە بە بیانوی مەترسی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی و بەکارهێنانی سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوە ژیان ئەمانە هەموی جگە لە ئاشتی ژێر دەستی و خۆ تەسلیم کردن بە دوژمن بە ناوی ئاشتیەوە ڕێگری کردن لە گرتنی ڕێبازی بڵندترین شێوەی خەبات کە خەباتی چەکدارییە هیچی تر نییە. لینینی مەزن بە ڕونی باسی کردوە کە سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوە ژیان جگە لەوەی کە پێچەوانەی خەباتی گەلانە بۆ سەربەخۆیی، سیاسەتێکی ناشۆڕشگێڕانەشە و لە بەرژەوەندی سەرمایەداریدایە. نمونەی ئەو ڕاستیەش پیلانی وڵاتە ئیمپریالیزمەکان و زایۆنیزمە لە داگیرکردنی(فەلەستین) و دەربەدەرکردنی گەلی فەلەستین کە بە بیانوی سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوە ژیان و بەرگرتن لە هەڵگیرساندنی جەنگی سێیەمی جیهان. بە ناو مارکسیە لینینیەکانی پەیڕەوی هێڵی ئەو سیاسەتە چەوتە، خۆیان لە ئاستی ئەو تاوانە گەورەیەدا کەڕ کرد.

## دۆگماتیزم Dogmatism

زاراوەیەکە لە وشەی دۆگمەوە هاتوە بە مانای بڕیاری وشک یا وەک ئایەتی قورئان کە نەگۆڕە. شێوەی بیرکردنەوە و موتڵەق لەسەر بناغەیەکی نەگۆڕ و پرۆگرامێکی بێ گیان کە هیچ گۆڕان و گەشەکردنێک و داهێنەری و زیندوێتیەکی تێدا نەبێ پێی دەوترێ (دۆگماتیزم).

فەلسەفەی دۆگماتیزم بڕوای بە بەستنەوەی ڕاستییەوە نییە بە کات و شوێنەوە، وە بڕوای بە گۆڕان و بەرەوپێشەوە چون و گەشەکردنی

جیهان نییە کە لەم ڕووەوە تەواو دژ و پێچەوانەی دیالەکتیکە.
قوتابیانی قوتابخانەی دۆگماتیزم درک بە یاساکانی دیالەکتیک ناکەن لە گەشە کردن دا چ لە باری تایبەتی جیاجیای مێژوداو چ لەناو هەمو شتێک دا بە شێوەی جیاجیا. هەروەها درک بە جیاوازی سەرهەڵدانی گۆڕانی جیاجیا ناکەن کە هەر یەکەیان بە جیاواز لە شێوەدا کاریگەرن.
سەرهەڵدان و پەیدابوونی دۆگمایی لە ڕووی مێژووییەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پەیدابونی ئاینە ئاسمانیەکان کە بۆتە هۆی پەیدابونی باوەڕ بە نەگۆڕی و نەمری و کۆن نەبونی هەمو شت و پاشان ئەو بیرکردنەوەیە تەشەنەی کردۆتە ناو زانست و فەلسەفە و سیاسەتەوە.
لە ڕوی سیاسەتەوە دۆگمایی بە پشتیوانی سیکتاریزم واتە چەپ ڕەوی. دژایەتی تەواو مارکسەت دەکاو بە توندی بەرهەڵستی هەمو جۆرە گۆڕان و گەشە کردنێک دەکا لە دیدگایی هەست نەکردن بە ڕاستییەکان و مەرجەکانی گۆڕان. ئەم جۆرە ڕەفتارە بۆتە هۆی پەیدابونی تیۆری دۆگماییانە.
دۆگماتیزم شان بە شانی ریفیژینیستی گەورەترین مەترسین بۆ سەر بزوتنەوەی نێو نەتەوەیی کرێکاران. دۆگماییەکان بڕوایان بە مەرجەکانی گۆڕان و گەشە کردن نییە، بگرە زۆر لاسارانە خۆیان دەبەستنەوە بە ڕەقی و بیرکردنەوەی وشک و بەستووی خۆیانەوە و پشت دەبەستن بەو سۆفیایەتیەی کە بڕوایان پێیەتی. یەکێک لە نیشانەکانی دۆگمایی ئەوەیە کە لە نوسین و قسەکردن دا کۆمەڵێک ڕستەی شۆڕشگێڕی و چەپڕەوی و پەلەپەلکەری تێدا بەکاردەهێنن و هەڵگری جۆرە دروشمێکن کە لە مەیدانی کاردا توانای جێبەجێ کردنیان نییە و بەرهەمدار نابێ.
لینین ئامۆژگاری هەمو کۆمۆنیستەکانی جیهان دەکا بۆ خەباتی توندوتیژ دژی دۆگمایی و چەندین جار دوو پات کراوەتەوە
کە مارکسیەت بریتیە لە کار و تیۆری پێکەوە، نەک هەر تیۆری دۆگمایی.

## بەیاننامەی مافی مرۆڤایەتیی جیهان

بەیاننامەیەکە کە ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە (١٠) ی تشرینی دووەمی ١٩٤٨ بە دەنگی هەمو وڵاتانی ئەندام تیایدا بڕیاری لەسەر داوەو دەریکردووە. وە داوا لە هەمو وڵاتانی ئەندام کرا کە ناوەڕۆکی بەیاننامەکە بڵاوبکەنەوە کە بریتیە لە پێشەکیەک و (٣٠)-ماددە.

پێشەکیەکەی بریتیە لە :

لەو ڕوەوە کە بون و چۆنیەتی خێزانی مرۆڤ و یەکسانیان و گوێزانەوەیان بنچینەیەکی سەربەستی و دادپەروەری ئاشتی جیهانیە.

لەوڕوەوە کە نەناسی و سوک سەیرکردنی مافی مرۆڤ دەگاتە کاری دڕندانە،کە گیانی مرۆڤ بەرەو یاخی بون و لەناوچون دەبا و دەبێتە ڕێگر لە دەربڕینی باوەڕو سەربەستی و بەرەو ژێردەستەیی و ترسنۆکی و هەژاری دەبا.

لەو ڕوەوە کە بناغەی مافی مرۆڤایەتی دەبێ لەسەر یاسایەکی پارێزگاریکەری مرۆڤ بێ تاکو مرۆڤ بە ناچاری ڕێگای زۆر و ستەم نەگرێتە بەر.

لەو ڕوەوە کە پێویستە پەیوەندی دۆستانەی نێوان گەلان پتەوتر بێت، لەو ڕوەوە کە وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا پەیمانیان داوە کە ڕێزی هاوتایی و بەرامبەری سەرتاسەری جیهانی بپارێزن و مافی مرۆڤ و سەربەستیان بپارێزن بە هاوکاری نەتەوە یەکگرتوەکان،لەم ڕوانەوە «کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان» ئەم جاڕنامەیان ئامادە کرد کە ئامانجی هەمو مرۆڤی سەرتاسەری جیهانە، تاکو تەقەڵای تەواو لە هەمو لایەکەوە بدرێ بۆ جێبەجێ کردن و ڕێز لێ گرتن و خۆبەستنەوە پێیەوە.

١-هەمو مرۆڤێک بە سەربەستی لە دایک دەبێ و لە ڕووی ماف و هەبونەوە وەک یەکن. هەمو خاوەنی هۆش و دەرونن (ویژدان)پێویستە بەرامبەر بە یەکتری بە گیانی برایانە ڕەفتار بکەن.

٢-

آ-هەمو کەسێ دەتوانێ سود لەم بەندانە وەربگرێ بێ هیچ جیاوازیەکی ڕەگەزایەتی، ڕەنگ پێستی، توخمی(جنس)، زمانی، ئاینی، بیروباوەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، باری کۆمەڵایەتی، دارایی...هتد.

ب-هیچ جیاوازیەک ناکرێ لە ڕوی باری سیاسی، بەڕێوەبردن، دادگایی، نیونەتەوەیی وڵاتێک و وڵاتێکی تر کە مرۆڤ پێوەی بەندە جا چ سەربەخۆ بێ یا بەستراوە بێ بە وڵاتێکی ترەوە یا داگیرکراو بێ لە مافی مرۆڤایەتیدا.

٣-هەمو کەس مافی ژیان و سەربەستی و هێمنی تایبەتی خۆی هەیە.

٤-هیچ کەس بۆی نییە کەسیکی تر بکا بە کۆیلەی خۆی و هەمو جۆرە کارێکی کۆیلەیی بە هەر شێوەیەک بێ قەدەغەیە.

٥-هیچ کەسێ ناتوانێ کەسێکی تر ئازار بدا یا سزای بدا یا ڕەفتارێکی لەگەڵ دا بکا کە زۆردارانە بێ و بە پێچەوانەی مرۆڤایەتی بێ.

٦-هەمو کەسێ بۆی هەیە وەک مرۆڤێکی خاوەن ماف لە بەردەم یاسادا خۆی بناسێنێ.

٧-هەموان لە بەردەم یاسادا وەک یەکن و بۆیان هەیە بێ هیچ جیاوازیەک خۆیان لە پەنای یاسادا بپارێزن بەرامبەر بەهەر جیاوازیەک کە لەگەڵیاندا بکرێت.

(ئەمانە چەند مادەیەکن لە (٣٠)مادەکە کە هەموی لە پێناو پارێزگاری کردن و پاراستنی مرۆڤ و مافی مرۆڤایەتیە لە هەمو جۆرە ئازارو ستەم و چەوساندنەوە و زۆر لێ کردنێک کە لە ڕوی نوسینەوە چاکترین

پاڵپشتی مرۆڤایەتی و بڵندترین هیوای مرۆڤە کە پێی بگا، بەڵام لە ڕوی کردەوە کار پێ کردنەوە تەواو پێچەوانەی نوسینەکەیە. چەندین نمونە هەن لەسەر چەندین وڵات کە ئەندامی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکانن و ئەو پەیمانەشیان مۆرکردوە، بەڵام بە دڕندانەترین و ڕەگەزپەرستانەترین و فاشستانەترین شێوە ڕەفتار لەگەڵ مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا دەکەن وەک ڕژێمی ڕەگەزپەرستی عیراق وەک ڕژێمی کۆنەپەرستی میسر...هتد).

## رادیکالیزم Radicalism

رادیکال لە ڕووی زمانەوانیەوە بە مانای بنچینەیی و ڕیشەیی دێ. رادیکالیزم بە ڕێبازی ئەوانە دەوترێ کە بڕوایان بە کاری بڕینەرەوەیە. رادیکالیزمی بۆرجوازی بە قۆناغێکی سیاسی دەوترێ کە بۆرجوازیەت بەرنامەیەکی ئەوتۆ دادەنێ کە تیشکدەرەوەی خواست و ویستەکانی ڕیفۆرمی و دیموکراسی بێ لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریدا و لە بەرژەوەندی توێژەکانی وردە بۆرجوازی بێت.

لەم سەردەمەدا پارتەکانی وڵاتانی ئیمپریالیزمی کە زاراوەی ڕادیکالی بە خۆیانەوە دەنێن، لە ژێر پەردەی ڕادیکالیست دا بونەتە نێزەی دەستی مۆنۆپۆلەکان و بودەڵەیی خۆیانیان دەرخستوە.

لەناو خەڵکیدا زاراوەی ڕادیکالی بە مانای بڕینەوەرە دێت. بۆ نمونە دەڵێن (فلانە کەس لەو کارەدا ڕادیکاڵ بوو واتە بڕێنەرەوە بو) یان دەڵێن (ئەو ئیشە پێویستی بە گۆڕانێکی ڕادیکاڵی هەیە).

## بۆرجوازی، Bourgeoisie

لەڕژێمی سەرمایەداریدا دوو چینی بنچینەیی هەیە (پرۆلیتاری) و (بۆرجوازی). بۆرجوازی بریتیە لە چینی سەرمایەدار، واتە کەسانێک کە خاوەنی هەمو هۆکانی بەرهەم هێنان وەک کارگە و بانک و ئامرازەکانی بارو گوێزانەوە...هتد و لەسەر بەرهەمی کەسانێکی تر دەژین.

لە ڕوی زمانەوانیەوە زاراوەی بورجوازی لە وشەی (بورگ) وە هاتوە کە بە مانای شار دێ و بە شار نشینەکانی خۆشگوزەران وتراوە بۆرجوا.

لە ڕووی مێژوییەوە بۆرجوازییەکان لە منداڵ دانی دەرەبەگایەتیدا هاتونەتە دەرێ و لە دایک بون و سەرئەنجامی پوچەڵ بونەوەی ئامرازە سەرەتاییەکانی بەرهەم هێنان وردە وردە بە پێی قۆناغەکانی کۆمەڵ بونی سەرمایە و گۆڕانی پیشەییە بچوک و خێزانییەکان بە کارگە و کارخانە و گۆڕانی ئامرازی شاگرد و خەلفە بە کرێکار و گۆڕانی سەرەتایی بەرهەم بە ئامرازی بەرهەمی پێشکەوتو تر و بەرهەم هێنەری تر گەشەیان کردوە.

ئەمانە واتە بۆرجوازییەکان وەک چینێک هاتنەکایەوە و پاش خەباتێکی سەختی چەند سەد ساڵە توانیان دەسەڵاتی سیاستی و ئابوری خۆیان بچەسپێنن و شۆڕشی بۆرجوازیش شۆڕشێکە بۆ لەناوبردنی دەرەبەگایەتی، وە خۆی سەرکردایەتی دەکا و لە ئەنجامدا کۆمەڵگایەک دێنێتە کایەوە کە خۆی شۆڕەسواری مەیدان بێ، شۆڕشی بۆرجوازیەتیش لە سەدەی حەڤدەهەمەوە تا سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام بوە لەو سەردەمانەدا بۆرجوازیەت چینێکی پێشکەتنخواز بوە و هەڵگری دروشم و خواستی پێشکەتنخوازانە بوە کە سەرنگون کردنی دەرەبەگایەتی بوەو گەشەکردنی هێزە بەرهەم هێنەرەکان بوە، بەڵام هەر بە گەشەکردن و پێگەیشتنی کۆمەڵگای سەرمایەداری بۆرجوازیەتیش

شـوێنی لـه بـهرەی پێشـکەوتن خوازیـەوە گۆڕا بـۆ بـەرەی کۆنەپەرسـتی، لـه قۆناغـی ئیمپریالیزمـی دا کـه دواییـن پلـەی سـەرمایەداریە دڕندەتریـن شـێوەی کۆنەپەرسـتی بۆرجوازییـە.

لەبـەر ئـەوەی بەرژەوەنـدی بۆرجوازیەت تەواو پێچەوانەی بەرژەوەندی کرێکارانـە، ناکۆکـی نێوان ئـەو چینـەش ناکۆکیەکـە کـه بـه ئاشـتی چارەسـەر ناکـرێ، ناکۆکیەکـە دەبێتـە بناغـەی خەباتـی چینایەتـی و پاشـان لەناوچـون و پوچـەڵ بونـی دام و دەزگای بۆرجوازیـەت و هاتنـە کایـەی شۆڕشـی سۆشیالیسـتی و خاوەنداریەتـی بەکۆمەڵـی ئامڕازەکانی بەرهـەم هێنـان.

بۆرجوازییـەکان بـە پێـی دامەزراندنـی سـەرمایەکانیان لـە یەکێـک لـە شـێوەکانی بەرهـەم هێنـان دا دەکرێـن بـە چـوار بەشـەوە:

بۆرجـوازی پیشەسـازی، بۆرجـوزازی بازرگانـی، بۆرجـوازی بانقـی، بۆرجـوازی دێهاتی(کـولاک). سـەرچاوەی هەڵقوڵانـی هەمویـان (زێدەبایـی) یـە، کـە بەرهەمـی کاری زەحمەتکێشـانە، وە ئـەو قازانجەیـە کـە شـان بـە شـانی «زێدەبایـی» لـە کارگـە و کارخانـەکان و ئاڵوگـۆڕ کردنـی بەرهەمـە جۆربەجـۆرەکان پەیـدا دەبـێ چ لـە مەیدانـی پیشەسـازی یـا لـە مەیدانـی بازرگانـی و بانقـی و زەمینـداری دا.

لـە ڕووی دەسـەڵاتی سـەرمایەو دەسـەڵاتی ئابـوری و سیاسـیەوە بۆرجـوازی دەبـن بـە سـێ بەشـەوە بۆرجـوازی گـەورە، بۆرجـوازی ناوەنـدی و بۆرجـوازی بچـوک. لـە ڕووی چەندایەتیـەوە بۆرجـوازی بچـوک و ناوەندی ژمارەیـان لـە بۆرجـوازی گـەورە پترە، بەڵام لـە ڕووی چۆنایەتییـەوە بۆرجوازی گەورە هەرچەند بە ژمـارە زۆر کەمن خاوەنی گەورەتریـن سـەرمایەو گەورەتریـن دەسـەڵاتی ئابـوری و سیاسـین و هەمـو سـەرچاوەکانی بەرهـەم لـە ژێـر دەسـتی ئەواندایـە، بۆیـە بـەردەوام بۆرجـوازی ناوەنجـی و بچـوک لـە شـکاندان و لـە زۆر حاڵـەت دا لـە ناکۆکیـدان دژی بۆرجـوازی گـەورە.

بۆرجـوازی بچـوک: بـەو بەشـەیان دەڵێـن کـە لـە لایەکـەوە لای خـاوەن ئامڕازەکانـی بەرهـەم کاردەکـەن و لـە لایەکـی تریشـەوە خۆیـان بـەکاری

بەرهەمهێنەر هەڵدەستن، و بریتین لەپیشەییەکان و جوتیارە خاوەن زەوییەکان، دوکاندارەکان، فەرمانبەرانی بچوک، ڕۆشنبیران. بۆرجوازی بچوک ئەو توێژەی بۆرجوازیەتن کە دەکەونە نێوانی پرۆلیتاریاو بۆرجوازیەتەوە و لە دەورانی ژیاندا زۆربەیان لە شارەکاندا بەرەو پرۆلیتاریا دەچن و لە دێهاتەکانیشدا بەرو کرێکاری و کشتوکاڵی دەچن، بەشێکی زۆر کەمیان بەلای بۆرجوازی سەرمایەدار دا دەشکێنەوە. هەربۆیەش ئەم چینە بە ڕاڕا ناسراون، لە کاتێکدا دەکەونە بەر گورزی چاودێری و چەوساندنەوەی بۆرجوازی گەورە، بەلای ڕێبازی خەباتی زەحمەتکێشان دا دەشکێنەوە و پاڵپشتیان دەکەن، کەچی لە لایەکی ترەوە چونکە خاوەنی ئامرازی بەرهەمن هەر کە لە لایەن پرۆلیتاریاوە کەوتنە مەترسی دەس بەسەرا گرتنی ئامرازەکانیان، بەرەو ڕێبازی بۆرجوازیەت دەڕۆن و پاڵپشتی ئەوان دەگرن، چینی کرێکاران و پارتی پرۆلیتاری بە هێز و توانای خۆیان دەتوانن ئەمانە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، چونکە یەکگرتنی کرێکاران و جوتیاران و هەمو توێژ و چینە زەحمەتکێشەکانە کە مسۆگەرکەری مژدەی سەرکەوتنی سۆشیالیزم و لە ناوبردنی سەرمایەدارییە لە دواڕۆژدا.

بۆرجوازی ناوەندی: یا بۆرجوازی نیشتیمانی: بەو بەشەی بۆرجوازیەت دەڵێن کە دەکەونە نێوانی بۆرجوازی بچوک و بۆرجوازی گەورەوە.

لە وڵاتانی داگیرکراو و وڵاتانی وابەستە بە ئیمپریالیزمەوە، بۆرجوای نیشتیمانی لە قۆناغێکی دیاری کراودا لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتیدایە ئەویش لەبەر ئەمەی کە خۆی خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانە و پشت بە ئامرازە خۆماڵییەکان دەبەستێ و بەرژەوەندی چینایەتیی لە مەترسیدایە لە لایەن مۆنۆپۆلە ئیمپریالیزمەکانەوە. بۆیە ئەم بەشەی بۆرجوازیەت لە هەمو وڵاتانی داگیرکراو و وابەستە دەکەونە بەرەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەل، دژی ئیمپریالیزم و بۆ بڕینی دەستی مۆنۆپۆلەکانی بێگانە لە سەرچاوەکانی خێر و بێری نەتەوایەتیان

و بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری.

بۆرجوازی گەورە: بەو بەشەی بۆرجوازی دەوترێ کە دەسەڵاتدارترین بەشی بۆرجوازیەتە لە ڕووی ئابوری و سەرمایە و سیاسیەوە، ئەمانە دەبن بە چەند توێژەوە، بۆرجوای بیرۆکرات، بۆرجوای کۆمپرادۆر.

لە وڵاتانی داگیرکراو یان وابەستە بە ئیمپریالیزمەوە، بۆرجوای کۆمپرادۆر بڵندترین توێژی بۆرجوان و ساماندارترینیانن کە توند گرێ دراونەتەوە بە مۆنۆپۆڵەکانی بێگانە و سەرمایەکانیان بەستۆتەوە بە سەرمایەی ئیمپریالیزمەوە بەرژەوەندیان بەستراوە بە پارێزگاری کردنی دەسەڵاتی سەرمایەداری بێگانەوە لە وڵاتەکەدا. زاراوەی کۆمپرادۆر لە بناغەدا وشەیەکی ئیسپانیە و بە مانای کڕیار دێ.

زۆربەی زۆری بازرگانە گەورەکان و خاوەن کارگە مۆنتاجەکان کە لقی پیشەسازی ئیمپریالیزمین لە وڵاتەکەدا و خاوەن بانقەکانی هاوبەش لەم توێژەن، بۆیە بە بۆرجوازی کۆمپرادۆر دەوترێ (دزی خێروبێری وڵات و دەڵاڵی ساغ کردنەوەی کەل و پەلی بێگانەو کوتەکی دەستی ئیمپریالیزم و دوژمنی سەربەخۆیی نەتەوایەتی و دوژمنی ڕزگاریخوازی.

بۆرجوای کۆمپرادۆر خۆشکەری زەمینەی سەپاندنی دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی سیاسی و ئابوریە، هەڵگری کۆنەپەرستانەترین بیروباوەڕی دژی ڕزگاریخوازییە.

بۆرجوای بیرۆکرات، بەو توێژە بۆرجوازیەتە دەوترێ کە لە کاتی چونە سەرکاری بۆرجوای نیشتمانی و گرتنی دەسەڵات بە دەست خۆیەوە، لە ڕێگەی دانی ئیمتیازات و دەست بەسەراگرتنی هەمو شادەمارەکانی ئابوری وڵاتەوە ئەم توێژەیان لێ جوێ دەبێتەوە بە ناوی بۆرجوای بیرۆکراتەوە.

ئەم توێژە چڵێسترین بەشی بۆرجوازیەتن و دڕندەترین شێوەی چەوساندنەوەش بەکار دەهێنن لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، ئەمانە لەبەر ئەوەی کە لەڕێگەی سەرمایە و دەسەڵاتی ئابوریەوە، دەسەڵاتی سیاسیان بەدەست نەهێناوە بگرە لە ڕێگەی کودەتاوە چونەتە سەرکار

و دەستیان بەسەر ئابوری وڵات دا گرتوە، زۆر بەپەلەن بۆ دەوڵەمەند بون و چون بەرەو سەرمایەداری دەوڵەتی، بۆیە دڕندانەترین شێوەی چەوساندنەوەش چ لە ڕووی نەتەوایەتی بەرامبەر نەتەوەکان و چ لە ڕووی چینایەتیەوە بەکار دەهێنن بۆ نمونە: ڕەفتاری دڕندانەی بۆرجوای بیرۆکراتی عەرەب لە عیراق دا کە خۆی لە تاقمە فاشیستەکانی سەرکاری ڕژێمی تکریتیەکاندا دەنوێنێ، بەرامبەر بە چینە چەوساوەکانی عەرەبی و کوردی و کەمایەتیە چینایەتیەوە و بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لە کوردستانی عیراق دا لە ڕووی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیەوە.

بۆیە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عیراق، هەمیشە تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە :

ڕوخاندنی ڕژێمی بۆرجوای بیرۆکرات لە عیراق لە ژێر سەرکردایەتی توێژو بەشێکی تری بۆرجوازیەت دا، هەرگیز نابێتە هۆی لەناوبردنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی، هەر بۆیە هەمیشە «کۆمەڵە» خەبات دەکا بۆ بەدی هێنانی بەرەیەکی ڕزگاریخوازی و نیشتمانی کە لە ناویا زەحمەتکێشان سەرکردایەتی خەباتی ڕزگاری نیشتمانی بکەن لە عێراقداو لە سایەی دا چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لە ڕەگوڕیشە دەربهێنرێ بە دەستنیشان کردنی مافی چارەنوسی گەلی کورد لە لایەن خۆیەوە.

## بولشەفیزم Bolshevism

(بەزمانی ڕوسی بە مانای زۆر یا-زۆربە-دێ).

ئەم زاراوەیە لە پێش لینین دا جاروبار بەکارهێنراوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٠٩دا لە لایەن لینینەوە بە فراوانی و مانایەکی فراوانترەوە بەکارهێنرا. سەرئەنجامی بونی پارتی سۆشیال دیموکرات بە دو بەشەوە پاش کۆنگرەی دوەمی حزب، وشەی بۆلشەفی درایە پاڵ ئەو بەشەی کە زۆربەی حزبەکەیان پێک هێنابو، لە بەرامبەر ئەو بەشی دوەمیان کە

کەمترین بەش بون بە ناوی (مۆنشەویک)ەوە ناوبران واتە کەمایەتی.
پاشان وشەی بۆلشەفیک بوە حزبی لینینی و ڕێبازی لینینی و تیۆری لینینی لە لایەن ستالینەوە، بوە زاراوەیەکی چەسپاو مارکسیزم. واتە قوتابخانەی لینینی.
وشەی بۆلشەفیک بو بە نازناوی حزبی شیوعی روسی لە سالّی ١٩١٢وە تاکو سالّی ١٩٥٢ چ لە ولاّتی سۆڤیت دا و چ لە دەرەوەدا.
لینین دەلّێ/بۆلشەفی بریتیە لە:
آ-مارکسیزمی شۆڕشگێڕیی لە ڕوسیا.
ب-لکاندن و گونجاندنی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لەگەلّ باری گۆڕاوی سەردەم دا.

## بیروباوەڕ Ideology

ئایدۆلۆجیەت زاراوەیەکە بۆ سیستەمی تیۆری و بیروباوەڕی (سیاس ی،ماف،هونەری،دینی،فەلسەفی،ڕەوشتی) بەکاردەهێنرێ.
ئایدۆلۆجیەت بە شێکی سەرخان و ڕەوشی چینایەتیە و تیشکدانەوەی شێوەی پەیوەندی ئابوریە کە ژێرخانی کۆمەلّە، لە کۆمەلّگایەکی فرە چینایەتی ناکۆک لەگەلّیەکدا، خەباتیان دژی یەکتری سەرئەنجامی تیشکدانەوەی ئایدۆلۆجیەتیانە، بۆ نمونە: بەرژەوەندی چینە کۆنەپەرستەکان کاتێک دەپارێزرێ کە لە کاتی دەسەلاّتداریاندا دژی ڕاستی بن و بیخەنە ژێر پێوە هەر بۆیەشە ئایدۆلۆجیەتی ئەو جۆرە چینەی ناڕاستە و تیشکدەرەوەی ڕوداوێکی ڕاستی زانستیانە نییە.
کەچی بە پێچەوانەوە، بەرژەوەندی چینە شۆڕشگێڕو پێشکەوتەخوازەکان بەندە بەسەرکەوتنی ڕاستی و ڕەوایی و مافی جەماوەر، هەر بۆیەشە ئایدۆلۆجیەتی ئەو چینانەش ڕاستەو تیشکدەرەوەی واقیعێکی زانستیانەیە. مارکسیزم-لینینزم ئەو ئایدۆلۆجیەتە زانستیە ڕاستیەیە کە بڕوای تەواوی هەیە بە بەرژەوەندی کرێکاران و زۆربەی

زۆری جەماوەری زەحمەتکێش و مرۆڤایەتی و ئاشتیخوازو پێشکەوتنخواز و ڕزگاری خـوازە.

فەیلەسوفە بۆرجوازییەکان لەم ساڵانەی دواییدا بڵاویان کردەوە کە ئایدۆلۆجیەت پێچەوانەی ڕاستی زانستیانەیەو جوت نابێ لەگەڵ پراکتیک دا و کەوتەنەتە پرۆپاگەندە کە ئایدۆلۆجیەت شتێکی خەیاڵیە و تەنها پەیوەندی بە بیری مرۆڤەوەیە و هیچ بناغەیاکی بابەتی (موضوعی) نییە، وە تەنها بەرهەمی بیری چەند کەسانێک یا پارتێکە و ڕای ئەو فەیلەسوفە بۆرجوازیانە کە دەبێ فەلسەفە و (زانست) لە هەمو ئایدۆلۆجیەتیک پاک بکرێتەوەو بۆ ئەمەش ئەنجومانێکیان پێک هێنا بە ناوی (دیسایدلۆچەیش) دژی ئایدۆلۆجیەت، کە ئامانجیان تەنها بانگهێشتنە بۆ پوچەڵ کردنەوەی (پێویستیی بونی ئایدۆلۆجیەتێکی واقیعیزانستی).

گەشە کردنی ئایدۆلۆجیەت هەر چەندە بەندە بە گەشەکردنی پەیوەندیی بەرهەم هێنانەوە بەڵام تا ڕادەیەک سەربەخۆیی تێدایە، بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستیە ئەوەیە کە دەبینین گەشە کردنی ئابوری و ئایدۆلۆجی وەک یەک شان بە شانی یەکتری ناڕۆن کەچی لە لایەکی تریشەوە ئایدۆلۆجیەت بە جیاوازی و بێ ڕێنمایی کردن ناتوانێ نەخۆشیەکانی ئابوری بدۆزێتەوە.

سەربەخۆیی ڕێژەیی ئایدۆلۆجیەت لەوەدا دەردەکەوێ کە تاڕادەیەک گەشە کردنی بەندە بەو گۆڕانانەی کە بەسەر تیرۆر و بیروڕاکاندا دێ بێ ئەوەی گۆڕان لە باری ئابوری دا ببێ، هەر لەم ڕوەشەوەیە کە هەمو شێوە جیاجیاکانی ئایدۆلۆجیەت کاردەکەنە سەر یەکتری یان مرۆڤ و بەرهەمی خودی مرۆڤ لە ئەندێشە و بیری شەخسییەوە کار دەکاتە سەر ئایدۆلۆجیەت.

## کۆسمۆپۆلیزم Cosmopolism

شان بە شانی شۆڤێنیزم بەڵام بە پێچەوانەی ئەو، تیۆری کۆسمۆپۆلیتیزم هەیە، بریتیە لە فەرامۆش کردنی نیشتمان بەو بیانوەی کە هەمو جیهان نیشتمانیانە. ئەم قوتابخانەیە بە تەواوی بەرژەوەندی و نەتەوەکەیان و نیشمانەکەیان فەرامۆش دەکەن. سەرچاوەی ئەو تیۆرەش هەر لە بۆرجوازیە کۆنەپەرستەکانەوە هەڵدەقوڵێ کە هەمو بونێکی نەتەوایەتی و چارەنوسێکی نەتەوایەتی و خەباتی ڕزگاری نیشتمانی پوچەڵ دەکەنەوە. قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە کە ڕژێمێکی سەرتاسەری جیهانی دەخوازن، ڕاستەوخۆ لە خزمەتی ئیپمریالیزمی جیهانین کە بریتیە لە دەسەڵاتی یەک ڕژێم بەسەر هەمو نەتەوەو وڵاتانی جیهان دا.

لە کاتێکدا کە ئیمپریالیزم و داگیرکەران و شۆفێنیزمی نەتەوەی دەسەڵاتدار دژی سەربەستی و سەربەخۆیی و ڕزگاریخوازی نەتەوەی ژێردەستەو وڵاتانی ژێردەستەن، هەر لە هەمان کاتدا کۆسمۆپۆلیتیەکان هەمان نەتەوەی ژێر دەستەو وڵاتانی ژێردەستەش دژی سەربەستی و سەربەخۆیی نەتەوەو نیشتمانی خۆیانن. بەم جۆرە دەردەکەوێ لە وڵاتانی فرە نەتەوەدا کە چینی دەسەڵاتدار و شۆفێنیزمی نەتەوەیەک ڕژێم دەبات بەڕێوە لەگەڵ کۆسمۆپۆلیتیەکانی نەتەوەکانی تری ژێردەستە شان بە شانی یەک (جا ڕاستەخۆ یا ناڕاستەوخۆ )لە خزمەتی ئیمپریالیزمی جیهانی و دژی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەرین. هەر سێ لایان، واتە، شۆفێنیزم و کۆسمۆپۆلیتیزم و ئیمپریالیزم لە یەک سەنگەردا خۆیان دەبیننەوە بەرامبەر بە خەباتی گەلانی ژێردەستەو وڵاتانی ژێردەستەو سۆشیالیزم.

## پارت، حزب Party

حـزب بریتیـه لـه ڕێکخراوەیەکـی سیاسـی کـە خەڵکانـی خـاوەن یـەک بیروڕاو دۆسـتانی هەمـان بیرورای تێدا کۆدەبێتـەوە. هەمیشـە وشـیارترین بەشـی چینێک یا توێژی کۆمەڵایەتی کە یەک ئامانجیان هەیە کۆدەبنەوە لە ڕێکخراوەیەکدا و سـەرکردایەتی خەباتی کۆمەڵایەتی دەکەن. لە سـەردەمی گەشـەکردنی سـەرمایەداری دا ڕێکخراوەکانـی سیاسـی پرۆلیتاریـا و برۆجوازی کە دوو چینی سـەرەکی کۆمەڵگای سـەرمایەدارین دێنەکایـەوە.

چینـی بۆرجـوازی یـەک حـزب یـا ڕێکخـراوەی نیـە بگـرە چەندیـن حـزب و ڕێکخـراوەی سیاسـی هەیـە کـە هۆیەکـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ فـرە توێـژی جیاجیـا کـە هـەر توێژەیـان خەبـات دەکا بـۆ بـە دەسـت هێنانـی دەسـەڵاتی خـۆی لـە لایەکـەوە بـۆ هەڵخەتاندنی جەمـاوەری زەحمەتکێشـان و کۆکردنەوەیـان لـە دەوری خۆیـان لـە ژێـر نـاوی جیاجیـای حـزب و ڕێکخـراوە و سـەندیکای جۆربەجـۆردا و دابڕینیـان لـە چینەکـەی خۆیـان.

پاش چونە سـەرکاری حزبە بۆرجوازییەکان لە قۆناغی ئیمپریالیزمی دا، دەبنـە دوژمنـی سەرسـەختی بزوتنـەوەی جەمـاوەری زەحمەتکێشـان و دکتاتۆریـەت و فاشـیەتی خۆیـان بـە سـەریاندا دەسـەپێنن. ئـەو حزبـە پێشـکەوتنخواز و زەحمەتکێـش ویسـتەی دوێنـێ کـە جەمـاوەری ڕەنجدەرانـی هەڵدەخەڵەتاند ئەمـڕۆ لـە چونـە سـەرکاردا دەبێتـە حیزبێکـی فاشسـت. لـە ڕاسـتیدا حزبـە فاشیستەکان لێدەرو کوتەکـی سـەرمایەدارین. بۆرجوازییەکان لە ڕێگەی کرێکارە تێرخـۆر و خەساوەکانەوە هەڵدەسـتن بە پێکهێنانی ڕێکخراوو حزبی کرێکاری فریودەر بۆ هەڵخەڵەتاندن و لـە ڕێ لادانـی کرێـکاران.

حزبـی پرۆلیتاریـا تەنیـا حزبـی مارکسـیزم-لینینزمە کـە ڕێکخـەر و کۆکـەرەوەی پرۆلیتاریایـە و پارێـزەری بەرژەونـدی چینایەتییەتـی. تاکـە حزبـە کـە دەتوانـێ سـەرکردایەتی ڕاسـتی خەباتـی چینـە زەحمەتکێشـەکان

بکا.

حزبە پرۆلیتاریەکان ئامۆژگاریەکانی مارکسیزم لینیزم دەکەنە چرای ڕوناککەرەوەی ڕێبازی چالاکییەکانی خۆیان و لە ڕێگەی داهێنەرانەیانەوە ئەو گەنجینەیە دەوڵەمەندتر دەکەن.پارتی پرۆلیتاری کۆمۆنیستی شێوە نوێ جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ پارتەکانی کرێکاری ڕابوردوی سەردەمی ئەنترناسیونالیزمی دوەم لە ڕوی چۆنایەتییەوە.

لینینی مەزن کە سەرکردە و بنیاتنەری پارتی شێوەی نوێ بو لەسەر ئەو جۆرە پارتە پرۆلیتاریە فێرمان دەکا کە:

١-حزبی مارکسی بەشی هەرە پێشکەوتو و شۆشگێڕ و پیشڕەوی پرۆلیتاریایە، بڵندترین شێوەی ڕێکخراوەکانی تری پرۆلیتاریایە وەک (یەکێتی کرێکاران، سەندیکان و...هتد)پەیوەندی ئەوان و پێشڕەوایەتی جوڵانەوەی سیاسیەکانیان دەکا و ئاڕاستەی یەک مەیدانی خەباتیان دەکا بۆ سەرنگون کردنی سەرمایەداری و بەدی هێنانی سۆشیالیستی. جەماوەری زەحمەتکێشان بە ڕێبازی سۆشیالیستی دا دەبا و ئامۆژگاری و پێشڕەوایەتی هەمو ڕەنجدەران دەکا.

٢-حزبی مارکسی کاتێ دەتوانێ بەشی هەرە پێشکەوتو شۆڕشگێڕو پێشرەوی بێ،کە چەکدار بێ تیۆری علمی و مارکسی و زانستی تەواو بەرامبەر بە یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵگا و سەلماندنیان بە پراکتیک لە کاری ڕۆژانەدا بە شێوەیەکی زیندوانە کە بریتیە لە گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگا.

٣-لەو شوێنەوە کە پارتی مارکسی هۆشیارترین و پێشکەوترین بەشی چینی پرۆلیتایانە پێویستە هەست و هۆشیاری جەماوەری فراوانی کرێکاران بەرزکاتەوە و بیان پارێزێ لە ئایدۆلۆجیەتی بۆگەنی بۆرجوازیەت و لە نەخشەو پیلانەکانی لادەران لە مارکسیەت و لە یەک کاتدا خەباتی توند و تیژی خۆی بکا بەرامبەر بۆرجوازیەت و ریفیژنیستیەت.

٤-حزبی مارکسی نەک هەر تەنها بەشی هەرە هۆشیار و پێشکەوتوی کرێکارانە، بگرە ئەو بەشەشە کە هێزێکی یەکگرتوی پێک هێناوە لەلایەتی بیروکارەوە بۆ بەدی هێنانی ئامانجە شۆڕشگێڕییەکانی مارکسیزم و لێدانی فراکسیۆنیزمی و تاقمگەری و ئۆپۆزتۆنیزمی چەپ و ڕاست کە دەیانەوێ یەکێتی ڕیزەکانی حزب تێکدەن.

٥-حزبی مارکسی حزبی ڕاستەقینەی جەماوەرە و کۆکەرەوەی چاکترین نوێنەرانی جەماوەرە و لە هەزار لاوە پەیوەندیی توندوتۆڵی بە جەماوەری فراوانی زەحمەتکێشانەوە هەیە.

لەبەر ئەوە داواکەر و پارێزەری بەرژەوەندی جەماوەرە و بڕوای تەواویشی بە پشت بەستنی بە جەماوەر هەیە.

٦-مان و ژیانی پارتی پرۆلیتاری دەکەوێتە سەر ڕادەی پتەوی ناوەندێتی دیموکراتی (سانترالیزم دیموکراتیک).پەیڕەو کردنی ئەو سەرەتایە یەکێکە لە ئامۆژگاریە گرنگەکانی لینین بۆ پارتی پرۆلیتاری چونکە ناوەندیەتی دیموکراتی واتە پاراستنی یەکێتی ریزەکانی حزب، مسۆگەر کردنی پتەوی و چەسپاندی ئایدۆلۆجیەتی پرۆلیتاریا، جێبەجێ کردنی دیموکراتیەتی ڕاستەقینەی حزب سەرکردایەتی کردنی حزب و پاراستنی پەیوەندی سەرکردایەتی بە ئەندامان و ئەندامان بە جەماوەری فراوانی ڕەنجدەران، دورکەوتنەوە لە تاکپەرستی و خۆهەڵواسین بە کەسانی تاک کە گەورەترین کۆسپی ڕێگای گەشە کردنی حزبە و کاری داهێنەرانەیە، ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن لە ڕیزەکانی حزب دا.

٧-ئایدۆلۆجیەتی پرۆلیتاریا کە بنچینەی قەبارەی و ڕێکخراوی پارتی مارکسیە، خەبات دەکا دژی لادەرانی مارکسیەت(ریڤیژنیستی) و (ئۆپۆرتونستی و دۆگمایی و چەپڕەوی منالآنە (سکتاریزمی). چونکە لادانی یەکەم مانای مراندنی گیانی شۆڕشگێڕانەی مارکسیانەیەو بایەخ پەیداکردنە بۆ ئایدۆلۆجیەتی بۆرجوازیەت لە ڕوی کار و تیۆرییەوە و هێزی جەماوەری ڕەنجدەران بێ بەری دەکا لە خەبات کردن دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەران و زۆر و ستەم و چەوسێنەران.

لادانی دوەم کۆمۆنیستەکان لە توێژە فراوانەکانی ڕەنجدەران دادەبڕێ و هەمو جوڵانەوەیەکی حزب بەرەو کاری چەپڕەوانە ڕادەکێشی.

چەند زاراوەیەک هەیە کە پەیوەندیی بە حزبەوە هەیە کە پێویستە باس بکرێ لەوانە:

## بەرنامە/ پڕۆگرام

بریتیە لەو بەڵگەنامەیەی کە ئامانجەکان و فەرمانەکانی سەرشانی خۆی تێدا دیاری کردوە. بەرنامەی پارتێکی پرۆلیتاری مارکسی-لینینی بەڵگەنامەیەکی زانستیانەی ئەوتۆیە کە شیکردنەوەیەکی قوڵی قۆناغی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابوری دەستنشان دەکا و ئامانجەکانی حزب لەو قۆناغانەدا پلە بە پلە دیاری دەکا بۆ بەدی هێنانی.ئەحزابی کۆمۆنستی بە پشت بەستن بە سەرەتاکانی مارکسیزم-لینینیزم و ئاشنایی بەرامبەر ڕیبازە تایبەتی و گشتیەکانی، دەتوانێ بۆ هەر قۆناغێکی کۆمەڵ بەرنامەیەکی دیاریکراو دەستیشان بکا کە وەک یاسایەکی بنەڕەتی هەمو دەزگاکانی حزب پەسندی بکەن و خەبات بکەن بۆ بەدی هێنانی. بەرنامەی حزبی مارکسی بەرنامەیەکی فراوان و بڕێنەرەوەیە و لە ناوەڕۆکدا چارەسەری کێشەکان دەکا نەک بە شێوەیەکی ڕوکەشی و لەبەر ئەوەی کە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی هەڵقوڵاوی سەرچاوەی ئایدۆلۆجیەتی پرۆلیتاریایە هەمو بەشەکانی ژیان دەگرێتەوە هەر لە بەرنامەی ئابوری و پیشەسازی و کشتوکاڵییەوە تا دەگاتە دروست کردنی دەزگاکانی ڕژێم و کێشەی نەتەوایی و کاروباری کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی و پێشخستنی کۆمەڵ لە ڕوی پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیری و فەرهەنگی...هتد.

یەکەمین بەرنامە لە مێژووی شۆڕشی پرۆلیتاریا خۆی لە مانیفێستی پاری کۆمۆنیستیدا دەنوێنێ.

## پەیڕەوی ناوخۆ:

بریتیە لە کۆمەڵێک بڕیاری کێشانە و دیسپلین کە دەسەڵاتی سەرتاسەری حزب دەگەیەنێ لە ناو حزب دا. دەزگا و جۆگەکانی حزب و شێوەی کارکردن و جوڵانەوەکانی حزب لەسەر بنچینەی پەیڕەوی ناوخۆ دادەمەزرێ، بەجۆرێ کە تەواو گونجاو بێ لەگەڵ بەرنامەکەیدا. پەیڕەوی ناوخۆ بریتیە لە دەستنیشان کردنی ڕێبازەکانی کارو پراکتیکی ڕێکخراوەکانی حزب و شێوەی ئۆرگانەکانی حزب و سەرکردایەتیەکەی حزب و سەرکردایەتیەکەی دەسەڵاتەکانی کۆنگرە و کۆنفراس و کۆبونەوە فراوانەکانی و مەرجەکانی وەرگرتنی ئەندام و ئەندامیەتی حزب و فەرمانەکانی ئەندامان و مافەکانیان، پەیوەندییەکانی نێوان کۆمیتەکان و ڕێکخراوەکان و سەرکردایەتی و ئۆرگانەکانی.

## کۆنگرەی حزب:

دەسەڵاتدارترین ئۆرگان و بەشی سەرکردایەتی حزبە لە نوێنەرانی هەمو دەزگا و ڕێکخراوەکانی حزب پێک دێ کە بە ڕێگای هەڵبژاردن و بەوپەڕی دیموکراتیەوە لە لایەن ئەندامانی حزبەوە هەڵدەبژێردرێن.

لە کاتی پێویستدا واتە لە کاتی گۆڕانی باری ناوخۆ و دەرە و جیهان و کاتی پێویستی دەستکاری کردنی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ یان کاتی هەڵوەشاندنەوەی حزب یان کاتی لەسەر داواو خواستی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامان بێ کۆنگرە دەگیرێ.

لە کۆنگرەدا پرۆگرام و پەیڕەوی حزب دەستیشان دەکرێ و دەنگی لەسەر دەدرێ، نەخشەی داهاتوی کار لە نێوان دوو کۆنگرەدا دەستنیشان دەکا، ئۆرگانەکانی سەرکردایەتی حزب وەک کۆمیتەی ناوەندی و لیژنەی لێکۆڵینەوە و پشکنینی بەرز دیاری دەکرێ.

گرنگی و ناگرنگیی کۆنگرەی حزب لەو گۆڕانانەدا دەردەکەوێ کە پاش کۆنگرە بەدی دێن و جێبەجێ دەکرێن و ڕادەی سەرکەوتنی تا کۆنگرەی ئایندە.

**کۆمیتەی ناوەندی:**

ئۆرگانەکانی ناوەندی حزب کە لە نێوان دوو کۆنگرەدا بەرپرسیارە بەرامبەر چالاکیە سیاسی و ڕێکخراوەییەکان و گەورەترین دەسەڵاتە لە بەڕێوبردنی حزبدا و بەرامبەر کۆنگرە بەرپرسیارە لە وەڵامدانەوەدا.

**پلنیۆم:**

بریتیە لە کۆبونەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کادرە پێشکەوتوەکانی کە ئەندامانی دەزگا بەرزەکانی حزبن وەک کۆمیتەی شارەکان و کۆمیتەی هێزی چەکدار و کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوە، کۆمیتەی دارایی، کۆمیتەی ڕێکخستن.
پلنیۆم لە ڕووی زمانەوانیەوە واتە کۆبونەوەی هەمو ئەندامانی یەک ئۆرگان یا یەک کۆمیتەی هەڵبژێردراو لە ڕێکخراوەیەکدا. گرتنی پلنیۆم بە پێی ئەو دەسەڵاتانە دەبێ کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا دەستنیشان دەکرێن.

**کۆنفرانس:**

بریتیە لە نوێنەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و هونەری و ئۆرگانەکانی حزب کە بۆ باسکردن و لێکۆڵینەوە لە مەسەلەیەک یا چەند مەسەلەیەکی تایبەت بە حزب یا بە دەوڵەت کۆدەبنەوە. کۆنفرانس بە زۆری لە نوێنەرانی حزبە سیاسیەکانی وڵاتان یا لە نوێنەرانی وڵاتان پێک دێ.

لـه ژیانـی ناوخۆیـی حـزب دا کۆنفرانـس دەگیـرێ بـۆ هەڵبژاردنـی کۆمیتـەی شـارەکان و نوێنەرانیـان بـۆ کۆنگرێـس و بڕیـاردان لەسـەر نەخشـەی داهاتـو بـۆ کارکـردن.

ماوەی نێوانی کۆنفرانسی تر لە پەیڕەوی ناوخۆدا دیاری دەکرێ.

لـە کاتـی توندوتیـژی دوژمـن و فاشسـتیەت و دکتاتۆریەتـی ڕژێـم دا کـە لـە ڕێگای پۆلیس و سـەرباز و سیخوڕەکانیەوە توندترین چاودێری دەخاتـە سـەر حزبـەکان و دەکەوێتـە ڕاوەدونانـی کەسـانی شۆڕشـگێڕو نیشـتمانپەروەرو خەباتکـەران، حزبـەکان ناچـار دەبـن کـە بکەونـە خەباتـی نهێنـی. بۆیـە لـەو دەورانـەدا حـزب توانـای جێبەجـێ کـردن و گرتنـی کۆنفرانـس و کۆنگرێسـی نیـە و دەکەوێتـە بەکارهێنانـی شـێوەی تـر لـە پارێـزگاری کـردن و پتەوکردنـی یەکێتـی بیـرو کار لـە حـزب دا.

## ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتن:

برتییـە لـەو ڕێبـازەی کـە لـە ڕێـگای درک کـردن و دۆزینـەوەی هەڵەکانـەوە دەگیـرێ بـۆ چارەسـەرکردنیان بـە شـێوەیەکی دروسـتکەرانە. مەبەسـت لـە ڕەخنـە و ڕەخنـە لـە خۆگرتـن پتەوکردنـی یەکێتـی حـزب و ڕاسـتکردنەوەی ڕێبـازی ئیشـکردنیەتی. لـەم ڕێگایـەوە هەمـو کـەم و کوڕیـەکان و هەڵـەکان دەستنیشـان دەکرێـن و هۆکانیـان دەبیندرێنـەوەو پاشـان ڕێـگا بـۆ چارەسـەریان دادەنـرێ. ڕەخنـە و ڕەخنـە لـە خۆگرتـن چاکتریـن شـێوەی هاوبەشـی کردنـی هەمـو ئەندامانـی حزبـە لـە داڕشـتنی سیاسـەتی و پاشـان نواندنـی چالاکـی و کاری داهێنەرانـە.

بەکارهێنانـی یەکسـانی لـە گرتنـی ئـەم ڕێبـازەدا چاکتریـن هـۆی پاککـەرەوەی ڕێبازەکانـی ڕێکخسـتنە و بەڵگـەی زیندویەتیەتـی.

**سەرکردایەتی:**

بەگشتی حزب لە خوارەوە تا سەرەوە بریتیە لە کاری بە کۆمەڵ و سەرکردایەتی حزبیش بە شێوەیەکی گشتی هەر بە شێوەی کاری کۆمەڵیە بەڵام لێپرسراوی بەرپرسیاری تایبەتییە.

سەرکردایەتی بەکۆمەڵ گرنگرتین ڕێبازی پاراستنی ژیانی حزبە و یەکێکە لە مەرجەکانی پاراستنی دیموکراسیی حزبی و پاراستنی حزبە لە ناخۆشیەکانی (سوبجکتیزم) واتە (بابەتگەرایی) و (لونتاریزم) واتە (سوربون لەسەر ڕاو بیرکردنەوەی تاکی و نەبینینی واقع). سەرکردایەتی کردنی حزب بەکۆمەڵ حزب لە نەخۆشی (ڕاکێشانی هەمو حزب بە دوای یەک سەرکردەدا کە بە هەزاران هەڵدێر و کۆسپی دا دەبا) دەپارێزێ.

بە کورتی سەرکردایەتی حزب دەبێ بریتی بێ لە:

١-کۆکەرەوی هەمو ئەو سەرچاوە و لایەنانەی کەپەیوەندیان بە مەسەلەیەکەوە هەیە.

٢-لێکۆڵینەوەیەکی وردو داڕێژراو لەسەر سەرەتای مارکسیزم لینینیزم لەو سەرچاوانە.

٣-دانانی دروشم و نەخشەی ئیش کردنی ڕاست و سەرکەوتوانە لەسەر بنچینەی ئەو لێکۆڵینەوەیە.

٤-کارکردن بە شێوەیەکی یەکگرتوانە لەسەر ئەو دروشم و نەخشانەی کە دادەنرێن.

٥-دیاری کردنی ئەو هەڵانەی لە کارکردندا دێنە پێشەوە پاشان چارەسەرکردنیان.

**کادر:**

زاراوەیەکە بەکار دەهێنرێ بۆ کەسانێک کە شارەزایی و پسپۆڕی تەواویان هەیە لە ڕشتەکانی سیاسی، سوپایی، ئیداری، هونەری، پیشەسازی، کشتوکاڵی...هتد و هەمیشە لەو کارانەی کە تایبەتن بە شارەزایی خۆیانەوە کاردەکەن.

لە ڕوی سیاسیەوە کادر بەو ئەندامە دەگوترێ کە هەمو ژیانی ڕۆژانەی خۆی تەرخان دەکا بۆ کاری ڕێکخراوەیی حزب یا سەندیکا یا دەزگاکانی ڕژێم.

کادری سیاسی لە ڕوی چالاکییەکانی حزب و جێبەجێ کردنی سیاسەت و پرۆگرامی حزبەوە گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە حزبە مارکسیەکان شێوەیەکی تایبەتیان هەیە لە ئاڕاستە کردن و گۆش کردن و پەروەردە کردنی کادران.

کادرانی حزبی مارکسی–لینینی بە بیروباوەڕی مارکسیزم–لینینیزم پەروەردە دەکرێن، بەرپرسیار دەکرێن لە کارەکانیاندا بە جۆرێک کە هەست بە لێپرسراوی بکەن و فەرمانەکانی سەرشانیان بە شێوەیەکی زیندوانەو داهێنەرانە جێبەجێ بکەن. لەو ڕوەوە کە بڕوای تەواویان بە خۆیان و توانای خۆیان و پشت بەستن بە خۆیان لە کاری ڕۆژانەدا هەیە ئاستی سیاسیان دەردەکەوێ و لەو ڕوەشەوە کە توانای بە ئەنجام گەیاندنی کارێکیان هەیە ئاستی کردەوەیشیان دەردەکەوێ. کادری حزبی مارکسی هەمیشە بە سەرکردەیەکی حزب دەژمێردرێ لە هەر ناوچەیەک کە کاری تێدا دەکا و لە هەر بەشێکی حزبدا، بۆیە حزبی مارکسی–لینینی دژی هەڵبژاردنی کادرانە لەسەر بنچینەی دۆستایەتی و خۆشەویستی و خزمایەتی و برایەتی و هاوشاری و هاوسێیەتی...هتد.

## پانجاشیلا، پێنج سەرچاوە The five sourcer

بەپێی شەریعەتی «بوزدا» پێنج سەرچاوە بە پێنج یاسای کاری بوزییەکان دادەنرێن کە بریتین لە:

١-دورکەوتنەوە لە کوشتن.

٢-دورکەوتنەوە لە دزی کردن.

٣-دورکەوتنەوە لە داوێن پیسی.

٤-دورکەوتنەوە لە درۆ کردن.

٥-دورکەوتنەوە لە خۆسەرخۆش کردن.

لە وڵاتی هیندستان دا، هەمان زاراوەی پێنج سەرچاوە بە پێنج بنچینەی سیاسەتی دەرەوە ناو دەبرێن کە بریتین لە:

١-ڕێزگرتنی ڕژێمی هەمو نەتەوەیەک و سنووری وڵاتەکەی.

٢-دەست درێژنەکردن بۆ سەر وڵاتێکی تر.

٣-کلک تێوەرنەدانی سیاسەتی ناوخۆی هیچ وڵاتێک.

٤-ڕێزگرتنی یەکسانی و وەکیەکی بەرامبەر هەمو نەتەوەیەک لە پەیوەندی نێونەتەوەییدا.

٥-پێکەوە ژیان لەگەڵ وڵاتانی تردا.

## پەرلەمان و خەباتی پەرلەمانی

Parlament&parlamentary stuggle

پەرلەمان بریتیە لە کۆمەڵە خەڵکێکی هەڵبژێردراو کە نوێنەرانی جەماوەرن بۆ یاساگوزاری. لە هەندێ وڵات دا پێیان دەوترێ(ئەنجومەن) وەک ئێران و تورکیا، وەک لە هەندێ وڵاتی تردا پێی دەوترێ(کۆنگرە). پەرلەمان لە دوو بەر پێک دێن (آعیان، نواب) کە ئەعیان نوێنەرانی «وەجاغزادە» واتە دەسەڵاتدارانن، نوابیشی نوێنەرانی خەڵکی ڕەشوڕوت

و جەماوەرن، بە شێوەیەکی ئاسایی دەبێ ئەندامانی پەرلەمان لەلایەن جەماوەرەوە بە ڕای ئەوان هەڵبژێردرێن چونکە پەرلەمان بە داڕشتنی یاسا و دانانی و جێبەجێ کردنی هەڵدەستن و لەسەر بڕیاری ئەوان هەمو کارێکی یاسایی بەئەنجام دەگەیەنرێ.

بۆ زانینی ڕادەی دەسەڵاتی پەرلەمان و کاریگەری لە ڕژێم دا چەند نموونەیەک دێنینەوە:

١-لە وڵاتانێک کە پەرلەمان گەورەترین شوێنی هەیە، وەک کۆماری «ئیتالیا» «هیند»، تورکیا، و بریتانیا، سوید، دانیمارک، لەم وڵاتانەدا پەرلەمان دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەمو کاروبارێکی وڵات دا هەیە و بڵندترین دەزگای وڵاتە.

٢-لە وڵاتانێک کە پەرلەمان تەنها لە ڕوی یاساگوزاریەوە دەوری هەیە و ڕژێم تەنانەت بە شێوەی ڕوکەشیش گوێڕایەڵی پەرلەمان نییە و سەرۆکی کۆمار دەسەڵاتێکی زۆر فراوانی هەیە وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی تری ئەمریکای لاتینی، هەرچۆنێ بێ لەم وڵاتانەدا تا ڕادەیەک پەرلەمان چالاکی خۆی هەیە جا کاریگەر بێ یا ڕوکەشی.

٣-لە وڵاتانێک کە ڕژێمی دکتاتۆری لەسەر کارە جا سەرکۆمار بێ یا سوڵتان بێ یا فەرماندەی سوپایی بێ و بەهەر ڕێگایەک هاتبنە سەرکار یا لە ڕێگای میراتەوە یا لە ڕێگای کودەتای سوپاییەوە لەم جۆرە وڵاتانەدا ئەگەر پەرلەمان هەبێ یا بیانەوێ داینێن تەنها شتێکی ڕوکەشیە و پەچەیەکی دکتاتۆریانە و فاشیانەیانە و سروشتی چەوسێنەرانەیان هەیە، بۆ درێژەدان و شاردنەوەی زۆر و ستەمکارییە بەرامبەر بە جەماوەر وەک، کۆماری ئیسلامی ئێرانی ئێستا، کۆماری عێراق لە وڵاتانی سەرمایەداری دا بە جۆراوجۆر دروشم و شێوەی دەست دەخەنە ڕاو خواستی جەماوەرەوە، سەر لە جەماوەر دەشێوێنن و ڕێی ڕاستیان لێ دەگۆڕن، سنورو کۆت و بەندی جۆراوجۆر بۆ

هەڵبـژاردن دادەنێـن تـا هەڵبژاێـردراوەکان لـە پیاوانـی خۆیـان و کەسـانێک بـن لەژێـر ئەندێشـەی خۆیـان دابـن.
چەندیـن مەرجـی وەک تەمـەن و پلـەی خوێندەواری و وەجاغ زادەیـی و ڕەگـەز و سـامان داری و...هتـد، بـۆ هەڵبـژاردن دادەنێن و جەماوەر لە هەمو دیموکراتیەکـی هەڵبـژاردن بێبـەری دەکـەن و هەمـو زوڕنـا و زوڕناژەنەکانی خۆیـان و هۆکانـی ڕاگەیانـدن و پڕوپاگەندەیـەک لـە بەرژەوەنـدی خۆیـان دەخەنـە گـەڕ.
خەباتـی پەرلەمانـی یەکێکـە لـە شـێوەکانی خەباتـی چینایەتـی و لـەم ڕووەوە سـەرمایەداری زۆر گرنگـی پـێ دەدا بۆیـە پێویسـتە لەسـەر کرێکاران و پارتـی کرێکاران کە لـە هـەل و مـەرج و زەمینـەی لەباردا سـود لـەو شـێوەیەی خـەبـات وەرگـرێ و جەمـاوەری بـۆ سـاز داو سیاسـەتەکانی دژی خەباتـی نەتەوایەتـی لـەو ڕێگەیـەوە هەڵوەشـێنێتەوە و تەقـەڵای تـەواو بـدەن بـۆ ئامادەکردنـی ژمارەیـەک لـە نوێنەرانـی جەمـاوەر بـۆ پەرلەمـان و لـە نـاو پەرلەمـان سـود لـە ( ڕەسـمیەتی) گەیاندنـی دەنگـی جەمـاوەر وەربگـرن بـۆ دەربڕینـی خواسـتەکانی جەمـاوەر و خسـتنە ڕوی بەرنامـەی شـۆڕشـگێڕانەی خۆیـان.
سـەرهەڵدان و بڕوانەبـون بـە خەباتـی پەرلەمانـی لـە لایـەن پڕۆلیتاریـا و پارتـی پڕۆلیتاریـەوە نـەک هـەر تەنهـا بـڕوا نەبونـە بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکانی خـەبـات و زیانبەخشـە بـە شـۆڕشـی پڕۆلیتـاری، بگـرە هەروەهـا بریتیشـە لـە لادانـی چەپـڕەوی.
خۆبەسـتنەوە بـە خەباتـی پەرلەمانـی و تەنهـا گرتنـی ئـەو ڕێگایـە لـە خەباتـی پڕۆلیتاریـاداو پشـت گـوێ خسـتنی شـێوەکانی تـری خـەبـات لادانـی ڕاسـتڕەویە و بێبـەری کردنـی جەمـاوەری ڕەنجدەرانـە لـە چەکەکانـی تـری خەباتیـان دژی سـەرمایەداری.
پارتـی پڕۆلیتـاری مارکسـی لینینـی ڕاسـتاقینە ئەوەیـە کـە بـڕوای بـە هەمـو شـێوەکانی خـەبـات هەیـە، لـە هـەل و مـەرجـی لـە بـاردا شـێوەیەک لـە شـێوەکانیان هەڵدەبژێـرێ و بەپێـی پێوسـتی و لەبـاری بابەتـی و خۆیـی،

شێوەی خەباتی خۆی دەگۆڕێ، یەکێک لەو شێوانە خەباتی پەرلەمانیە کە دەبێ پارتی پرۆلیتاری ڕاستەقینە لەم ڕێگەیەوە بتوانێ شیرازەی دەسەڵاتداری ڕژێم هەڵوەشێنێ و لەو ڕێگەیەوە سیاسەت پیلانە گڵاوەکانی ڕژێم ئاشکرا بکا بۆ جەماوەر و ئەوەندەی بتوانێ پەرلەمانی لە ژێر تەئسیر و دەسەڵاتی ڕژێم بێنێتە دەرێ و خەباتی خۆی پتەوتر بکات بۆ مسۆگەرکردنی ئازادیی هەڵبژاردنی نوێنەران و ئازادیی دەنگدان کە بەشێکی گرنگی چەسپاندنی دیموکراتیەتە. خەباتی پەرلەمانی یەکێکە لە شێوەکانی خەباتی ئاشتیخوازانەی پرۆلیتاریا و هەمو زەحمەتکێشان بۆ کۆکردنەوە و ڕاپەڕاندنی کارگەران و زەحمەتکێشان و ڕاکێشانی هێزە نیشتمانپەروەرەکان و بۆرجوازیە نیشتمانیەکان بۆ بەرەی خۆیان لە خەباتی پەرلەمانیدا دژی زاڵبونی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی و دارودەستەکانی ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی مۆنۆپۆلەکانی سەرمایەداری لە وڵاتانی داگیرکراو وابەستە و وڵاتە سەرمایەدارەکاندا.

## پەیوەندی بەرهەم هێنان The relations of production

هێزی بەرهەم هێنەر: بریتیە لە تفاقەکانی کارکردن. شوێنی کارکردن. شوێنی کارکردن واتە کارگە یا کارخانە یا ئەو شوێنەی کاری تێدا دەکرێ. دەستی کار واتە ئەو کەسانەی کە تفاقەکان بەکار دێنن و پسپۆڕی زانستی و هونەرین. ئەمانە هەمویان پێویستیەکانی ژیان بەرهەم دێنن.

لە هەمو سەردەمەکانی کۆمەلگای مرۆڤایەتیدا هێزی بنچینەیی بەرهەم جەماوەری ڕەنجدەران بون کە شوێنەوارێکی گرنگیان لە گەشە کردنی بەرهەم دا هەیە.

هێزەکانی بەرهەم کاکڵەی شۆڕشی بەرهەمین، کە گەشەکردنی ئەمانەن دەبێتە هۆی گەشەکردنی گۆڕانی کۆمەلایەتی. هێزە بەرهەم هێنەرەکانن کە دەبنە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سەرچاوەی

سروشـتیەکانی  بەرهـەم.

دەسـەڵاتی مرۆڤ بەسـەر سروشت دا تا ئەو سنورەیە کە سـەرچاوە سروشـتیەکان دەگۆڕن بۆ شـێوەی پێشکەوتوانەتر واتـە تفاقەکانـی بەرهەم و کەرەسـتەکانی کارپێکردن باشـتر و پێشـکەوتوانەتر دەکەن کە ئەمانیش بـە دەوری خۆیـان ئاسـتی هۆشـیاری و زانسـتی و فەرهەنگـی و پسـپۆڕی مـرۆڤ بەرزتـر دەکەنـەوە.

بـەم پێیـە هەمیشـە ئاسـتی مـرۆڤ و ئاسـتی تفاق و کەرەستەکانی کار هـەر لـە پێشـکەوتن دا دەبێ بـە شـێوەیەکی زیندوانـە.

پەیوەنـدی بەرهـەم: بریتیـە لـەو پەیوەندییـەی کـە لـە نێوانـی مـرۆڤ دا هەیـە لـە بەرهـەم هێنانـدا کـە کار دەکاتـە سـەر شـێوەی ئاڵوگۆڕ کـردن و دابـەش کردنـی خێروبێرە مادییـەکان و دەبێتـە ژێرخانـی ئابوریـی کۆمەڵگا.

نـاوەڕۆک و ناسـنامەی پەیوەنـدی بەرهــەم هێنـان سیسـتەمی ژیانـی کۆمەڵایەتـی و شـێوەی کۆمەڵـگا دیـاری دەکا.

کێشـەی سـەرەکی و ناوەڕۆکـی سـەرەکی پەیوەنـدی بەرهـەم لـە هـەر کۆمەڵگایەکـدا بریتیـە لـەوەی تفاقەکانـی بەرهـەم لـە ژێـر دەسـەڵات و خاوەندارێتـی کـێ دایـە؟ ئایـا هـی هەمـو کۆمەڵـە یـا هـی چەنـد کەسـێک یـا تاقمێـک یـا چینێکـە؟ واتـە تەنیـا پەیوەنـدی بەرهـەم هێنانـە کـە بۆمـان ڕون دەکاتـەوە تفاقەکانی بەرهـەم هێنـان کـە لـە ژێـر دەسـەڵات و توانـای مـرۆڤ دان، دەبنـە هـۆی بەرهـەم هێنانـی خێـرو خۆشـیە مادد‌ییـەکان و پێویسـتییەکانی ژیـان و هـەر ئەویشـە ڕونـی دەکاتـەوە کە ئـەو خێروبێر و پێویسـتیانە چـۆن لـە کۆمەڵـگادا دابـەش دەکرێـن.

وە هـەر  پەیوەنـدی بەرهـەم هێنانـە کـە جۆراوجـۆر چەوسـاندنەوە و فەرماسـیونی  کۆمەڵایەتـی و ئابـوری دێنێتـە کایـەوە.

لـە کۆمەڵـگای کۆیلەیـی، دەرەبەگایەتـی، سـەرمایەداری  واتـە  لـە کۆمەڵـگای ناکۆکـی چینایەتیـدا، پەیوەنـدی بەرهـەم هێنـان پەیوەندییەکـی دامـەزراوە لەسـەر بنچینـەی چەوسـاندنەوەی مـرۆڤ لەلایـەن مرۆڤـەوە، واتـە  پەیوەندیەکـی نەگونجـاوە.

لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا پەیوەندی بەرهەرم پەیوەندیەکی گونجاو دامەزراوە لەسەر بنچینەی هاوکاری و برایەتی و هاوبەشی لە بەرژەوەندی داو دور لە هەمو جۆرە چەوساندنەوەیەک.پەیوەندی بەرهەم و هێزی بەرهەم پێکەوە یەکگرتنێکی دیالەکتیکیان هەیە.پلەی گونجاوی و نەگونجاوی پەیوەندی بەرهەمەکە سنووری پێشکەوت ودواکەوتنی هێزی بەرهەم دەستنیشان دەکا و لە هەمان کاتیشدا ڕادەی پێشکەوتنی هێزی بەرهەمەکە کار دەکاتە سەر پەیوەندی بەرهەم.

هێزی بەرهەم لەو کاتەدا گەشە دەکاو پێش دەکەوێ کە پەیوەندی بەرهەم پەیوەندیەکی گونجاو و ڕێگر نەبێ. لە هەمان کاتدا ئەگەر هێزی بەرهەم دواکەوتوو بو، کار دەکاتە سەر نەگونجاویی پەیوەندی بەرهەم و بونی بە ڕێگر لە بەردەم گەشە کردندا.

## پرۆلیتاریا Proletariat

پرۆلیتاریا بەو چینە دەڵێن کە خاوەنی ئامڕازەکانی بەرهەم نین و ناچارن هێزی بازوی خۆیان بە خاوەن ئامڕازەکان بفرۆشن.پرۆلیتاریای پیشەسازی بە شێوەیەکی علمی پێیان دەوترێ پرۆلیتاریا، بۆیە وتەی پرۆلیتاریا زاراوەیەکی پەیوەستە بە کۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە بەڵام وەک شێوەیەکی بەربڵاو وشەی پرۆلیتاریا بۆ هەمو چینی کرێکاران بەکار دەهێنرێ.

لەسەردەمی ڕۆمانی وشەی پرۆلیتاریا بۆ هەمو هەژاران و ڕەنجدەران بەکار دەهێنرا. پرۆلیتاریا کە شان بە شانی هەمو تویژەکانی زەحمەتکێشان بەرهەم هێنەری هەمو پێویستییەکانی ژیانن لە کاری بەرهەم هێنان دا سەرەڕای بەدی هێنانی بەرهەمی خەرج کردنی هێزی بازوی خۆی، دەبێتە هۆی بەدی هێنانی زێدەباییش کە بە قازانج و سودی خاوەن کارەکانەوە تەواو دەبێ. پرۆلیتاریا سەخت ترین چینی شۆڕشگێڕی سەردەمی سەرمایەدارین و لەبەر ئەوەی کە پرۆلیتاریا پێشکەوتوترین

چین و چەوساوەترین چینن کە تەواو بە مەکینەوە بەستراون بۆمان دەردەکەوێ کە توندترین پەیوەندیان لەگەڵ یەکدا هەیە ئەمە لە لایەک. لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی بە نوێترین و پێشکەوتوترین ئامرازی بەرهەمەوە بەستراون چاکترین زەمینەی گەشەکردنیان هەیە. هەر بۆیەشە یەکێک لە هۆکانی گەشەکردن و یەکگرتن و پەروەردەکردنی پرۆلیتاریا بە شێوەی پەیوەندیی بە بەرهەم هێنانی سەرمایەداریەوە هەیە. بۆیە دەڵێن پرۆلیتاریا لە منداڵدانی بۆرجوازیەت دا دروست دەبێ. پێویستە لەسەر پرۆلیتاریا لە خەباتی خۆیدا هەمو زەحمەتکێشان بەتایبەتی جوتیاران لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و سەرکردایەتی خەباتی سەختیان بکا دژی سەرمایەداری.

هەر بەم ڕێگایە دەتوانێ ڕژێم و دەسەڵاتی سەرمایەداری ڕیشەکێش بکات و ڕژێمی سۆشیالیستی بنیات بنێ. سەرچاوەی پەیدابونی پرۆلیتاریا دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی بەرەو لەناوچونی دەرەبەگایەتی و سەرهەڵدانی سەرمایەداری کە یەکێک لە هۆکانی ماڵوێرانی جوتیارانی بو بە لەدەستدانی زەوییەکان لە دێکاندا و پاشان تێکشکانی وردە بۆرجوا پیشەییەکانی شارو دێ. هۆی بەهێزی بونی پرۆلیتاریا کامل بونی سەرمایەدارییە.

لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دوو چینی سەرەکی هەن، یەکێکیان چینی پرۆلیتاریا و ئەوی تریان چینی بۆرجوازی چەوسێنەرە، کە چەوساندنەوەی پرۆلیتاریا لە لایەن بۆرجوازیەتەوە سەرچاوەی ناکۆکی و ململانێی نا ئاشتیانەی نێوانیانە. خەباتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا تاکە ڕێگەی چارەسەرکەری ئەو ناکۆکیانەیە. لە بۆتەی خەباتی پرۆلیتاریا دا، پرۆلیتاریا پلە پلە لە بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی خۆی دەگاو هەستی کۆمەڵایەتیی دەوڵەمەندتر دەبێ و هەنگاو بە هەنگاو پلەی شێوەی خەباتی بەرزتر دەبێ تا دەگاتە بڵندترین شێوەی کە خەباتی چەکدارییە بۆ هەڵتەکاندنی ڕژێمی سەرمایەداری و بنیاتنانی سۆشیالیزم پرۆلیتارەکان لە ڕوی ڕێکخستنەوە خۆیان لە ڕێکخراوەیەکی یەکگرتودا ڕێکدەخەن وردە

ورده گەشـە دەکـەن تـا دەگاتـە بڵندترین شـێوەی ڕێکخسـتنیش کـە پارتـی پرۆلیتـاری کۆمۆنیسـتە ئەوتـۆ کـە بەپێـی زانسـتی مارکسـیزم-لینینیزمی کاردەکات و بـەردەوام گەنجینـەی بزوتنـەوەی شۆڕشـگێڕی سـەرتاسـەری جیهانـی پرۆلیتـاری دەوڵەمەندتـر دەکات و بـە چاکتریـن شـێوە خـۆی بـە چەکـی مارکسـیزم چەکدار دەکات کـە چەکـی بڕینـەوەی کێشـەی پرۆلیتاریـا و ڕەنجدەرانـە.

## پرۆپاگەندە و ڕاگەیاندن

## Propaganda&Information

ڕاگەیانـدن زاراوەیەکـە بەکار دەهێنـرێ بـۆ گەیاندنـی دەنگـی چینێـک یـا ڕێکخراوێـک بـە جەمـاوەری نـاوەوە و دەرەوە بـە هـۆی وتووێـژ، بانگەواز، کۆبونـەوەی فـراوان، ڕۆژنامـە، بەیـان ناونووسـین، ڕادیـۆ، تەلەفزیـۆن، هەڵواسـراوی دیـواری کتێـب و...هتـد ئەمانـە هەمویـان بـەکار دەهێنرێـن بـۆ گەیاندنـی بیروڕای سیاسـی و ڕێبـازی سیاسـی و بـۆ سـەلماندنی ڕاسـتی و ڕەوایـی تیـۆری و سیاسـی پرۆگرامـی کاتـی و داهاتـوو و ڕێبـازی خەبـات و شـێوەی بزوتنـەوەو پلانـی ئیشـکردن و نەخشـەی کارکـردن بـە جەمـاوەرو گـەلان و وڵاتانـی دونیا.ڕاگەیاندنـی جەمـاوەری بریتیـە لـە کاری سیاسـی-ڕاگەیاندنی کـە لای زۆربـەی جەمـاوەر پەسـەند بکـرێ و لێـی تێبگـەن و بچوکتریـن کێشـەی کۆمـەڵ بـە سـادەترین و ڕونتریـن شـێوە بخرێنـە بەردەمـی جەمـاوەر بـۆ تێگەیاندنـی جەماوەر.ئاشـکرایە کـە ڕاگەیانـدن بەسـتراوە بـە کاری سیاسـیی ڕێکخـراو پارتـەوەو جـۆری سـود لـێ وەرگرتنـی بەنـدە بـە شـێوەی بەکارهێنانـەوە.

پڕوپاگەنـدە: بـە مانـای ڕونکردنـەوەی مەسـەلەیەک و بایـەخ پێدانـی لـە ڕوی سیاسـی و فەلسـەفی و دیدگای قوڵـی تیۆرییـەوە، مەیدانی پرۆپاگەندە تەسـکترە لـە مەیدانـی ڕاگەیاندنـی بۆیـە هۆیەکانـی پرۆپاگەنـدە جیاوازییـان

هەیە لەگەڵ هۆکانی ڕاگەیاندن.پروپاگەندە لە ڕێگای دانیشتن، دانوستان، کتێب، پۆستەر، نوسینی سیاسی و علمی گۆڤارەوە دەکرێ، چونکە هەرچەندە مەیدانی پرۆپاگەندە تەسکترو لەناو ژمارەیەکی کەمتری خەڵک دەکرێ بەڵام شێوەی گەیاندنەکەی گەلێ قوڵترو ڕونترو ئاشکراترە،وردە کارانەتر لە مەسەلەکان دەدوێ و مەبەست و ویستەکانی خۆی دەگەیەنێ.

شێوەی پرۆپاگەندە پتر شێوەی لێکۆڵینەوە و هەستیارییە. ئەوەشمان لا ڕونە کە پرۆپاگەندە هەمو حزب و ڕێکخراوێک لە لایەنی خۆیەوە بەکاردێنێ و سودی لێ وەردەگرێ، بەڵام ڕادەی گرنگی و سودبەخشی جەماوەری دەوەستێتە سەر ئەوەی کە چ خواست و ئایدۆلۆجیەتیک و بیروڕایەکی تێدا ڕون دەکرێتەوە و بایەخ پێ دەدرێ.هیچ پێوەرێک و کێشانەیەک نییە کە دوتای تەرازووی بیروباوەڕی سۆشیالیستی و نەتەوایەتی و دیموکراتی کە سەرچاوەی بەخشینی ژیانی پڕ خێرو خۆشگوزەرانی و سەرفرازی مرۆڤایەتین و ڕون کەرەوەی بەرژەوەندییەکانی جەماوەرن لە لایەک و «بیروباوەڕی کۆنەپەرستی و دژی نەتەوایەتی و دیموکراسی» کە ماڵوێرانی و ژێردەستی و چەوساندنەوە و ستەم بەرهەمەکەیەتی، وەک یەک ڕاگرێ و لێکیان جیا نەکاتەوە.هەرچەندە لە وڵاتانی سەرمایەداری لە ڕژێمی بۆرجوازی بیرۆکرات و کۆمپرادۆردا هەمو هۆکانی ڕاگەیاندن و پرۆپاگەندە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیاندایە و بە قازانجی خۆیان بەکار دێ دژی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی و دیموکراتیەت. بەڵام پێویستە لەسەر حزب و ڕێکخراو سیاسیەکان کەبەو کەرەستانەی لەبەر دەستدایە وپەیدا دەبێ

بەردەوام بن لە بەکارهێنانی ئەو دوو چەکەش دژی چەوسێنەران و داگیرکەران و کۆنەپەرستان.

## پلوراليزم Pluralism

ئـەم زاراوەيـە بـە مانـای کاری بـە کۆمـەڵ يـا دەسـەڵاتی زۆربـە دێ. هەڵگرانـی ئـەم تيۆرە بڕوايان وايـە کـە چ لـە گۆڕانـی کۆمـەڵ و چ لە گۆڕانی سروشـت دا هۆيەکانی کاريگـەر بـە گشـتی دەور دەبينـن لـە گۆڕانانـەدا.

لـە سياسـەت دا: هەڵگرانـی ئـەم تيۆرە بڕوايان بـە سـەربەخۆيی هەمـو ڕێکخـراوە سياسـيەکان و فەرهەنگييـەکان و کۆمەڵايەتييـەکان هەيـە لـە هەمـو سيسـتمێکدا.

لـە بەڕيوبـردن دا بڕوايان وايـە کـە دەبێ (لـە خێزان دا لـە کەنيسـەدا، لـە ڕێکخـراوە پيشـەيەکاندا، لـە حزبەکانـدا لـە ڕژێمەکانـدا) پێويسـتە دەسـەڵات بـە دەسـت چەنـد کەسـێکەوە نەبـێ کـە هـەر خۆيـان هەڵيسـوڕێنن بگـرە پێويسـتە کاری بـە کۆمـەڵ و چاودێريی کۆمەڵی لەسـەر بێ.

هەڵگرانـی ئـەم بيروبـاوەڕە تـەواو بـە پێچەوانـەی ئانارشـيزمەوە گێرەشـێوێنن، لـەو ڕوەوە کە ئەمانە بڕوايان بە بونی ڕژێم و فەرمانەکانی وەک (ڕێکخسـتنی ئابـوری ڕاسـتەوخۆ يـا ناڕاسـتەخۆ، دەزگای دارايـی، پاراسـتنی سـەربەسـتی تـاک، پاراسـتنی ئاسايشـی نەتەوەيـی، پاراسـتنی پەيوەنـدی دەرەوە)هەيـە.

هەڵگران و لايەنگرانی ئەم بيروباوەڕە دەبنە سێ بەش:

بەشـێکيان بڕوايان بـە دەسـەڵات دارێتی هێزو ڕێکخـراوە کۆمەڵايەتـی و ناوچەييـەکان هەيە بەسـەر ڕژێم دا.

بەشی دووەميـان بڕوايان وايە کە دەبێ دەسـەڵاتی ڕژێم و دەسـەڵاتی هێز و ڕێکخـراوە کۆمەڵايەتييـەکان وەک يـەک بن.

بەشـی سـێيەميان ڕايـان وايـە کـە دەبـێ دەسـەڵاتی ڕژێم پتـر بێ لـە دەسـەڵاتی هێـز و ڕێکخـراوە کۆمەڵايەتييـەکان.

(لەبـەر ئـەوەی بناغـەی ئـەم تێـز و تيـۆرە لەسـەر فەلسـەفەيەکی

ئایدیالیزمی و لەسەر بنچینەی چەوساندنەوە و دەسەڵاتداری دامەزراوە و لەبەر ئەوەی کە یەکسانی تەنها کارێکی ڕوکەشی ریفۆرمیە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە هەر ڕێگە بە دەسەڵاتی چینی بۆرجوا دەدا بۆ چاودێری کردنی ڕژێم و بگرە بەڕیوەبردنیشی. ئەمانەش بەشێکی ترن لە بەرەی دوژمنانی پرۆلیتاریا و سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم و زۆر سەرسەختانە و شارەزایانە دەکەونە لادانی پرۆلیتاریا و چەوساوان لە ڕێبازی ڕاستی خۆیان و بە دوای دروشمە بریقەدارەکانی خۆیان ڕایان دەکێشن، بۆیە زۆربەی لایەنگران و پەروەردەکراوانی ئەم قوتابخانەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پەرەیان سەندوە، تەنانەت ئەگەر ڕژێمی ناوەندی هەر جۆرە دەستدرێژیەک بکا بۆ کاروباری هەر یەکیک لە وڵاتانی ئەمریکا و کاروباری سنوور، یاسایەک نییە بۆ دەستدرێژکردن و دەست خستنە هەمو کاروبارێکی کۆمەڵگاوە.

ڕژێمی تۆتالیتاری لە ڕێگای سەپاندنی یەک جۆر و شێوەی پەروەردە و فێرکردن و تەنانەت سەپاندنی یەک جۆر چالاکی وێژەیی و هونەریش و لە ڕێگەی دەست بەسەراگرتنی هەمو تفاقەکانی پەیوەندی گشتی و پرۆپاگەندەوە، هەمو هێزەکانی جەماوەر دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و بەکاریان دێنێ لە خزمەتی ئامانجی تەسکی حزبی خۆیدا و هەر جۆرە ڕێکخراوەیەک یا حزبێکی تر لە وڵات دا نەبێتە پاشکۆی سیاسەتی حزبی دەسەڵاتدار یا لە هەر کاتێکدا پێچەوانە ڕەفتار بکا، هەرگیز ڕێگای ئیشکردن و جوڵانەوەی نادا و بگرە دەکەوێتە ڕاونان و لە ناوبردنی ئەندامانی و لاواز کردن و پاشان لەناوبردنی حزبەکەش.

ڕژێمی تۆتالیتاری زۆر جار لە سەرەتاوە لە ڕێگای ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتییەوە دیتە سەرکار لە ژێر پەردەی دیموکراتیەت دا بەڵام پاش گەیشتنە سەرکار، دیموکراسی پێشێل دەکات و دەبێتە دوژمنی دیموکراسی. نمونەی ئەم جۆرە ڕژێمانە زۆرە لەوانە ڕژێمی پارتی سۆسیالیستی نەتەوەیی ئەڵمانیا (نازیزم) و لە عێراقدا حزبی بەعس.

## تۆتالیتاریانیزم Totalitarianism

بـە مانـای کۆکردنـەوەی هەمـو دەسـەڵات لـە کۆمەڵێـک کـەس دا. بـە جۆرە سیاسـەتێک لـە ڕژێم دا دەوترێ تۆتالیتـار، کـە هەمـو دەسـەڵاتەکان لـە هەمـو ڕووەکانـی ئابـوری و سیاسـی و کۆمەڵایەتـی لـە سەرتاسـەری وڵات دا لـە یـەک حزبی کاربەدەست دا کۆ بکرێتـەوە و هەمـو و شـێوەیەکی تـری دیموکراتیـەت لـە ڕووی چاودێـری کردنـی ڕژێمەوە(تەنانـەت هەمـو شـێوەیەکی دیموکراتیـەت لـە دەرونی حزبەکە خۆشیدا) پێشـێل بکا. لەناو حزبەکەشدا یەک تاکە کەس کە سـەرۆکی حزبەکەیە خاوەن دەسـەڵاتی بێ سنوورو بڕیاری بڕێنەرەوەیـە. هـەر جۆرە بەرهەڵستەیەک هەبێبەرامبەری لـە ڕێگـەی سـەرکوت کـردن و کوشـتن و سـزادانی دڕندانـەوە بەرپەچـی دەداتـەوە.

تۆتالیتـاری سـەرتاسـەری هیـواو ئامانجی هەمـو وڵات و ڕژێم و گـەل لە چوارچێوەی تەسکی حزبییدا دەبینـێ و هەمـو بەرژەوەندییەکانـی جەماوەر لـە گۆشـەی ئایدۆلۆجـی تەسـکی حزبەکەیـان دا دەبینـێ کـە دەبێتـە هـۆی پێشـێل کردنـی هەمـو سەربەسـتی و سـەربەخۆییەکی مـرۆڤ.

لـە ڕژێمـە تۆتالیتارەکانـدا هیـچ ڕژێمێک بـە قـەد حزبی بەعس تۆتالیتـار نەبوە.

## تیۆری Theory

بریتیـە لـە ناوەڕۆکـی پراکتیـک و نمونـە کۆمەڵایەتیـەکان. پێـک هاتـوە لـە کۆمەڵێـک بیـروڕای ڕێ پیشـاندەر لـە هـەر سـەردەمێکدا. بریتیـە لـە ئاڕاستـەکەر و ڕونکـەرەوەی زانسـتی یاسـاکانی گـۆڕان و گەشـەکردن چ لـە کۆمـەڵ و چ لـە سروشـت دا.

تیـۆری کـە لەسـەر بناغـەی پراکتیـک و کار دروسـت بـوە، دەورێکـی کاریگـەری هەیـە لـە ژیانـی کۆمەڵگادا و لـە هەمـو زەمینەیەکدا بـۆ هەمـو

زاناكان و لە مەیدانی هەمو بەشەكانی زانستی دا، ڕێ پیشاندەر بە شێوەیەكی دەوربین و كاریگەرانە هەمیسان دەبێتەوە بە هەوێنی سەركەوتنی پراكتیك.

ماركسیزم-لینینیزم ڕوونی كردۆتەوە كە بەڵگەی سەركەوتنی هەمو كارێك لە كۆمەڵگادا بریتیە لە یەكێتی نێوان تیۆرو پراكتیك و نێوان بیر و كار. هەر تیۆرێك ئەگەر بە كردەوەی شۆڕشگێڕانە و بە پراكتیك گۆڕانێك بەرپا نەكا و نەسەلمێنرێ ئەوا بێ شك شتێكی بۆش و بەتاڵە.

كارو پراكتیكیش ئەگەر لەبەر تیشكی تیۆریی شۆڕشگێڕانە نەكرێ و ڕێ پیشاندەری نەبێ ئەویش هەر بێ بەرهەم دەبێ.

هەمو ڕێكخراوو پارتێكی ماركسی لینینی چالاكییەكانی خۆی لەسەر بناغەی یەكێتیی پراكتیك و تیۆری و بیر و كار بە ئەنجام دەگەیەنێ.

تیۆری ماركسیزم-لینینیزم كۆمەڵێك بیروڕای ڕێ پیشاندەر و قیبلەنامەی زانستیی وردی جیهانبینی و ڕۆشنكەرەوەی ڕێگای چالاكییەكان و كاری پارت و ڕێكخراوی كرێكاریە. هەر تیۆری ماركسیزم لینینیزمیشە كە، نەخشە كێشی دروست كردنی ڕێكخراوەی كرێكاریە و توانا و وزەی گۆڕان و گەشەكردن دەدا بە بزووتنەوەی كرێكاران تا شوێنی خۆیان لە كۆمەڵ دا بناسن و ڕاستی ڕووداوەكان وەك خۆی ببینن و پاشان ڕێبازی زانستیانەی خۆیان دەستنیشان بكەن.

ماركسیزم-لینینیزم ئەو تیۆریە كە كار و ئەنجامی داهێنەرانە و زیندوانە بەدی دێنێ.

ماركسیزم-لینینیزم تیۆرییەكە كە دژی دۆگما و ژیانە لەناو پەڕی كتێبەكان ووتنەوەی ڕستەی تیۆرەكان بە شێوەیەكی كوێرانە و سەپاندنی بە زۆری تیۆری ماركسیزم لە شوێن و كات و زەمینە و هەل و مەرجی نالەباردا بێ گوێدانە بارودۆخی بابەتی.

بەكارهێنان و خۆبەستنەوە بە تیۆریی ماركسیزم لینینیزم، دەبێ بە شێوەیەكی زیندوانە و داهێنەرانە بێت و وەك ڕێ پیشاندەر لە كاردا بەكار بهێنرێ، بە پراكتیك بسەلمێنرێ و لەگەڵ بارودۆخە جیاجیاكاندا

بگونجێنرێ و گۆڕان دروست بکا هەر بەم جۆرە تیۆرییەکە بەرهەمدار و سودبەخش دەبێ و هەر لەم مەیدانەشدا دەوڵەمەندتر دەبێ بە نمونەی نوێ داهێنەرانە و تێزی نوێ دێتە کایەوە، ئەمەش لەسەر بناغەی گۆڕانە مێژووییەکانی لە کۆمەڵگا و هەل و مەرجی نوێی پراکتیکی کۆمەڵایەتی دێتە دی.

## تیۆکراسی Theory

لە زمانی یۆنانی دا بە مانای (ڕژێمی خودایی) دێ.

جۆرە ڕژێمێکە لەسەر بنچینەی ئاینی دادەمەزرێ و یاسای پەیڕەوکردنی ڕژێم بریتیە لە یاسای خودایی پیاوە ئاینییەکانیش بەڕێوبەر و جێبەجێکەرو فەرمانڕەوایی ئەو ڕژێمەن.

بەڕێوبەرانی ئەو جۆرە ڕژێمە لە لایەن خوداوە فەرمانڕەوایی دەکەن کە لە ریگەی نوێنەرێکی خودایی نەبیندراوەوە فەرمانیان پێ دەکرێ. یەکەمین ڕژێمی تیۆرکراتی ئەو ڕژێمە بو کە لە لایەن موساوە بەسەر نەوەی ئیسرائیل دا سەپێنرا. پاشان لە سەردەمی ئیسلامدا و لە چەرخەکانی ناوەڕاست دا گەلێ ڕژێمی تیۆکراتی هاتە کایەوە. وە (ڕژێمی ئێرانیش کە لە ساڵی ١٩٧٩ دا هاتە سەرکار بە سەرۆکایەتی (موسەی خومەینی) یەکێکە لە شێوەکانی ڕژێمی تیۆکراتی).

## تیرۆریزم Terrorism

لە زمانەوەنیدا (تێرۆر) بە مانای (دڕندەیی) دێ.

لە ڕووی سیاسییەوە بە جۆرە هەڵوێستێک دەگوترێ کە لە لایەن ڕژێم یا هێزو ڕێکخراوەی سیاسیەوە بەکار دەهێنرێ. کە بۆ پاراستنی دەسەڵات و هێزی خۆیان یان بۆ بەهێز کردنی خۆیان پەنا دەبەنە بەر کاری دڕندانە.

تیرۆریزم: بریتیە لە ڕووی ئاشکرای ئەو ڕژێمانەی کە بەرهەڵستی جەماوەر و ڕاپەڕینی جەماوەرو خەباتی جەماوەر دەکەن بە (گرتن، ئازاردان، خنکاندن، سەرکوت کردن) بە دڕندانەترین شێوە.
بۆیە هەر ڕژێمێک یا هەر ڕێکخراوەیەک یا هەر کەسێک بڕوای بە کوشتنی سیاسی هەبێ و بیەوێ لە ڕێگای کوشتنەوە خۆی بە هێز بکات، بە تیرۆریزمی دەناسرێ.
مێژووی فەڕەنسا لە مانگی مایسی ١٧٩٣ وە تاکو تەموزی ١٧٩٤ بە قۆناغی ڕژێمی تیرۆریست ناو دەبرێ واتە سەردەمی (ڕۆبسپیر).

## تەکنوکراسی Technocracy

واتە ڕژێمی داهێنەری تەکنیکی.
جۆرە ڕژێمێکە کە بەڕای لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە پێویستە هاوشانی چەرخی پێشکەوتنی زانستی و هونەری بێ، بۆیە پێویستە ڕژێم و هەمو سەرچاوە و دەزگا ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا لە لایەن کارزانان و زانایانەوە بەڕیوە ببرێن.
تەکنوکراتەکان تاقمێک بون پاش شەڕی جیهانی یەکەم لە ژێر ئەندێشەی تەکنیکیدا لە کۆمەڵی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا هاتنەکایەوە.
تەکنۆکراتەکان ڕایان وایە پێشکەوتنی تەکنیکی بۆتە پێوەری ئابوری.
تەکنۆکراتەکان پێشنیار دەکەن پارە ڕۆڵی نەبێ لە دیاریکردنی ڕێبازی دەوڵەت و گوێ نادەن بە قازانج، بەڵکو دەیانەوێ هەمو هاوڵاتییان لە کارگەکا و بکەن و مەسەلەی هەڵبژاردنی لێپرسراوە سیاسییەکان فەرامۆش بکرێ چونکە دەبێ ڕژێم بەدەست زانایان و کارزانانی تەکنیکییەوە بێت.

## جیاوازیگەری Apartheid

وشەیەکی ئینگلیزیەو یەکێکە لە شێوە دڕندایەتییەکانی چەوساندنەوە، کە لە بناغەوە لە لایەن ڕەگەز پەرستانی ئەفریقیای خوارو بەرامبەر بە زۆربەی دانیشتوانی بەکار دەهێنرا کە قولە ڕەشەکان لەو بومی و هیندییەکانن. لە دیدگای زمانەوانییەوە بە جیاوازی نێوان بەشێک و بەشێکی تر دەڵێن ڕەگەزپەرستی بە مانای جیاکردنەوەی هەمو ئەو ڕەگەزانەی کە سپی پێست نین لە ڕەگەزی سپی پێست و بەزۆر سەپاندنی بەسەریان دا کە لە گەڕەک و شاری تایبەت دا بژین و بێبەشکردنیان لە هەموو مافێکی سیاسی و خوێندن و پێشکەوتویی. ئەو شوێنانەی کە ڕەش پێستەکانی تیا دەژین بۆیان نیە لەو شارانەی دەرچن و لایەنی کەمی ژیانیان مسۆگەر نییە.ئەنجامی خەباتی گەلان و تەقەلای وڵاتانی سۆشیالیستی و وڵاتانی تری ئاسیا و ئەفریقیای، بوە هۆی ئەوەی کە ڕەگەزپەرستی بە ڕەسمی کارێکی دژی یاسا بزانرێ، ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەکان چەندین بڕیاری دژی ڕەگەزپەرستی دەرکرد و بە بیروباوەڕێکی دژی مرۆڤایەتی دەستنیشانی کرد.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە سیاسەتی وڵاتە ئیمپریالیزمەکان لە بناغەدا لەسەر ڕەگەزپەرستی و چەوساندنەوەی کۆن و نوێ دروست بوە تا ئێستاش ئەم شێوە ڕەفتارە دژ مرۆڤایەتییە لە لایەن ئەوانەوە بەردەوامە.

## جیهان بینی

بریتیە لە بیرکردنەوەو بۆچون و سیستمی تیۆری لەسەر جیهان.

ئەم زاراوەیە ماناو مەیدانێکی هێندە فراوانی هەیە کە هەمو تیۆرەکانی مرۆڤ دەربارەی ئەو جیهانەی کە لە ناوی دا دەژین دەگرێتەوە هەر لە تیۆری باوەڕ و فەلسەفە و کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستییەوە تا دەگاتە تیۆریی ڕەوشتی و هونەری و هەمو ئەو مەسەلانەی کە

پەیوەندیـان بـە زانسـتی سروشـتیەوەیە.

مەسـەلەی جیهانبینی لـە ناوەڕۆکدا فەلسـەیە کـە زانسـتێکی سـەرتاپایە وە لەبـەر گرنگێتی، زانایانی جیهان بـە دوو جۆر بیریـان لیَ کردۆتـەوە و دوو ڕێبازی فەلسـەفی پەیدا بـوە. یەکێکیـان ڕێبازی (مەتریالیزمی) ئـەوی تریـان (ئایدیالیزمـە).

جیهانبینی تیشکدەرەوەی هۆشـیاریی کۆمەڵایەتییە و بەنـدە بـە زانایی و هۆشـی مرۆڤـەوە لـە هـەر قۆناغێکی دیاریکـراوی مێژوویدا و بەنـدە بـە سیسـتمی کۆمەڵگاوە.

لـە کۆمەڵـگای چینایەتیـدا ناوەڕۆکـی چینایەتـی بـە خۆیـەوە دەگـریَ. جیهانبینـی چینی دەسـەڵاتدار سـەرکار لـە هەمـو کۆمەڵگایەکدا جیهانبینـی ڕژێمەکەیـە.

جیهانبینـی سـەرچاوەی هـەرە گرنگـی پراکتیکـە و دەستنیشـانکەری پەیوەندیـی مرۆڤـە بـە جیهانـەوە و پێـوەری کـردارو ڕەفتـاری مرۆڤـە لـە جیهانـدا.

جیهانبینی زانسـتی دۆزەرەوەی یاسـا بابەتییەکانی سروشـت و کۆمەڵـە تێهەڵکێشـەری ئـەو یاسـایەنەیە، بەرژەوەندیـی هێـزە پێشـکەوتنخوازەکان پێشـکەوتن و گەشـە کردنی کۆمەڵگا لەسـەر ئـەو بنچینەیـە دامـەزراوە.

جیهانبینی نازانستی لە دیدگایەکی کۆنەپەرستانەوە سـەرنجی سروشـت و کۆمـەڵ دەداو لـە بەرژەوەندیی چیـن و هێزە چەوسـێنەرەکانە، هەروەهـا ڕێگـرە لـە بـەردەم گەشـە کردنـی کۆمـەڵ و ڕەنجـدەران لـە کاروانـی بـیَ کاریدا بـەدوای خۆیدا ڕادەکێشـیَ.

جیهانبینـی مارکسـیزم-لینینیزم جیهانبینیەکـی زانسـتی سەرتاسـەریە کـە ڕونکـەرەوەی بەرژەوەنـدی پرۆلیتاریـا و ڕەنجدەرانـە و تـەواو لەگـەڵ یاسـاکانی بابەتـی گەشـە کردنـی جووتـە و لـە کۆمەڵـگای سۆشیالیسـتیدا دەبێتـە جیهانبینـی هەمـو جەمـاوەر.

## چەند شێوەیەک لە چالاکی جەماوەری

## The forms of mass struggle

مانگرتـن: بـە مانـای دەسـت هەڵگرتنـە لـە کارکـردن بـۆ ماوەیەکـی دیاریکـراو یـان دیـاری نەکـراو. مانگرتـن یەکێکـە لـە شـێوەکانی خەباتـی چینـی کرێکاران دژی سـەرمایەداری و خـاوەن کارگـە و کارەکان و ڕژێمـی بۆرجـوازی و لـە چوارچێـوەی ئابـوری، یـا پیشـەیی، یـا سیاسـیدا خـۆی دەنوێنـی.

چەندیـن جـۆرە مانگرتـن هەیـە لەوانـە نەچونـە سـەرکار، لەمـاڵ دەرنەچـون، کۆبونـەوە لـە کارخانـەدا و ئیـش نەکـردن و دەرنەچـوون لێـی، پـەک خسـتنی ئامێرەکانـی بەرهـەم، دەسـتگرتن بەسـەر ئامێرەکانـی بەرهەمـدا، کەمتەرخەمـی کـردن لـە کردنـەوەی بەرهـەم و...هتـد.

مانگرتنی گشتی: بڵندترین شێوەی مانگرتنی چینی کرێکارانە کە هەمو جۆرەکانی مانگرتنی تێدا بەکاردەهێنن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و ئابوریيـەکان لـەم مانگرتنـەدا. بـە شـێوەیەکی گشـتی هەمـو جموجۆڵێکـی ئابـوری ڕادەوەسـتێ و توشـی ئیفلیـج بـون دەبـێ. ئـەم جـۆرە مانگرتنـە یـان ئـەو کارخانانـە دەگرێتـەوە کـە تایبەتـن بـە یـەک شـێوەی بەرهەمـی وەک کارگەکانی بەرهەمەکانی نـەوت، یان هەمـو شـادەمارەکانی بەرهەمـی سـەرتاسـەری وڵات دەگرێتـەوە، کـە لـە ڕووی سیاسـییەوە بـە مەبەسـتی نیشـاندانی وزە و هێـز و توانـای کریـکاران و لـە ڕووی ئابوریيـەوە بـە مەبەسـتی بـەدی هێنانی خواسـتە ئابوریيـەکان و هەنـدێ جـار بەوەشـەوە ناوەسـتێ بگرە بە مەبەستی گۆڕینی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابوریی ڕژێمە و هەڵتەکاندنـی ژێرخانـی کۆمەڵـە. ڕادەی سـەرکەوتنی مانگرتـن بەنـدە بـە شـارەزایی و هۆشـیاری لـە هەڵبژاردنـی شـوێنی گونجـاو و دروشـمی گونجـاو و هەسـت بزوێنـەر و ڕێکوپێکـی مانگرتنەکـە.

خۆپیشـاندان: یەکێکـە لـە شـێوەکانی خەباتـی فراوانـی جەمـاوەری ڕەنجدەران. ئـەم شـێوەی خەباتـە بریتیـە لـە کۆمـەڵ بـون و ڕێ بڕیـن لـە گۆڕەپـان و شـەقامەکانی شـاردا بـە بەرزکردنـەوەی دروشـمی نوسـراوە و هەتـاف کێشـانی شۆڕشـگێڕانە و هەسـت بزوێنەرانـە کـە تیشـکدەرەوەی خواسـت و ویسـتەکانی جەمـاوەرە. هەنـدێ جـار خۆپیشـاندان بـە مەبەسـتی بەرگـری کـردن لـە نەخشـە و سیاسـەتی ڕژێـم دەکـری، هەنـدێ جاریـش بـە مەبەسـتی بـەدی هێنانـی خواسـت و ویسـتە سیاسـی و ئابورییـەکان دەکـرێ و هەنـدێ جاریـش بڵندتریـن مەبەسـت بەخۆیـەوە دەگـرێ کـە ڕوخاندنـی ڕژێـم و هەڵتاکاندنـی دام و دەزگای ڕژێمـە وەک لـە ئێرانـدا کـرا.

کۆبونـەوەی فـراوان: میتینـگ بـە مانـای کۆبونـوەی فراوانـی خەڵکـی دێ، بـۆ بـاس کردنـی بابەتیـک و وتووێـژ لـە سـەری ڕوون کردنـەوەی. بـە زۆری ئـەو جـۆرە کۆبونەوانـە قاڵبـی سیاسـی و پیشـەیی بەخۆیـەوە دەگـرێ، هەنـدێ جـار لەسـەر ئاسـتی گـەڕەک یـا ڕێکخراوەیەکـی پیشـەیی دەکـرێ و هەنـدێ جاریـش لەسـەر ئاسـتی شـارێک و سـەرجەم جەمـاوەری دەکـرێ و جـاری واش هەیـە لەسـەر ئاسـتی یەکێـک لـە دەزگاکانـی پارتێکـی سیاسـی دەکـرێ.

دروشـم: بریتیە لە کورتەی بیروڕا یان خواسـت و ویسـت کە دەنوسـرێ یـان بـە دەم دەردەبـڕێ بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئامانـج و ئاواتـی پارتایەتـی یـا چینایەتـی یـا نەتەوایەتـی یـا پیشـەیی لـە قۆناغێکـی دیاریکـراودا. دروشـم بـا ئامانجـی سیاسـی، ئابـوری، سـتراتیجی یـان تەکنیکـی بـەرز دەکرێتـەوە.

ئـەو دروشـمانەی کـە بـۆ کاتێکـی دیاریکـراو یـان بـە مەبەسـتێکی دیاریکـراو بـەرز دەکرێنـەوە پێیـان دەوتـرێ دروشـمی کار.

## چەوساندنەوە Oppression

زاراوەی چەوساندنەوە بە مانای بردنی بەرهەمی کەسێک و سود لێ وەرگرتن لە ڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە لە لایەن کەسێکی ترەوە.

لە ڕووی زانستیەوە چەوساندنەوە بریتیە لە سوود وەرگرتن لە کارێ لە لایەن یەکێکی ترەوە کە خاوەنی ئامێرەکانی بەرهەم هێنانە.

لە زاراوەی ئابوریدا چەوساندنەوە بە مانای وەرگرتنی بەرهەمی کاری زیادەی کرێکار، یان کەسێکی کارگەر و لە هەندێ جاردا تەنانەت بەرهەمی کاری پێویستیش دەست بەسەردا دەگرێ. لەناو خەڵکی دا ئەم زاراوەیە بۆ چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە بەکاردێ.

چەوساندنەوە لە ناو هەمو کۆمەڵگایەک دا هەیە کە ململانێی چینایەتی تێدا بێ.

چینە خاوەن دەسەڵاتەکانی لە ڕژێم دا چینەکانی تری ژێردەستە دەچەوسێنەوە، چینە دەسەڵاتدارەکانی سەرکارو خاوەن ئامێرەکانی بەرهەم هێنان لە بەرهەمی چەوساوان گەنجینەی سەرمایەی خۆیان دەوڵەمەند دەکەن. هۆی چەوساندنەوە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنداریێتی ئامێرەکانی بەرهەم هێنان. دەستنیشان کردنی شێوەکانی چەوساندنەوە بەندە بە جۆری پەیوەندیی بەرهەم هێانەوە. چەوساندنەوە لەگەڵ لە دایک بونی مرۆڤ پەیدابونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پەیدا نەبوە و تا سەریش بەردەوام نابێ. بۆ نمونە چەوساندنەوە لە سەرەتای پەیدابونی مرۆڤ پەیدا نەبوە و لە کۆمەڵگای کۆمۆنی سەرەتاییدا نەبوە بەڵکو لە کۆتایی ئەو دەورانەدا چەوساندنەوەی سەری هەڵداوە. سەرهەڵدانی چەوساندنەوە لەو کاتەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانە:

١-گەشەکردنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان، کە بوە هۆی دابەش کردنی کۆمەڵگا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەسەر زیاتر لە جۆرێک پیشە

وەک ڕاوکردن، کشتوکاڵ کردن، ماڵات بەخێوکردن.
٢-پەیدابونی زێدەی بەرهەم.
٣-پەیدابونی خاوەندارێتی تایبەتی ئامێری بەرهەم هێنان و پەیدا بونی جیاوازی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ لە ڕووی دەرامەتەوە.
سەرئەنجامی ئەمانە بوە هۆی دابەش کردنی کۆمەڵگا بە چەند چینێکی ململانێکەرو پەیدابونی ناکۆکی لە نێوانیاندا لە جیگای کۆمەڵگای بێ جیاوازیی چینایەتی، واتە پەیدابونی چینی چەوسێنەرو چەوساوەی دیار بو، خاوەن ئامێری بەرهەم و بەرهەم هێنەری بێ ئامێری تێدا دیار بو، دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات، خۆش گوزەران و نەمر و نەژی تێدا دیار بو سەردەمی بونی چینی کۆیلە و چینی سەرداران(ئەسیاد).
لە سەردەمی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا شێوەی چەوساندنەوە بریتی بوە لە جیاوازی نێوان خاوەن زەوی دێهاتە گەورەو زۆرەکان و نێوانی بێ زەوی و زارە و نۆکەر یا مسکێنەکان. لە هەر وڵاتێک بە شێوەیەکی جیاوا لە یەکتری ئەم دیاردەیە هەبوە.
دوا پلەی چەوساندنەوە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا خۆی دەنوێنی، کە بریتیە لە چەوساندنەوەی کرێکاران و ڕەنجدەران لە لایەن سەرمایەدارەکانی خاوەن ئامێری بەرهەم هێنانەوە بەڵام بەشێوەیەکی پێشکەوتوانەتر لە سەردەمی دەرەبەگایەتی، کە کرێکاران و ڕەنجدەران بەشێکی ملکیەتی سەرمایەدار نین، بەڵکو لە ڕێگەی ڕەنج و توانای کرێکارانە سەرمایەداران دەیان چەوسێننەوە.
لەبەر ئەوەی کە سەرمایەداران خاوەنی کارگە و کارخانە و کانەکانی سروشتی و زەوی وزارو ئامێرەکانی بەرهەم و بانقەکان و هەمو شادەمارەکانی گوێزانەوە و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانە کرێکاران و ڕەنجدەران لە هەمو خاوەندارێک بێ بەشن و تەنها خاوەنی توانا و هێزی بازو مێشکیانن، بەکار دەهێنرین لە خزمەتی سەرمایەدارییدا و بەری بازوو و مێشکیان لێ دەکرن و بە نرخێکی زۆر پوچەڵ و هەرزان دەیان چەوسێننەوە.

چەوساندنەوە هۆی سەرەکی هەژاریی و کرێکاران و زەحمەتکێشانە کە ڕەنج دەدەن و بەرهەم دێننە دی و گەنج ناخۆن دەبنە هۆی کۆکردنەوەی سامانی زۆر لای خاوەن ئامرازەکانی بەرهەم هێنان.

چەوساندنەوە دژی سەربەستی و مرۆڤایەتییە، دژی یەکسانی نێو کۆمەڵە، دژی وەکیەکی و دیموکراسییە لە هەر شوێنێ چەوساندنەوە هەبێ وشەکانی (یەکسانی، وەک یەکی مرۆڤایەتی، دیموکراسی) شتی پوچەڵ و بێ ناوکن.

هەمو ئەو دروشم وهاوار و دادەی کە سەرمایەداری لە ژێر ناوی پێشکەوتنخوازی دا دەڵێن و بلوێر ژەنەکانیان بۆیان بڵاودەکەنەوە جگە لە هەڵخەڵەتاندن و فریودانی جەماوەر هیچی تر نییە.بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە پێویستە هەمو ئامێرەکانی بەرهەم هێنان لە خاوەنداریتی تایبەتی و تاکی ڕووت بکرێتەوە تاکو بەرهەمی ڕەنجی کرێکاران و ڕەنجدەران نەچێتە گیرفانی کەسێکی ترەوە.

تەنیا و تەنیا هەر ڕژێمی سۆشیالیزمی ڕاستەقینە کە لە ژێر سایەیدا چەوساوە و چەوسێنەر نامێنێ و مرۆڤ، مرۆڤ ناچەوسێنێتەوە.

## چین Class

دەربارەی کۆمەڵ و چینەکانی کۆمەڵ، لینینی مەزن «چین بەو کۆمەڵە خەڵکە دەوترێ کە بەپێی سیستەمی بەرهەم هێنان و کۆمەڵایەتی، قۆناغەکانی مێژوو، بەپێی ڕۆڵیان لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا بە پێی قورسایی و کاریگەرییان لە سامانی کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکرێن».

بەم پێیە، جیاوازی چینایەتی و شوێن لە کۆمەڵدا، بە شێوەیەکی گشتی بۆ شوێن لە بەرهەمی کۆمەڵایەتیدا و پەیوەندیی بە تفاقەکانی بەرهەمهێنانەوە دەگەڕێتەوە. خاوەنی ئامێرەکانی و تفاقەکانی بەرهەم هێنان و بێبەرییەکان لە خاوەنداریتیی تفاقەکان ئەم دوو چینە هەر

یەکەیـان شـوێنێکی جیـاوازی لـە بەرهەمـی کۆمەڵایەتیـدا لەنـاو کۆمەڵـدا هەیـە.

یەکێکیان دەسـەڵاتدارە و ئەوی تریان بێدەسـەڵاتە، یەکێکیان چەوسـێنەر و ئـەوی تـر چاوسـاوە. دابەشـکردنی چیـن و توێـژەکان لـە کۆمەڵـدا بەبێ هاوبەشـییان لـە جموجۆڵـی بەرهەمـی کۆمەڵایەتـی، دیـاری دەکـرێ. بـۆ نمونـە لـە کۆمەڵـگای سـەرمایەداریدا سـەرمایەداران بـە شـێوەی (سـوود-قازانج-زێدەبایی) بەشـی خۆیـان لـە بەرهەمی کۆمەڵایەتی بە دەسـت دێنن، بـەڵام کرێکاران بـە شـێوەی (سـفر،کرێ) بەشـی خۆیـان بـە دەسـت دێنـن.

بـەو پێیـەی کـە مێـژووی مرۆڤایەتـی نیشـانمان دەدا، لـە پەیدابونـی مرۆڤـەوە چینایەتـی پەیـدا نەبـوە. کۆمەڵـگای کۆمۆنـی سـەرەتایی کۆمەڵگایەکی بێ چینایەتی بـوە و تێیدا پەیوەندیـی مـرۆڤ بـە تفاقەکانی بەرهەمـەوە زۆر سـادە و سـەرەتایی و یەکسـان بـوە. ئاسـتی بەرهـەم زۆر نـزم و سـادە بـوە کـە لایەنـی کەمـی بژێـوی بەرهـەم هێنـاوە و هیـچ بەرهەمێکـی سـەربار و پاشـەکەوت نەبـوە.

پـاش گەشـە کردنـی هێزەکانی بەرهەمهێنـەر، پـاش پەیدابونـی سـەربار و پاشـکەوتی بەرهـەم، پـاش دابەشـکردنی کارەکان، پـاش پەیدابونـی خاوەندارێتـی تایبـەت و نەمانـی خاوەنداریتـی هاوبـەش، پـاش ئەمانـە ئابوریی نابەرامبـەری خەڵکی پەیدا بوە. هێندێک سـاماندار و هێندیک بێ سـامان، دەسـەڵاتدار و بێ دەسـەڵات چەوسـێنەر و چەوسـاوە سـەرۆکی خێـل و تیـرە و نۆکـەر و پاشـان سـەردار و کۆیلـە پەیـدا بـو.

لـە هـەر یەکێـک لـە قۆناغەکانـی کۆمەڵـگای مرۆڤایەتـی، چینایەتـی و جـۆری چینـەکان بەنـدە بـە فۆرماسـیۆنی کۆمەڵایەتـی ئـەو قۆناغـەوە. بـۆ نمونـە چینـە سـەرەکییەکانی سـەردەمی کۆیلەیـی بریتـی بـون لـە سـەردار و کۆیلـە، لـە سـەردەمی دەرەبەگایەتیدا بریتـی بـوون لـە ئاغـا و نۆکـەر یـان ئاغـا مسـکێن یـان ئاغـا و جوتیـار. لـە سـەردەمی سەرمایەداریشـدا بریتیـن لـە بۆرجوازی و پرۆلیتاریا. لـە هـەر یەکێک لـەو سـەردەمانە جگـە لـە چینـە سـەرەکییەکان چینـی تریـش هەبـوە کـە هەنـدێ جـار وەک توێـژ و چینـی

نویَ و تازە لە دایک بون و سەریان هەڵداوە و لە گەشە کردندا بون هەندیَ جاریش پیر و کۆن دەبون و بەرەو نەمان ڕۆیشتوون.

لە ململانێی نێوان چینەکاندا سەرەنجام تەنها چینی پرۆلیتاریایە کە بە هاوکاریی جوتیاران و ڕەنجدەرانی تر سەرکەوتن بە دەست دینێت و سۆشیالیزم بنیات دەنێت و پاشان کۆمەڵ بەرەو سەردەمێکی ناچینایەتی دەبات

کە کۆمۆنیزمە. بەو پێیەی کە لە پێشەوە باسمان کرد و لە چین گەیشتن بۆمان دەردەکەویَ کە بەکارهێنانی وشەی چین لە ڕۆژنامەکاندا بۆ پیشەوەران و ئافرەتان وەک چینی ڕۆشنبیران چینی ئافرەت، چینی فەرمانبەران، چینی قوتابیان...هتد، زۆر هەڵەیە بگرە ئەوانە توێژن یان تاقم و کۆمەڵی جیاوازن لە چینەکان. ناسینی ئەوانە بە چین نەک تەنها لە ڕووی زمانەوانیەوە هەڵەیە بگرە لە ڕووی دەستنیشانکردنی ناکۆکییەکانیشەوە زیانبەخشە.

## ئەرستۆکراتی The Aristocrats

ئەم زاراوە بۆ خانەدانەکان(ئەشرافەکان) بەکار دیَ کە ئەو تاقم و توێژە دەگرێتەوە کە خاوەنی دەسەڵات و سامانی گەورەن و پلە و پایەی گەورەی ناو ڕژێم بوون و هەمیشە بە رەچەڵەکی گەورەیی خۆیان دەنازن بۆ پاراستی ئەو جیاوازیانەیان لەگەڵ خەڵکی تردا هەیانە. لە بناغەدا زاراوەی ئەرستۆکراتی هەڵقولاوی ئەو توێژەی سەرەوەی پاشکۆی کۆمۆنەی یەکەمە کە خاوەنی دەسەڵات و سامانی زۆر بون. یان پاشماوەی سەرۆک خێڵەکان و فەرمانڕەوایان و دەسەڵاتداران بوون.

لە سەردەمی کۆیلەیی دا (ئەرستۆکراتی) بەکار دەهێنرا بۆ سەرمایەدارترین بنەماڵەی سەردەمی کۆیلەیی و خاوەن زەوییە فراوانەکان.

لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا (ئەرستۆکراتی)بەکار دەهێنرا بۆ پیاوانی خاوەن زەوی و دێهاتی زۆر فراوان و پیاوانی خاوەن دەسەڵاتی دیوانەکانی ڕژێمەکانی وەک شالیاران و خاوەن پایە بەرزەکانی دەزگاکانی ڕژێم کە بە بنەماڵە ئیمتیازاتیان بۆ دەمایەوە.

لە هەندێ وڵاتان شۆڕشی بۆرجوازی دژی ئەرستۆکراتی کرا، بۆیە ئەرستۆکراتەکان دەستیان لە هەمو کارێکی سیاسی کێشایەوە بەڵام لە هەندێ وڵاتی تردا بۆرجوازیی چەوسێنەرو دەرەبەگایەتی ئەرستۆکرات لەگەڵ یەکدا ڕێک کەوتن و لە ڕژێمێکی هاوبەشدا یەکیان گرتەوە.

لە کاتی گەشە کردنی کۆمەڵگای سەرمایەداری زۆربەی ئەرستۆکراتانی وڵاتە سەرمایەداریەدارەکان خۆیان لەگەڵ بارودۆخی ئەو سەردەمەدا گونجاند بونە سەرمایەداری گەورە.

ئەمەیە ئەرستۆکراتیەت: لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەرستۆکراتەکان بریتین لە توێژی هەرە سەرەوەی خاوەن سامان و زەوی و زاری گەورە و دەسەڵاتی بێ سنوور لەناو کۆمەڵ کە لە هەمو ڕویەکەوە دەستڕۆیشتون.

(ئەرستۆکراتی پرۆلیتاری) بەو توێژەی کرێکاران دەوترێ کە بە هۆی خۆشی گوزەرانی و وەرگرتنی پشک لە کارگەکاندا، لە وڵاتە سەرمایەدارەکان لە چینەکەی خۆیان جوێ دەبنەوە و دەبنە هەڵگری دروشمی پارێزەری جێبەجێکەری ئایدۆلۆجیەت و سیاسەتی سەرمایەداری لە ناو پرۆلیتاریا.

## خەباتی حزبی Party struggle

خەباتی حزبی دوو جۆرە:

### خەباتی دەرەوەی حزب:

ئـەو خەباتەیـە کـە حـزب دەیـکا بـۆ بـەدی هێنانـی ئـەو ئامانجـەی کـە دەستیشـانیان دەکاو بەرنامـە و نەخشـەیان بـۆ دادەنـێ، دژی دوژمنانـی سـەربەخۆیی و دیموکراسـی و سۆشـیالیزم، بـە پشـتیوان و یارمەتیـی

هەمیشـە یـان کاتیی دۆسـتان و هاوکارانـی حزب. ئـەم خەباتـە خەباتـی بنچینەیـی حزبـە کـە لـە سـێ شـێوەی سـەرەکی (ئایدۆلۆجـی، سیاسـی، ئابـوری) دا خـۆی دەنوێنـێ.

خەباتی دەرەوەی حزب یان بە شێوەی ئاشکرا یان بە شێوەی نهێنی دەکرێ. کاتـێ کـە حـزب لـە سـەردەمێکی ئاشـکرا کار دەکا دەبـێ هەمیشـە خۆشـی ئامـادە بـکا بـۆ خەباتـی نهێنـی، تـا بتوانـێ کاتـی پیـلان گێڕانـی کۆنەپەرستان و هێرشـی هێـزی ستەمکاران، درێژە بـە خەباتـی خـۆی بـدا. کاتێـک حـزب شـاردرایەوەو کارەکانـی نهێنـی بـو، بێشـک سـنووری ئیـش کردنیش تەسـک دەبـێ، بۆیە لـەم کاتـەدا جـۆر و نەخشـەی ئیش کردنیشـی دەگـۆڕێ. لـەم حاڵەتانـەدا پێکـەوە لکاندنـی کاری ئاشـکرا و نهێنـی زۆر پێویستە بـۆ ناسـاندنی دروشـمی حزب بـە جەمـاوەر، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش سـود لـە ڕێکخـراوە پیشـەییەکان وەردەگـرێ.

خەباتی دەرەوەی حزب بۆ بەدی هێنانی ئامانجی تاکتیکی و ستراتیجی بە دوو ڕێگا دەکرێ:

ڕێـگای ئاشـتی و وتوویـژ کـردن، و ڕێـگای توندوتیـژی و چەکداری. ڕێگای ئاشـتیانە وەک مانگرتـن، خۆپیشـاندان، هەڵبـژاردن، وتوویژکـردن... هتد.

حـزب هەمیشـە بەتایبەتـی حزبـی مارکسـی لینینـی، لایەنگـری خەباتـی

ئاشتیانەیە بۆ گەیشتن بە ئامانج، بەڵام چینی دەسەڵاتدارو چەوسێنەر بە هۆی توندوتیژی و زۆرو ستەمیان، بەهۆی پێشێل کردنی هەمو مافێکی دیموکراتیانە ڕێگای خەباتی توندوتیژ بەسەر حزب دادەسەپێنن، هەر بۆیە ناکۆکی دەگاتە پلەی سەرەکی ناکۆکی سەرەکیش تەنیا لە ڕێگای خەباتی چەکدارییەوە کە بەرزترین شێوەی خەباتە چارەسەر دەکرێ.

لینین دەڵێ(هەرگیز نابێ هیچ حیزبێکی مارکسی یەک ڕێگای خەبات بە ڕاست بزانێ و هەر ئەو ڕێگایە بگرێ، بەڵکو پێویستە بەپێی هەلومەرج زەمینەی لە بارودۆخی جیاوازی بابەتی و خۆیی، حزب هەمو شێوەکانی خەبات بەکاربهێنێ و ئامادە بێ کە لە کات و شوێنی تایبەت و پێویست دا شێوەیەکی خەبات بگۆڕێ بۆ شێوەیەکی تر) خەبات چ بە شێوەی ئاشتی یا چەکدارانە بێ مەسەلەی زاڵ بونی دەسەڵات و هێزو توانا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ لە سەرکەوتن و بە دەست هینانی ئامانج دا.

## خەباتی ناوەوەی حزب:

خەباتێکە کە لە ناو حزب دەکرێ بۆ پتەوکردنی یەکێتی ڕیزەکانی حزب و پارێزگاری کردن دیسپلین و بەرگری کردنی لە ئایدۆلۆجیەت و جیهانبینی و ڕێبازی سیاسی و خەتەکانی ڕێکخستن بۆ پاراستنی حزب لە لادانی چەپ و ڕاست.

ئەم خەباتە لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکانی حزب و لەسەر بنچینەی ناوەندییەتی دیموکراتی دەکرێ.

خەبات لە ناو بۆ پاراستنی نهێنییەکانیەتی و کارکردنە لەسەر ڕووە ئاشکراو نهێنیەکانی حزب و پاک کردنەوەی لە هەڵە و لادان بۆ دروست کردنی گیانی زیندوانە و جوڵانەوەی هەمیشەیی.

## خەباتی چینایەتی Class struggle

خەباتی چینایەتی بریتیە لەو خەباتەی کە بەشێوەی جۆراوجۆر دەکرێ لە لایەن چینە چەوساوەکانەوە دژی چینە چەوسێنەرەکان.

خەباتی چینایەتی هێزی بزوێنەرو بنچینەیی گۆڕانی هەمو قۆناغەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە هەر لە قۆناغی کۆیلەیی و دەرەبەگایەتییەوە تا سەرمایەداری.

درک کردن بە چین و خەباتی چینایەتی پێش پەیدابونی مارکسیەت بوە، مێژوو ناسان و ئابوریناسان و کۆمەڵناسانی پێشکەوتوو تەنانەت بۆرجوازیەکانیش درکیان بە خەباتی چینایەتی کردووە، بەڵام تیۆری زانستیانەی خەباتی چینایەتی تەنیا لە لایەن کارل مارکس و فردریک ئەنجلسەوە دانرا، کە بوە هێزی بزوێنەری کۆمەڵگای فرە چینی ناکۆک لەگەڵ یەکدا و سەلماندنی لە دواین قۆناغ، قۆناغی چەسپاندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و لەناو بردنی چینایەتی، واتە هێنانە دیی کۆمۆنیزم بە هۆی شۆڕشی سۆشیالیستییەوە.

**لینین دەڵێ:**

«مارکسیەت ڕێ نیشاندەری سەرەکییە و دۆزەرەوەی یاسا بابەتی و خۆییەکانی کۆمەڵگایە و بریتیە لە تیۆریی خەباتی چینایەتی «.

هەروەها دەڵێ (سەرچاوەی ئامانج و ئاواتی ململانێی مرۆڤ بریتیە لە جیاوازیی شوین و ژیانی چینایەتیان لە ناو کۆمەڵگادا).

### خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای کۆیلەیی ودەرەبەگایەتیدا

خەباتی کۆیلەکان دژی سەردارەکان لە کۆمەڵگای کۆیلەییدا چەندین شێوەی بە خۆیەوە گرتوە: هەر لە تێک و پێک شکاندنی تفاقەکانی بەرهەم هێنانەوە هەتا بزووتنەوەی جەماوەری گەورە وەک ڕاپەڕینەکەی

«سپارتاکۆس» کە لە سەردەمی یەکەمی پێش زاین بەرپا بو و سەدان هەزار کەس بەشداریان تێدا کرد.

بەڵام لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا خەباتی چینایەتی شێوەی توندوتیژی بەخۆیەوە گرت. ململانێ بە شێوەیەکی سەرەکی لە نێوان جوتیاران و دەرەبەگایەتیدا، زۆربەی ڕەنجدەرانی شارەکان و پیشەوەرەکان لە بەرەی جوتیاران دا خۆیان دەبینینەوە.

لەو سەردەمەدا ڕاپەڕین لە شێوەی شۆڕشی جوتیاریدا دەکرا کە زۆر بەفراوانی درێژ خایەن بوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جەماوەری بێبەش و چەوساوە نەیانتوانیوە بە خەباتی خۆیان چەوساندنەوە لەناوبەرن چ لە سەردەمی کۆیلەیی و چ دەرەبەگایەتی. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لە دایک نەبون و لەبار نەبونی هەل و مەرجی لەناوچون وەک ئاستی بەرهەم لەو ڕادەیەدا نەبوو کە ڕژێمی کۆمەڵایەتی بەرەو نەمانی چەوساندنەوە بەرێ دروست نەبوونی دەزگای ڕێکخستنی جەماوەر و ڕوون نەبونەوەی ئامانجەکان و دیاری نەبونی ڕێگای گەیشتن بە ئامانج نەبونی تیۆری شۆڕشگێڕی و حزب وەک پێشڕەو، لەو هەلومەرجانە لە سەردەمی سەرمایەداریدا لەبار دەبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕاپەڕینی کۆیلەکان و جوتیاران شوینەوارێکی گەورەیان لە گۆرانی کۆمەڵگای کۆن و هێنانە کایەی سەردەمێکی پیشکەوتوانەدا دیاری کرد.

**خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا**

خەباتی چینایەتی لە سەردەمی سەرمایەداریدا کە دواین سەردەمی بنیاتنراوە لەسەر بناغەی چەوساندنەوە، خەباتێکی بێ وێنەیە کە لە لایەن چەوساوانەوە دژی بۆرجوازی، واتە لە لایەن پێشکەوتوترین و هۆشیارترین و یەکگرتوترین چینی کۆمەڵەوە بەرپا دەکرێ کە چینی پرۆلیتاریایە.

خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا چ لە سەردەمی هێمنی و چ لە سەردەمی ئاڵۆزیدا بەندە بە لەباریی هەل و مەرجی شۆڕشگێڕیەوە. بۆ نمونە گەشە کردنی هێزەکانی بەرهەم هێنان هۆیەکی کاریگەرە لە خەباتی چینایەتیدا.

خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا لە سەردەمی سەرمایەداریدا بۆ هێنانەدی سۆشیالیزم هۆیەکی هەرە گرنگ و بنچینەیی گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، بەرەو پێشەوە چونی سیستمی سۆشیالیستی و پاشەکشەکردنی سەرمایەداری، پەرەسەندنی بیروباوەڕی حزبی کۆمۆنیستی لەناو جەماوەردا. پوچەڵ بونەوەی بیروڕای ڕیفۆرمیستی هەل و مەرجی لە باری هەڵخست بۆ خەباتی چینایەتی بە سود و قازانجی چینی کرێکاران.

گرنگترین تایبەتمەندی ڕاپەڕینی پرۆلیتاریای ئەم سەردەمە بریتیە لە پێکەوە لکاندنی خەباتی چینایەتی بۆ بەدەست هێنانی سۆشیالیزم بە ڕاپەڕینی گەلان کە خۆی لە خەباتی نەتەوەیەتیدا دەنوێنێ بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی و نەتەوایەتی دیموکراتی و ئاشتی. واتە لکاندنی خەباتی چینایەتی بە خەباتی نەتەوایەتییەوە.

لەسەر بناغەی خەباتی هاوبەشی دژی ئیمپریالیزم هێزەکانی سۆشیالیزم و دیموکراسی یەکدەگرن. پرۆلیتاریا لە خەباتدا بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی، بۆ مسۆگەر کردنی دیموکراسی و سۆشیالیزم سود لە هەمو شێوەکانی خەبات وەردەگرێ. خواستە ئابوریەکانی ڕاپەڕینی کرێکاران زۆر جار لەگەڵ خواستە سیاسیەکان یەکدەگرنەوە و زیانی گەورە گەورە لە مۆنۆپۆلەکانی سەرمایەداری دەدەن. لەم ڕاپەڕینەی کرێکاران دا جەماوەری جوتیار و توێژەکانی پێشکەوتوخوازو ڕۆشنبیران و دیموکراسیخوازن پشتیوانیان لێ دەکەن.

**خەباتی چینایەتی لەسەردەمی چون بەرەو سۆشیالیزم :**

سەرئەنجامی شۆڕشی سۆشیالیستی و چەسپاندنی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا قۆناغی سۆشیالیزم دەست پێ دەکا. لەم قۆناغەدا خەباتی چینایەتی بەردەوامە. کاتێ بۆرجوازیەت بێ توانا و بێ دەسەڵات دەبێ، هەرگیز ئامادە نابێ سەری ڕەزامەندنی بۆ دەسەڵات و توانای پرۆلیتاریا دابنەوێنێ. بگرە زۆر سەرسەختانە بەرامبەر ڕژێمی پرۆلیتاری بەرگری دەکا. بۆرجوازی لە ململانێیدا بەرامبەر بە پرۆلیتاریای دەسەڵاتدار جۆراوجۆر شێوە بەکار دەهێنێت، بۆ نمونە سود لە پەیوەندییە ئابورییەکانی لەگەڵ توێژەکانی سەرەوەی ڕۆشنبیران و موچەخۆران و ئەفسەران وەردەگرێ. بەڵام ناتوانێ ژیانی ئابوری وڵات و دەزگاکانی رژێم و هێزی بەرگری وڵات توشی ئیفلیجی بکا، هەروەها تەقەلای ئەوە دەدا کە کار بکاتە سەر بیرو ڕای جەماوەری گەل و پاشان لە ڕێگەی دامەزراندنەوەی بنچینەی سەرمایەداری، خەباتی چەکدارانە دژی ڕەنجدەران بە پشتیوانی سەرمایەداری نێونەتەوەیی هەڵدەگیرسێنێ.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا خەباتی چینایەتی لە ناو نابا بەڵام ئەو ململانێیە لە کاتێکدا هەیە کە پرۆلیتاریا لە ڕووی سیاسیەوە دەسەڵاتدارە و هەمو شادەمارەکانی ئابوری وڵات لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدایە.

شێوە نوێیەکانی خەباتی چینایەتی لە قۆناغی سۆشیالیستیدا بریتین لە سەرکوتانی هەمو بزوتنەوەیەکی چەوسێنەرانە، خەباتی توندوتیژی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرجوازیەت،خەباتی سەخت بۆ بەدی هێنانی گۆڕانی سۆشیالیستی لە کشتوکاڵ و ڕزگارکردنی جوتیاران لە دەسەڵاتی بۆرجوازی و سەرکردایەتی کردنی جەماوەر لە لایەن پرۆلیتاریاوە، خەبات بۆ بەدی هێنانی دیسپلینی نوێی سۆشیالیستی لەکاری داهێنەرانە، واتە خەبات بۆ هەڵتەکاندن و لەناوبردنی سەرخانی پاشماوەی بۆرجوازی و

بنیاتنانی سەرخانێکی سۆشیالیستی.

## خودپەرستی Individualism

ئەم زاراوەیە لە سەرچاوەی ئەندڤیدەوە وە هاتوە کە لە زۆربەی زمانەکانی ئەوروپادا بە مانای کەس یا فەرد دێت، فەرد پەرستی تایبەتە بە ئایدۆلۆجیەت و بڕوای وردە، بۆرجوازیەوە کە لە ئەنجامی پەیدا بونی کۆمەڵگایەکی داڕێژڕاو لەسەر بناغەی خاوەنداریەتی تایبەت پەیدا دەبێ و گەشە دەکات و بڕوا بون بە پاڵەوانیەتی و بێ سنوریی فەرد واتە تاکە کەسی زاڵ دەبێ بەسەر بڕوابون بە تواناو دەسەڵاتی جەماوەری.

گرینگیدان بە تاکەکەسی واتە (خودپەرستی یا فەرد پەرستی) زاڵ دەبێ بەسەر گەل پەرستی و جەماوەر پەرستی و چین پەرستیدا). دروشمی ئەندڤیدرالیزمەکان بریتیە لە (فەرد پێش کۆمەڵ) واتە یەکەم: فەرد. دووەم: کۆمەڵ. جیهانبینیە جۆربەجۆرەکانی سەردەمی سەرمایەداری بڕوایان وایە کە تەنها فەرد ڕۆڵی سەرەکی لە گۆڕان و گەشە کردنی بیرو کۆمەڵ و سروشتدا هەیە.

ئەگزیستانسیالیستەکان و براگماتیستەکان پیرسونالیستە سروشتیەکان ئەمانەش هەمو لایەنگری فەلسەفەی (یەکەمی فەرد و دووامی کۆمەڵن.) تیۆرەکانی (ئەنارشیزمیش) واتە گێرەشوێنی وردە بۆرجوازی هەر لە شێوەی ئەندڤیدوالیزمی تۆخی وردە بۆرجوازییە. ئەندڤیدوالیزم مۆڵگا و مەیدانی فەلسەفەی سەرمایەداریە و چەوسێنەری باوەڕی قازانجی تاکپەرستی و خودپەرستیە.

بە پێچەوانەی ئەم جیهانبینیە جیهانبینیەکی تر هەیە کە بڕوای بە سەرەکی کۆمەڵ و توانا و هێزی لە بڕان نەهاتوی کۆمەڵ هەیە ئەویش بریتیە لە جیهانبینی زانستی مارکسیزم کە بە تیۆری و بەکردەوە دەیسەلمێنێ کە سود و بەرژەوەندی گشتی لەسەرو بەرژەوەندی تاکیەوەیە و توانا و دەسەڵات و گەشەکردن و سەربەستی تاک بەندە بە

توانا و دەسەلات و گەشەکردن و سەربەستی کۆمەڵەوە، هەر کۆمەڵیشە کە دەتوانێ هەمو مافەکانی تاک مسۆگەر بکا وەک مرۆڤ بە شێوەیەک کە لە خزمەتی پێشکەوتنی بەرژەوەندی گشتی دابێ و هەر بە خەباتی گشتیش دەتوانێ کۆمەڵگایەکی پڕ لە مافەکانی مرۆڤایەتی بەدی بێت.

هەر کۆمەڵی سۆشیالیستیە کە دەتوانێ خاوەنداریەتی بە کۆمەڵی هەمو ئامرازەکانی بەرهەم بەدی بێنێ. بەبێ بەدی هێنانی یەک خاوەنداریەتی و یەک کۆمەڵگای سۆشیالیستی هەرگیز کاری بە کۆمەڵ و بەرهەمی هەرەوەزی بەدی نایەت و گیانی یارمەتی و هاوکاری جێی چەوساندنەوە ناگرێتەوە. سۆشیالیزمی دەتوانێ هەلومەرجێکی وا بەدی بێنێ کە بەرژەوەندی تاکیش خۆی لەناو بەرژەوەندی کۆمەڵ دا ببینێ و پارێزراو و بێ، نەک لە ژێر ئالای سەرمایەداریدا کە بەرژەوەندی تاک تێیدا دەپارێزرێ و بەرژەوەندی کۆمەڵ دەخرێتە ژێر پێیەوە.

لەڕووی جیهانبینینەوە (ڕەسەنیی فەرد یا ڕەسەنی کۆمەڵ) دوو جۆر بیرکردنەوەی جیاواز لەیەکترن. ڕەسەنی تاک(فەرد) بریتیە لە باوەڕی خۆپەسەندانە و زاڵ کردنی بیرکردنەوەی تاک بەسەر دەورو بەرو ڕوەکاندا. ڕەسەنی کۆمەڵ بریتیە لە بڕوابون بە گیانی شۆشگێڕی و یارمەتی و هەرەوەزی. ئەم بیرکردنەوەیە لە سەرچاوەی بارە بابەتی و خۆییەکانەوە هەڵدەقوڵێ و بەرژەوەندی کۆمەڵگا دەخاتە سەروی هەمو بەرژەوەندیەکی تاکییەوە.

زاڵبون بەسەر ڕەسەنی تاکی یا تاکپەرستی یا بەرژەوەندی تاکپەرستی پێویستی بە خەباتی سەختی درێژ خایەنە دژیان.

## تالگەرایی Nationalization

خۆماڵی کردن واتە هێنانە دەرەوەی تفاقەکانی بەرهەم هێنان لە ژێر دەسەڵات و خاوەنداریەتی تاکی یان کارگەی هاوبەشی تایبەتی و خستنیە ژێر دەسەڵاتی رژێمەوە. خۆماڵی کردنی زەوی و زار، بانکی کەرەستەی هاتوچۆ و گواستنەوە، کارگە و کارخانە، دەزگا جۆربەجۆرەکانی بەرهەم هێنان و بازرگانی و سود دەر، تفاقەکانی بەرهەم هێنەر، کاتێ دەکرێ کە لەژێر دەسەڵاتی خاوەنداریەتی تایبەتی نەمێنێ و بخرێنە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمەوە. زۆر جار خۆماڵی کردن لە لایەن ڕژێمە سەرمایەدار و کۆنەپەرستەکانەوە بە شێوەیەکی ناڕاست و لادەرانە بە جەماوەر دەناسێنن بۆ گۆڕینی ڕووی ڕاستی خۆماڵی کردن لای جەماوەر.

کاتێ ڕژێمێک خۆی لەسەر بنچینەی ململانێ و ناکۆکی و چەوساندنەوەی چینایەتی دامەزراوە، ناتوانێ بەکاری خۆماڵی کردنی ڕاست هەڵسێ چونکە خۆماڵی کردنی لەو ڕژێمەدا بەندە بە سروشتی چینایەتی ڕژێمەکەوە.

واتە خۆماڵی کردن جگە لەوەی کە زاراوەیەکی ئابوورییە زاراوەیەکی سیاسیشە. لە وڵاتانی سەرمایەداریدا (خۆماڵی کردن) بە مانای ئەوە نایە کە دەزگا خۆماڵیکراوەکان بخرێنە ژێر دەسەڵاتی جەماوەرەوە، چونکە ڕژێمەکە خۆی پارێزراوەو بەرگریکردن بەرژەوەندی جەماوەری گەل نییە.

لە وڵاتانی سەرمایەداریدا خۆماڵی کردن نابێتە هۆی لەناوبردنی چەوساندنەوە و هێنانی پەیوەندیەکی نوێ. بگرە لەم ڕژێمانەدا خۆماڵی کردن لە لایەکەوە دەبێتە هۆی دانانی سنورێک بۆ توانای مۆنۆپۆلەکان و لە لایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی سەرمایەداریی ڕژێم.

لەهەر وڵاتێکدا کە ڕەنجدەران خاوەن دەسەڵاتن خۆماڵی کردن دەبێتە هۆی بەدی هێنانی ئامانجی ئەوان و کەم کردنەوەی دەسەڵاتی

سەرمایەداری وەک خۆماڵی کردنی دەزگاکانی بەرهەم هێنەر لە فەڕەنسا پاش ڕزگار بوونی لە دەسەڵاتی فاشیزم و سەرکەوتنی بەسەر هێزی هیتلەریدا.

خۆماڵی کردنی ڕاستەقینە کاتێکە کە لە لایەکەوە دەبێتە هۆی بڕینی دەستی مۆنۆپۆلەکانی بێگانە لە وڵاتدا و ئابوری وڵات سەربەخۆیی تەواوی خۆی وەردەگرێ و لە لایەکی تریشەوە لەناو وڵات دا بەسود و قازانجی زۆربەی زۆری جەماوەر بێ و ئاستی ژیانی جەماوەر بەرز بکاتەوە.

لەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی گەشە کردندان (خۆماڵی کردن) گرنگیەکی تایبەتی هەیە.

خۆماڵی کردنی دەزگاکانی بێگانە کە سەر بە مۆنۆپۆلەکانی بێگانەن لە وڵاتدا دەبێتە هۆی شکاندنی دەسەڵاتی بێگانە بەسەر وڵات دا، ئەو هەنگاوە ڕاپەڕینێکی گرنگە دژی ئیمپریالیزم کە هەمیشە تەقەڵای پاشخستنی ئابوری وڵاتە ژێردەستەکان دەدا و هەنگاوەکە دەبێتە هۆی پێشخستنی ئابوری وڵات.

هەرچەندە ڕژێمی وڵاتەکە لایەنگری سود و بەرژەوەندی جەماوەر بێ، لە ژێر چاودێری جەماوەر بێ و دیموکراتی بێ، ئەوەندە زیاتر خۆماڵی کردنەکە قوڵتر و پڕ ناوەڕۆکتر و سودبەخشتر دەبێ.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە خۆماڵی کردن کاتێ ڕاست دەبێ کە ڕژێم ڕژێمی جەماوەری گەل بێ واتە ئەگەر ڕژێم سەرمایەداری و بۆرجوازی بێ، خۆماڵی کردن دەبێتە دەوڵەتی کردنی تفاقەکان و دەزگاکانی بەرهەمهێنەر و هێنانە دەرەوەیان لە ژێر دەسەڵات و خاوەنداریێتی تاقمێکەوە بۆ خستنە ژێر دەسەڵات وخاوەنداریێتی تاقمێکی ترەوە بەڵام ئەگەر ڕژێم جەماوەرەی بێ (خۆماڵی کردن) دەبێتە گەلی کردنی تفاقەکان و دەزگاکانی بەرهەمهێنەر و هێنانە دەرەوەیان لە ژێر دەسەڵات خاوەنداریێتی تایبەت بۆ خستنە ژێر دەسەڵات و چاودێری جەماوەری گەل، کە لەم ڕوەیانەوە یەکێکە لە ئامانجەکانی حزبی

مارکسی-لینینی.

## خۆیی و بابەتی Subjective & Objective

خۆیی (سەبجەکتیف): مانای ئەو شتەیە کە لە بیرو هەستی مرۆڤ دا هەیە. بە پێی تیۆری مەتریالیزم بریتیە لە تیشکدانەوەی جیهانی بابەتی.

بابەتی (ئۆبجەکتیف) مانای ئەو شتەیە کە لە دەرەوەی بیرو هەستی مرۆڤە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ بونی هەیە. واتە بونی بابەتی بەند نییە بە دەسەڵاتی هەست و بیری مرۆڤ.

لەڕووی کۆمەڵایەتی و فەلسەفیەوە ئەم دوو زاراوەیە زۆر بەکاردێ. هەڵسەنگاندنی باری بابەتی پێویستە لەسەر بناغەیەکی واقیعیبونی شوێن و کاتی بارەکە بێت لەسەر بناغەی تایبەتی بیرکردنەوەی دور لە بارە بابەتیەکە. چەند هەڵسەنگاندن ببەستینەوە بۆ واقعیەتی بابەتەوە و هەمو لایەنەکانی لێک بدەینەوە ئەوەندە بۆچونەکانمان ڕاست دەردەچن.

باری بابەتی و خۆیی پەیوەندییەکی دیالەکتیکیان هەیە بە یاساکانی پەیوەند بە سروشت و کۆمەڵەوە. بۆ نمونە: لەسەر سروشت کە دەڵێن ئەو یاسایە بابەتییە، واتە یاساکە کە لە دەرەوەی خواست و دەسەڵات و بیری مرۆڤە و بەپێی پرۆسەیەکی بابەتی بە ئەنجام دەگا، وەک ڕووناکی ڕۆژ، تاریکیی شەو، پلەی گەرمی، یاسای ڕاکێشان...هتد. ئەم یاسا بابەتیانە بمانەوێ و نەمانەوێ بەپێی پرۆسەیەکی سروشتی هەڵدەسوڕێن.

لە بارەی کۆمەڵیشەوە کاتێ دەربارەی یاسای بابەتی دەدوێین، مەبەستی ئەو ڕوداوانەو گۆڕانانەیە کە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بە سەربەخۆیی لە هەمو خواست و دەسەڵاتێکی مرۆڤ ڕودەدەن وەک گۆڕانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی بۆ سەرمایەداری کە لە هەلومەرجێکی پەیوەند بە یاسا بابەتی دێتە کایەوە و ماکەکانی گۆڕان لە دەروونی

کۆمەڵگاکەدا گەیشتنی ئەو گۆڕانە دروست دەکەن.

بەڵام هەروەک چۆن کۆمەڵ لە ڕێگەی ئاشنابون و شارەزابونی یاساکانی سروشتەوەدەتوانێ سودیان لێ وەربگرێ و لە بەرژەوەندی کۆمەڵ دا بەکاریان بهێنێ، هەرواش لە ڕێگەی ناسینی یاسا بابەتیەکانی گەشەکردنی کۆمەڵەوە دەتوانێ زاڵ بێ بەسەریا و لە پێناو خێرایی پێدانی پێشکەوتنی کۆمەڵ ئەو گۆڕانی شۆرشگێرانەیە سودیان لێ وەربگرێ.

بۆیە پەیوەندیەکی دیالەکتیکی هەیە لە نێوان بابەتی و خۆیی و تەنها پشت بە ستن بە باری بابەتی و بەو مانایەی کە ڕەوشەکە هەر دەگۆڕێ و چاوەڕێکردنی دەبێتە مایەی ڕەزامەندی بە درێژەدانی زۆر و ستەم و چەوساندنەوە. بە پێچەوانەوە مرۆڤی خاوەن هەست و وشیار نەک تەنها واقیعییانە دەوری خۆی دەبینێ و شارەزای یاسا بابەتیەکانی گۆڕانی کۆمەڵ دەبێ، بگرە ئەو شارەزابونەی دەکاتە ڕێبازی گۆڕان و زیندوانە کار دەکاتە سەر گۆڕان.

زانایی و شارەزایی لە هەمو کارێکدا دوو لایەنی هەیە :

یەکێکیان لایەنی خۆیی (سۆبجکتیف)کە بریتیە لەو زانیارییەی کە مرۆڤ یان کۆمەڵ پەیدای دەکا.دووەمیان، لایەنی بابەتی (ئۆبجەکتیڤ) کە بریتیە لە ویاسایانەی کە مرۆڤ یان کۆمەڵ زانیاری لە بارەیانەوە پەیدا دەکات.

بۆیە هەمو پشت بەستنێک بەباری بابەتی ویەک لایەنە و فەرامۆش کردنی باری خۆیی دەبێتە هۆی پەیدا بونی بیر و تیزی ئۆبجەکتیڤی.

ئەگەر هەست و بیر بەتەنیا واتە باری خۆیی بەتەنیا لە ڕێگەی کۆمەڵ یا بەتاکی، یەک لایەنە، بەکاربهێنرێ، یا ئەگەر بە شێوەیەکی کوێرانە دوای ڕشتەیی تیۆری و بیر پەرستی کەوتن یا ئەگەر ناکۆکیە بابەتیەکان فەرامۆش بکەن، یا ئەگەر بیر کردنەوە و نەخشەی ڕووت و قوت بخەنە جێگەی واقعی بابەتی و بڕیاری لەسەر بدەن، بەم ڕەفتارانە

تووشی نەخۆشی سەبجەکەتیزمی واتە بیر پەرستی دەبێ.

## دادگای پاپا Inquisition

ئەم زاراوەیە بەکارهێنراوە بۆ ئەو دادگایانەی کەلە لایەن کەنیسەی کاتۆلیکەکانەوە بە بڕیاری پاپا دادەنرا بۆ سەرکووت کردنی ئەوانەی کە پێچەوانەی پاپا و دەسەلاتی ئایدۆلۆجی و سیاسی ئەو بون.

ئەم دادگایانە هەزاران ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازیان بە ناوی گومڕاو بێ دینیەوە دەخستە زیندان، ئازاریان دەدان و، هەڵیان دەواسین یا بەزیندووی دەیان سوتاندن.ئەو دادگا چەوسێنەرانە ببونە سەری ڕمی زۆر وستەم لە چەرخی سیانزەهەم و لە سەردەمی چەرخەکانی ناوەڕاست بە دەست کەنیسەکان و دەست وپەیوەندی کەنیسەکانەوە دژی ئازادیخوازان و بە قازانجی دەسەلاتی دەرەبەگایەتی.

لە چەندین سەدەی یەک بە دوای یەک دا زۆربەی خوێندکاران، ویژەوانان، ڕۆشنبیران، نوسەران، پزیشکان، هونەرمەندان، زانایان، دانایان، خەباتکەرانی ئەو سەردەمانە و ژمارەیەکی زۆری تری خەڵکی چەوساوە دەکەوتنە ناو توونی ڕق و قینی دەست و پێوەندەکانی کەنیسەو دەبونە قوربانیی دادگاکانی پاپا (ئەنگیزسیون).گومڕایی تاوانی سەرەکی بوو کە دادگا دەیدایە پاڵیان. دادوەرەکان بە دڕندانە ترین شێوە بیرو باوەڕی ئایینیان بەسەر خەڵکی دا دەسەپاند ودڕندانەترین ئەشکەنجەی خەڵکیان دەدا کە تا ئەم سەردەمە ناوبانگی دەزڕنگێتەوە.

ئەم دادگایانە چاکترین ڕێگا بون بۆ کۆکردنەوەی سامان لە ڕێگایی تالان کردنی خەڵکی و دەست بەسەرا گرتنی ماڵ و دارایی و سامانی ئەوانەی کە تاوانبار دەکران و حوکم دەدران هەرچەندە دەورانی دادگای پاپا پتر لە سەدەو نیوێک دەبێ بەسەر چووە بەلام ئێستاش ( دادگای دڕندانە ) بە شێوەیەکی نوێتر وڕێبازێکی نوێتر و درندانە تر هەر ماوە بەردەوامە لە عێراق دا، ئێستاش دادگاکانی تکریتی لە

عێراق هەمان شێوە و ڕێبازی دادگاکانی پاپا بەکار دەهێنن لە گرتن و هەڵواسین و کوشتن و زیندە بەچاڵ کردن و پەل پەل کردنی خەڵکی. ئێستاش( نەبون بە بەعسی و جاسوسی نەکردن) گەورەترین تاوانە کە دادگاکانی تکریتی دەیدەنە پاڵ ئازادیخواز و نیشتمانپەروەران ودیموکرات وپیشکەوتنخوازان، دادگاکانی تکریتی هیچیان بۆ دادگاکانی پاپا نەهیشتوتەوە، واتە دادگاکانی تکریتی بریاری کوشتنی خەڵکی دەدەن پاشان زیندان کردنی لاشەکەی بۆ چەندساڵیک پاشان تالان کردنی دارایی و ماڵ وسامانەکەی پاشان سەرانە سەندن لە کەس و کاری کوژراو و پاش هەمو ئەمانە سەندنی باجی لەشی کوژراو بە چاو دەرهێنان و دڵ و جەرگ دەرهێنانی.

## داسەپاندن Capitalization

کاپیتۆلاسیۆن زاراوەیەک بەمانای (بەدەربونی فەرمانبەران و کاربەدەستانی وڵاتانی داگیرکەر کە دەژین لە وڵاتانی داگیرکراو یا نیمچە داگیر کراو لە هەمو یاسایەک و دانی چەند دەسەڵاتێک پێیان کە بۆ دانیشتوانی وڵاتانی داگیرکراو قەدەغەیە).

ڕژێمی کاپیتۆلاسیۆن ئەو ڕاستیە دەردەخات کە وڵاتی سەرمایەداری و داگیر کەر چەند مافێکی تایبەتی هەیە بەسەر وڵاتە داگیرکراوەکاندا بە شێوەیەکی نابەرامبەری.

یەکێک لە دیارەکانی کاپیتۆلاسیۆن بریتی یە لە بەدەربونی دەستەو دایەرەکانی وڵاتی داگیرکەر لە هەمو یاسایەکی دادگایی و لێپێچینەوەی وڵاتی داگیرکراو لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا. بۆ نمونە ئەگەر یەکێکی خەڵکی وڵاتێکی داگیرکار بە تاوانێک هەڵدەسێ، بۆ وڵاتی داگیرکراو نیە لێی بپرسێتەوە بیداتە دادگای خۆی، بگرە لە ڕێگەی قونسوڵیەتی وڵاتە داگیرکارەکەوە لێ دەپرسێتەوە.

دیارەدەیەکی تری کاپیتۆلاسیۆن بریتی یە لە دەستنیشان کردنی

خانوو بەرەوە هەمو پیویستیەکی ژیان بۆ دەستەو دایەرەکانی وڵاتی داگیرکەر، کە خۆیان دەستنیشانی دەکەن لە هەر شوێنێ بیانەوێ لە وڵاتی داگیر کراو دا و بەدەرن لە هەمو دەسەڵاتێکی ڕژێمی وڵاتە داگیرکراوەکە.

لەڕووی مێژووییەوە کاپیتۆلاسیۆن لەسەدەی دەیەمەوە پەیدا بو بە شێوەی دانی چەند مافێکی تایبەتی بە بازرگانەکانی ئیتاڵیا بۆ چەند جۆرێکی کەلوپەل لە لایەن بێزەنتیەکانەوە.لەو سەردەمەدا وڵاتی ماف پێدراو دەیتوانی هەر کاتێک بیەوێ هەڵیوەشێنێتەوەبە پێی بەرژەوەندی خۆی. بەڵام پاش دروست بونی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، ئەم دەسەڵاتە هاتە کایەوە بە شێوە و بەرگێکی نوێتر و توندتر.لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەهەم دا لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی دووەم دا هەمان ماف ودەسەڵاتی تایبەتی بە بازرگانەکانی فەرەنسا.

کارڵ مارکس کاپیتۆلاسیۆنی سەردەمی عوسمانی وەک بڕوانامەیەک دادەنێ کە لە لایەن دەربارەی سوڵتانەوە دراووە بە بازرگانەکانی وڵاتی ئەوروپا تا بێ ڕێگری، کاری سەوداکاری وپیشەیی خۆیان بکەن.

ڕووی کاپیتۆلاسیۆنی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گەلێ جیاواز تر بو لە هی سەدەی دەیەم تا دوازدەهەم، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە ئەو دەسەڵات و ماف پێدانە بەرامبەری نەبوە لە نێوان وڵاتاندا و بۆ وڵاتی ماف پێدراو نەبوە هەڵی وەشێنێتەوە بگرە بە ئارەزووی وڵاتی دەسەڵاتدار بوە.

### لە سەدەی هەژدەهەم دا کاپیتۆلاسیۆن

شێوەیەکی نوێی بە خۆیەوە گرت کە بریتی بو لە بە زۆر سەپاندنی دانی دەسەڵات و مافی تایبەت بە دەستەودایەرەکان لە وڵاتە ئەوروپییەکان لە لایەن وڵاتانی بێدەسەڵاتی ڕۆژهەڵاتەوە کە هەرگیز بۆ وڵاتە ڕۆژهەڵاتەیەکان نیە هەڵیوەشێننەوە. ئەمە لە لایەک لە لایەکی

تریشـەوە کاپیتۆلاسـیۆنی سـەدەکانی دەیـەم و دوانزەهـەم و شـانزەهەم لـە بەرژەوەنـدی وڵاتـە پێشـکەوتوەکان بـو لـە ڕووی سـەرمایەدارییەوە بەڵام لاواز لـە ڕووی دەسـەڵاتی هێـزی سـوپاییەوە، بـەڵام کاپیتۆلاسـیۆنی پـاش سـەدەی هەژدەهـەم تـەواو لـە بەرژەوەنـدی وڵاتـە داگیرکـەرە دەسـەڵاتدارەکانە و بەزیانـی وڵاتانـی داگیرکـراو نیمچـە داگیرکـراو تـەواو دەبـێ.

پـاش سـەرکەوتنی شـۆڕشـی ئۆکتۆبـەر لـە ڕوسـیای قەیسـەری، کاپیتۆلاسـیۆنی وهەمـو دیاردەکانـی کـە لەمـەو بـەر ڕوسـیای قەیسـەری بەسـەر وڵاتانـی ژێردەسـتەو داگیرکـراوەدا سـەپاندبوی هەڵواشـێنرانەوە.

کاپیتۆلاسـیۆن هـەر لەسـەر ئاسـتی ئابـوری نیـە بگـرە لەسـەر ئاسـتی سیاسـی و ئابـوری سـوپایی و تەنانـەت فەرهەنگیـش وڵاتانـی داگیرکـەر بەسـەر وڵاتانـی داگیرکـراو نیمچـە داگیرکـراو تەنانـەت وابەسـتەش دەیسـەپێنن.

## داگیرکردن Colonization

داگیرکـردن – زاراوەیەکـە بـۆ سیاسـەتی ڕژێمـە ئیمپریالیسـتەکان بەکاردەهێنـرێ بۆ داگیرکردنـی وڵاتانـی تـرو چەوسـاندنەوەی خەڵکـی ئـەو وڵاتـە داگیرکراوانـە لـە ڕووی ئابوریـەوە، و لـە پێنـاوی درێژەدان بـە کاری داگیرکەرانـەی خۆیـان دەبنـە ڕێگـر لـە گەشـەکردنی هونـەری وئابـوری و فەرهەنگـی وڵاتـە داگیـر کـراوەکان.

لەسـەدەکانی پێشـوو دا داگیرکـەرو داگیرکـراو هەبـوە پێـش پەیدابونـی ئیمپڕیالیزمـی جیهانی.بـەڵام ئێمـە لـەم زاراوەیەدا لە سـەردەمی ئیمپڕیالیزمی جیهانیـەوە کـە لـە چەرخـی بیسـتەمەوە دەسـتی پـێ کـردوە لـە سـەری دەدوێـن، کـە خۆی لـە شـیوەی دابەشـکردنی جیهـان دا دەنوێنـێ و چەندین ئیمپڕاتۆریـەت و وڵاتانی داگیرکـەر و داگیـر کراوی بەدیهێنـاوە کە بەشـێکی سـیمای سـەردەمی ئیمپڕیالیزمـە.

داگیرکراو، بە وڵاتێک ئەوترێ کە سەربەخۆیی سیاسی و ئابوریی بە تەواوی لێ سەندرابێت و لە هەمو کاروبارێک دا.وڵاتی داگیر کراو دەبێتە سەرچاوەیەکی کانزایی سروشتی خۆرایی وە ئوردوی هەرزانی دەستی کارو بازاڕی ساغکەرەوەی کەلوپەلی وڵاتی داگیرکەر لەرووی باری ئابوری و سەرمایەوە، بەڵام لەڕووی سوپایشەوە دەبێتە بنکەو مەیدانی سوپایی و مۆڵگای هێزی چەکداری و داگیرکەر سیستەمی ئیمپڕیالیزم بەرامبەر وڵاتە داگیر کراوەکان چییە :

لە پاڵ وڵاتانی داگیرکراودا وڵاتانی نیمچە داگیرکراویش هەیە کە بە جۆراوجۆر شێوە بەستراونەتەوە بە ئیمریالیزمەوە لە ڕووی سیاسی و ئابورییەوە.

ئەم سیستەمە لە پەیدا بونی ئابلۆقەی سەرمایەداریەوە هاتۆتەکایەوە کە لەماوەی ئەم سەدەیەدا لە ڕێگەی داگیرکردنی وڵاتان بە زۆری سوپاوە لە لایەن ئیمپریالیزمەوە دروست بوە و بۆتە هۆی دابەش کردنی جیهان لە لایەن ئیمپریالیزمەوە.

لینین لەبارەی سەردەمی دروست بونی ئیمپڕیالیزمەوە دەڵێ:

(سەرمایەداری بەرەو یەک سیستەمی چەوسێنەرو داگیرکەرو خۆسەپێنەر دەچێ کە دەبێتە هۆی داگیر کردنی وڵاتانی لاواز و بێ دەسەڵات) میترۆپۆل : واتە وڵاتی ئیمپریالیزمی خاوەن وڵاتانی داگیرکراو : بە هێزی گەورەی سەرمایەوە وڵاتانی میترۆپۆل دەکەونە چەوساندنەوەی گەلانی وڵاتە داگیرکراوەکان و دەبنە خاوەنی سود و قازانجێکی یەکجار گەورە و سەرسوڕهێنەر لە ڕێگەی مسۆگەر کردنی دەستی کاری هەرزان و کانی سروشتی و بازاڕی ساغ کردنەوەی کەلوپەلی کارگە و کارخانەکانیان، لەم سەردەمەدا دەست بە سەراگرتنی ئاشکرای وڵاتە ئیمپریالیزمەکان بەسەر کانەکان و سەرچاوەکانی بەرهەم ودەستی کاری گەلانی سەرزەمیندا، بۆتە هۆی ئەوەی کە وڵاتە داگیرکراوەکان ببنە کانگای هەڵهێنجانی سەرمایەی میترۆپۆلەکان.

بـەرەو دوا بردنـی ئابـوری وڵاتـە داگیرکـراوەکان لـە لایـەن وڵاتـە داگیرکارەکانـەوە گرانترین و خراپترین سیاسـەتی میترۆپۆلەکانـە، کـە دەبێتـە هـۆی پێگەیشـتن و بنیاتنـان و بـەرەو پیشـەوە بردنـی کارگـە و کارخانـە سـەنعەتیە قورسـەکان لـە وڵاتـە داگیرکـەرەکان و ڕێگری کـردن لـە پەیدا بونی ئەو کارگـە سـەنعەتیە قورسـانە لـە ناو وڵاتانی داگیرکراودا و بەرهەڵسـتی کردنـی دروسـت بونـی دەسـتی کاری هونـەری و پسـپۆڕی و کادری سـەنعەتی تیایا ئیمپریالیزمـەکان تەقەلایی ئـەوە دەدەن کـە لـە وڵاتـە داگیرکراوەکاندا یـەک سـەرچاوەی ئابـوری واتـە مۆنۆکەلتـەر (یـەک داهاتـی ) وەک نـەوت، شـەکر، قـاوە، مـس هەبێت بـە مەرجێـک تـەواوی ئامرازەکانـی بەرهـەم هینانـی دەسـتی کاری پسـپۆڕ لەلایـەن ئیمپڕیالیزمـەکان خۆیانـەوە قۆرخ بکرێت. لە ئەنجام دا ئەمە دەبێتە هۆی پەیدابونی گەورەترین دژواری لـە ڕێ پەیـدا بونـی ئابوریەکـی بەرامبـەری، بگـرە لـە وەش زیاتـر دەبێتـە هـۆی دروسـت بونـی ئابوریەکـی نابەرامبـەری لـە وڵاتـە داگیرکراوەکانـدا بەتایبەتـی لـە بـواری ئاڵوگۆرکردنـی بەرهەمەکانـدا کـە ئەمـەش لایەنێکـی تـری خڕبونـەوەی سـامانی خەیاڵیـە لـەلای میترۆپۆلـەکان.

**خەبات دژی ئیمپریالیزم و سەرنگوون کردنی سیستەمی داگیر کردن:**

گەلانـی وڵاتانـی داگیرکـراو و نیمچەداگیرکـراو هەڵسـاونەتە سـەرپێ وخەباتـی شـۆڕشـگێری و سـەختیان دەسـت پێکـردوە دژی دەسـەڵاتی ئیمپڕیالـی، دژی دەسـت بەسـەرا گرتنـی وڵاتـان لـە ڕووی سیاسـی وئابوریـیـەوە.

بزوتنـەوەی ڕزگارخوازانـە پـاش شـۆڕشـی ئۆکتۆبـەری مـەزن کەوتـە قۆناغێکـی نـوێ و پـڕ توانـاوە بەتایبەتـی پـاش شـەری جیهانـی دووەم و پەیدا بونـی سیسـتمی سۆشـیالیزم. ئـەو بزوتنەوەیـە یەکجـار بەتوانا بـوو. سۆشـیالیزم و پتـەو بونـی بـوە هـۆی بـەدی هاتنی چەرخـی ڕزگاری گەلانـی ژێـر دەسـتەو پچرانـی زنجیـری ئیمپڕایالیـزم.

شەپۆلی ڕاپەڕینی ڕزگاریخوازانە قەڵای سیستمی ئیمپرایالیزمی هێنایە لەرزەو شڵەقان.شۆڕشی گەلانی جیهان بە شێوەیەکی سەرەکی دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکیە کە وەک پۆلیسی پاسەوانی ڕژێمی ئیمپڕایالیزمی وسەرکردەی چەوسێنەری جیهان خۆی دەنوێنێ.

هێشتا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان خەبات بە ئەنجام نە گەیشتوە، ئەو نەتەوانەی کەلە پلەی پچڕانی تەوقی ئیمپڕیالیزمن قۆناغ بە قۆناغ بەردەوامن لە ڕێبازی خەباتدا.بەشێکیان کە ڕژێمی نیشتمانیان پێک هێناوە هێشتا لە تەقەلای بەهێز کردن و سەربەخۆیی باری ئابوری و سیاسیی خۆیانن و ڕێبازی سەخت و دریژخایەنیان گرتۆتە بەر.هێشتا بەشێکی ئەو وڵاتانەی کەلە ڕووکەشدا سەربەخۆیی خۆیانیان وەرگرتوە، لە ناوەڕۆکدا و لەژێر باری پەیوەستی سیاسی و ئابوری بە بێگانە وە دەناڵێنن، ڕاپەریون دژی ئیمپریالیزم و ڕژێمە کۆنەپەرست و فاشستەکەی خۆیان دژی زۆر و ستەمی چینە چەوسێنەرەوەکان خەبات دەکەن.

هێشتا ئەو وڵاتانەی کە بەناو خۆیان بە سەربەست و سەربەخۆ دەزانن و دژی چەوساندنەوە و ئیمپڕیالیزم ڕاپەریون و ڕژێمی بە ناو دیموکراتی بۆرجوازیان هێناوەتە کایەوە لەلایەکی ترەوە کەوتونەتە چەوساندنەوەی نەتەوەکانی تری هاوبەشیان لە وڵاتدا و پێشێل کردنی سادەترین مافی نەتەوایەتیان کەوتۆنەتە چەوساندنەوەی چینی کرێکاران و ڕەنجدەرانن گشت وڵاتەکەیان، کە هەمو هیزە شۆڕشگێر و نیشتیمان پەروەر و ڕزگاریخوازەکان کەوتونەتە بەرەیەک دژی ئەو ڕژێمانە و درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن بۆ ڕزگاری نیشتمان و دیموکراتی ڕاستەقینە. هێشتا کرێکاران و ڕەنجدەران چەوساوە لە ڕاپەرین خەبات دان، لە خۆ ڕێکخستندان لە ناو ڕێکخراوە و حزبێکی پرۆلیتاری ڕاستەقینەی مارکسیزم –لینینزم بۆ درێژەدان بە خەباتی ڕەوای چینایەتی و بەدی هێنانی ڕژێمێکی سۆشیالیستی پڕۆلیتاری ڕاستەقینە.

## کۆلۆنیالیزمی نوێ New Colonialism

پاش لاوازبونی سیستەمی (ژێر دەستەیی کردنی وڵاتان) لەلایەن ئیمپڕیالیزمەوە لە لایەک و لەبەرامبەریا پەرەسەندنی راپەرین و جۆش و خرۆشی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی لە هەلومەرجی پەیدا بون و پتەوبونی سۆشیالیزمدا، وگەشەکردن و بڵاوبونەوەی بیروباوەڕی مارکسیزم لە سەرانسەری جیهاندا داگیر کردنی نوێ. چیتر ئیمپڕیالیزم نەیتوانێ بە شێوەی داگیرکردن و بەهێزی سوپایی وڵاتان ژێر دەستە بکات.

ناچار پەنای بردە بەر شێوەیەکی نوێ تا بە ئەنجامی خۆی بگا کە هەر هەمان ئامانجی ژێر دەستەیی کردنی وڵاتانە، بەڵام لە بەرگێکی تردا کە جیاواز بێ لە شێوەی کۆنی، واتە شێوەی (کلاسیکی)، بۆیە ناوی نرا داگیر کردنی نوێ یان نیوکۆلۆنیالیزم.

لێرەدا هەندێک لە شێوەکانی «ژێر دەستەیی کردنی وڵاتان لە بەرگێکی نوێ دا « دەخەینە بەرچاو.

١-لە ڕێگای دەسەڵاتداری تاقمێکەوە کە بە پیلانی ئیمپریالیزم دەچنە سەر کار و ڕژێم دەگرنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان لە ڕێگای پیلانی هەڵگەرانەوە و کوشتار، وەک هەڵگەرانەوەکەی «شیلی « لە ساڵی ١٩٧٣ دا.

٢- لە ریگای دەسەڵات سەپاندن بەسەر سەرچاوە و شادەمار ئابوریەکاندا لە مەیدانەکانی کشتوکاڵیدا، بە هۆی خاوەنداریێتی سەرمایەی ئەوە سەرچاوانە و ناردنی سەرمایە بۆ ئەو وڵاتەکە، یا بە هۆی دانی قەرز بە وڵاتەکە یان وەگەرخستنی سەرمایە تێیدا.

وەک دەست بەسەرداگرتنی هەمو شادەمارەکانی ئابوری میسر لەلایەن ئەمریکاوە.

٣-سەپاندنی بازرگانی ئاڵوگۆری کەلوپەلی نا بەرامبەری لە نێوان وڵاتی ئیمپڕیالیزم و وڵاتێکی تردا لاواز دا کە دەبێتە هۆی ڕێگری کردن

لە گەشـەکردنی ئابوریی وڵاتـە لاوازەکـە وەک میرنشـینەکانی عەرەبی.

٤- دامەزراندنـی بانـق و دەزگای ئابـوری لـە لایـەن وڵاتێکـەوە لـە ناو وڵاتێکـی تـردا کـە شـادەماری ئابوریـی وڵاتەکـە دەخاتـە ژێـر دەسـتی خۆیـەوە. وەک کنسرسـیومی فـرە ڕەگـەزی نەوتـی و بانقـی لـە ئێـران.

٥-مۆرکردنـی بریـار و پەیمانـی نابەرامبـەری و لـە ژێـر مەرجـی سـەختدا کـە لەلایـەن وڵاتـە دەسـەڵاتدارەکانەوە دەسـەپێنرێ بەسـەر وڵاتـە بچوکەکانـدا لـە ڕووی ئابـوری.

سیاسـی، سـوپاییەوە وەک پەیمانـی سـوپایی نێوان یەمـەن و ئەمریکا، بارزانـی و تورکیـا دا.

٦- لـە ڕێـگای سـود وەرگرتـن لـە دەزگاکانـی فەرهەنگـی و چاپەمەنـی و خێـر خـوازی وهـاوکاری.... هتـد بـۆ بڵاوکردنـەوەی ئایدیۆلۆجیەتـی ئیمپریالیـزم لـەو وڵاتـەدا.

٧- ڕاکێشـانی کردنی بۆرجوازی نیشـتمانی وتوێژەکانی تـری وڵات بـە لای خۆیدابۆ مسـۆگەر کردنـی دەسـەڵاتیان و هێنانـە سـەر کاریـان.

٨-لەڕێـگای دروسـتکەردنی پارتـی کۆنەپەرسـت و ناسیۆنالیسـت نەتەوەپەرسـتی تەسـک لـە ژێـر پـەردەی پێشـکەوتنخوازی و نیشـتمان پەروەریـدا بـۆ پەیداکردنـی دەسـەڵات لـە وڵاتەکـەدا و گێڕانـەوەی بـۆ ژێـر جڵـەوی ئیمپریالیـزم.

٩-سـود وەرگرتن لـە دووبەرەکـی و بـرا کوژی نانـەوە، لـە نێوان هێـزە ڕزگاریخـواز و نیشـتمان پەروەرەکاندا.

١٠- سود وەرگرتن لە ئەنتی کۆمۆنیزم بە شیوەی چەپی یا ڕاستی.

## دەرەبەگایەتی Feudalism

دەرەبەگایەتی قۆناغێکی کۆمەڵایەتیی ئابورییە کە لە پاش لە ناوچوونی کۆمەڵگای کۆیلەداری ولە هەندێ جێگادا پاش لە ناوچوونی کۆمۆنی سەرەتایی هاتۆتە کایەوە.

فاکتەرەکانی لە دایکبونی ئەم قۆناغە لە منداڵدانی قۆناغی کۆیلەیدا سەری هەڵداوە بە شێوەی کۆڵۆن.

کۆڵۆن بەو کۆیلە نیمچە سەربەستانە دەوترێ وەک ڕەنجدەرێک پارچە زەوییەکی بچووکیان هەبوە، بە کرێ لە خاوەن زەوییەکانیان دەگرت و دەیانکردە کشتوکاڵ وپاشان لە سەری ساڵ دا بەشی هەرە زۆریان دەدا بە خاوەن زەوییەکان بە شێوەی بەرهەم یان پارە، جگە لەوەی ڕۆژانە کاریان بۆ خاوەن زەوییە گەورەکان دەکرد بە بێگار. لە کۆتایی سەردەمی کۆیلەدارییدا، ئەمانە بەروبومیان لە پێشوو زیاتر دەست دەکەوت. وەرزێرە نوێکان پتر بە زەویەوە بەسترانەوە، واتە لەگەڵ فرۆشتنی زەویدا وەرزێرەکانیش دەفرۆشران بەڵام لە چاو کۆیلەداریدا سەربەستتر بون چونکە بێ زەوی وەک ئاژەڵ نەدەفرۆشران و نە دەکران. وردە وردە جیاوازی نێوان کۆلۆنەکان و جوتیارانی سەربەست و کۆیلەکان کەم بۆوە تا وای لێ هات هەمویان وەک یەکیان لێ هات چینێکیان بە ناوی مسکێنەوە پێکهێنا. خاوەن زەوی وزارەگەورەکانیش چینی دەرەبەگیان پیکهێنا وە لە سەردەمی دەرەباگایەتیی ناولێ نرا.

لەڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی–ئابوری دەرەبەگایەتییەوە، چینە سەرەکیەکان یان بنچینەییەکان بریتی بون لە جوتیاران یان مسکێنەکان کە چەوساوەکانن، خاوەن موڵکەکان یا دەرەبەگەکان کە چەوسێنەرەکانن. فاکتۆری شۆڕشگێری ئەو قۆناغە، جوتیاران و پیشەوەرەکانن لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا کۆمەڵگا نەکراوە بە دوو بەشی سەربەست و ژێر دەستە، بگرە کرا وە بە فەقیر و دەوڵەمەند.

سەرۆک تیرەکان فەرمانڕەوایانی شەرە، پیاوە ئاینیەکان،پێشەواکانی پارێزەری ئاسایش و سەرپەرشتیکەری زەویوزاری خاوەن موڵکەکان وەک کوێخا و گزیر، بە هۆی داهات و دەسکەوتەکانیانەوە بە بەشی دەوڵەمەند دادەنرێن و بەشەکەی تریش کە ڕەنجدەران و چەوساوانن بەرەی فەقیر و هەژار پێکدێنن.

## هێزەکانی بەرهەمهێنان

لەم سەردەمە دا وەک قۆناغێکی گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لە هێزە کاراکان پێشکەوتووتر بوو.بەشی سەرەکیی بەرهەم لەم سەردەمە، کشتوکاڵە.کاری جەماوەری جوتیاران بە زەوییەوە بەستراوەتەوە.

جوتیار ساڵانە پارچە زەوییەکی کێڵاوە کردویەتی بە کشتوکاڵ بەو ئامێرانەی کە بەدەستیەوە هەیبوە یان بە دەستی کەوتووە، بەرهەمی هێناوە. ئەم خاوەندارێتییەی ئامێر تا ڕادەیەک بۆتە هۆی گەشەکرنی ئەو چینە. ئامێر بە شێوەی سەرەتایی وەک گاسن، نێر، هەوجار، جووتەگا، یان ئێستر... هتدبوە. پاشان وردە وردە ئەم ئامێرانە و ئامێری تریش هاتنەکایەوە و بەرەو پێشەوە چوون وەک پەیدا بوونی ئاشی هەوا، ئاو و ناعوور.پاشان بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتی پتر بون وکاری پیشەیی پەیدا بو وەک ئاسنگەری و کەشتیوانی وگەلێ پیشەی تر تا وای لێهات کە چیتر بەرهەم لە سایەی پەیوەندیی تەسکی دەرەبەگایەتیدا نەیتوانی گەشە بکات.

## پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان

پەیوەندی بەرهەم هێنان لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا لەسەر بنەمای خاوەندارێتیی زەویوزاری گەورە دەرەبەگەکان و کاری جوتیاران دروست بوە. لەم سەردەمەدا جوتیاران کۆیلە نین و گیانیان بەدەست دەرەبەگەوە نیە و پشکیان لە بەرهەمی ساڵانەی کشتوکاڵدا هەیە.لەم

سەردەمەدا خاونداریێتیی ئامێرەکانی بەرهەم هێنان دەگەڕێتەوە بۆ موڵکدارەکان و تا ڕادەیەکیش بۆ جوتیاران و پیشەوەران.سەرباری بەرهەم کە پێی دەوترێ زێدەی بەرهەم، بۆدەرەبەگەکان دەگەڕێتەوە و دەکرێ بە سێ بەشەوە یەکێکیان بێگار، دووەمیان سەرباری نەقدی و سێیەمیان سەرباری بنەتۆویی. لەسەردەمی دەرەبەگاتیدا چەوساندنەوە بە شێوەی بێگار بە سەر هەمو شێوەکانی تری چەوساندنەوەدا زاڵ بوە. لە سەرەتا دا بێگار بریتی بو لەو کاری ڕۆژانەیەی کە جوتیار بۆدەرەبەگی دەکرد، ئەویش بە بێ بایەخ و بێ نرخ و بێ بەرامبەر.

سەرباری بەرهەمی بنەتۆویی بریتیەلە دانی بەشێکی دیاریکراوی بەرهەمە کشتوکاڵییەکە بە دەرەبەگ. سەرباری بەرهەمی پارەیی بریتی بو لەو پارەیەی کە خاوەن زەوییەکە بەشە کشتوکاڵییەکەی خۆی پێ دەترسێنێ و پارەکەی وەردەگرێ.

سەرباری بەرهەمی پارەیی لە دەورانی کۆتایی دەرەبەگایەتیدا سەری هەڵدا وردە وردە پەیوەندیی سەرمایەداری سەری هەڵدا.

بێجگەلە بەرهەمی موڵکانە، دەرەبەگەکان کۆمەڵێک سەرانەی تریان لە جوتیاران دەسەن وەک سورانە و ئاژەڵانە. شتێکی ئاشکرایە کە هەمو وڵاتانێک کە دەرەبەگایەتی زاڵ بو بی تیایدا، ڕژیمەکەشی لەسەر بنچینەی دەرەبەگایەتی دامەزراوە و دەسەڵات بە پیی میرات لە باوکەوە بۆ کوڕ بوە.

یاسای بنچینەیی ئابوری دەرەبەگایەتی بریتیە لە زێدە بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ مسۆگەر کردنی پێویستییەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی و چەوساندنەوەی جوتیارانی پەیوەندی بە خاوەنداریێتیی زەوییەوە لەڕێگای وەرگرتنی زێدە بەرهەمەکان بە شێوەی بێگاری بنەتۆوی پارەیی و جۆرەکانی لە لایەن دەرەبەگایەتییەوە.

لەدەورانی کۆتایی دەرەبەگایەتیدا ئابوریی سروشتی گەشەکرد و پەرەی سەند. مەبەست لە ئابوری سروشتی ئەوەیە کە خاوەن زەوییەکان، واتە موڵکدارەکان لە ڕێگای چەوساندنەوەی جوتیارانەوە،

ڕۆژ بەڕۆژ بەرهەمی کشتوکاڵیی خۆیان پەرە پێ بدەن و بژیویی خۆیان مسۆگەر بکەن لێش زیادبکەن کە بینێرنە دەرەوەی ناوچەکەی خۆیان و بە کەلوپەلی تر یان بە پارە بیگۆڕنەوە. لەبەرامبەردا، ئابوری جوتیاران هەر لە پلەی خۆیدا مایەوە، بۆیە جوتیاران وردەوردە بەرەو کاری پیشەگەری ڕۆیشتن تا بژێوی خۆیان بە دەستی خۆیان مسۆگەر بکەن. پاشان شارستانیەتی وردەوردە پەرەی سەند و کاری پیشەگەری بەرەو پێش چوو دابەشکردنی کار هاتە کایەوە، پەیوەندی لە نێوانی شار ودێدا بەهێزتر بو و بازار پتر پەرەی سەند. ئەمانە بونە هۆی ئاوەڵاکردنەوەی دەرگای ئابوریی سروشتی و وەرگرتنی قاڵبی بازرگانی پێوەکردن.

پەیوەندی بەرهەمهێنان وردەوردە بەرەو کۆنبون و نەگونجاوی ڕۆیشت تا وای لێهات کە لە قۆناغێکی دیاریکراوی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا بوە ڕێگر لەبەردەم گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان دا. بە هۆی گەشەکردنی بەرهەمی کالایی وفاکتۆرەکانی چۆنایەتی و چەندایەتی بەرهەمیهێنانەوە، جۆرێک پەیوەندی سەرمایەداری سەری هەڵدا.

بزوتنەوە وڕاپەرین و خەباتی جوتیاران کۆڵەکەکانی کۆشکی دەرەبەگایەتی لەقاند. لە ئەنجامدا کۆمەڵگا بەرەو سەردەمێکی پێشکەوتووتر ڕێگای گرتەبەر، بەرەو سەردەمی سەرمایەداری.

## دیکتاتۆریای پرۆلیتاریا The Prolotraian Dic tatorship

بریتیە لە دەسەڵاتی ڕژێمی چینی کرێکاران کە پاش لە ناوچوونی سەرمایەداری و پەککەوتنی دینەمۆی ڕژێمی بۆرجوازی دێتە کایەوە. دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ناوەڕۆکی شۆڕشی سۆشیالیستی پێکدێنێ و سەرکەوتنی سۆشیالیزم بەندە بە جێبە جێکردنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و پەروەردەکردنی کە ئەمەش پەیوەستە بە دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا وە.

پڕۆلیتاریا لـە ریّگای دەسـەڵاتی ڕژێمەکەیـەوە لەڕێگای سـەربەخۆیی سیاسـیی خۆیـەوە. لـە ڕێگای بەرەبەرکانـێ کردنـی چەوسـێنەرانەوە، لـە ڕێگای چەسـپاندنی پایـەی شـۆڕش و سـەرکەوتنییەوە،

لەڕێگای ڕێگـری گەرانـەوەی دەسـەڵاتی بۆرجوازییـەوە لـە ڕێگای بەرپەرچدانـەوەی دەسـتدرێژیی کۆنەپەرسـتانی نێو نەتەوەییـەوە دەتوانـێ درێژەبـە خەباتـی پیـرۆزی خـۆی بـدا.

بـەم پێیـە، دیکتاتۆریەتـی پرۆلیتاریـا نـەک هـەر بـۆ بـەر پەرچدانـەوەی چینـە چەوسـێنەرەکان و بەرگـری کردنـە لـە مافـی چەوسـاوان بگـرە بـۆ بەدیهێنـی کاری داهێنەرانـە و زیندووانـەی ڕێکخسـتنی جەماوەریشـە.

دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا هۆیەکی کۆکەرەوەی جەماوەری ڕەنجدەرانە لە دەوری پرۆلیتاریا و بردنیانە بە لای ڕێبازی کرێکاراندا بۆ ڕێکخستنیان لە یەک کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا.

دیکتاتۆریەتـی پرۆلیتاریـا بنچینەییتریـن شـێوەی گۆڕانـی گشـتلایی ژیانـی کۆمەڵگایـە وەک ئابـوری، سیاسـەت، فەرهەنـگ، جـۆری ژیـان، پەروەردەکردنـی کۆمەنیسـتانەی جەمـاوەر و بنیاتنانـی کۆمەڵـگای سۆ شیا لیسـتی.

دیکتاتۆریەتـی پرۆلیتاریـا گەورەتریـن بەرهەمـی سیاسـی دەزگای سۆشیالیسـتییە و هەروەهـا سـەرئەنجامی یاسـای گەشـەکردنی خەباتـی چینایەتییـە لـە کۆمەڵـگای سـەرمایەداریدا کـە هـەر لـە سـەرەتاوە زەمینـەی فراوانتریـن شـێوەی دیموکراسـی بـۆ جەمـاوەری ڕەنجـدەران خـۆش دەکات و دەکەویتـە دژایەتیکردنـی کەمایەتیـی چەوسـێنەر.

دیکتاتۆریەتـی پڕۆلیتاریـا لەسـەر بناغـەی یەکێتیـی نێـوان کرێـکاران و جوتیـاران بەسـەرکردایەتی چینـی کرێـکاران دادەمـەزرێ و پایـەی کۆمەڵایەتیـی دیکتاتۆریەتـی پرۆلیتاریـا لـە چوارچێـوەی کۆمەڵـگای سۆشیالیسـتیدا هەمیشـە فراوانتـر و پتەوتـر دەبـێ.

هێـزی سـەرەکی و سـەرکردەیی سیسـتەمی دیکتاتۆریەتـی پڕۆلیتاریـا، پارتـی کۆمۆنیسـتە کـە پێشـرەوی چینـی کرایکارانە.لـە سیسـتەمی

دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا دا هەمو ڕێکخراوە پیشەییەکان و ناوخۆییەکان وەک سەندیکا و کیۆپراتیڤ، تەنانەت ئەو حیزبانەش کە بنیاتنانی سۆشیالیزم پەسەند دەکەن، دەبنە هۆی بەدیهێنانی ئەنجومەنی ناوخۆیی نوێنەرانی ڕەنجدەران لە هەمو پیشەکاندا.

دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا پارێزەری دیموکراسیی جەماوەری و پارێزەری بەرژەوەندیی زۆربەی هەرە زۆری جەماوەرە کە ڕەنجدەرانن و بە توندی بە گژ هەمو جۆرە تەقەلایەکی بۆرجوازی و کۆنە پەرستی ئیمپریالیستی و دوژمنانی شۆڕشدا دەچێتەوە.

واتە تا چینایەتی لە کۆمەڵگا دا بمێنێ، دیکتاتۆریەت یەکێکە لە مەسەلەکانی خەباتی چینایەتی.

لەڕووی مێژووییەوە یەکەمین شێوەی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا کۆمەنەی پاریس بو لە ساڵی ١٨٧١ کە یەکەمین نمونەی بو بۆدەوڵەمەندکردنی مارکسیزم و بوە هۆی بەدیهێنانی سەرەنجامێک بۆ مارکس لەسەر شێوەی ڕژێمی کۆمەڵگای داهاتوو. مارکسی خۆی دەڵێ «سەرەنجام خەباتی چینایەتی بەرەو دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا دەڕوا و ڕژێمەکانی سەردەمانی پێشوو وهیچ ڕژێمێکی تریش ناتوانێ جێگری ڕژێمی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا بێ» ئەنجومەنە ناوخۆییەکان(شورا) شیوەیەکی تری دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریان. ئەو ئەنجومەنانە لینین لە سالآنی ١٩٠٥-١٩١٧ لە سەروبەندی شۆرشی ڕوسیا دۆزییەوە. لینین ئەوەی ڕونکردەوە کە مەسەلەی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا مەسەلەی سەرەکی مارکسیزمە بەرامبەر بە دیموکراسی بۆرجوازی کە تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کەمایەتییە چەوسێنەرەکان هاتۆتە کایەوە. دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا بۆ فراوانکردنی دیموکراسیی زۆربەی جەماوەرە کە ڕەنجدەرانن و وڵات لە لایەن زۆربەی جەماوەرەوە، لەڕێگای ئەم شێوە نوێیەی دیموکراسییە، لە سایەی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا، بەڕێوە دەچێ.

لینین دەربارەی ئەنجومەنی ناوخۆییەکان نوسیویەتی «ئەنجومەنە ناوخۆییەکان (شورا) لە هەمو کۆمارە پەرلەمانییە بۆرجوازییەکان دیموکراتیترن و ڕژێمێکە کە دەرگاکانی هەمیشە بۆ جەماوەر ئاوەڵەن و هەمو چالاکییەکەی خۆی لە دیدگای جەماوەرەوە بە ئەنجام دەگەیەنی و ئاگاداری باری جەماوەرە، هەروەها هەڵقوڵاوی سەرچاوەی جەماوەرە و هێزی خۆیشی لە پشتیوانی جەماوەرەوە دێ» دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ئامانج نیە، بگرە پیویستییەکی مێژووی و تەنها ڕێگای گەیاندنی مرۆڤە بە کۆمەڵگای نا چینایەتی و نادیکتاتۆری. وردەوردە، لە ڕێگای پرۆسەیەکی دوورو درێژەوە، پاش بڕینی قۆناغەکانی سۆشیالیزم، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاش بەرەو نەمان دەچێ و کۆمەڵگایەکی ناچینایەتی و بێ ناکۆکیی چینایەتی دێتە کایەوە.

## دەروێشی Apolotism

گوێ نەدان و خۆنەبەستنەوە بە سیاسەتی ڕێکخراوێکی سیاسی، یان خۆنەبەستنەوە بە ڕێبازێکی ڕوونی سیاسییەوە. ئەم وشەیە لە ڕیشەدا لە ئەپۆلۆتیتەوە هاتووە.

گوێ نەدان و خۆنەبەستنەوە بە ژیانی سیاسییەوە، بایەخیکی زۆری پێدراوە لە لایەن ڕژێمە سەرمایەدارەکانەوە بۆ بڵاوبونەوەی لە ناو جەماوەر و بەشداری نەکردن لە کاروباری سیاسی و ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی. ئەمە یەکێکە لە تەقەلاکانی وڵاتانی سەرمایەدار بۆ خەساندنی جەماوەری چەوساوە و خەریک کردنیان بە کاری ڕۆژانە و ژیانی تایبەتی خۆیان و بڵاوکردنەوەی تۆوی خۆپەرستی لە ناویاندا.

لایەنێکی تری ئەم نەخۆشییە، گوێ نەدانە بە ڕژێم و حیزبە دەسەڵاتدارەکان، بەڵام لەهەندێ ڕژێم ولای هەندێ حیزبی دەسەڵاتدار، زۆربەی ئەوە بەسەر هاوڵاتییاندا دەسەپێنن کە گوێ بە هەمو کاروبارێکی سیاسی و ئابوری وڵات نەدەن وا دەکەن مافی لێدوان لە

کاروباری جۆراو جۆری وڵات تەنها بگەڕێتەوە بۆ حیزبی دەسەڵاتدار، وەک ڕژێمی فاشیستی تکریتییەکان لە عێراق کە خۆی بە پارتی بەعسی سۆشیالیست ناو دەبات.
دەرویشی وبێلایەنی،هەمیشە لە قازانجی تاقمە دەسەڵاتدارەکان وکۆنەپەرستانی دژ بە جەماوەرە و دەبێتە هۆی دورخستنەوەی چینە زەحمەتکێشەکان لە خەباتی چینایەتی و دوورکەوتنەوە لە بەشداریکردنی لە دەسنیشان کردنی مافی چارەنووسیان، هەروەک دەبێتە ڕێگر لە گۆرینی باری ژیانیان لە ناو کۆمەڵ کە ئەمەش خۆی لە خۆی دا پشتیوانی کردنە لە ڕژێمە چەوسێنەرەکان و مانەوە و هاتنە سەر کاری ڕژێمێک کە لە سەر بناغەی سیاسەتێکی زیانبەخش و کۆنە پەرست دروستکراوە.

## دیسپۆتیزم Despotism

لەزمانی یۆنانیدا بە مانای ڕەفتاری خودایی دێ. دێسپۆتیزم بۆ جۆرە توانا و دەسەڵاتێک بەکاردێت کە هیچ سنوورێکی یاسایی نەبێ، خۆی لەسەروو هەمو تواناو دەسەڵاتێکەوە بێ.
هەندێ جار دێسپۆتیزم بۆ مەبەستی زۆر و ستەم و چەوساندنەوەی بێ سنوور بە کاردێ. هەندێجاریش بە شێوە ڕۆشنبیرانەکەی بەکاردێ و پێی دەوترێ دێسپۆتیزمی ڕۆشنبیری.لایەنگرانی ئەم بەشەی دێسپۆتیزم بڕوایان بە جۆرە رژێمێکی ئایدیاڵی بە شێوەی ئەفلاتوونی هەیە.
کارل دیتفۆگل کۆمەڵناسی ئەڵمانی تێزێکی نوێی لە سەر دێسپۆتیزم خستۆتە ڕوو بە ناوی دێسپۆتیزمی ڕۆژهەڵاتی جۆرە کۆمەڵگایەکی لەسەر ئەم بنەمایانە دامەزراوە:

أ- ڕژێمی تاکرەوی تاکەکەسی ئۆتۆکرات.
ب- بەڕێوەبردنی وڵات لە لایەن تاقمێکی ناوەندی نادیموکراتەوە.

ت- گرنگیدان بە بازرگانی بە شێوەی پلەدوو واتە ناسەرەکی.
ج- گرنگیدان بە کشتوکاڵ و ئاودێری فراوان بە شێوە سەرەکی.
دێسپۆتیزم بەهاوشانی ئۆتۆکراسی و زۆرداری و دیکتاتۆری دەژمێردرێ.

## دیسپلین و دیموکراسیی حیزبی

Discipline &democracy in party

دیموکراسی حیزبی : مانای جێ بەجێ کردنی سەرەتاکانی ناوەندێتیی دیموکراتی لە ناو حزبە کۆمەنیست وکرێکارییەکاندا دەدا و ئەم سەرەتایانە دەگرێتەوە :
١-هەڵبژاردنی هەمو ئۆرگانەکانی سەرکردایەتی حزب، لە خوارەوە تا سەرەوە بە شێوەیەکی دیموکراتییانە.
٢- کاری دەستی کۆمەڵی لە ناو ئۆرگانەکاندا.
٣- دانی ڕاپۆرتی ڕێکوپێک لە لایەن ئۆرگانەکانەوە دەربارەی کارو چالاکییەکان.
٤- بەکارهێنانی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن و پەیڕەویکردنی ئەم نەریتەلەسەر بنچینەی دروستکەرانە.
٥- بوونی مافی بەشدار کردنی ئەندامێک لە وتووێژ و ئاڵوگۆڕکردنی ڕا و ڕادەربرین بە شێوەیەکی داهێنەرانە وزیندووانە لە دەزگاکانی حزب و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی حزبدا دەربارەی پلان و تاکتیک و هەنگاوی ڕۆژانە و سیاسەتی حزب.
٦-بونی مافی دەستپێشخەری ئەندامانی لە کاروبارەکاندا بە شێوەیەکی داهێنەرانە بە مەرجێ دژی پرۆگرام و پەیڕەوی حیزب نەبێ.
٧-کارکردن بە دیموکراسی بە شێوەیەک کە تەواو جووت بێ لەگەل بەرنامەی حزب وئەو مافانەی کەلە بەرنامەدا دەسنیشان کراون.
دیسپلین : واتە پەیڕەوی کردن و خۆبەستنەوەی تەواو بە پەیڕەوی

ناوخـۆی حزبـەوە و جێبەجـێ کردنـی فەرمانەکانـی سـەر شـانی هـەر ئەندامێک کـە حـزب دیاریـی دەکات. دیسـپلین بـە شـێوەیەکی گشـتی واتـە جێبەجێ کردنی پەیڕەوی ناوخۆ و پڕۆگرام و سیاسـەتی حزب و تێکۆشـان بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجـەکان و خەباتکردنـی بـێ پسـانە تـا سـەرکەوتن. دیسـپلین مەرجێکی سـەرەکیی پتەوبونـی حزبـە و هـۆی بنچینەیـی یەکێتیی بیـر و کاری نـاو ڕیزەکانـی حیزبـە کـە بەبەردەوامیـی سـەرکردایەتیی زەحمەتکێشـان مسـۆگەر دەکات.

یەکێتیی بیر و کاریش مەرجی سـەرەکیی پاراستنی توانا و دەسـەڵاتی حزبـە. حزبی پڕۆلیتاریا و زەحمەتکێشـان لـە ناوەندەوە بـۆ سـەرکردایەتی و دەزگاکانـی سـەرەوە تـا هـەرە خـوارەوە، یـەک شـێوەی دیسـپلینی هەیـە و هەموو ئەندامان بێ گوێدانە زۆر وکەمیی تێکۆشان و چالاکیی نواندنیان و بـێ گوێدانـە کـۆن و نوێـی مـاوەی ئەندامەتـی و پلـەی ئیشـکردنیان، وەک یـەک بەرپرسیارن بەرامبـەر بە دیسـپلینی حزب.

لادان لـە دیسـپلینی حـزب و جـێ بەجـێ نەکردنـی، گەورەتریـن زیـان بـە ڕیزەکانـی حـزب دەگەیەنـێ و تـەواو پێچەوانـەی مانـەوەی ئـەو جـۆرە ئەندامانەیـە لەنـاو ڕیزەکانـی حـزب، بۆیـە لـە کاتـی جێبەجـێ نەکـردی دیسـپلینی حـزب دا، ئـەو ئەندامانـە دەبـێ لـە ڕیزەکانـی حـزب بێنـە دەرەوە.

دیسپلین لە ناو حیزب ئەم مانایانەی هەیە:

١-ملکەچیی کەمایەتی بۆڕای زۆرینە.

٢-ملکەچیی دەزگاکانی خواروو بۆ دەزگاکانی سەروو.

٣-ملکەچیـی هەمـو ئەندامـان و ڕێکخـراو و ئۆرگانەکانـی حـزب بـۆ بڕیارەکانـی ئۆرگانەکانـی سـەروو کـە دەسـەڵاتی تـەواوی حزبیـان پـێ دراوە.

ئـەم دیسـپلینە کـە جـێ بەجـێ کردنـی بـە شـێوەیەکی هۆشـیارانە و داهێنەرانـە و دیموکراتییانـە دەبێتـە هـۆی پتەوکردنـی یەکێتـی ڕیزەکانـی حـزب و گەیاندنـی بـە ئامانجەکانـی کۆمۆنیـزم.

## دیماگۆگی Demagogy

زارەوەیەکـە بـۆ ناسـینی شـێوەی فریودانـی خەڵکـی لـە ڕێگای دانـی پەیمانـی جـۆراو جـۆر و بەرزکردنـەوەی دروشـمی هەڵخەڵەتێنەرانـە بەکاردەهێنـرێ.

دیماگـۆگ یـان هەڵخەڵەتێنـەر بـە کەسـێک دەوتـرێ کـە پەیمانـی درۆ بەخەڵـک بدا یان بە هەڵگەڕاوەیی و پێچەوانـەوە ڕاستییەکان بخاتـە ڕوو سـوور بێ لەسـەر ئـەم ڕێبازە و خەڵکـی پـێ فریـو بـدا و دوای خۆیانـی بخـا.

دیماگۆگـی یەکێکـە لـە شـێوەکانی ڕێبـازی کار و سیاسـەتی حزبـی بۆرجـوازی لـە لایـەک ڕژێمەکانـی دژی جەمـاوەر لەلایەکـی تـرەوە.

بۆ نموونـە، تاقمـە دەسـەڵاتدارە تکریتییەکـەی ڕژێمی عێراق کـە بەنـاوی حیزبی بەعسـی سۆشیالیستی عەرەبەوە دەسـەڵاتی خۆی سـەپاندووە، بە جۆراوجۆر پەیمانی درۆو دەلەسـە، خەڵکی فریوداوە،

چەندیـن دروشـمی دیماگۆگییانـەی بـەرز کردۆتـەوە لـە ژێـر پـەردەی پێشـکەوتنخوازیدا کەلـە راسـتیدا و بەکـردەوە، تـەواو پێچەوانـەی دروشـمەکانی دەجولێتـەوە و بلوێـری پروپاگەنـدەی خسـتۆتەکار بـۆ ڕەواجـدان بـەو پەیمانـە فریودەرانەکـەی لـە ڕێگای بەکارهێنانـی ئێزگـەو تەلەفزیـۆن و ڕۆژنامـە و کۆنگـرە و وتـار و سـینەما و شـانۆگەری....هتد.

حزبـە بۆرجوازییەکانـی لـە ژێـر پـەردەی دروشـمی شۆڕشـگێری و پێشکەوتنخوازی، دەکەونـە فریودانی جەماوەری چەوساوە و لـە خۆیانی کۆدەکەنـەوەو هەڵیاندەخەڵەتێنـن بـە جۆراوجـۆر پەیمانـی درۆیانـە بـە هەمو توانـای خۆیان دەخەنە کار بۆ ئەوەی ڕووکەشـی پەیمانەکانیان بە خواسـتەکانی جەمـاوەر بڕازێننـەوە، بـەڵام لـە ناوەڕۆکدا تـەواو پێچەوانـەی ڕووکەشـەکە دەبـن.

بۆ نموونـه لـه مێژووی سـەد ساڵەی خەباتی گەلی کورد دا چەندین جـار دروشـمی خەبـات و تێکۆشـان (کوردایەتـی) بەرزکراوەتـەوە لـە ژێـر سـەرکردایەتیی دەرەباگایەتـی یـان بۆرجـوازی یـان نیمچـە دەرەبەگایەتـی و نیمچـە بۆرجـوازی دژی داگیرکـەران و ئیمپریالیـزم لـە ڕووکەشـدا، بـەڵام لـە ناوەرۆکدا تـەواو لـە قازانجی داگیرکـەران و ئیمپریالیزمدا بون وخۆیـان پێوە گرێ دراونەتەوە. سـەرئەنجام، هەڵگرانی ئەو دروشـمانەی جەماوەری چەوسـاوەیان بە هەڵدێری فریـودان و هەڵخەڵەتانـدن و ئاشـبەتاڵدا بـردووە. چەپـڕەو پەلەپەلکەرەکانیـش بـە هەمـان شـێوە دیماگۆگییانـە جەمـاوەر فریـودەدەن و هەڵیدەخەڵەتێنـن.

حزبـی مارکسـی-لینینی تـەواو دژی سیاسـەتی دیماگۆگییـە. حیزبـی پرۆلیتاریـا هەمیشـە بـە تونـدی و سـەرسـەختانە دژی فریودانـی جەمـاوەر ودواکەوتنـی کوێرانـە خەبـات دەکا هەمیشـە شـێکردنەوەیەکی واقیعیـی هەیـە جەمـاوەر بـە ڕێبازێکـی ڕاسـتیدا دەبـا، ئەویـش بـە بەرزکردنـەوەی دروشـمی ڕاسـت و گونجـاو لەگەڵ بارودۆخـی دراودا. بۆ هـەر قۆناغێکیـش ئامانجێکی تایبەتـی دەستنیشـان دەکا کەلـە توانـای جەمـاوەری ڕەنجدەران دایـە بـە دیبێنـێ.

## دیموکراسیDemocrasy

دیموکراسـی زاراوەیەکی یۆنانییـە لـە دوو ووشـە پێکدێ : دیمـۆ مانـای گـەل یـان جەمـاوەر کراسـی بەمانـای حوکم یـان ڕژێـم یـان دەسـەڵات دێ.

دیموکراسـی یەکێکـە لـە شـێوەکانی ڕژێـم کـە سـیماکەی بریتیـە لـە ملکەچیی کەمایەتـی بۆ زۆربـە و بەرپابونـی ئـازادی و یەکسـانی و مافـی هەمـو مرۆڤێـک. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا لـە کۆمەڵگای بۆرجوازیـدا دیموکراسـی تەنهـا ڕووکەشـی ڕژێمەکەیـە و لـە ئابـوری وکۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا جیـای دەکاتـەوە و بـاری واقیعـی، عەمەلـی بەرجەسـتە نـاکات.

سەرئەنجام، بۆچوون و لێکدانەوەی بۆرجوازی بۆ دیموکراسی دەبێتە هۆی فەرامۆش کردنی جیاوازی چینایەتی و ناکۆکییەکانی نێوان چینەکان. هەر بۆیە، ئەم جۆرە دیموکراسییە ڕوکەشە هەر بە ناوە. شێوە وناوەڕۆکی دیموکراسی بەدرێژایی مێژوو ڕووە و گەشەکردن و پێشکەوتووتر ڕۆیشتووە و وردە وردە بە جۆری ئابوری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا و خەباتی چینایەتییەوە بەستراوەتەوە.لە کۆمەڵگای فرە چیندا هەمیشە دیموکراسی تایبەت بوە بەو چینەی کە چۆتە سەر کار. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دیموکراسی تەنها بۆ سەرمایەداران بوە و شێوەیەکی ڕووکەشی بە خۆیەوە گرتووە، بەڵام لە ناوەرۆکدا دیکتاتۆریەتی ئەو چینە بوە دژ بە چینەکانی تری چەوساوە.

گەشەکردنی چینی سەرمایەداری کەلە سەرەتا پێشکەوتنخواز و دژی دەرەبەگایەتی بوە، لە ڕێگای دروست کردنی ئەنجومەنی بڕیار دەر و دانانی یاسا و دامەزراندنی دەزگای دارایی و ڕێزگرتن لە مافی مەدەنی و ئازادیی گردبونەوەی خەڵکی وهەڵبژاردن و ڕادەربڕین (کە زۆربەی ڕووکەشی بوە) هاتۆتە کایەوە. بەڵام وردەوردە هەمو دەزگاکانی سەرمایەداری پاشەکشەیان لەو دیموکراسییە کردووە و کەوتونەتەدژایەتیکردنی خواستەکانی زەحمەتکێشان و بە کردەوە،لەڕێگای دەزگاکانی ڕژێمەوە، بەرهەڵستیان کردوون و ڕێگر بون لە بەشداریکردنیان لە کاری سیاسیدا و هەمیشەپشتیوانی کەمایەتیی چەوسێنەر بون.

هەمیشەدەزگاکانی پەرلەمان و ئەنجومەنی ناوخۆییەکان و دەزگاکانی دارایی و ڕێکخراوەکانی هەڵبژاردن لە قازانجی چینی دەسەڵاتدار بون و تیشکدەرەوەی سیاسەتی ئەو چینە بون.

ڕووی ڕاستی دیمکراسیی بۆرجوازی بریتیەلە پەرلەمانی لە ڕووکەشدا و سەپاندنی دەسەڵاتەکانی بۆرجوازی لە ناوەڕۆکدا لە ڕێگای سێ دەزگاکەی سوپای چەکدارو دەزگای سیخوڕی ودەزگای داراییەوە.

بۆرجوازی لە هەرکات و شوێنێکدا بۆی بلوێ، دیموکراسی ڕادەماڵێ و پەنا دەباتە بەر تۆقاندن و لە زۆربەی وڵاتاندا ڕژێمە بۆرجوازییەکانی

بەرەو فاشیزم و بەکارهێنانی دەسەڵاتی چەکدار و کوتەک دەڕۆن بۆ پارستنی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان.

هێزو توانای ڕەنجدەران و زەحمەتکێشانە کە دەتوانێ سەربەستی و مافی دیمکراتییانەی بپارێزێ و جڵەوی کۆنەپەرستی و دیکتاتۆری و تۆقاندن و فاشیزم بگرێ.

هەربۆیە خەبات دژی ئیمپریالیزم دەبێ بۆ مسۆگەرکردنی سەربەستیی بیرو ڕا،چاپەمەنی، کۆبونەوە، خۆپیشاندان، دامەزراندنی ڕێکخراو، یەکسانی مافی مرۆڤ و دیموکراتی کردنی هەمو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بێت و پێویستە بە توندی دژی هەمو جۆرە یاسا و هەنگاونانێکی کۆنەپەرستانە بێ کە بۆ پێشێل کردنی سەربەستییە دیموکراتییەکان دەهاوێژرێ.

سەربەستیی دیموکراتی بەرهەمی خەباتی درێژخایەنی چینایەتییە و هەنگاو بە هەنگاو، چ لەڕێگای سەرکەوتنی خەباتی گەلانەوە چ لە ڕێگەی سەرکەوتنی تەقەلای نێونەتەوەییەوە، بەرەو پێشەوە دەڕوا. بۆیە پێویستە یەکگرتنێکی زۆر پتەو لە نێوان شۆڕشگێرەکۆمەنیستەکان و نیشتیمانپەروەرەکان هەبێ. ئەویش بۆ بەرهەڵستی کردنی دادگا ناڕەواکانی دژی کۆمۆنیستی و نیشتیمانپەروەری و مسۆگەرکردنی سەربەستیی نیشتیمانپەروەری و ڕزگاریخوازی و دیموکراسیخوازی.

لە عێراق هەرچی ناوەڕۆک و شێوە ڕوکەشی دیموکراسی هەیە پێشێل کراوە و تاقمێکی فاشی ورەگەزپەرست دەسەڵاتی کۆنترۆڵ کردوە دەیان دام و دەزگا و کوتەکی سەرکوتکەری جەماوەری هێناوەتە کایەوە وەک دەزگایی سوپایی، پۆلیسی و سیخوری ئاسایش تێکدەر (ئەمن)، سوپای گەلی (جەیشی شەعبی)، دەزگای تۆقێنەر، جاش،حیزبی بەعسی دەسەلاتدار، ڕێکخراوەکانی سەر بە ڕژیم، دادگای جەنگەڵی لەم ئاخیرەشدا (واتەساڵی ١٩٨٠دا) ئەنجومەنی پەرلەمانی و هتد.

ئەمانە هەمویان بۆ پیشێل کردنی هەمو جۆرە سەربەستی و دیموکراسییەکە دیموکراسی چەندین جۆرە وەک دیموکراسیی

دەرەبەگایەتی، دیموکراسیی بۆرجوازی، دیموکراسی گەلی، دیمکراسی سۆشیالیستی کە بڵندترین شێوەی دیموکراسییە و لە قازانجی ڕەنجدەران دایە و لەسەر بناغەی ئابوری هاوبەشی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان داڕێژراوەکە بە شێوەیەکی مافەکانی مرۆڤ لە مەیدانەکانی ئابوری و فەرهەنگیدا دەپارێزێ.

## ڕامیاری Politcs

سیاسەت بەم مانایانە دێ :

١-ئەو ئامانجەیە کەچینێکی کۆمەڵ خەباتی بۆ دەکا لە پیناوی بەدیهێنانی کە خۆی لە مسۆگەر کردنی بەرژەوەندیی چینایەتیدا دەنوێنێ.

٢-ئەو ڕێبازوشێوە و پلانەیە کە لە ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکەوە دیاری دەکرێ.

گرنگترین بەشی سیاسەت و بڵندترین پلەی، بریتییە لە بەدەست هێنانی دەسەڵاتی دەوڵەت و چوونە سەر کار و ڕژێم گرتنە دەست پاشان دیاریکردنی ڕێبازی و شێوەی بەڕێوەبردنی تیشکدەری خەباتی چینایەتییە و هەڵقەڵانی باری ئابووری هەرچینێکە. دەربارەی سیاسەت، لینین دەڵێ (سیاسەت لایەنە گەشەکردوو خەست و خۆڵەکەی ئابوورییە).

گۆڕان و گەشەکردنی دەزگاکان و ئاوات و ئامانجەکانیان و ڕووی سیاسییان لەسەر بنچینەی گۆڕان و گەشەکردنی و ئابووری وسیستەمی ئابووری کۆمەڵ بنیات دەنرێ، چونکە پەیوەندییەکی دیالەکتێکی لە نێوان ئەم دوانەدا هەیە.

لینین دەربارەی گرنگی سیاسەت، هەمیشە دووپاتی کردۆتەوە کە بەرامبەر بە هەموو مەسەلەیەکی ئابووری و ڕێکخراو و دەزگای سیاسی لە پشتە. سیاسەت دوو جۆرە : سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ناوخۆ، پەیوەندییەکانی نێوان چینەکان و نەتەوەکانی یەک وڵات بەشێکی سیاسەتی ناوخۆن و پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان بەشێکی سیاسەتی

دەرەوەن. حزبە مارکسییەکان هەمیشە سیاسەتی خۆیان لەسەر بنچینەی تیۆری مارکسیزم – لینینیزم بنیات دەنێن بەبێ سەرەتای لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەو شارەزایی وردی یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ هەنگاو نانێن.سیاسەتی ڕاست و ڕێبازی ڕاست لە کاری ڕێکخراوەییدا کە لەسەر باوەڕ بە سپاردنی کاری لەبار بە کەسی لەبار و لە شوێنی لە باردا و خستنە گەڕی ئەندامان و کادیران و هەمیشە بە سیاسەتێکی سەرکەوتوو دەژمێردرێ کە ئەنجامی سەرکەوتوانەش بە دی دێنێ.بۆیە پێویستە شان بە شانی سیاسەتی ڕاست لە نەخشەداناندا گرنگی تەواو بە پەروەردەکردنی سیاسەتی جەماوەریش بدرێ.

## ڕەگەزپەرەستی Racism

راسیزم لە ووشەی ڕاسەوە وەرگیراوە کە بەمانای ڕەگەز دێ. ڕاسیزم تیۆرییەکی دژ بە زانستە و بیروباوەڕێکی کۆنەپەرستانەیە کە بڕوای بە جیاوازی توانا و زیرەکی و هۆشیاریی ڕەگەزەکان هەیە و پێی وایە ڕەگەزێک لە هەموو ڕوویەکەوە بڵندتر و بەتواناترە لە رەگەزێکی تر.قوتابخانەی ڕاسیزم زۆر بە قوڵی کۆنەپەرست و دژی مرۆڤایەتییە و تەواو بەرپەرچی یەکسانی مرۆڤ دەداتەوە. ناوەندە کۆنەپەرستەکانی وڵاتانی سەرمایەدار بە پشتیوانی تیۆریی ڕەگەزپەرستی دەکەونە بەکارهێنانی سیاسەتی دژ بە مرۆڤایەتی و چەوساندنەوەی نەتەوایەتیی کەمینە نەتەوەییەکان خۆیان و وڵاتانی تری ژێر دەستە و داگیرکراو. لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا دا کۆنەپەرستانەترین سیاسەتی ڕەگەز پەرستی بەرامبەر ڕەشپێستەکان و بوومییەکان (سورپێستەکان ) بەکار دەهێنرێ و وڵاتانی ژێر دەستەش وەک رۆدیسیا و ئەفریقای باشوور هەمان سیاسەت بەردەوامە. زانستەکانی مرۆڤایەتی و مێژووی ئەزموونی وڵاتانی شۆسیالیست و بەرهەمە تەکنیکی وزانستی و هونەری و وێژەیی وکۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و رێکخراوەیی...هتد، ئەو

ڕاستییەیان سەلماندوە کە هەموو ڕەگەزێک لە توانایدا هەیە بەرەو پێشەوە بڕوا و پێشکەوتنی مرۆڤ بەند نیە بە ڕەگەزەکەیەوە بگرە بەندە بە فاکتۆرەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پاشکەوتوویییەوە، ئەویش بە هۆی داگیرکراوی و چەوساندنەوەییەوە.

## ڕژێم Regime

ڕژێم دامەزراوەیەکی سیاسییە لە گرنگترین هۆکانی مسۆگەرکردنی دەسەڵاتی چینێکە کەلە ڕووی ئابوورییەوە گەورەترین دەسەڵاتی هەیە فەرمانی سەرەکیی ڕژێم پارێزگاری کردن وچەسپاندنی دەسەڵاتی ئابووری ئەو چینەیە کە ڕژێمەکەی هێناوەتە کایەوە لەڕووی مێژووییەوە پەیدابوونی ڕژێم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پەیدابوونی چینایەتی لە کۆمەڵگادا. لەو سەردەمەی کە کۆیلەداری هاتە کایەوە و دووچینی سەردار وکۆیلە پەیدابوو، ڕژێم ئۆرگانی سیاسی و هۆی مسۆگەرکردنی قازانجی چینی سەرداران بوو دژی کۆیلە. ئەو ئامڕازانەی کە ڕژێم بۆئەنجام گەیاندنی کارەکانی بەکاریان دێنی بریتین لە سوپا، پۆلیس، دەزگای ئاسایش و سیخوری، بەندیخانە. جۆری ئەو ئامڕازانە بەندە بە جۆری ڕژێمەوە. جۆری ڕژێمیش بەندە بەو شێوە ئابوورییەی کەلە وڵاتەکەدا زاڵە وڕژێمەکە بۆ پاراستنی ئەو هاتۆتە کایەوە بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگا فرەچین و سێ جۆر ڕژێم هاتۆتە کایەوە: سەردەمی کۆیلەداری، ڕژێمی سەردەمی دەرەبەگایەتی و ڕژێمی سەرمایەداری لە هەر یەکێک لەو سەردەمانە لە هەموو وڵاتەکاندا چۆنایەتیی ڕژێمەکان وەک یەک بوون، جگە لەهەندێ جیاوازی لە شێوە و ڕووکەشدا. بۆ نموونە لە سەردەمی کۆیلەداریدا لە هەندێ شوێن شێوەی ڕژێم سوڵتانی و میراتگری بووە لە هەندێ شوێنی تردا کۆماری وەک کۆماری یۆنان. بەڵام ئەو جیاوازییەی شێوە و ڕووکەشی ڕژێم لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کار ناکاتە سەر گۆڕینی ناوەڕۆک و چۆنایەتیی ڕژێمەکە لە

هەموو شوێنک پەیوەندییەکە هەر کۆیلەیی بووە.لەسەرەتایی پەیدابوونی سەرمایەداری دا تا ڕادەیەک شێوەی دیموکراتی بۆرجوازی لە رووی کەمی مافی مرۆڤایەتییەوە لە چاو سەردەمی دەرەبەگایەتیدا هاتە کایەوە لەهەمان کاتدا هەر سەردەمی سەرمایەداریدا رژێم بەرەو کۆنەپەرستی و فاشیزم ڕۆیشت. گرنگی دەستیشان کردنی چۆنایەتیی ڕژێم لە بەستنەوەی ڕژێمەکەدابە گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگا وە دەردەکەوێ دەتوانین لە ڕێگای ڕوونکردنەوەی شێوەی ڕژێمەکەوە قۆناغی خەباتی جەماوەری ئەوی تر دیاری بکەین.دەتوانین ڕژێم لە ڕووی شێوە ودەسەڵات و سیاسەتەوە بکەین بە چەند جۆرێکەوە لەوانە کۆماریی ڕووکەش کە بە ڕژێمێک دەوترێ کە دەزگا باڵاکانی لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە پێکدێ وەک ئەمریکا. هەروەها شانشینی ڕووکەش بە وڵاتێک دەوترێ کە شا تەنها لە ڕووی میراتەوە سەرۆکی وڵات دەبێ وەک بەریتانیا و سوید. بەم جۆرە ڕژێمانە دەوترێ شانشینی مەرجدار کە تێدا شا تەنها لەڕووی دەسەڵاتی شایەتیەوە دەسەڵاتدارە لەکاتێکدا کە دەسەڵاتداریی ڕژێم و فەرمانڕەوایی وڵات بەندە بە سەرمایەداری وڵاتەکەوە. شانشینی دەسەڵاتدار بە رژێمێک دەوترێ کە شا گەورەترین دەسەڵاتدارە تێدا کە ئەم جۆرەیان کۆنەپەرستترین شێوەی ڕژێمی شایەتییە وەک سعودیەی ئێستا و ئێرانی کۆن.

## ئۆلیگارشی Oligrachy

واتە دەسەڵاتی تاقمێک لە کۆمەڵدا ئەم زاراوەیە لە زۆربەی زمانەکانی ئەوروپا باوە و بۆ دەستنیشان کردنی دەسەڵاتی تاقمێکی دیاریکراوی چەند کەسی لە کۆمەڵدا بەکاردێ.زاراوەی ئۆلیگارشی وەک دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و تاقمێکی بچووکی خاوەن سامان و چەوسێنەرو خاوەن پلەو پایە و خۆسەپێن بە سەر کۆمەڵدا کە بەشێکە لە شێوەی دەسەڵاتداریی دەوڵەتی چەوسێنەر.ئەم شێوەیە لە سەردەمە

جۆربەجۆرەکانی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریدا لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەیە و تێدا تاقمێکی بچووکی دەسەڵاتداری خاوەن سەرمایە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و داگیرکەری دەزگای باڵا جۆربەجۆرەکانی ڕژێم خۆیان بەسەر کۆمەڵدا سەپاندووە.ئەم زاراوەیە لە سەرچاوەی وشەی ئۆلیگارکیاوە وەرگیراوە کە ووشەیەکی یۆنانییە بە مانای حوکمڕانی ژمارەیەکی کەم کە توێژی سەرەوەی دەسەڵاتدارن و ساماندارانی کۆمەڵگایان دروست کردوە. ئەمانە لە ڕووی ژمارەوە کەم بوون بەڵام لەڕووی توانا و دەسەلات و سامانەوە خۆیان سەپاندوە. لەڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە وشەی ئۆلیگارشی ووشەیەکی بڵاوە لە زۆرکاتدا بەکاردەهێنرێ.ئۆلیگارشی دارایی بەمانای دەسەڵاتی ئابووری وسیاسی و تاقمێکی بە ژمارە کەمی سەرمایەداران و خاوەن داراییەگەورەکان و خاوەن کۆمپانیا گەورەکانی پیشەسازی و بانقەکان دێ کەلە ڕێگای دەزگاکانیانەوە دەستیان بەسەر هەموو شادەمارەکانی ئابووری وڵاتدا گرتووە. ئۆلیگارشی دارایی بەم پێیە بە مانای دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری تاقمێک سەرمایەدارە پەیوەندە بە قۆناغی ئیمپڕیالیزم کە بەرزترین پلەی سەرمایەدارییەبۆ وێنە لە ئەمریکا تاقمێکی کەم لە کۆمپانیا ئێجگار گەورەکانی وەک مۆرگان، دوپن، ڕۆکفلەر، دەسەڵاتی تەواویان بە سەر هەموو شادەمارەکانی ئابووریدا گرتووە وبەرێوەبەر و هەڵسوڕێنەری باری سیاسی و ئابووری و حوکمڕانی ئەمریکان.ئۆلیگارشی دارایی لە ئەمریکا هەمووی٦٠ خێزانە. ئەمانە هەمووی دەزگاکانی ئابووری وسیاسی وناوخۆ و دەرەوە وچاپەمەنی و دەزگاکانی پروپاگەندە ودانشگاکان و دامەزراوە هونەرییەکان و ڕژێمیان گرتۆتە ژێر دەستی خۆیان.گرووپی مۆرگان ١٢ دەزگای گەورەی بانقی، کارگە، هۆکانی هاتوچۆکردن و بارکردن و گوێزانەوەی هەیە کە سەرمایەکەی پتر لە ٥٠ ملیار دۆلار دەبێ.گرووپی ڕۆکفلەر ٩ دەزگای گەورەی بانقی و نەوتی هەیە سەرمایەکەی پتر لە٤٠ ملیار دۆلارە. گرووپی دوپن خاوەنی دەزگا گەورەکانی دروستکردنی مەوادەکیمیاییەکان

و ئۆتۆمبێـل دروسـتکردنە.گروپی میلـۆن خاوەنـی دەزگا گەورەکانـی دروسـت کردنـی ئەلەمنیۆمـە. گروپـی فـۆرد خاوەنـی گەورەتریـن دەزگای دروسـتکردنی ئۆتۆمبیلـە لـە فەرەنسـا ٢٠٠ خێـزان هەمـوو شـادەمارەکانی ئابـووری فەرەنسـایان کۆنتـرۆڵ کـردوە وەک بانقـەکان، کارگـەکان و دەزگابەرهەمهێنـەرەکان کـە بەناوبانگترینیـان ئەمانەن(ڕۆچیڵـد، مەنـدل، شـنایدەر، داسـۆ، مەلـە و هـی تر).ئۆلیگارشـی بـۆ چەسـپاندنی دەسـەڵاتی خـۆی کەڵـک لـە جۆراوجـۆر شـێوە و پـلان و ڕێگا وەردەگرێ دەیان و بگرە سـەدان کارگـە و کارخانـە و دەزگای دارایـی جۆراوجـۆری بەرهەمهێنانـی هەیە هاوبەشـی دەکا لـە چەندین کۆمپانیا و دەزگا و کارخانـەی گـەورەی بەرهـەم هێنـان لـە جیهانـدا تاکو وردەوردە دەسـەڵاتی دارایـی خـۆی بەسـەر وڵاتانـدا بسـەپێنێ لـە لایەکـی تـرەوە ئۆلیگارشـەکان دەسـتیان گرتـوە بـە سـەر کارخانەکانـی چـەک و تەقەمەنـی گـەورە وبچـوک کـە گەورەتریـن سـود و سـەرمایەی تێـدا بەدەسـت دێنـن و هەمـوو دەزگاکانـی دەوڵـەت وەک دەزگاکانـی پڕوپاگەنـدە و ڕاگەیانـدن دەخەنـە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـان و دەبنـە میـر و خـاوەن بڕیـاری سیاسـی دەوڵـەت چ لەناوخـۆ چ لـەدەرەوە بەمـەش بۆتـە گەورەتریـن نەخشـە کێشـی کۆنەپەرسـتی و داگیرکەرانـە و چەوسـێنەرانە بـە هەردووشـێوەی ئیمپریالیزمـی کـۆن و نـوێ لـە ڕاسـتیدا سـەرەئەنجامی دەسـەڵاتداریتی ئۆلیگارشـی بـوو کـە ئازادی و دیموکراسـی بۆرجوازی لـە ناوچـوو و بـووە هـۆی سـەپاندنی هەژمونـی دەسـەڵاتداریی توێـژی هـەرە سـەرەوەی سـەرمایەداری بەسـەر وڵاتـدا کـە پێـی دەوتـرێ پۆلۆتۆکراسـی واتـە دیکتاتۆریەتـی ئۆلیگارشـی دارایـی.

## ریفۆرم Reform

جـۆره هەڵوێـستێکه بـۆ دروسـت کردنـی گـۆڕانێک لـه ژیانـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و سیاسـیدا دەگیـرێ، بـێ هەڵتەکاندنـی ژێرخانـی کۆمـەڵ. ڕیفـۆرم لــه ڕووی زمانەوانییـەوه بــه کاری ڕووکـەش دەوتـرێ وەک ڕیفۆرمـی زەوی، ڕیفۆرمـی ئیـداری، پەروەردەیـی، بازرگانـی، هەڵبـژاردن ڕیفـۆرم ئەوجـۆره گۆڕانەیـه کەلـه چوارچێـوەی ڕژێمـی کۆمەڵایەتـی دەرناچـێ و هێزەسیاسییەکان بـه دوای خۆیدا ڕادەکێشـێ، چونکـه هەمـوو کارێکی ڕیفـۆرم لـه هەمـوو کۆمەڵگایـەک بەرهەمی خەباتی چینایەتییه بەڵام هەمیشـه چینی دەسـەڵاتدارو فەرمانڕەوا بۆ پاراسـتنی دەسـەڵاتی خۆیـان و نەهێشتنی مەترسـی چەوساوان لەسـەر خۆیـان بۆ هێشتنەوەی کورسـییه شـڵۆقەکەیان کەلـه ڕێـگای زۆر و سـتەمەوه دەسـتیان کەوتـووه دەکەونـه کاری ڕیفۆرمانـه و ڕوکـەش بـۆ هەڵخەڵەتاندنـی جەمـاوەر. لـه شـۆڕشـدا مەسـەلەی سـەرەکی بەدەستهێنانی دەسـەڵاتی ڕژێمـه ئـەو فاکتـۆرەی کەلـه گۆڕانـی دەسـەڵاتی چینایەتیـدا دەوری سـەرەکی دەبینـێ ئاڵوگـۆڕکردنـی دەسـەڵاتی ڕژێمـه لـه دەسـتی چینێکـەوه یان لـه دەسـتی توێژێکـەوه بـۆ چین و توێژێکی تر. شـۆڕش وڕیفـۆرم دوو ناوەڕۆکن کـه هەمیشـه پەیوەندییـان بـه میحـوەری ئایدیۆلۆجیـەت و سیاسـەتی بزوتنـەوەی کرێکارییـەوه هەیـه و سـتراتیجی تاکتیکـی ڕاسـت کاتێـک دەردەکـەوێ کـه بزوتنەوەکـه درک بـه پەیوەنـدی دیالەکتیکـی نێـوان ڕیفـۆرم و شـۆڕش بـکا. لینیـن دەڵـێ ( ناوەڕۆکـی ڕیفـۆرم و ناوەڕۆکـی شـۆڕش لەگـەڵ یەکدا ناکۆکییـان هەیـه فەرامـۆش کردنـی ئـەو ناکۆکییـه و هەسـتنەکردن بـه جیـاوازی نێوانیـان مایـەی گومانەلـه سـتراتیج و تاکتیـک بـەڵام ئـەو ناکۆکیـه ووشـک و ڕەهـا نیـه، بگره هەمیشـه لـه جوڵـه و زیندوێتـی دایـه. پێویسـته لـه هەمـوو بارێکـی دیاریکـراو دا جـۆری پەیوەنـدی ئـەم دوو دژه دەسـت نیشـان بکـرێ). ئـەم وتەیـەی لینیـن ڕێ پێشـاندەری هەمـوو حزبێکـی شۆڕشـگێره لـەم

سەردەمە دا کە تەرازووی هێز لە جیهان دا گۆڕاوە و لە کاتێکدا کە سۆشیالیزم بە هێزی برینەرەوە و دیاریکراو دەبینرێ، ئەویش بە هۆی یەکگرتنی چینی کرێکاران و پتربوونی دەسەڵاتی لەناو هەموو چین و توێژەکانی تری کۆمەڵدا وهەروەها بە هۆی گرتنی ڕێبازی ڕاست لە لایەن حزبە کۆمەنیستەکانەوە ئا لێرەدا گرنگی ڕیفۆرم لە خەباتی پڕۆلیتاریادا دەردەکەوێ. کۆمەنیستەکان لە کاتێکدا کە خەبات دەکەن بۆ بەدیهێنانی ڕیفۆرم لە زۆر بواردا وەک خۆش گوزەران کردنی ژیانی ڕەنجدەران و فراوانکردنی سنوری سەربەستی و ئازادیی دیموکراتییانە و لەناوبردنی پاشماوەی پێش سەرمایەداری وەک پەیوەندیی نێوان ئاغا ونۆکەر، میرو ڕەعیەت و شیخ و مسکێن وبۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی ستەمداری هەر لەو کاتەدا باش ئەوە دەزانن کە سەرمایەداری بە کاری ڕیفۆرم لە ناوناچێ بگرە کاری ڕیفۆرم تەنها بەری خەباتی شۆڕشگێرییە بە شێوەیەکی ڕوکەش و بۆ هۆشیارکردنەوەو ڕێکخستنی جەماوەر سودی لێ وەردەگیرێ، بۆیە خۆیان بۆ گوێزانەوە لە سەنگەری ڕیفۆرمەوە بۆ سەنگەری خەباتی شۆڕشگێرانە ئامادە دەکەن. حزبی کۆمۆنیستی ڕاستەقینە ئەوەیە کە نە بڕوای بەوە هەیە کە کاری ڕیفۆرم هەموو شتێکە و هەموو کێشەکان چارەسەر دەکا و شۆڕش و خەباتی شۆڕشگێری دەوری نەماوە و نە بڕوای بەوە هەیە کە دەبێ بە توندی دژی کاری ڕیفۆرم بێت و تەقەلای دواخستنی باری ژیانی کۆمەڵ بدات.واتە حزبی کۆمۆنیست نە بڕوای بە ڕای یەکەم هەیە کە ڕایەکی ڕاستڕەوی تەسلیم خوازانەیە و نەبڕواشی بە ڕای دووەم هەیە کە ڕایەکی چەپڕەوی پەلەپەلکەرانەیە.

## ڕیفۆرمی زەوی Agrarian reform

بریتیە لەو هەنگاوانەی کە بۆ دروست کردنی گۆڕان لە شێوەی خاوەندارێتی زەوی و سود وەرگرتن لە زەویوزار دەنرێ. لە وڵاتانی سەرمایەدار دا مەبەست لە ڕیفۆرمی زەوی خۆشکردنی زەمینەی لە بارترە بۆ گەشەکردنی سەرمایەداری و لاوازکردنی بزوتنەوەی جوتیاری و بەرهەڵستی کردنی خەباتی جوتیارانە، هەروا مەبەست لێی بەرگری کردنە لە بەرژەوەندی خاوەن زەوییەکان لە ڕێگای قەرەبووکردنەوەیان بەرامبەر بەو زەوییانەی کە بە کەموکوڕییەکی زۆرەوە بەسەر جوتیاراندا دابەش دەکرێن. ئەم جۆرە ڕیفۆرمە هەرچەند لە ڕووی ئابوورییەوە دەبێتە هۆی پێشکەوتن و سود وەرگرتن لە زانستی تەکنیکی لە مەیدانی کشتوکاڵدا و بەرهەمی کشتوکاڵی چاکتر و پتر دەبێ، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پرۆسەی پەیدابوونی توێژێکی جوتیاری بەستراو دێنێتە کایەوە زۆربەی زۆری جوتیاران بەرەوماڵوێرانی دەبا و ناکۆکییەکی قووڵ و نوێ دێنێتە کایەوە. لە وڵاتی سەرمایەدار و لە ژێر سێبەری ڕژێمی بۆرجوازیدا ڕیفۆرمی زەوی جگە لەوەی کە بۆ دروستکردنی ناکۆکییەکی نوێیە لە نێوان جوتیارنی خاوەن زەوی و بێ زەوی لە دێهاتەکاندا و جگەلەوەی کە بە کەموکوڕییەکی زۆرەوە خراپترین و کەمترین پانتایی زەویی دەرەبەگەکان دابەش دەکا و تەعویزێکی زۆریان دەداتێ، لە هەمان کاتدا ڕژێم خۆیشی باشترین زەوی و زار بەراوی جوتیارە خاوەن زەوییەکان داگیر دەکا وبە ناوی کەرتی گشتییەوە دەستی بە سەردا دەگرێ. تەنها لە سەردەمی سۆشیالیزمدا و لە ژێر سێبەری ڕژێمی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دا مەسەلەی زەوی و کێشەی زەوی بە قازانجی جوتیاراندا چارەسەر دەکرێ.لەم سەردەمەی ئێستا دا کاتێ دەتوانین بڵێین ڕێفۆرمێکی ڕاستەقینەی زەوی دەکرێ کە دەرەبەگایەتی و پاشماوەی پەیوەندیی دەرەبەگایەتی ڕیشەکێش بکرێ

کە ئەویش لە پێشەوە دەبێ لە ڕێگای پاڵەپەستۆی .

## زایۆنیزم Zionism

بیروباوەڕێکی نەتەوەپەرستی تەسک و پەیوەند بە بۆرجوازیی جولەکەیە کەلە کۆتایی سەدەی ڕابردوو لە ئەوروپا سەری هەڵداوە و ئێستا بووە بە ئایدیۆلۆجیەتی ڕژێمی دەستدرێژکەری ئیسرایل زایۆنیزم لە سەرچاوەی زایۆنەوە هاتووە کە ناوچەیەکی نزیک شاری ئۆرشەلیمە و لەلای جولەکەکان شوێنێکی پیرۆزە.لەساڵی ١٨٩٧ داجوولەکەکان ڕێکخراوێکیان بە ناوی ڕێکخراوی زایۆنیزمی جیهانی دروست کرد و ئامانجی خۆیان بە گوێزانەوەی هەموو جولەکەکانی جیهان بۆ فەلەستین دەستنیشان کرد. ئێستا ئەم ڕێکخراوە لە ڕووی داراییەوە بەرامبەری گەورەترین دەزگا مۆنۆپۆڵەکانی جیهانە لە زۆربەی کارگە و کارخانەکانی ئیسرایل دا هاوبەشە و خاوەنی چەندین دەزگای کشتوکاڵی و پیشەسازی و زەوی و زارە.ئێستا ناوەندی ئەو ریکخراوە لە ئەمریکایە و لە ٦ وڵات زیاتر چالاکی هەیە. بۆرجوازی جولەکە لە ڕێگای جوڵاندنی هەستی نەتەوە پەرستیی تەسکەوە کە چەندین ساڵە کاری بۆ دەکا توانیویەتی سەرنجی هەموو جولەکەکانی جیهان بەلای ڕژیمێک و وڵاتێکی تایبەت بە جولەکە ڕابکێشێ و وای لێ کردون لە هەموو وڵاتانی جیهان دەست لە شارو شوێنی نیشتەجێیان هەڵگرن و کۆچ بۆ فەلەستین بکەن، پاشان ببنە رمی دەستی ئیمپڕیالیزمی ئەمریکی. تیۆری زایۆنیزم تیۆرییەکی کۆنەپەرستانە و گێرەشێوێنانەیە لەڕووی زانستییەوە بێبناغەو بێ لۆجیکە، دژی بەرژەوەندی پرۆلیتاریای جولەکەیە بەردەوام خەریکی دروستکردنی ناکۆکییە لە نێوان جولەکەی وڵاتان و دانیشتوانی تری ئەو وڵاتانە.هەر تیۆریی زایۆنیزم بوو کە بووە هۆی پەیدا بوونی تێزێکی تری دژ بەو کە تێزی ئانتی سمیتیزمە، واتە دژی جولەکە کە تێزێکی کۆنەپەرستانە و ڕەگەز پەرستانەو دژی یەکێتیی

ڕیزەکانی ڕەنجدەرانە. بۆیە مارکسیزم بە توندی دژی هەردوو تیۆریی زایۆنیزم و ئانتی سمیتیزمە. زایۆنیزم تەنها بریتی نیە لە ئایدیۆلۆجیەت بگرە بریتیە لە سیستمێکی گەورە و فراوان کە چەندین لق و دەزگای هەیە، کۆمەڵێک ڕێکخراو و تیۆری سیاسەتی ئەوتۆی هەیە کە سیاسەتی ئابووریی جولەکەیان لەسەر بنیات نراوە و بەستراوەتەوە بە ئابووری مۆنۆپۆلەکانی ئەمریکا و وڵاتانی تری ئیمپریالیست. ناوەڕۆکی زایۆنیزم بریتیە لە شۆڤێنیزمی شەرخواز و دژی بە کۆمۆنیزم و زایۆنیزم بۆ ئەوە تێدەکۆشێ کەلە وڵاتە جۆربەجۆرەکانی جیهان کرێکاران و ڕەنجدەرانی جولەکە لە کرێکاران و ڕەنجدەرانی ئەو وڵاتانە جیا بکاتەوە و ڕێ لە بەشداریکردنی ڕەنجدەرانی جولەکە لە بزوتنەوەی دیموکراتی کرێکاران بگرێ.زایۆنیزم بە بەرزکردنەوەی دروشمی (یەکێتیی بەرژەوەندیی نەتەوەی جولەکە)دەیەوێ ناکۆکییەکانی نێوان کارو سەرمایە و نێوان چەوسێنەر و چەوساوانی جولەکە بخاتەوە ژێر پیوە و بەم دروشمە ناڕاستە بەرژەوەندییەکانی ڕەنجدەران وچەوساوان دەکاتە قوربانیی بەرژەوەندی بۆرجوازیەت و ساماندارەگەورەکان و چەوسێنەرانی جولەکە. بەرامبەر بە زایۆنیزم ئانتی سمیتیزم هەیە ئانتی بەمانای دژدێ و سمیتیزم کە سەرچاوەی سمیتە واتە سامی واتە ئەو ڕەگەزەی کە جولەکەلێوەی پەیدا بووە. کەواتە ئانتی سمیتیزم یان دژی جولەکە تیۆرییەکە هێندە کۆێرانە دژایەتیی جولەکە دەکا کە هەموو جیاوازییە چینایەتی وکۆمەڵاتییەکان فەرامۆش دەکا و بەیەک چاو هەمویان دەبینی. هەردوو تیۆریی زایۆنیزم یەکێتی ڕەنجدەرانی جولەکەی ولاتان و ڕەنجدەرانی ئەو وڵاتانە تێکدەدا و لێکیان جیا دەکاتەوە تیۆریی ئانتی سمیتیزمیش تیۆرییەکی جیاوازیکەر ودروستکەری دوبەرەکییە وچەکێکی کاریگەری دەستی گێرەشێوێنان و لادەرانی ڕێبازی یەکێتیی ڕەنجدەرانە. ئانتی سمیتیزم کە دروشمی لەناوبردن و سوتاندن و خنکاندن و دەربەدەرکردنی جوولەکە بەرزکردۆتەوە بێ جیاوازی کردن لە نێوان کۆنەپەرستان و پێشکەوتنخوازانی جوولەکە بێ جیاوازی کردن لە نێوان

چەوسێنەران و چەساوانی جولەکە ئەمانیش وەک زایۆنیزم و ئیمپریالیزم دوژمنی یەکێتیی کرێکاران ورەنجدەرانن دژی بەرژەوەندی چەوساوانن.

## زەویداری گەورە Latifundium

زەویوزاری کشتوکاڵیی فروانن. لاتیفۆند بەو زەوییە فراوانە دەوترێ کە هی یەک کەس بێ لاتیفۆند زاراوەیەکی لاتینییە بۆ یەکەم جار لە سەردەمی کۆیلایەتیدا پەیدا بووە لاتیفۆندەکانی سەردەمی کۆیلەداری لە رۆما سەریان هەڵداوە، ئەنجامی بە زۆر داگیرکردنی زەویوزاری جوتیاران و وڵاتان بوو لە لایەن سەرکردە دەسەڵاتدارەکانەوە. لاتیفۆندەکان لەو سەرزەمینانە دەستی هەزاران بگرەبە خۆراییشیان بەکاردەهێنا خاوەن زەوییە بچوکەکانیش وردە وردە لە مەیدان نەمان و زەوییەکانیان بوو بە هی لاتیفۆندەکان. پاشان لاتیفۆندەکان لە سەردەمی کۆیلەداری و پاش پەیدابوونی دەرەبەگایەتی تەنانەت پاش پەیدابوونی سەرمایەداریش هەر مانەوە بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز. لاتیفۆندەکان و تێزی لاتیخۆندیستی لە وڵاتەکانی خوارووی ئەمریکا و ئیتاڵیا هەیە. لاتیفۆندیستی کە دەزگایەکی پاشماوەی دەرەبەگایەتییە لەرووی سیستەم و هاوبەشی لە کێڵگە و بەکرێدانی زەویوزاری بچوک بە جوتیاران و کاری دەستی و شێوەی پەیوەندیی مسکێنی و نۆکەری لە نێوان جوتیاران و لاتیفۆندەکاندا بە پارێزەری شێوەی بەرهەمی سەردەمەکە دەژمێردرێ لە پاڵ ئەو شێوە کۆنە شێوەی نوێش بەکاردێنێ وەک بەکارهێنانی ماشێنی کێڵان و درونەوە و بەکارهێنانی کرێکاری کشتوکاڵی کەواتە لەلایەکەوە پارێزەری شێوەی بەرهەمی دەرەبەگایەتییە و لەلایەکی ترەوە سود لە تفاقی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری وەردەگرێ واتە لاتیفۆندیستی شێوەیەکی بەرهەمهێنانی نیمچە دەرەبەگایەتی نیمچە سەرمایەدارییە لاتیفۆندەکان کۆنەپەرستترین توێژی چەوسێنەرانن.

## ژێر دەستەیی Protector

شێوەیەک لە شێوەکانی داگیرکردن. ئەم زاراوەیەلە ڕووی زمانەوانییەوە بە مانای پاڕاستن و پشتیوانی کردنی وڵاتێکی بە هێزە بۆ وڵاتێکی بچووک و لاواز. لە راستیدا وڵاتە ئیمپڕیالیستەکان بە زۆر و بە زەبری هێز و توانای ئابورییانەوە پرۆتکتۆر بە سەر وڵاتە بچوکەکاندا دەسەپێنن و ئەم شێوە داگیرکردنە بۆ ئەو شوێننانەی بەکاردەهێنن بۆ نموونە،میرنشینەکانی کەنداوی عەرەب هەمویان بە ناوی پاراستن و پشتیوانییەوە دەسەڵاتی ئینگلیستانیان بەسەردا سەپێنراوە و ئینگلیز بە ئارەزووی خۆی شێوەی حوکمێکی میرایەتی کۆنەپەرستی سەربەخۆی بەسەریاندا سەپاندووە و خستونیەتە ژێر باڵی چەوسێنەرانەی خۆیەوە. پڕۆتکتۆر لە زۆرترین حاڵەتدا مافی ئەوەبە وڵاتە ئیمپڕیالیستەکان دەدا کە بنکەی سوپایی هێزی زەمینی و هێزی هەوایی و هێزی دەریای خۆی لە ناو وڵاتە بچوکەکان دابنێ. بەڵام لەم سەردەمەدا کە سەردەمی بزوتنەوە پر توانای ڕزگاریخوازیی گەلانە، وا وردەوردە بەردی بناغەی پڕۆتکتۆری هەڵدەتەکێ و سەرئەنجامەکەی بە لەناوچوونی سیستمی سەرتاسەری داگیرکەران تەواو دەبێ.

## ژێرخان، سەرخان Under structure upper structure

ژێرخان لەدیدگای جیهان بینینی مارکسیزمدا پەیوەندییە ماددی و بەرهەمهێنەرەکانی بە بنچینەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەزانێ. ژێرخانی کۆمەڵگاش بریتیە لە کۆمەڵێک پەیوەندیی بەرهەمهێنان کە ئابووری کۆمەڵگای لەسەر بنیات دەنرێ. مەبەست لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان شێوەکانی خاوەندارێتی و جۆری پەیوەندی نێوان هێزە بەرهەمهێنەرەکان و شێوەی دابەش کردنی خێرو بێرە مادییەکانە. هەموو کۆمەڵگایەک

ژێرخانی هەیە. باری ژێرخانییش بەندە بە باری هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە، هەروەها ڕادەی پێشکەوتن و دواکەوتنی هەر کۆمەڵگایەک بەندە بە ڕادەی پێشکەوتن و پاشکەوتنی هێزە بەرهەم هێنەرەکان و شێوەی پەیوەندی بەرهەم هێنان.ژێرخان شوێنێکی گرنگی لەمەیدانی ژیانی کۆمەڵگا دا هەیە و لەبەر ڕۆشنایی ژێر خان خێرو بێرەمادییەکان دابەش دەکرێن. مرۆڤ بە بێ پایەدارکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان ناتوانێ بەرهەم بێنێتە دی و پاشان پێداویستیەکانی ژیان بخاتە بەر دەست. گۆڕانی قۆناغێکی کۆمەڵایەتی بۆ قۆناغێکی تر، مانای گۆڕانی ژێر خانە واتە بەدیهێنانی پەیوەندی بەرهەمهێنەرانەی نوێترە.سەرخان بریتیە لە باری سیاسی، فەلسەفی،ڕەوشتی و تەکنیکی وئاینی و هەموو ئەو جۆگەو کەناڵانەی کە پێیان دەبەستریتەوە و هەموو ئەو دام و دەزگایانەی لە کۆمەڵگا کە پێیانەوە بەندن. لەگەڵ هەستی کۆمەلایەتیشا پەیوەندییەکی قوڵ و ڕیشەیی دیالەکتیکی لە نێوان ژێر خان و سەرخاندا هەیە. ژێر خان بنچینەی سەرخانە سەرخان لە سەر بناغەی ئەو پەیوەندییانەی بەرهەم هێنان دادەمەزرێ کەلە کۆمەڵگا دا هەن.سەرخان پاش ژێرخان ڕۆڵێکی کاریگەری لە گەشەکردنی کۆمەڵگا دا هەیە. کاتێک ژێر خانی کۆمەڵگا دەگۆڕێ، سەرخانیش گەورەترین پاڵپشتی سەرکەوتن و چەسپاندنی سەرخانە نوێکە دەبێ، ڕووی گەشی کۆمەڵگا پیشان دەدا و خێرایی بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵگا وپێگەیشتنی هێزە بەرهەم هێنەرەکان دەبەخشێ. بۆ پتر ڕوونکردنەوەی پەیوەندی دیالیتکی نێوان ژێر خان و سەرخان و دەستنیشانکردنی کاریگەریی ژێرخان لە کۆمەڵگا دا پێویستە ئەوە بزانین کە ژێرخانی هەر کۆمەڵگایەک کەململانێی چینایەتی تێدا بێ لەسەر ناکۆکی دروست کراوە. دەبێ ئەوەش بزانین کە ژێرخانی کۆمەڵگایە کە دەبێتە دەستنیشانکەری پەیوەندییە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤ بە هۆکانی بەرهەم هێنانەوە دەستنیشانکەری ناکۆکیە چینایەتیەکان و بەرژەوەندیی چینایەتی و دەستنیشانکەری بەرهەم هێنەران و بەرهەم بەران.

سەرخان : بیروباوەڕی هەموو دام و دەزگا وڕێکخراوێکی چینایەتییە هەر چینێک کە لە ڕووی ئابوورییەوە دەسەڵاتدار بێ، بێ شک سەرخانی ئەو چینەش واتە بیروباوڕی ئەو چینە لەسەر کارە و خۆی بەسەر هەموو دامودەزگاکانی وڵاتدا دەسەپێنێ واتە هەر چینێک هێزە مادییەکانی کۆمەڵگای لە ژێر دەسەڵاتدا بێ بێ شک هێزە مەعنەوییەکانیش لە ژێر دەسەڵاتیدا دەبن. بۆ نموونە کاتێک ژێر خانی کۆمەڵگای سەرمایەداری دەچەسپێ وردەوردە سەرخانی سەرمایەداریش خۆی دەخزێنێتە هەموو دامو دەزگایەکی دەوڵەت (ڕەفتاری کۆنەپەرستی،فاشیزمی ڕژێم، هونەری بۆرجوازیی پوچەڵ، فەلسەفەی ئیمپڕیالیستی و کەلتوری پڕ درۆ و دەلەسەی سەرمایەداری )و خۆی دەسەپێنێ. لەگەڵ ئەو پەیوەندییە قوڵە دیالەکتێکییەی نێوان ژێرخان وسەرخان هێشتا سەرخان تا ڕادەیەک سەربەخۆ دەبێ. یەکێ لە دیاردەکانی سەربەخۆی سەرخان ئەوەیە کە لەگەل گۆڕانی ژێرخان دا یەکسەر سەرخان ناگۆڕێ بگرە پاشماوەی سەرخانی ژێرخانە کۆنەکە هەر دەمێنێ و وردەوردە دەگۆڕێ. ئاشکرایە کەلەگەڵ ڕوخانی ژێرخانی کۆن و دروستبوونی ژێرخانی نوێ، تەنها ئەو توخمانەی سەرخان دەگۆڕێن کە لە خزمەتی چینی دەسەڵاتدار دان.لەسەرخانی هەموو کۆمەڵگایەکدا توخمی نەگۆڕ هەیە کە بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەشێ و شوێن وبایەخی تایبەتی خۆی هەیە و چەند گۆڕان بەسەر کۆمەڵگا دا بی، ئەوانە هەر لە شوێنی خۆیانن و دەستکاری ناکرێن لەوانە پێوانەکانی ڕەوشتی مرۆڤایەتی و بەرهەمە هونەری و وێژەییەکان. نموونەیەکی تری سەربەخۆیی ڕێژەیی سەرخان ئەوەیە جاری وا هەیە ژێرخانی کۆمەڵگا دەگۆڕێ و دەبێتە ژێرخانێکی سۆسیالیستی بەڵام لەبەر ئەوەی کە سەرخان گرنگی پێ نادرێ، پاشماوەکۆنەکانی سەردەمی سەرمایەداری لە هەموو ڕووەکانی فەلسەفەو کەلتوورو خو و ڕەوشت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کارا دەبن بۆیە دەشێ مانەوەی پاشماوەی ئەو سەرخانە کۆنە، کار بکاتە سەر ژێرخانە نوێکە و بەرەو لادانی بەرێ.

## سانسۆر Censor

لەزمانی لاتینیدا بەمانای(بڕیاردان)دێ.سانسۆر بریتیە لە قەدەغەکردن بەزۆری دەسەڵاتی سیاسی، ئاینی... هتد هەر جۆرە کارێکی سیاسی یان ئاینی یان ڕەوشتی یان هونەری و ویژەیی کە پیچەوانەی یاساو بڕیار و سیستمی ڕژێمی دەسەڵاتدار بێ قەدەغە دەکات و بەکارێکی پر بە مەترس ناو دەبا سانسۆر لەیەکەم کۆمەڵگای سیاسی و تیۆکرات سەری هەڵداوە بەڵام بە شێوەیەکی ڕوون وئاشکرا لە پەیدابوونی چاپ و چاپەمەنییەوە هاتۆتە کایەوە لە سەدەی شانزەهەمدا بۆ یەکەم جار بڕیاری سانسۆر دەرچوو. پرۆتستانتەکان لە سەردەمی ڕیفۆرمی ئاینیدا زۆر سودیان لە سانسۆر وەرگرت. سانسۆر دووبەشە بەشێکی سانسۆری قەدەغەکەرە کە ئەمەیان پێش ئەوەی کارەکە دەست پێ بکا، قەدەغە دەکرێ بەشەکەی تری سانسۆر سزایی پێ دەوترێ. ئەمەیان پاش ئەوەی کارەکە دەکرێ ئەوسا سزا دەدرێ.

## سەرمایەداری Capitalism

سەرمایەداری قۆناغی گەشەکردنی کۆمەڵە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە و شوێنی دەرەبەگایەتیی گرتۆتەوە و دوایین قۆناغی لەسەر بناغەی چەوساندنەوە و خاوەندارێتیی تایبەتی هەموو ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن سەرمایەدارەوە دارێژراوە.

### بەرهەمی کالآیی

لەم سەردەمەدا دەتوانین بڵێین هەموو شتێ شێوەی کەلوپەل بە خۆیەوە بگرێ و هەموو کڕین و فرۆشتنێک بەندە بە کالآوە.بەرهەمی کالآیی زۆر لە بەرهەمی سەرمایەداری کۆنترە چونکەبەرهەمی

کاڵایی پیش کۆمەڵگای سەرمایەداری هەبوو لە قۆناغی کۆتایی دەرەبەگایەتییەوە بەرهەمی کاڵایی بە شێوەیەکی سادە بۆتە بنچینەی بەرهەمی سەرمایەداری.بەرهەمی کاڵایی بە شیوەیەکی سادە لەلایەن پیشەوەرەکانەوە بەری ڕەنجی کەسێک یان بەری دەستی کەسێک بووە.بەڵام بەرهەمی کاڵایی سەرمایەداری لەسەر کاری بە کۆمەڵی چەند کەسێک دادەمەرزێ. قۆناغی سەرەتایی بەرهەمی سەرمایەداری بەشێوەیەکی زۆر سادە بووە لە پیشەوە شێوەی کاری بەکۆمەڵی بە خۆیەوە گرتوەکە سەرمایەدار چەند پیشەوەرێکی بەکرێ گرتووە و ئیشی پێ کردوون و یەک شتی پێ هێناوەتە بەرهەم. بەم پێیە لەلایەکەوە کار دابەش کراوە لە لایەکی ترەوە خێرایی پتر بووە لە بەرهەمهێناندا پاش ئەوە قۆناغی مانیفاکتۆر هاتە پێشەوە.

## مانیفاکتۆر

کارگەی دەستی بچوک کە بەرهەمەکەی ئەو بەرهەمە سەرمایەدارییەی کە لەسەر بناغەی سیستەمی کارو تەکنیک و پیشەدادەمەزرێ. بۆ نموونە لە کارگەیەکی پیشەوەرەکاندا کە هەر یەکەیان پسپۆری لە کارێکدا هەیە و پێکەوە کار دەکەن بۆ هێنانەدی بەرهەمێکی دیاریکراو وەک فەرش یان پێڵاو. وردە وردە مانیفاکتۆر بەرەو گەشەکردن ڕۆیی لەباتی ئەوەی تەنها کرێکار ئامڕازی بەرهەمهێنانی کەلوپەل بێ مەکینە و ئامێری تەکنیکی پێشکەوتوو هاتۆتە کایەوە کە بووە هۆی ئەوەی لەلایەک جۆری کەلوپەلەکە پتر بەرهەم بهێنرێ و چاکتر بێ و لەلایەکی ترەوە کارگەکە بووە مەیدانێکی فروان کردنی دابەشکردنی ئیشو کار بە شێوەیەکی ڕێکوپیک بە چەند بەشێکەوە کە هەر بەشەی ژمارەیەکی زۆر کرێکاری تێدا بەکاربهێنرێ بۆ نموونە کارگەی مۆبیلیات چەند بەشێک بوو بۆ نموونە بەشی دارتاشی،خەیاتی،بۆیەکردن وخەراتی... هتد. پەیدابوونی پەیوەندی سەرمایەداری لەرووی مێژوویی‌یەوەلەسەرەتاوە لە

ئەوروپای ڕۆژئاوا سەری هەڵدا بەڵام لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە مەکینە لە بەرهەمهێنانی کەلوپەلدا بەکارهێنرا. سەرمایەداری لە رووی پیشەسازییەوە تەنها لە هێنانە کایەی مەکینە بۆ مەیدانی بەرهەمهێنانی کەلوپەلی پیشەسازی دەوری نەبووە بگرە مەکینەی هێنایە مەیدانی کشتوکاڵیش و دەزگای زۆر گەورەی سەرمایەداری لە مەیدانی کشتوکاڵدا دامەزراند. یاسای بنچینەیی و هێزی سەرەکی بەرهەمی کشتوکاڵی بریتییە لە یاسای زێدەبایی کە بنەڕەتی ئابوورییە سەرمایەداری پێکدێنێ.

## زێدەبایی

بریتیە لەو باییەی کە سەرمایەدار بێ بەرامبەر دەیبا و لە بنەمادا رەنجی کرێکارانەو دروستکراوی سەرباری بایی هێزی کاری خۆیانە واتە هی ڕەنجدەرانە و بنچینەی چەوساندنەوەی کرێکاران و بنەمای سامانی سەرمایەداران پێکدێنێ. لە سەردەمی سەرمایەداریە کرێکار سەربەستترە وەک لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا چونکە خاوەنی هێزی کاری خۆیەتی، بەڵام بۆ درێژەدان بە ژیانی خۆی پێویستی بە فرۆشتنی ئەو هێزە هەیە. سەردەمی سەرمایەداری ئەو سەردەمەیە کە خاوەن کارگەکان، موڵکدار گەورەکان، بازرگانەکان، خاوەن بانقەکان و کۆلاکەکان (واتە سەرمایەداری لادێ ) دەکەونە چەوساندنەوەی کرێکاران و ڕەنجدەران و جوتیاران دەبنەهۆی ئەوەی کە کرێکار هێزی کارەکەی بفرۆشێ بە خاوەن زەوی و کارگە وکەرەستەکانی کارکردن و بەشێکی زۆری کارەکەی بۆ گوزەرانی خۆی وخێزانی تەرخان بکا کە ئەم بەشە پێی دەوترێ مزە(کرێ) و بەشێکی تریشی لە ڕۆژی کارەکەی بە خۆڕایی وبێ بەرامبەر دەچێتە گرفانی سەرمایەدارەوە وزێدەبایی دروست دەکا و سەرمایەداران بە نارەوایی قازانجێکی بەهەوەنتە وەردەگرن. سەرمایەداری وەک قۆناغێکی گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی بۆرجوازی،لەڕێگای

ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا بە پارە و پاشان دانی پارە بەکاڵاهاتە کایەوە بەڵام ئەنجامی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان و لە باریی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و خربوونەوەی پارە لای بۆرجوازییەکان وردەوردە گۆڕا بۆ سەرمایە و بۆ کاڵا و پاشان بۆ پارە.بەم پێیە، چەشنی گەشەکردنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەکرێ، یەکێکیان قۆناغی پێش مۆنۆپۆلە و ئەوی تریان قۆناغی مۆنۆپۆلییە. قانونە ئابوورییەکانی ڕژێمی سەرمایەداری بە درێژایی هەردوو قۆناغەکە کاری خۆیان دەکەن. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە سەرمایەداری کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووترە لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی بەڵام بەهۆی بوونی ناکۆکی لەنیوان کارو سەرمایە بێشک وڵاتە سەرمایەدارەکان بۆ پاراستن و هێشتنەوەی ژێرخانی ئابووری سەرمایەداریی دارێژراو لەسەر زێدەبایی و بۆ هێشتنەوەی سەرخانی سیاسی و هونەری و مەزهەبی و دادوەری و فەرهەنگی سەرمایەداری، پەنا دەبەنە بەر دیکتاتۆریەتی سوپایی و فاشیزم و خۆسەپاندن و پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەر لەبەر ئەوەشە کە ناکۆکییە نێوان سەرمایەداران و کرێکاران و چینی کرێکار بەرەو خەباتی چینایەتی دەبا، چونکە وردەوردە سەردەمی سەرمایەداری دەبێتە سەردەمێکی کۆن و دواکەوتوو و ڕێگر لە گەشەکردنی کۆمەڵگا و پەیوەندییەکانی نێوان کرێکاران و سەرمایەداران لە پەیوەندیەکی گونجاوەوە دەگۆڕێ بۆ پەیوەندیەکی نەگونجاوو ڕێگر. ڕەنگە بڵێین لە سەردەمی سەرمایەداریدا زانست و هونەر زۆر گەشەیان کردوە وکەوتۆنەتە کۆڵینەوەی دەریاکان وئاسمان و مانگ و ئەستێرەکان، بەڵام ئەگەر سەرمایەداری نەبوایە و ڕێگر و کۆنەپەرست نەبوایە ئێستا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خاوەنی سەدان ملیۆن هەژارو برسی و ڕووت وقوت و نەخۆش ونەخوێنەوار نەدەبوو. لە ئەنجامی ڕێگریی سەرمایەداری لە گەشەکردنی کۆمەڵ و خەباتی چینایەتی چینەشۆڕشگێرە کاریگەرەکان، واتەکرێکارەکان، کۆمەڵگای سۆشیالیستی دێتە کایەوە کە قۆناغی یەکەمی کۆمۆنیزمە.

## سەرمایەداری لادێ Kolak

کۆلاک وشـەیەکی ڕوسییە بە مانای سـەرمایەداری لادێ دێ واتـە ئـەو جوتیارانـەی کە خۆشگوزەرانن و خـاوەن زەوییەکی ئەوتـۆن کە بنچینـەی سـەرمایەیەکی ئەوتۆیـان بۆ دادەڕێژێ لـە ڕێگای چەوساندنەوەی هێزی کرێکاری خەڵکی واتـە لـە ڕێگای چەوساندنەوەی کرێکاری کشـتوکاڵی. کۆلاک جگە لـە کاری کشتوکاڵ وئاژەڵداری بە هـۆی بوونـی سـەرمایەوە، کاری بازرگانـی و سـەلەم و سـوو و بەکرێدانـی زەوی و بەکرێدانـی ئامێرەکانـی کشـتوکاڵ وەک تراکتـۆر و دەڕاسـە و گاسـن و ئەنجـام دەدا لـە ئەنجامی گونجاویی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لـە لادێ کۆلاکـەکان دەسـەڵاتی فراوانیان پەیدا کرد هەرچەندە لـەرووی ژمارەوە کەمن بـەڵام دەورێکـی گرنگیـان لـە بەرهەمـی کشـتوکاڵی و کاروبـاری کۆمەڵایەتیـدا هەیـە ئەمانـە بەهـۆی دەسـەڵاتییانەوە لـەڕووی سـامان و خاوەنداریەتیـی زەویـوزاری زۆرو خاوەنداریێتیـی ئامرازەکانـی بەرهـەم هێنانـەوە بـێ بەزەییانـە کرێکاری کشـتوکاڵی و جوتیارانـی لادێ و ئەوانـەی پێویسـتیان بـە ئامێرەکانـی کۆلاکـە دەچەوسـێننەوە.کۆلاک جگـە لـەوەی کـە ناکۆکـی لەگەڵ جوتیـاران و کرێکاری کشـتوکاڵ هەیە، ناکۆکی لەگـەڵ دەزگا گەورە کشـتوکاڵییەکانی و ناوخۆشـیان هەیـە.

## میلتاریزم Militarism

سـوپاییکردنی ڕژێـم و وڵات. لـە وشـەی میلیتـەرەوە هاتـووە کـە ووشـەیەکی فەرەنسییە بـە مانـای سـوپا دێ میلیتاریـزم بـۆ چوارشـێوەی ڕێکخراوەیـی ڕژێـم بـەکار دەهێنـرێ شـەرخوازی، دەسـەڵاتی سـوپایی لـە دەزگای ڕژێمـدا سـوپاییکردنی ڕژێـم زاڵبوونـی بیـری سـەربازیی ڕووت. هـەر کاتـێ هـەر یەکـێ لـەم شـێوانە بـە شـێوەیەکی فـراوان بەکاربهێنـرێ

یان دوو سێ بەشی پیکەوە بەکاربهێنرێ، میلیتاریزم بنەرەتی نیە، بگرە بەشێکی میلیتاریزمە، بەڵام ئەگەر هەر چوار شێوەکەی بەیەکەوە بەکار هات وەک ئەوەی کەلەسەردەمی هیدیکی تۆگۆ لە یابان لە ساڵانی ١٩٤٤-١٩٤٥ بەکار هات پێدەوترێ میلیتاریزمی بنەرەتی زۆر کات میلیتاریزم بەکاردێ جاری وا هەیە شەرخوازی و سیاسەتێکی دەستدرێژی کەرانە بەکاردێ جاری واش هەیە کە بۆ زاڵبوونی سوپا لە دەزگاکانی ڕژێمدا بەکار دێ.جاری وا هەیە بۆ شەرخوازی و سیاسەتێکی دەستدرێژەکەرانە بە کار دێ و جارێ وا هەیە بۆ زاڵبوونی سوپا لە دەزگاکانی ڕژێمدا بەکار دێ. جارێ واش هەیە بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی سوپای وڵات و بەکارهێنانی زۆربەی دارایی وڵات بۆ بەهێزکردنی سوپا بەکاردەهێنرێ. سەختترین و ڕەشترین شێوەی ملیتاریزم بریتیە لە سەپاندنی دەسەڵاتی سوپایی بەسەر ئابووری وڵاتدا کە ئەمە لەلایەکەوە دەبێتە کوتەکی دەستی ڕژێم بۆ سەرکوتکردنی هەموو بزوتنەوەیەکی ڕەنجدەران و جەماوەر و لەلایەکی ترەوە هەموو سامان و دارایی وڵات کە بۆ بەهێزکردن وخۆشگوزەرانی سوپا و چەکدارکردنی وڵات بەکاردەهێنرێ، دەبێتە مایەی بەدبەختی و هەژاری و نەبوونی پتر بۆ ڕەنجدەران. کۆڕی دەسەڵاتدارانی سەرمایەداری بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکانیان و بەرەبەرەکانی کردن،پەنا دەبەنە بەر ملیتاریزم واتە سوپایی کردنی وڵات و ڕژێم. بەڵام لیرەدا ملیتاریزم پتر دەبێتە هۆی توندوتیژکردنی ناکۆکییەکان و هێنانە کایەی ناکۆکیی نوێ.خەباتی ڕەنجدەران دژی ملیتاریزم، دژی خەرجی شەرخوازی،دژی سوپایی کردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەشێکە لە خەباتی دژی ئیمپریالیزم ومۆنۆپۆڵی و بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و دیموکراسی و سۆشیالیزم.

## سیستەمی هەڵبژاردن Electoral system

سیستمی هەڵبژاردن بریتییە لەو شێوەی هەڵبژاردن کەلە هەر وڵاتێکدا بە پێی یاسا و بەرنامەی تایبەتی ئەو وڵاتە، ئۆرگانەکانی هەڵبژرادن پەیرەویی دەکەن. سیستەمی هەڵبژاردن ماف و مەرج و فەرمانی دەنگدەر و هەڵبژێردراوەکان و شێوەی دەربرینی ڕاو دروستکردنی دەزگا یان ئەنجومەنی هەڵبژاردن دەسنیشان دەکا. لە وڵاتە سەرمایەدارەکاندا بەهۆی جیاوازیی چینایەتی و دارایی و نەتەوەیی، لە هەڵبژاردن دا دیاردەیەکی نارەوا بەدی دەکرێ، ئەویش بێ بەشکردنی زۆربەی کۆمەڵە لە دەنگدان و خۆهەڵبژاردن. سیستەمی هەڵبژاردن لەو وڵاتانە تا ڕادەیەک زۆر تەقەڵای مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی چەوسێنەرانە لە هەڵبژاردن. هەڵبژاردن یان ڕاستەوخۆ دەبێ یان ناڕاستەوخۆ. هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ بۆ هەڵبژاردنی ئۆرگانیک دەکرێ کە پەیوەندی بە هەڵبژرادنەکەوە هەیە.بەڵام هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ بریتیە لە هەڵبژاردنی چەند نوێنەرێک. ئەو نوێنەرانەش دەکەونە هەڵبژاردنی ئۆرگانیک کە پەیوەندیی بەهەڵبژاردنەکەوە هەیە. جارێ واهەیە هەڵبژاردن بە نهێنی دەبێ، جاری واش هەیە بە ئاشکرا دەکرێ لە وڵاتەسەرمایەدارییەکاندا لە پڕۆسەی هەڵبژاردن دووجۆر بۆ سیستەم بەکاردەهێنرێ. یەکێکیان سیستەمی ڕێژەیی دەنگەکانەو ئەوی تریان سیستمی زۆرینەی دەنگەکانە لە سیستمی ڕێژەیی دەنگەکاندا،کورسییەکانی پەرلەمان بەپێ ڕێژەی ئەو دەنگانە بەسەر حزبەکاندا دابەش دەکرێن کە حزبەکان لە هەڵبژاردن بە دەستیان دێنن وەک لە وڵاتەکانی ئیتالیا، بەلجیکا..هتد پەیڕەوی دەکرێ. لەسیستەمی زۆرینەی دەنگەکاندا هەر حزبێک زۆربەی زۆری دەنگی دەنگدەران بە دەست بێنێ، دەچێتە پەرلەمان و نوێنەرانی حزبەکانی تر کە دەنگی کەمتریان هێناوە ناتوانن.بچنە پەرلەمانەوە وەک ئەوەی لە ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا..هتد پەیڕەوی دەکرێ. بۆیە لە وڵاتە

سەرمایەدارییەکاندا سیستەمی ڕێژەیی دەنگەکان لەوەی تر دیموکراتیترە. هەندی وڵاتدا بەپێی یاسای هەڵبژاردن دەبێ نوێنەر ٥٠٪ی دەنگەکان لە خولی یەکەمی هەڵبژاردن دا بە دەستی بێنێ. ئەگەر ئەو ڕێژەیەی بەدەست نەهێنا دووبارە هەلبژاردن دەکرێتەوە.

## سێ بنکەی سەرەکی دژ بە ئیمپڕیالیزم

لەجیهانی ئێستا دا وڵاتانی سۆشیالیست و بزوتنەوە نیشتمانییە ڕزگاریخوازییەکان وخەباتی چینایەتی پرۆلیتاریای وڵاتانی سەرمایەدار سێ بنکەی سەرەکی بەهێزی ڕاپەرینی جەماوەرن بۆ شاڵاو بردنە سەر سەرمایەداری و گۆرینی بە سۆشیالیزم.هەر لەم سێ بنکەیەشەوە خەباتی دژ بە ئیمپڕیالیزم دەست پێ دەکا و سەرمایەداری لە ناو دەبا و کۆمەڵگا بەرەو قۆناغێکی نوێ دەبا.

١-لەئەنجامی شۆڕشی سۆشالیستیدا یەکەم ڕژێمی سۆشیالیست بنیات نرا، بووە قەڵای پشتیوانی خەباتی گەلان پاشان شۆرشی دووەم لە ئاسیا و ئەوروپا و ئەمریکای لاتین وچەندین وڵاتی تر دەسەڵاتی ڕەنجدەرانی سەپاند و رژێمی سۆشیالیستی هێنایە کایە وەک ڕژێمی دیموکراتی گەلی چین و وڵاتانی ئەڵمانیای ڕۆژهەلات و چیکۆسلۆڤاکیا و بولگاریا.....هتد لەم وڵاتانەدا تفاق وئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە ژێر دەستی سەرمایەداری هاتە دەرەوە و ڕەنجدەران بوونە خاوەنی. لەهەموو ڕووەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەوە ژیانی کۆمەڵ گۆڕدرا. ئەم گۆڕانە لەجیهاندا لە لایەکەوە بنکەیەکی سەخت و فراوانی بەرەی شۆرشگێرانی ڕزگاریخوازی جیهانی و دژبە ئیمپڕیالیزمی هێنایەکایەوە لە لایەکی تریشەوە چەندین شوێن و پێی ئیمپڕیالیزم وسەرمایەداریی لە رەگ و ڕەگیشەوە هەڵکەند و هێزێکی گەورەو دەسەڵاتداری بەرامبەر ئیمپڕیالیزم پەیدا کرد.

٢-بنکەی دووەم بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانە کە پاش شەر دووەمی جیهان لە وڵاتانی داگیرکراو و نیمچە داگیرکراو دەستی پێ کرد لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین.بێشک لە ڕووی ئابووری وکۆمەڵایەتییەوە هەروەها لەڕووی ئامانجەوە جیاوازی لە نیوان ئەم بنکەیە و بنکەی یەکەمدا هەیە ئامانجی ئەم بنکەیە لە قۆناغی یەکەمدا رزگاری کردنی وڵات وبەدەست هێنانی سەربەستی وسەربەخۆی سیاسی و ئابووری ولێدانی ئیمپڕیالیزمە.خاڵی یەکانگیریی بنکەی دووەم و یەکەم دژایەتیکردنی ئیمپڕیالیزمە کە دوا قۆناغی سەرمایەدارییە و ڕیشەکێش کردنی بۆ وڵاتی دواکەوتووی داگیرکراو نیمچە داگیر کراو وابەستە، بڕینی ئەم قۆناغە زۆر پێویستە کە قۆناغی رزگاری نیشتمانییە.

٣-بنکەی سێیەم بریتییە لە خەباتی جەماوەری و دیموکراتیی پێشکەوتنخوازانەی وچینایەتی ڕەنجدەران کە کرێکاران سەرکردەو فاکتۆری سەرەکی خەباتن لە ناو وڵاتانی سەرمایەداریدا لە وڵاتە سەرمایەدارە پیشەسازییەکاندا لە ئەنجامی ڕقی و ستەم و زۆر و تەلەکەبازیی سەرمایەداریدا هەموو چینە رەنجدەرەکان و توێژە پیشکەوتنخوازەکان لە دەوری کرێکاران خر دەبنەوە.

ئەم بنکەی لەناوجەرگەی ئیمپڕیالیزم و سەرمایەداریی پیشەسازیدا کاریگەرترین هیزی بەرەی ڕزگاریخوازییە دژی ئیمپڕیالیزمی جیهانی.

## شەڕ War

بەگژداچوونی چەکدارانەی دوو وڵات یان دوو چین بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری. شەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژووییە کەلە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا سەری هەڵداوەو بە شێوەی باری ژیانی کۆمەڵایەتییەوە بەستراوەتەوە لە قۆناغێکی تری گەشەکردوی کۆمەڵگا لەناودەچێ. پەیدابوونی شەر لە ڕووی مێژووییەوە دەگەرێتەوەبۆ سەردەمی

سـەرەتایی دروسـتبوونی یەکـەم دەسـتەی چەکـدار کـە بـە پەیدابوونـی خاوەنداریێتیی تـاک و چینایەتـی و ڕژێم هاتۆتـە کایـەوە. ئیتر شـەر کرا بـە هۆیەکی سـەرەکی بۆ سـەپاندنی دەسـەڵاتی چەوسـێنەران و داگیرکردن لەم سـەردەمەدا سـەرچاوەی شـەر ڕژێمـە سـەرمایەدارەکانە کـە ناکۆکییەکانیـان لـە قۆناغـی ئیمپریالیزمـدا دەگاتـە دڕندانەتریـن شـێوە.لینین بـە شـیکردنەوەی مێـژووی شەروشـەرخوازان لـە سـەردەمی ئیمپریالیزمـدا بـە شـێوەیەکی عیلمیانـە شـەری بەسـتۆتە بـە چینایەتییەوە جۆرەکانـی شـەری دەسـتنیشـان کـردوە. تیـۆری مارکسـیزم–لینینزم دەربـارەی شـەر دەڵـێ دوو جـۆر شـەر هەیە:شـەری ڕەواو شـەری نـاڕەوا.

**شەڕی ڕەوا(عادیلانە)**

شـەڕی ڕەوا ئـەو سـەرەیە کە لـە لایـەن وڵاتانـی ڕزگاریخـواز و گەلانـی ژێـر دەسـتە و چینـی ڕەنجـدەران و چەوسـاوانەوە بـۆ بەرپەرچدانـەوەی شـەری نـاڕەوا بەرپـا دەکـرێ. شـەرێکە بـۆ بەدەسـتهێنانی مافـی نەتەوایەتـی و چینایەتـی. شـەرێکە بـۆ پارێزگاریکـردن لـە سـنور و ئـازادی و ژیـان و لـە لایـەن گـەلان و چینـە چەوسـاوەکانەوە دژی ئیمپریالیـزم و فاشـیزم وداگیرکـەران وچەوسـێنەرانی نەتەوایەتـی و چینایەتـی.

**شەڕی ناڕەوا**

سـەرێکی دەسـتدرێژکەرانەیە بـۆ ژێـر دەسـتە کردنـی گـەلان و وڵاتـان بـۆ سـەرکوتکردنی ڕەنجـدەران بـۆ فراوانکردنـی سـنووری دەسـەڵاتی داگیرکەرانـە بـۆ پیشـێل کردنـی مافـی ڕەوای زەحمەتکیشـان ومـاف ڕەوای نەتەوایەتـی گەلانـی ژێـر دەسـتە بـۆ دزیـن و تاڵانکـردی بـەرو بوومـی سروشـتی وڵاتـان و دزینـی بـەری دەسـتی کاری گـەلان.

بـۆ نموونـە شـەری دڕندانـەی و پەلاماردەرانـەو دەسـتدرێژیکەرانەی ڕژێمـە ڕەفتـار فاشیسـتە یـەک لـە دوا یەکەکانـی عێراق بۆسـەر کوردسـتان شـەرێکی ناڕەوا و بۆ پێشـێلکردنی سـادەترین مافی نەتەوایەتی گەلی کوردە

لـه بەرامبـەردا شـەری گەلـی کـورد شـەرێکی ڕەوا و بەرپەرچـدەرەوەی شـەری نـاڕەوای ڕژێمەکانـی عێراقـە. شـەری گەلـی کـورد بزوتنەوەیەکـی ڕزگاریخوازانەو نیشتیمان پەروەر و نەتەوایەتییە کەلەناوەڕۆکدا چینایەتییە بۆ بەدیهێنانی دیموکراسـی ورزگاری و نیشـتمانی و سـەربەسـتییە خۆی لە چوارچێوەی دیموکراسـی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردسـتان دەنوێنێ. هەروەهـا شـەری ڕژێمـی ئێران بۆ کوردسـتانی ئێران شـەرێکی ناڕەوایـە و شـەری کـورد لـە کوردسـتانی ئێـران بـۆ بەدیهێنانـی سـادەترین مافـی نەتەوایەتـی کـە خودموختارییـە شـەرێکی ڕەوایـە. شـەری ئیمپڕیالیـزم دژی گەلانی چیـن وڤێتنـام شـەرێکی ناڕەوایـە و شـەری گەلانـی ڤێتنام و چین بۆ ڕزگاری وسـەرفرازی ویەکێتی نەتەوایەتـی و نیشـتمانی شـەرێکی ڕەوایـە. مارکسـیزم – لینینیـزم بـە تونـدی دژی شـەری نارەوایـە وپشـتیوانی شـەری ڕەوایـە یەکێـک لـە شـێوەکانی شـەری ڕەوا شـێوەی پارتیزانـی جەمـاوەرە شـەری پارتیزانـی بریتییـە لەشـەری مەفـرەزە چەکدارەکانـی جەمـاوەر لـە پشـت بـەرەی دوژمـن و ناوجەرگـەی ئـەو ناوچانـەی کـە دوژمـن تێـدا بڵاوبۆتـەوە وبەسـود وەرگرتـن لـە هەمـوو شـێوەکانی خەبـات لـە هێزەکانـی دوژمـن دەدات.شـەری پارتیزانی جەمـاوەر شـێوەیەکی نوێـی شـەر نیە بگرە ١٦٠ سـاڵ لەمەوبـەر شـێوەی ئـەم شـەرە لـە لایـەن ئیسـپانەکانەوە بـەکار هێنـراوە دژی داگیرکـەرە فەرەنسـییەکان لـە سـەردەمی ناپلیـۆن هەروەهـا لـە لایـەن ڕووسـەکانەوە دژی هێرشـەکەی ناپلیـۆن بەکارهێنراوە، هـەروەک بـەر لـە ١٢٠ سـاڵ لـە لایـەن نیشـتمانپەروەرانی ئیتاڵیا وە بـە سـەرکردایەتی گاریباڵـدی بەکارهێنـراوە و ٩٠ سـاڵ لەمەوپێـش ئـەم شـێوە شـەرە لـە لایـەن فەرەنسییەکانەوە دژی داگیرکـەرە ئەڵمانـەکان بەکارهێنراوە لـە کاتـی شـەری جیهاندا شـێوەی شـەری پارتیزانی لە سـۆڤێت بەکارهێنراوە هەروەهـا لـە فەرەنسـا، ئیتاڵیـا، یۆگوسـلاڤیا، بولگاریـا، یۆنـان، چیکسلۆڤاکیا، چیـن، ڤێتنـام و فلیپیـن بەکارهێنـراوە لـەم دواییـەدا شـەری پارتیزانـی لـە ڤێتینامـی خـواروو و کەمبۆدیـا، فەلەسـتین، ئەریتریـا، کوردسـتانی عێـراق وکوردسـتانی ئێران،زەفـار.. هتـد بەکارهێنـراوە. لەسـەر شـەر پێویسـتە

ئـەم ڕاسـتییە بزانیـن کەشـەری گەلانـی جیهـان و وڵاتانـی ڕزگاریخـواز واتـە شـەری ڕەوا بـە مەبەسـتی ڕێگری کردنـە لـە شـەرئیمپریالیسـتی بۆ سـەپاندنی ئاشـتییە. هـەر بۆیـە ئێسـتا ئیمپریالیزمـەکان پەنایـان بردۆتـە بەسـەر هەڵگیرسـاندنی شـەری ناوخۆیـی بـە مەبەسـتی لێدانـی شۆڕشـی ڕزگاریخـوازی نەتەوایەتـی و سۆشیالیسـتی لـە ناوخۆیـدا بـۆ بەکارهێنانـی ئـەم شـەرە لـە دوو شـێوە سـوود وەدەگـرێ شـێوەی ئاشـکراو شـێوەی پەچـەدار شـێوەی ئاشـکرا خـۆی لـە هەڵگیرسـاندنی شـەر لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دا دەنوێنـێ ئەویـش لـە ڕێـگای زایۆنیزمـەوە واتەلەڕێـگای ئیسـرائیل بـە هێـرش بردنـە سـەر وڵاتـە عەرەبیـەکان شـێوە نهێنیەکـەش دووفلیقانەیـە، لەلایەکـەوە لـە ڕێـگای کودەتـا وە بـە ئەنجامـی دەگەیەنـێ و لەلایەکـی تـرەوە لـە ڕێـگای دروسـتکردنی نۆکـەر وحـزب و ڕێکخـراوی چڵکاو خـۆری نۆکـەری لـە ژێـر پـەردەی نەتەوایەتـی و نیشـتمانپەروەری بۆ دەسـت گرتـن بەسـەر دەسـەڵاتدا وەک ئەنـوەر سـادات و حزبـە شـرەکەی.

## شەڕی سارد Cold war

مەبەسـت لـە شـەری سـارد تێکچوونـی بـاری نێـوان دەوڵەتانـە بەتایبەتـی نێوان دەوڵەتـە زلهێزەکانـی دنیـا. ئـەم زاراوەیە پاش شـەری دووەمی جیهان دوابـە دوای ڕەفتـاری دوژمنانـەی ئیمپریالیزم و هەڕەشـە و گۆڕەشـەی بۆ سـەر وڵاتـە سۆشیالیسـتەکان هاتـە کایـەوە. لـەم جـۆرە شـەرەدا کـە بەهـۆی نەگونجـاوی ونێونەتەوەیـی پەیدابوونـی دژایەتـی دێتـە کایـەوە، هیـچ جـۆرە چـەک و سـوپایەک لـەو شـەرە بەکارنایـەت بگـرە ڕێـگای تـر بەکاردێـت بـۆ هێـرش بردنـە سـەر یەکتـری و نواندنـی ڕەفتـاری دوژمنانـەی ئەوتـۆ لەگـەڵ یەکتـر دا کـە تـەواو پیچەوانـەی دۆسـتایەتیە.
شـەری سـارد لەلایـەن ئیمپریالیزمـەوە بەکاردەهێنـری بـۆ خۆشـکردنی زەمینـەی شـەر و بەئەنجـام گەیاندنـی ئامانجـی داگیرکەرانە.وشـەی شـەری سـارد بـۆ یەکـەم جـار پـاش شـەری دوەمـی جیهـان لەلایـەن چەرچڵـەوە لـە

ڤۆڵتن بەکارهێنرا بەپێچەوانەی وڵاتە ئیمپریالیستەکانەوە هەندی دەوڵەتی سۆشیالیست بە هۆی بەکارهێنانی سیاسەتی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، تەقەلای لەناوبردنی شەری سارد دەدەن لەم کاتەدا، نموونەی شەری سارد شەری نێوان ئەمریکا وسۆڤێتە لەسەر مەسەلەی ئەفغانستان.

## شورەی چین China wall

دیوارێکی شورەیی یەکجار گەورە وناوداری چینە کە بە قەلاو ماندوێتی چەندین ملیۆن کەس لە باکووری چین لە ماوەی چەند سەدەیەک دروستکراوە. دەستپێکردنی ئەم شورەیە بۆ سەدەی سێهەمی پێش زاین دەگەرێتەوە. ئەم شورەیە لە پارێزگای گانسووەوە دەستپێدەکات تا سەر دەریای زەرد. مەبەست لە دروستکردنی ئەم شورەیە پاراستنی وڵات بووە لە هێرشەکانی تیرەو هۆزەکانی باکوور ئەم شورەیە درێژییەکەی نزیکەی چوار هەزار کیلۆمەترە و بڵندییەکەی ١٠ مەترە وپانییەکەی ٧ مەترە و ئیستا بەشێکی زۆری ڕووخاوە.ئەم شورەیە بۆتە هۆی دابرینی بەشێکی یەکجار زۆری چین لە بەری باکوور لە ڕووی سیاسی و کۆمەلایەتییەوە ئەم زاراوەیە بۆ کاری جیاوازیکەرانە بەکار دەهێنرێ و لە ناو خەڵکیدا بۆ شوێنی عاسی وسەخت بەکار دەهێنرێ بۆ نموونە دەڵێن هەرچەندە ڕژێمی فاشیستی عێراق بیەوێ جیاوازی بخاتە نێوان دوو نەتەوەی برای کوردو عەرەب، بەلام ناتوانێ دیواری چین لە نێوانیاندا دروست بکات و بەربەستی خەباتی هاوبەشی ڕزگاریخوازانەیان بکات.

## شۆڤێنیزم Chauvinism

شۆڤێنیزم بریتییە لە سیاسەتێکی کۆنەپەرستانە کە لەسەر بناغەی سەپاندنی دەسەلاتی نەتەوەیەک بە سەر نەتەوەکانی تردا و بە زۆر ڕاکێشانیان بۆ ژێر سایەی خۆیان بە کەم سەیرکردنی نەتەوەکانی تر

وهەڵگیرساندنی ئاگری دوژمنایەتی و ناکۆکی و توندو تیژ لە نێوان نەتەوەی دەسەڵاتدار و نەتەوە ژێر دەستەکان دامەزراوە.شۆڤێنیزم سیاسەتێکی بۆرجوازییانەیە و لەسەر بنچینەی ڕەگەز پەرستی دادەمەزرێ، شۆڤێنیزم هەستی نیشتمان پەروەری کەبەنرخترین هەستی مرۆڤایەتییە بە خراپترین شێوە بەکاریدێنی دەستکەوت و قازانجەکانی نەتەوەکەی خۆی لەسەر کیشەی نەتەوەکانی تر مسۆگەر بکا ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سەرجەم ڕەنجدەرانی نەتەوەکان و لەباتی ئەویەکێتییە تۆوی دوژمنایەتی و خۆپەرستی لە نێوانیان دەڕوێنێ. کۆنەپەرستان و چەوسێنەران و ئیمپڕیالیزم ئەم سیاسەتە بۆ نانەوەی دووبەرەکی لە نێوان نەتەوەکان بەکار دێنن و ئامانجەکانی خۆیان لەو جیاوازیگەرییە بەدی دێنن. شۆڤێنیزم دەبێتە هۆی سەپاندنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بەسەر نەتەوەکانی ژێر دەستەدا و مافی سەربەستی و سەربەخۆیی نەتەوەکانی تر لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا قەدەغە دەکەن. دوژمنایەتی و ناکۆکیی نەتەوایەتی لە جێگەی برایەتی و هاوکاری بڵاو دەکەنەوە. سیاسەتی شۆڤێنییانە سیاسەتێکی هەڵخەڵەتێنەرانەیە کە لەلایەن بۆرجوازییە دەسەڵاتدارەکانی نەتەوەی دەسەڵاتدارەوە بەکار دەهێنرێ بۆهەڵخەڵەتاندن ونائاگادارکردنی چینەچەوساوەکانی نەتەوەکەی خۆشیان لە چەوساندنەوەیان بە هۆی بەرزکردنەوەی دروشمی شۆڤێنییانە و چاندنی تۆوی ناکۆکی نەتەوایەتی وخەریک کردنی ڕەنجدەران و چەوساوانی نەتەوەی دەسەڵاتدار ونەتەوە ژێردەستەکانی تری بە ناکۆکی و دوژمنایەتیی لابەلاو فەرامۆشکردنی بەرژەوەندیی هاوبەشی چینایەتییان بۆ نموونە تاقمە تکریتییەکەی دەسەڵاتی بەغدا کە نوێنەری بۆرجوازی بیرۆکراتی عەرەبە و سیاسەتێکی شۆڤێنییانە بەرامبەر بە نەتەوەی کور و کەمایەتییە نەتەوەکانی تر بەکاردێنێ، هەمیشە لە تەقەلایەدا بۆ چاندنی تۆوی ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان نەتەوەکاندا.

## شۆڕش Revolution

زۆرجار دەبینین لە زۆربەی وڵاتانی بۆرجوازی یان ئیمپڕاتۆریی پاشماوەی دەرەبەگایەتی بە هەندێ کودەتا دەوترێ شۆرش و بەمە ناو وناوەڕۆکی شۆرش بە تەواوی دەشێوێنرێ و تێک دەدرێ. زۆرجاریش هەندێ حزبی ڕاسترە و یان چەپ دەکەونە هەڵەی چەسپاو ڕاستی ودەبنە پاشکۆی ڕژێمەکە و بە شان و شەوکەوتی هەڵدەگوتن بۆیە پێویستە مانای زاراوەی شۆرش بە باشی بزانین.شۆڕش گۆڕانێکی بنەرەتی و چۆنایەتییە گۆڕانێکی بناغەیی گەورە لە ژیانی کۆمەڵگا دا. لە ڕووی زانستی کۆمەڵناسییەوە، شۆرش بریتییە لە سەرنگون کردنی ڕژێمی کۆمەڵایەتی دواکەوتوو و گۆڕینی لە ڕژێمێکی ئەوتۆوەکە پەیوەندی بەرهەمهێنانی تێدا ڕێگرە لە گەشەکردنی کۆمەڵ بۆ ڕژێمێکی کۆمەڵایەتی نوێ پێشکەوتنخواز. بۆ نموونە دووسەد ساڵ پێش ئەمڕۆ، شۆرشی فەرەنسا بووە هۆی گۆڕکردن وهەڵتەکاندنی ڕژێمی دەسەڵاتداری دەرەبەگایەتیی بنەماڵەی بۆربۆن و هێنانە کایەی ڕژێمێکی بۆرجوازیی پێشکەوتوتر لە شوێنی. لە عێراقیش لە ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ شۆرشێکی بۆرجوازی دژی پاشماوەی دەرەبەگایەتی هەڵگیرسا کە خۆی لەدەسەڵاتی بنەماڵەی فەیسەڵدا دەنواند. ڕژێمی نوێ لەوەی پێشووتر پێشکەوتنخوازتر بوو. هەروەها شۆرشی مەشروتی ئێران شۆرشێکی بۆرجوازییانە بوو دژی سەڵتەنەتی شاهنشاهی. ئەگەرچی ئەم شۆرشە سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا بەڵام تا ڕادەیەک توانی دەسەڵاتی بنەماڵەیی و دەرەبەگایەتی کە خۆی لە ڕژێمی شاهیدا دەنواند کەم بکاتەوە شۆرشی مەزنی ئۆکتۆبەر شۆرشێکی گەورەیی کۆمەڵایەتی بووکە دەسەڵاتی ئاخوندی و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریی لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکەند و کۆمەڵگایەکی نوێ سۆشیالیستی دامەزراند کە گەورەترین گۆڕان بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.شۆڕش گرنگترین

قۆناغـی گەشـەکردنی کۆمەڵگایـە شـۆرش لـە دیدگایـی جیهـان بینیـی مارکسـیزم–لینینزمەوە بریتییـە لـە سـەرئەنجامی پێویسـتیی بەرپـا بوونـی ئەویـش بەهـۆی ناکامـڵ بوونـی گەشـەکردنی کۆمـەڵ و دابەشـبوونی بەسـەر چەندیـن چینـی ناکـۆک لەگـەڵ یەکتریدا.لەهەمـوو کۆمەڵگایەکـی فرەچینـدا، قۆنـاغ بـە قۆنـاغ و پلـە بەپلـە ناکۆکییـەکان لـە هەلومەجـی تایبەتـی دا لـە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە قوڵتـر و توندوتیژتـر دەبـن تـا دەگەنـە ڕادەیەکـی وا ناکۆکییـەکان بتەقنـەوە و شـۆڕش بەرپـا بکـرێ. سـەبارەت بـە گۆڕانـی ژێرخانـی کۆمـەڵ و بـاری فەرهەنگـی و کۆمەڵایەتـی، مارکـس دەڵـێ ( هێـزە بەرهەمهێنەرەکانـی کۆمـەڵ لـە قۆناغێکـی دیاریکـراوی پـر لـە هەسـتیاری بەرامبـەر بـە ئامرازەکانـی بەرهەمهێنـان لەگـەل خاوەندارێتـی ئامرازەکانـی دەکەونـە ناکۆکییـەوە وبەهـۆی ڕێگریـی پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـەوە، ئالەوکاتـەدا کـە قۆناغـی کۆمەڵایەتـی دەسـت پـێ دەکات ئـەم ناکۆکییانـەی باسـمانکردن شـۆڕش چارەسـەریان دەکا، پەیوەندییـە کۆنەکـەی بەرهەمهێنـان لـە ناودەبـا ودۆخێکـی لەبـار بـۆ گەشـەکردنی هێـزە بەرهەمهێنـەرەکان و دارشـتنی بناغـەی ئابووریـی نـوێ هەڵدەخـا. شـۆرش ڕژێمێکـی دواکەوتـوو هەڵدەتەکێنـێ و ڕژێمێکـی تـری نـوێ کـە یارمەتیدەری گەشـەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنانـە دێتەکایـەوە ) دەتوانیـن بڵێیـن کـە شـۆڕش شـێوەیەکی نـوێ پێشـکەوتووتر لـە کۆمـەڵ دروسـت دەکا وڕژێمێکـی دواکەوتـوو ڕێگرلـە گەشـەکردنی هەڵدەتەکێنـێ کێشـەی سـەرەکی لـە شـۆرش دا بریتیـە لـە وەدەسـتهێنانی دەسـەڵاتی سیاسـی تـەواو لـە لایـەن چینێکـەوە یـان لـە لایـەن پێشـکەوتنخوازەکانی کۆمەڵـەوە لەلایـەک و لەلایەکـی تـرەوە لەناوبردنـی دەسـەڵاتی سیاسـی ڕژێمێکـی کـۆن و دواکەوتوو.شـۆرش بڵندتریـن شـێوەی خەباتـی چینایەتـی ونەتەوایەتـی و نیشـتیمانپەروەریی پێشـکەوتووخوازە کەلـە لایـەن چیـن ونەتـەوە شۆرشـگێرەکانەوە بەکاردەهێنـرێ بـۆ کۆتایـی هێنـان بـە دەسـەڵاتدارێتیی ڕژێمی حوکمڕان و دواکەوتوو و چەوسێنەرەوە و دەبێتە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵگا لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە. شۆرشـی کۆمەڵایەتـی لـە ڕووی سیاسـی

کۆمەڵایەتـی و ئایدۆلۆژییـەوە بنچینەییتریـن و قوڵتریـن لەکۆمەڵـگا بـەدی دێنـێ و لـە بـن و بنەمـاوە سـیمای کۆمەڵـگا دەگـۆڕێ. شـتێکی ڕوون و ئاشـکرایە لـە ژێـر سـایەی دەسـەڵاتی ڕژێمێکـی دواکەوتـوو دا هەرچەنـدە ئـەو ڕژێمـە هەندێ کاری ڕووکـەش و گۆڕانکاری بکا بـەڵام ئەمـە هەرگیز نـە دەبێتـە شـۆڕش و مانـای شـۆرش دەگەیەنـێ و نـە ناوەڕۆکی شـۆڕشیش جێبەجێ دەکا هەرچەندە بلوێرژەنەکانی ئـەو ڕژێمـە بکەونـە هەڵـەو سـەما و بەنـدە و بالـۆرەی شـۆڕشـی بـۆ لـێ بـدەن. بۆ نموونـە دوای شـۆڕشـی ١٤ تەمـووزی ١٩٥٨ چەندیـن کودەتـا وکاری ڕووکەشـی لـە گـۆڕان لـە عێـراق ڕوویـداوە لەوانـە کودەتـای عـارف لەگـەڵ بەعسـییەکان لـە٨ی شـوباتی ١٩٦٣ و کودەتـا عـارف دژی بەعسـییەکان لـە تشـرینی دووەمـی ١٩٦٣ و کودەتا حزبی بەعس لە ی١٧ تەمـووزی ١٩٦٨ کە ئەمانە هەموویـان جگە لـە گۆڕینی ئەکتەرەکانـی سـەر شـانۆ واتـە جگـە لـە گۆڕینـی لێپرسـراوانی ڕژێمـی دەسـەڵاتدار، هیچـی تـر نەبوون.لەبـەر ڕۆشـنایی ئەوانـەی سـەرەوە بۆمـان دەردەکـەوێ کـە بـە پێـی گەشـەکردنی بـاری ئابـووری و جـۆری ژیانـی کۆمەڵایەتـی و قۆناغـی کۆمەڵگا،شـۆڕش و جۆرەکـەی دەستنیشـان دەکـرێ وەک شـۆڕشـی بۆرجـوازی شـۆرشـی بۆرجوازیـی دیموکـرات، شـۆڕشـی دیموکراتـی گەلـی، شـۆڕشـی سۆشیالیسـتی...هتد. بـۆ ئـەوەی سـیمایی هـەر شـۆڕشـێک وەک خـۆی بناسـین، پێویسـتە بزانیـن کـە :

١-کام ناکۆکی چارەسەر دەکا.
٢- کام ئەرکی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکا.
٣- کام چین دەکەوێ و دەسەڵاتی لێ دەسەنرێتەوە.
٤- کام چین دەسەڵات دەگرێتە دەست دەچێتە سەر کار.

بـەم پێیـە ئەگـەر گروپێـک یـان چینێکـی دواکەوتـووی کۆنەپەرسـت بـە کودەتـا هاتـە سـەر کارو ڕژێمـی گرتـە دەسـت، ئەمـە پێـی ناوتـرێ شـۆڕش یـان ئەگـەر سـەرۆکەکان گـۆڕان یـان چەنـد کەسـێک لـە هەمـان چینـی دەسـەڵاتدار گـۆڕان لـە هەمـان پەیوەنـدی ئابـووری و سیاسـی و

کۆمەڵایەتییان هەیە و دەیان جلوبەرگی نوێیان کردە بەر رژێمەکە و دەسەڵاتدارەکانی، ئەوا هەرگیز بەم جۆرە گۆرانکارییانە ناوترێ شۆڕش. سەرکەوتنی هەموو شۆڕشێک پێویستی بە لە باریی بارودۆخی بابەتییە، واتە گیانی شۆڕشگێرانەی جەماوەر و ئامادەیی مەعنەوی جەماوەر و پێگەیشتوویی هەلومەرجی بە رەنگار بوونەوەی دوژمن هەروەها پێوستی بە لە باریی بارودۆخی خۆییە واتە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێر یان حیزبێکی شۆڕشگێر.لە شیکردنەوەیەکدا کە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان –عێراق بۆ لە باری کوردستان و عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهان ئەنجام دراوە، لە بارەی شۆرشەوە تێدا هاتووە کە سەرکەوتنی شۆرش بەندە بە:

١–لەباریی هەلومەرجی بابەتی کەتێدا دەبێ جەماوەر هان بدرێ و ڕاپەرێنرێ پاشان ڕێکبخرێ.

٢– پێویستی لە باریی باری خۆیی کە دەبێ کۆمەڵەکەمان لە ڕووی چەندایەتی وچۆنایەتییەوە بە پڕاکتیک بیسەلمێنێ کە رێکخراوێکی مارکسی لینینی ڕاستەقینە یە و بەدیهێنەری خواستی زەحمەتکێشانە تا بتوانێ پێشڕەوایەتی جەماوەر بکات.

٣– بەپێی باری کوردستانی عێراق سەرکەوتنی شۆڕش بەندە بە سەرکەوتنی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی و عێراقی لەنێوان هەموو چین و رێکخراو حزبە شۆڕشگێرە پێشکەوتووخوازە، دیموکراتە نیشتمانپەروەرەکان و رێکخراو و حیزبە پڕۆلیتارییەکاندا.

٤– بوونی هێزێکی پێشمەرگەی بە بیروباوەڕ و رێکخراو و یەکگرتووی گەلی لە ناویدا ناوەندێتی بچەسپی بە پێی سەرەتاکانی بەرەی یەکگرتووی ڕێکخراو و حزبە سیاسییەکان بەو مەرجەی کە سەربەخۆیی سیاسی و ئایدۆلۆجی و تەنزیمی و فەرهەنگی تێدا پارایزراو بێ.

٥–گرێدانەوەی خەباتمان بە خەباتی گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستانی بەزۆر بەستراو بە ئێران و تورکیا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست

و سەرتاسەری خەباتی پڕۆلیتاریا و زەحمەتکیشان و گەلانی زۆرلێکراوی جیهانەوە.

## شۆڕشی کەلتووری Cultural Revolution

شۆڕشی فەرهەنگی بەشێکی شۆڕشی سۆشیالیستییە و بریتییە لە راپەڕینی جەماوەر و کارکردن بۆ بەدیهێنانی فەرهەنگی نوێ سۆشیالیسییەو دڕک پێ کردن و پەسەندکردنی فەرهەنگی سۆشیالیستی لە لایەن جەماوەری زەحمەتکیشانەوە. لە شۆڕشی سۆشیالیستیدا دەسەڵاتی زەحمەتکێشان خۆی دەچەسپێنێ شێوەیەکی بەرهەمهێنانی سۆشیالیستی و پەیوەندییەکی بەرهەمهێنانی نوێ و ڕژێمی سۆشیالیستی دێتەکایەوە کەلە سایەیدا شۆڕشی فەرهەنگی گەشە دەکا و فەرهەنگێکی نوێی سۆشیالیستی دێتە کایەوە.بۆیە شۆڕشی فەرهەنگی بریتیە لە بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری جەماوەر کەیەکێکە لە کۆڵەکەکانی پاراستنی ڕژێمی سۆسیالیستی و خەباتی ئایدیۆلۆجیی جەماوەر دژ دوژمنی چینایەتی و ئایدیۆلۆجیی پڕۆلیتاریا لە دیدگای قووڵی مارکسیزمەوە. شۆڕشی فەرهەنگی قۆناغێکی تەواوی خەباتی جەماوەری زەحمەتکێشە بۆ گۆڕانی هەستە فەرهەنگی جەماوەر لە هەلومەرجی لە باردا کە خۆی لە خۆیدا دەبیتە هۆی هەڵخستنی زەمینەی لە بار بۆ پتر گەشەکردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی مەرجە ماددی و سیاسییەکانی گەشەکردن. شۆڕشی فەرهەنگی چەند مەیدانیکی هەیە وەک:

**یەکەم : لە مەیدانی پەروەردە و فێرکردن دا.**

لەناوبردنی نەخوینەواری و پلە بەپلە و هەنگاو بە هەنگاو گەشتیکردنی خوێندن و بە خۆڕایی کردن و پاشان بە زۆر فێرکردن و خوێندەوار کردنی جەماوەر بەشێوەی سەرەتایی، پاشان پێ خوێندنیان لە پلەیەکی

سەرووتر لە هەموو بەشەکانی پەروەردە و هونەری پیشەسازی و کشتوکاڵ بە شێوەیەک کە بەرنامە و بابەتی پەروەردە کردن وفێرکردن وخوێندەواری تەواو گونجاو بێ لەگەڵ ئایدۆلۆجیایی زەحمەتکێشان و باری ئابووری بۆ دارشتنی بناغەی ماددی لە بیری جەماوەر دا.

**دووەم: لە مەیدانی پێگەیاندنی سیاسیدا.**

پێگەیاندنی جەماوەر لە رووی سیاسییەوە و کارکردن بۆی لە مەیدانێکی یەکجار فراواندا بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی جیهان بینی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی جەماوەری زەحمەتکێشان و فێرکردنی زەحمەتکێشان بە گیانی کارکردن و رەوشتی بەرزی مرۆڤایەتی زیندوو،کارکردن بەشێوەیەکی بەردەوام و نەپساو بۆ پەچەهەڵدانەوە لە رووی بیری سەرمایەداری و کۆنەپەرستی و ئاخوندی و رادەی ناپەسەندی و ژەهراویی ئەم جۆرە بیروئایدیۆلۆجیەتانە و زیانبەخشییان لە رووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ پووچەڵ کردنەوەی بیر و تیۆریی کۆنەپەرستی دژی جەماوەر بە مەبەستی چەسپاندنی نەخشێکی روون و ئاشکراو و رۆشنی نوێ و سۆشیالیستییانە لە مێشکی جەماوەر دا.

**سێیەم : لە مەیدانی رۆشنبیریدا.**

کارکردنی تەواو بۆهێنانەدی رۆشنبیران ئەوتۆ کە خۆیان بەتەواوی بە سۆشیالیزمەوە ببەستنەوە کە ئەمەش بەندە بە بەدیهێنانی پایەگا مادیی و مەرجە ماددییە بێ وێنەکانی پەرەپێدانی دەزگا رۆشنبیرییەکانی وەک کۆلێجەکان، زانکۆ و دەزگاکانی پیشەسازی و هونەری و هێنانە کایە کۆمەڵێک دەزگای نوێ و پێشکەوتووانەی بەستراو بە بڵاوکردنەوەی گیانی ئامۆژگاری کردن و هاوکاری کردن و گەشەکردن پێشکەوتنی تەکنیک و کاری بەرهەمهێنان، بەندە بە ئامۆژگاری کردنی قوتابیان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییان بۆ بڵندترین مستەوای زانستی

و ئامادەکردنی هەموو زەمینەیەکی ماددی و مەعنەوی بۆ قوتابیان وشاگردانی زانین تا بتوانن بە گیانێکی داهێنەرانە گەنجینەی هونەری و وێژەیی لە مەیدانی زانستی و سەنعەتی و فەرهەنگیدا دوەڵەمەند بکەن بیخەنە قاڵبی تەواوی پڕۆلیتاریا و سۆسیالیزمەوە. هەروەها بەندە بە گەشەپێدان فراوان کردنی هەموو بەشەکانی خوێندنی وەک پزیشکی، ئەندازیاری،مامۆستا، فیزیکی و پارێزەر و شیعر و وێژەیی و مێژوویی، هونەری، تەکنیکی.... هتد.

**چوارەم:لە مەیدانی پەروەردەی هەستیاریدا.**

پێویستە لەم مەیدانە دا کاری یەکجار گەورە و فراوان بکرێ تا بتوانرێ ڕادەی مستەوای هەستی جەماوەری زەحمەتکێشان بەرزبکرێتەوە بۆ ئاستی بڵند و پێشکەوتویی ئامڕازەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ئاستی سیاسی و وڵاتی سۆسیالیست. بەدیهێنانی ئەم کارە بەندە بە ئامادەکردن بەردەست خستنی هەموو هەلومەرجەکانی زانستی، هونەری، وێژەیی و هەموو خێر و خۆشییەکانی فەرهەنگی بۆ بەردەستی زەحمەتکێشان و مسۆگەر کردن و دامەزراندن و فراوانکردنی شەبەکەی کتێبخانە، خوێندنگا، چاپخانە، مۆزەخانە، شانۆ و شانۆگەری و سینەما، دەزگای تەلەفزیۆن، دەزگای ڕادیۆ، هۆڵی پێشەنگا و کۆنفرانس و کۆبوونەوەی ئازاد، یانەی جۆراوجۆر وەرزی و هونەری و پێشەیی لە شار و لادێکاندا زۆرکردنی چاپخانەو چاپەمەنی، ڕۆژنامە، گۆڤار بەپێی جۆراوجۆری ئاستی زانیاری، هۆشیاری، گرتنی کۆڕ... هتد ئەمانە دەبێ بەشێوەیەکی ئەوتۆ بن کە پرشنگدانەوەی بیروباوەر و ئایدۆیۆلۆجیەتی پرۆلیتاریا و سۆشیالیزم بن کە بەشێکی گرنگی شۆڕشی فەرهەنگین.

**پێنجەم: لە مەیدانی گەشەکردنی لە سەرتاسەری وڵاتدا.**

هەرچەند شۆڕش فەرهەنگی ڕۆڵێکی گەورە لە شۆڕشی سۆشیالیستیدا گێراوە و زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی گرتۆتەوە، بەڵام ئەگەر لە ناوچەیەکدا یان لە چەند ناوچەیەکدا پاشەکشە هەبێ یان دواکەوتوویی هەبێ یان شۆڕش ناوچەکەی نەگرتبێتەوە یان ئەگەر توێژیکی کۆمەڵ دواکەوتوو بی شۆڕش نەیگرتبێتەوە، بێ شک ئەمە ئەنجامی خراپی دەبێ وزیان بە شۆڕش دەگەیەنی بۆیە یەکێکی تر لە مەیدانەکانی شۆڕشی فەرهەنگی بریتیە لە مەیدانی گەشەکردنی وەکیەکی لە سەرتاسەری وڵات. لە وڵاتی سەرمایەداری دا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان شار و شارێکی تریان لەنێوان شار و لادێدا دەبینین، تەنانەت جیاوازی لە نێوان گەڕەکێکی هەژار و گەڕەکێکی دەوڵەمەند لە یەک شار دا هەیە، هەروەها لە وڵاتێکی فرە نەتەوە دا جیاوازی لە نێوان نەتەوەی دەسەڵاتدار و نەتەوەکانی تری ژێر دەستدا دەبینین ئەمە جگە لە بوونی جیاوازیی گەورە لە نێوان چینێک و چینێکی تردا لە ڕووی فەرهەنگیەوە. بەڵام لە شۆرشی سۆشیالیستیدا، بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازییە پێویستە شۆڕش لە بواری وەکیەکیدا سەرتا سەری وڵات بگرێتەوە.

**شەشەم : لەمەیدانی پاراستن و گەشە پێکردن و بەرهەمدار کردنی پاشماوە وکەلەپوری هونەری و وێژەیی و فۆلکلۆریی کۆندا.**

لە هیچ کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی سۆشیالیستی پاشماوەی هونەر و وێژە و فەرهەنگی پێشینان ناکەوێتە ژێر دەسەڵاتی جەماوەر چاکترین بەرهەمە شاکارەکانی کەلتوری سەدەکانی کۆن، جا چ نەتەوایەتی بن چ جیهانی بە فراوانترین شێوەوە بە جەماوەرەوە دەبەسترێتەوە شۆڕشی فەرهەنگی و شۆڕشی سۆشیالیستی هەرگیز لەگەڵ لە ناوبردنی کەلەپوری ڕابردوو نین،چونکە فەرهەنگ کۆمەڵێک شتی بەنرخی ماددی و مەعنەویی داهێنەرانە و بەرهەمی دەست ڕەنگینی ژیانی مرۆڤە بە

درێژایی مێژوو واتە بەرهەمی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگا بووە لە هەلومەرجی تایبەت و دیاریکراو لە ڕووی زانستی و شێوەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە فەرهەنگی سۆشیالیستی لە قۆناغێکی نوێ و گەشەدارتر و خاوەن بەرزترین ئاستی بەرهەمی مرۆڤایەتیدا خۆی دەنوێنێ و لە سەربناغەی چاکترین فەرهەنگی رابردوو دادەمەزرێ هەر لەو ڕووەوە یەکێ لە لایەن و لە مەیدانەکانی شۆڕشی فەرهەنگیدا بریتیە لە پارێزگاری کردنی کەلەپوری هونەری و فۆلکلۆری بەکەڵک و بەرەو پێشەوە بردنی بە شێوەیەک لەگەڵ ئایدیۆلۆجیەتی کۆمەڵگای سۆشیالیست بگونجێ.

## شیری دامۆکلیس Damoclese sword

شیر یان شمشێری دامۆکلیس بریتیە لە شتێکی خەیاڵی و ئەفسانەیی واتە داستانێکە کراوەتە ئەفسانە گوایە دیۆنیسۆس کە پاشای سیراکۆس بووە زۆردارێکی زۆر دڵرەق بووە شیرێکی زۆر تیژ بڕندەی هەبووە دامۆکلیسیش یەکێکە بووەلە ڕکابەرەکانی دیۆنیسۆس و بەرهەڵستی کردووە بۆیە دیۆنیسۆس سەری شێرەکەی بەتاڵە موویەکەوە بەستۆتەوە و نوکەکەی لەسەر دڵی دامۆکلیس داناوە کە بە بچوکترین جوڵانەوە مووەکە بپچڕێ و شێرەکە بچێ بە دڵیدا و بیکوژێ لە رووی سیاسییەوە ئەم زاراوەیە باوەو بۆ ئەو کەسانە یان ئەو کاتانە یان ئەو کارانە بەکاردەهێنرێ کە هەمیشە مەترسییان لە سەرە و بە بچوکترین جووڵە یان هەڵە تیاچوون و شکان و لەبار بردن و چارەنوسیان دەبێ. بۆ نموونە بەستنەوەی چارەنووسی شۆڕشی ڕزگاریخوازی جەماوەر بە مەرجەکانی دوژمنانی وەک کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم و زایۆنیزم هەمیشە وەک شیرە دامۆکلیس مەترسی لە سەر شۆڕشە دروست دەکا و شیرەکە بە بچوکترین سەرپێچی بەرسنگی شۆرشەکەدا دەچێ و لەباردەبا وەک ساڵی ١٩٧٤ ی کوردستان. یان وەک دەزگا چەوسێنەر

و تۆقێنـەر و پیاوکوژەکانی ئاسـایش و سـیخوڕی و سـوپاییەکەی ڕژێمـی تاقمـە تکریتییـە فاشـییەکەی بەغدا وەک شـیرەکەی دامۆکلیس ڕایگرتـوون لـە سـەر سـنگی جەمـاوەری خەباتگێـر و شۆڕشـگێر ودەیـەوێ لەسـەر کۆنکرێتـی ئـەو شمشـێرە، کورسـییە شـەق و شـرەکەی خـۆی بچەسـپێنێ.

## شێوەکانی خەبات Stuggle forms

شـێوەکانی خەباتـی لـە نێـوان پرۆلیتاریـا و بۆرجوازیـدا لـە ئەنجامـی گەشـەکردنی سـەرمایەداریدا، ناکۆکـی پرۆلیتاریـا و بۆرجـوازی، پلـە بـە پلـە توندوتیژتـر دەبـێ و شـێوەکانی خەبـات دژی بۆرجـوازی وردەوردە دەگۆڕێن. خەباتـی چینایەتـی بـە شـێوەیەکی گشـتی خـۆی لـە سـێ جـۆری سـەرەکی دا دەنوێنـێ : خەباتـی ئابـووری و خەباتـی سیاسـی و خەباتـی ئایدیۆلۆجـی.

أ-خەباتـی ئابـووری سـادەترین شـێوەی خەباتـی کرێـکاران و زەحمەتکێشـانە ئامانجـی ئـەم خەباتـە بەدیهێنانی شـێوەیەکی لەبارتـری کار و ژیان وەک کەمکردنـەوەی سـەعاتی ئیشـکردن و دانـی حەقـی زێدەکار و مسـۆگەر کردنـی لانـی کەمـی خۆشـگوزەرانی بـە زیادکردنـی ڕۆژانەکەیـان، هەقـی خانەنشـینی، مسـۆگەر کردنـی لانـی کەمـی قازانجـی کارگـە، لانـی کەمـی چارەسـەر کردنـی نەخۆشـی و پشـووی یاسـایی لـە کاتـی نەخـۆش کەوتنـدا بـە جۆرێـک مووچەکـەی تێدا نەبـڕدرێ، مسـۆگەرکردنی پشـووی سـاڵانە بـە بـێ لێبڕینـی مووچـە. مافـی دروسـت کردنـی یەکێتـی کرێـکاران (سـەندیکا)، مافـی خۆپیشـاندان و مانگرتـن لـە کاتـی پێویسـتیدا...هتد. بۆ ئـەم مەبەسـتانە و بـۆ مەبەسـتی تـر کرێـکاران دەکەونـە خەبـات کـە بەراییـدا بـە شـێوەی مانگرتـن وخۆپیشـاندان دەسـت پێدەکـەن لـە مێـژوودا خەباتـی ئابـوری کرێـکاران یەکـەم شـێوەی خەباتـی پرۆلیتاریـا بـووە شـوێن پێیەکـی گـەورەی لـە بزوتنـەوەی شۆڕشـگێری پرۆلیتاریـا دا هەیـە. ئـەم شـێوەیەی خەبـات جەمـاوەری کرێـکاران بـۆ خەباتـی توندوتیـژ ڕاکێشـاوە چاکتریـن

قوتابخانە بووە بۆ كۆكردنەوە و ڕێكخستنیان. هەر لەم ڕێگایەشەوەهەستی كرێكاران وردە وردەگەشـە دەكا بـەرەو یەكگرتنـی چینایەتییـان دەبـات ئـەم شـیوە خەباتـە بۆتـە هـۆی پەیدابونـی یەكێتـی و سـەندیكای كرێكاران و دانانـی سـندوقی یارمەتـی كرێـكاران. ئـەم شـێوە خەباتـە سـنووریكی تەسـكی بـە خۆیـەوە گرتـووە چونكـە بریتـی نیـە خەباتـی سەرتاسـەری و برینـەرەوەی كرێكاران دژی سـەرمایەداری، بەڵكوجموجۆڵێكی كرێكارانەیـە لـە كارگەیـەك یـان دژی سـەرمایەدارێك یـان ناوچەیـەك یـان دەزگایـەك. ئامانجەكەشـی بریتـی نیـە لـە ڕەتكردنـەوەی سـەرمایەداری و بێ بەشـكردنی لـە خاوەندارنێتیی ئامرازەكانـی بەرهەمهێنـان یـان لـە ناوبردنـی دەسـەڵاتی ڕژێمـی بۆرجـوازی یـان نەهێشـتنی چەوسـاندنەوە بەڵكـو بـۆ دانانـی سـنووریكە بۆ چەوسـاندنەوە. هەرلـەم شـێوە خەباتەشـەوەیە كـە كرێكاران وردەوردە ڕادەپـەڕن وخۆیـان سـاز دەدەن و خۆیـان لـە یـەك ڕێكخـراوی یەكگرتـوو بـۆ پێنانـە قۆناغێكـی نوێـی خەبـات ڕێكدەخـەن. ئـەم قۆناغـەش قۆناغـی خەباتـی سیاسـییە دژی سـەرمایەداری.

ب-خەباتـی سیاسـی بریتیـە كـە خەباتـی سـەرەكی پڕۆلیتاریـا لـە پێنـاوی لەناوبردنـی ڕژێمـی سـەرمایەداری و بەدەسـتهێنانی دەسـەڵاتی سیاسـیی پڕۆلیتاریـا واتـە دیكتاتۆریەتـی پڕۆلیتاریـا. لـە خەباتـی ئابووریـدا پڕۆلیتاریـا تاڕادەیـەك هەنگاو بـۆ پلەیەكـی باشـتری ژیانـی ڕۆژانـە دەنێ، بـەڵام مسـۆگەر كـردن و پتەوكردنـی دەسـەڵاتی ئابـووری وسیاسـی بەنـدە بـە لەناوبردنـی چەوسـاندنەوە و پوچـەڵ كردنـەوەی توانـای ئابـووری و سیاسـی سـەرمایەداری بـۆ گەیشـتن بـەم ئامانجـە، پڕۆلیتاریـا دەكەوێتـە خەباتـی سیاسـی بـە هەمـوو شـێوەكانەوە هـەر لـە مانگرتـن و خەباتـی پەرلەمانییـەوە تـا دەگاتـە بڵندتریـن شـێوەی خەبـات كـە خەباتـی چەكدارییـە تـا لـە ئەنجامـدا شـۆڕشـی سۆشیالیسـتی بەرپـا دەكـرێ كـە بەرزتریـن شـێوە و قۆناغـی خەباتـی چینـی پرۆلیتاریایـە و دوا هەناسـە و ڕۆژی چەوسـاندنەوەی سـەرمایەدارییە، ئەگـەر خەباتەكـە بـەرە بـەرە لادان و ڕیڤیژیونیسـتی نـەڕوات كـە ئەمـەش پێویسـتی بـە خەباتـی ئایدیۆلۆجی هەیـە.

ج- خەباتی ئایدیۆلۆجی پرۆلیتاریا بۆ راپەڕینی شۆڕشی سۆشیالیستی و پاشان بۆ بەڕێوەبردن و پاراستنی لە لادانی چەپ و ڕاست، پێوسیتی بە خەباتی ئایدیۆلۆجی هەیە دژی بیروباوەڕی سەرمایەداری کە بریتیە لە ئایدیۆلۆجیەتی دەسەڵاتداری کۆمەڵگای سەرمایەداری هەروەها بۆ بنیاتنانی ئایدیۆلۆجیەتی سۆشیالیستییانەی پڕۆلیتاریا.گەشەکردنی سەرمایەداری هۆیەکی گرنگی یەکگرتن و ڕێکخستنی پڕۆلیتاریایە لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ پڕۆلیتاریا بۆ لەناوبردنی سەرمایەداری نەک هەر وەک چینێک یەکبگرێ و خۆی ڕێکبخا بەڵکو دەبێ باشیش هەست بە ئەرکی مێژووی سەر شانی خۆی بکا. هەر لەبەر ئەوەشە کە پڕۆلیتاریا هەڵگری تیۆریی شۆڕشگێرییە. لەبەر ئەوەی پڕۆلیتاریا ماوە و کاتی بۆ بیرکردنەوە نیە چونکە کەرەستە وپێویستییەکانی فێربوون و پەروەردەکردنی بۆ ئامادە نیە، ناتوانێ تیۆریی شۆڕشگێرانەی پڕۆلیتاریا بدۆزێتەوە. هەر بۆیە لە ڕێگای ڕۆشنبیرەکانەوە تیۆریی پڕۆلیتاریا دەگاتە ناو ڕیزەکانی پڕۆلیتاریا. تیۆریی پڕۆلیتاریای شۆڕشگێری ڕاستەقینە بریتیە لە تیۆریی مارکسیزم – لینینیزمی زانستییانەی ڕاستەقینە کە سەرکردە گەورەکانی پڕۆلیتاریا (مارکس- ئەنگڵس- لینین- ستالین – ماوتسی کۆنگ) بەدییان هێناوە و دەوڵەمەندیان کردوە. بەڵام دانانی تیۆری وبوونی تیۆری بە تەنیا بەس نیە بگرە پێویستە تیوریییەکە لەبیر و مێشکی پڕۆلیتاریا دا بچەسپێ و بەشێوەیەکی زیندووانە بەکاربهێنرێ. بۆیە خەباتی ئایدیۆلۆجی پرۆلیتاریا هەمیشە دژی بزووتنەوەی خود بە خودییە و بۆ ئەوەیە کە جەماوەری فراوانی پرۆلیتاریا بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی و ڕێک و پێک هەڵگری ئایدیۆلۆجیەتی مارکسیزم لینینیزم بێت. خەباتی ئایدیۆلۆجی وەک خەباتی ئابووری و خۆی ئامانج نیە.بەڵکو ڕێبازە بۆ ئامانجی شۆڕشی سیاسی لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکەندنی سەرمایەدارییە.

## شێوەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی – ئابووری
## Soico– Economic Formation

فۆرماسیۆن (شێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی – ئابووری) بریتییە لەو سیستمە ئابوورییەی کەلە سەردەمێکی دیاریکراو مێژوو دا دەستنیشان دەکری و سەرخانی کۆمەڵی لەسەر دادەمەزرێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێنچ جۆر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی- ئابووری هەیە و دەبێ کە بریتین لە کۆمەڵگای هاوبەشی کەم، واتە کۆمۆنی یەکەم – کۆیلەیی – دەرەبەگایەتی، سەرمایەداری،کۆمۆنیزم.هەر یەکێک لەم جۆرە پەیوەندییە یان هەر یەکێک لەم سەردەمانە بەرهەمی یاسا تایبەتەکانی گەشەکردنی سەردەمەکەیە. جگە لەو یاسا تایبەتانە هێندی یاسای گشتی هەیە کەلە هەموو سەردەم و جۆرەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی – ئابووری دەوری خۆیان دەبینن. هاتنی سەردەمێک دوای سەردەمێکی تر سەرئەنجامی ڕێکەوت نیە بگرە بەندە بە یاسایەکی تایبەتەوە، هەروەک سەرئەنجامی ناکۆکییە چینایەتییەکانی تایبەت بە کۆمەڵگایەک یان چینێک، کۆن دەبێ و سەردەمی بەسەر ئەچێ و چینێکی تری نوێ و پیشکەوتوو دێتە پێش و دەور دەبینێ. ئەمەیە ئەو یاسایەی کە تایبەتە بە هەر سەدەمێک. ئەو یاسا گشتییە هاوبەشانەی کەلە هەموو سەردەمێکدا دەوری خۆیان لە بواری گۆڕان دا دەبینن بریتین لەو یاسا بابەتییەی کە پەیوەندییەکی دیالەکتیکی لەنێوان هێزی بەرهەمهێنان و پەیوەندی بەرهەمهێنان دروست دەکات. بۆ نموونە هەر کاتێک پەیوەنییەکانی بەرهەمهێنان ڕێگر بن لە گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان. ئەمە دەبێتە پەیوەندییەکی نەگونجاو و پەککەوتوو و بێکەڵک و لە ئەنجامی ناکۆکییەکاندا لە ناو دەچێ پەیوەندییەکی گونجاو و نوێ شوێنی دەگرێتەوە.

## فابینیزم Fabinism

جوڵانەوەیەکی سۆشیالیستی ئاشتییانە بوو کە لە ئینگلتەرا هاتە کایەوە لایەنگرانی ئەم ڕێبازە لە دانشگای فابین لە ساڵی ١٨٨٤ دا فابینیزمیان بە سەرکردایەتی سیدنی وب، گراهام والاس،جۆرج برنادۆشۆ... هتد پێکهێنا. فابینیزم جوڵانەوەیەکی ئاشتیخوازانەیە و بە ناوی فابیۆسی سەرکردەی ڕۆماوە ناونراوە. فابیۆس سەداری ڕۆما بە ستراتیجێکی درێژخایەن و ئاشتییانەوە توانی هێزو توانای سوپایی هانیپاڵ سەرکردەی قرتاجنە بشکێنێ. بە بڕوای فابییەکان سۆشیالیزم لە ڕێگای بەرهەڵستیی ئاشتییانەی خاوەنداریتیی مۆنۆپۆلەوە بەرەو پیشەوە چوونی دیموکراسی سیاسی و دیموکراسی ئابووری و فراوانکردنی خاوەنداریێتی نەتەوایەتی و گۆڕینی سەرنجی مرۆڤ بەرامبەر بە ڕەوشت و بەرژەوەندی گشتی بەدی دێ. پاش دروست بوونی حزبی چینی کرێکاران، فابییەکان بەرەو پوچەڵی و لە ناوچوون ڕۆیشتن وەک حزبێک نەمانەوە، تەنیا وەک تاقمێکی ڕۆشنبیرەکان بەردەوام بوون لە سەر ڕاگەیاندنی بیروڕای خۆیان.

## فاشیزم Fascism

لەڕووی زانستییەوە ئەم زاراوەیە بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری پشت بەستبوو بە کاری زۆر و ستەم و تۆقێنەرانە بە کاردەهێنرێ هەڵگرانی ئەم باوەڕە خۆیان لە بەرەی کۆنەپەرستترین و درندەترین بەشی ئیمپڕیالیزم دا دەبیننەوە. فاشییەکان کە ئامانجیان هێشتنەوەی ڕژێمی سەرمایەدارییە لەلایەن سەرمایەداریی مۆنۆپۆلەوە پشتگیری دەکرێن. ڕژێمە فاشییەکان هەموو سەربەستییەکی دیموکراتی لە وڵاتدا لەناو دەبەن بۆ مانەوەی خۆیان سیاسەتیان لەسەر بناغەی تیۆری وپڕۆپاگەندەی نەتەوەپەرستیی

تەسک و ڕەگەز پەرستی بنیات دەنێن. فاشیزم یەکێکە لە لایەنەکانی ستەمکاریی سەرجەم سەرمایەداری لە قۆناغێکدا کە خەباتی پرۆلیتاریا دژی بۆرجوازیەت دەگاتە ڕادەیەک کە رژێم چیتر لە رێگای پەرلەمانەوە ناتوانێ مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات فاشییەکان دەکەونە بەکارهێنانی زۆرو تۆقاندن و لەناو بردن و خوێن ڕشتن بۆ سەرکووت کردنی بزووتنەوەی کرێکاران. لە فاشیزم دا سیاسەتی ناوخۆیی لەسەر بنچینەی قەدەغەکردنی حزبی پرۆلیتاری و پێشکەوتنخواز و ڕێکخراوە پیشەییەکان و سەربەستی و دیموکراسی و سوپایی کردنی ڕژێم و هەموو دام و دەزگاکان بنیات دەنرێ. بۆ ئەم بەمەبەستەش تاقم و کۆمەڵێ پیاوکوژو چەتە و ئەوباش و کەسانی دوور لە هەموو گیانێکی مرۆڤانە بەکار دەهێنرێن وەک ئێس ئێس لە ئەلمانیای هتلەری و کراس ڕەشەکانی ئیتاڵیای مۆسۆلینی وسیای ئەمریکی و میتی تورکی وساواکی ئێرانیی شاهنشاهی ئیستخبارات و ئەمنی عێراقی. ڕەگەزپەرستان و شۆڤێنییەکان وتیۆرییەکانیان وەک نووکی ڕمی ئایدیۆلۆجیەتی فاشیزم وان.لەڕووی مێژووییەوە فاشیزم بۆ یەکەم جار لە ئیتالیا لە ساڵی ١٩١٩ هاتە کایەوە و پاش سێ ساڵ دەسەڵاتی گرتە دەست. لە ساڵی ١٩٢٠ دا حیزبی فاشیستی ئەڵمان بەناوی سۆشیال ناسیۆناڵ دروست بوو و کەوتە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی تا لە ساڵی ١٩٣٣ دا پشتگیریی مۆنۆپۆڵە گەورەکانی ئەڵمانیا دەسەڵاتی گرتە دەست ودیکتاتۆریەتی خوێناوی هتلەری جێگیر کرد هەر لەوسەردەمە ئۆپۆرتۆنیستەکانی سۆشیال دیموکراتە ڕاستڕەوەکان لە هێزی مەزنی پرۆلیتاریایان تووشی ئیفلیجی کردبوو، بوونە هۆیەکی گرنگی سەرکەوتنی فاشیزم.فاشیزم بووە گۆڕ هەڵکەنی خۆی چونکە بەهۆی چاوچنۆکییەوە فاشیزم دەورێکی باڵای لە هەڵگیرساندنی شەری دووەمی جیهان دا بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنی جیهان و هەر پاش تەواو بوونی شەرو تێک و پێک شکانی سوپای هتلەری و ئابووریی فاشیزم و سیاسەتی کۆنەپەرستانە، فاشیزم لە ئەڵمانیا تێک و پێک شکاو گۆڕ کرا. پاش ئەو تێکشانەی فاشیزم، کەسانی فاشیست

لە وڵاتی ئیمپریالیستەکاندا مەیدانی خۆشکردنی باری سەر هەڵدانەوەی فاشیزمیان خۆش کردەوە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوای فاشییەکان حزبێکی تری فاشیستیان پێکهێنا بەڵام لە ژێر پەردەی ناوێکی نویٚ کە ناسیۆنال دیموکراتە لە ئینگلتەرا تاقمی فاشی هەیە. هەروەها لە ئەمریکا هەمان دەستە دەور دەبینیٚ و لە فەرەنسا سوپای نهێنی یەکێکە لە ڕێکخراوە فاشیستییەکان لە ئیتاڵیا ڕێکخراوی ئۆکسیدان واتە ڕۆژئاوا، یەکێکە لە ڕێکخراوە فاشیستەکان.

نازیزم:بەرهەمی هەمان مانای فاشیزمە و کورتەی ناوی حزبە فاشییەکەی هتلەرە کەلە پیتەکانی یەکەمی ووشەکان پێک دیٚ و ناوەکەی بریتیە لە حزبی نەتەوەی سۆشیالیستی کرێکاران.

## فالانگیزم Falangism

بزوتنەوەی فاشیستی ئیسپانیا کە شوناسنامەی ئایدیۆلۆجیەتی حزبی یاسا ڕێپێدراوی ئیسپانیا بوو بە ناوی ڤالانج سپانۆلا ترادیسیونالیستا، ئەم حزبە لە ژێر سەرکردایەتی ئەنتۆنیۆ پریمۆدۆ ریواری کوڕی دیکتاتۆری پێشوو ئیسپانیا پریمۆ دوریۆرا لە تەمووزی ١٩٣٣ دامەزرا بوو. پاشان فالانجیەکانی لەگەڵ تاقمە فاشییەکانی تری یەکیان گرتەوە لەژێر ناوی(فالانجی ئیسپانیا یەکگرتوو) بەسەرکردایەتی خۆزە ریورا و بەرنامەیەکیان دانا کە بریتی بوو لە:

أ-پوچەڵکردنەوەی هەموو حزبە سیاسییەکانی تر.

ب- خۆماڵیکردنی سەرمایە.

ج-ڕیفۆرمی زەوی.

د- فراوانکردنی هێزی سوپایی.

ە- پیادەکردنی ڕێبازە شۆڕشگێری بۆ گەیشتن بە ئامانج.

لەشەری ناوخۆیی سالانی ١٩٣٦-١٩٣٩ دا فالانجییەکان دەوری سەرەکییان هەبوو. ئەم حزبە زۆر سەرسەختانە دژی بەرەی چەپ

بوو ولایەنگری ڕاسترەو میانڕەوەکان نەبوو. لەساڵانی ١٩٣٧دا لەلایەن سەرکردەی سوپایی ئیسپانیا جەنەڕاڵ سیمۆ فرانکۆ،حزبی فالانج کرایەحزبی سەرتاسەری وڵات و دەسەڵاتداری ڕژێم.

## فەرهەنگی Culture

فەرهەنگی بریتییە لە کۆمەڵێک بەهای ماددی و مەعنەویی کۆمەڵگا مرۆڤایەتی کە زادەی ڕووداو وچالاکییە کۆمەڵایەتی- مێژووییەکانە. فەرهەنگ دوو بەشی پێکەوە گرێدراوە : فەرهەنگی ماددی و فەرهەنگی مەعنەوی، فەرهەنگی ماددی بریتییە لە تفاقەکانی بەرهەمهێنان، تەکنیک، نمونەکانی بەرهەم هێنان، لەگەڵ هەموو مادده بەنرخەکانی تر کە لە هەر قۆناغێکی کۆمەڵگا دا بەکار دەهێنرێن، لە کاتێکدا فەرهەنگی مەعنەوی بریتییە لەو دەستکەوتانەی کە لە کۆمەڵگا لە مەیدانەکانی زانست و هونەر و ڕەوشتی فەلسەفی دا بەدی دێن. فەرهەنگ بەرهەمێکی مێژووی پەیوەندە بە فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی – ئابووری کە ئەمەش پێچەوانەی تیۆری ئیمپریالیزمە کە فەرهەنگی مەعنەوی لە بنچینە ماددییەکان جیا دەکاتەوە. مارکسیزم بەرهەمە ماددییەکان بە سەرچاوەی فەرهەنگی مەعنەوی دەزانێ، بۆیە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ فەرهەنگی بە بەرهەمی کار و چالاکییەکانی ڕەنجدەران دەژمێردرێ.جا لەبەر ئەوەی فەرهەنگی مەعنەوی بەندە بە بنچینەی ماددییەوە هەرگیز لە خۆیەوە گۆڕانی بەسەردا نایەت، ئەگەر چی تارادەیەکی ڕێژەیی، خاوەنی سەربەخۆیی خۆیەتی.لە کۆمەڵگا فەرچیندا فەرهەنگ چ لەڕووی ناوەڕۆکەوە چ لە ڕووی سود لێ وەرگرتنەوە بەندە بە ناسنامەی چینایەتییەوە چینی پێشکەوتوو خاوەنی فەرهەنگی پێشکەوتووە هەرچەندەلە ڕووی نەتەوایەتییەوە فەرهەنگەکە خۆی لە بەرگێکی نەتەوایەتیدا دەنوێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە هەمان نەتەوەدا فەرهەنگی چینێک لە فەرهەنگی چینێکی تردا جیاوازە بۆ نموونە لە ڕژێمی سەرمایەداریدا

لەهـەر فەرهەنگێکـی نەتەوایەتیـدا دوو جـۆر فەرهەنگـی مەعنـەوی هەیـە: فەرهەنگـی بۆرجوازییـە کـە تیشـکدەرەوەی بەرگریکـەری بەرژەوەنـدی چینـی چەوسـێنەرەکان و نەمریـی دەسـەڵاتی سـەرمایەدارییەو ڕەواجیـان بۆ پەیدادەکا.ئەوی تـر فەرهەنگـی سۆشیالیسـتییە کـە هـەر هەمـان ڕژێمـی سـەرمایەداریدا تیشـکدەرەوەی بەرگریکـەری بەرژەوەندیـی ڕەنجـدەران ودیموکراسـییە. هەڵگـری فەرهەنگـی مەعنەوەیـی پێشـکەوتنخواز، پڕۆلیتاریایـە کـە شۆڕشـگێرترین چینـی کۆمەڵـە فەرمانـی سـەر شـانی بەدیهێنانی فەرهەنگی نوێی سۆشـیالیزمە بە پشـت بەسـتن بە تیۆرییەکانی مارکسـیزم و ناسـینی یاسـاکانی گەشـەکردنی کۆمـەڵ. ئـەم فەرهەنگـە بەنرخترین و پڕسـودترین فەرهەنگەکانی مرۆڤایەتییە بە درێژایی مێژوو. لـە نووسـینەکانی لینینـدا سـێ جـۆر فەرهەنگمـان بـۆ دەردەکـەوێ:

یەکـەم: بەلێکدانـەوەی شارسـتانێتی واتـە ڕەفتـار و جوڵانەوەکانـی کۆمەڵـگا، تیشـکدەرەوەی شارسـتانێتی پێشـکەوتنخواز هەسـتی خەڵکییـە. بەڵگـەش ئـەو شۆڕشـە فەرهەنگییـە کەلەکۆمەڵـگای سۆشیالیسـتیدا پـاش شۆڕشـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی ڕوودەدا.

دووەم: بەلێکدانـەوەی ئایدیۆلۆجی واتـە پەیوەنـدی مـرۆڤ بـە جیهانەوە. بـە پێـی ئـەم لێکدانەوەیـە فەرهەنگـی دوو لایەنـی هەیـە : فەرهەنگـی بۆرجـوازی و کۆنەپەرسـتییە و لایەنەکـەی تـری فەرهەنگـی دیموکراتـی و سۆشیالیسـتی ڕەنجدەرانە.بەڵگـەش بەجـێ هێشـتن و جـێ چۆڵکردنـی فەرهەنگی ئایدیۆلۆجی بۆرجوازییـە بۆ فەرهەنگی ئایدیۆلۆجی پرۆلیتاریا.

سـێیەم: بەلێکدانـەوەی عەقـل و ئامـۆژگاری و ناسـینە هونـەری و زانستییەگشـتییەکانە وەک لێکدانـەوەی فەرهەنگی لەسـەر ئاستی پـەروەردە و خوێندن. بۆ نموونـە دەڵێن فلانـە کـەس بێ فەرهەنگـە واتـە نەخوێنـەوار و نەزانـە.

## فیدرالیزم Federalism

بەزمانی لاتینی بە مانای کۆمەڵ بون یان یەکبوون دێت.بریتییە لە یەکگرتنی چەند وڵاتێک یان چەند رژێمێک لە یەک چوارچێوەی سیاسی و یەک ڕژێمدا. چەند وڵاتێکی گەورە و بچوک یان چەند ڕژێمێک کاتێک یەکدەگرنەوە یەک یاسای بنچینەییان دەبێ کە پێی دەوترێ یاسای فیدراڵ بە پێی ئەو یاسایە لە هەر وڵات و ڕژێمێک سنووری تایبەتی خۆی دەبێ.لەڕژێمی فیدڕالیدا یەک دادگای بەرزی ناوەندی دەبێ بۆ لێکدانەوەی یاسا و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان. لەڕووی سیاسەتی دەرەوە ڕژێمە فیدڕالییەکان دووجۆرن : لە هەندێکیاندا هەرێمە یەکگرتووەکان بۆیان نیە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی دەرەکییان لەسەر ئاستی پەیمان بەستن هەبێ، وەک باوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەجۆر دووەمدا، هەرێمە یەکگرتووەکان هەیە کە بەتاکی یان بەجیا پەیوەندی دەرەکییان لەسەر ئاستی پەیمان بەستنی سیاسی، فەرهەنگی، بازرگانی، پشەسازی، پەروەردەیی و فێرکاری هەبێ و هەروەها بۆیان هەیە وەک لەکۆمارەکانی یەکێتی سۆڤێت هەیە، تەنانەت کۆماری ئۆکراین و ڕوسیای سپی نوێنەری جیایان لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە هەروەها بۆ کۆمارە یەکگرتووەکانی یەکێتی سۆڤێت هەیە بەپێی یاسا سوپای تایبەتی خۆیان هەبێ. چەند نموونەیەکی ڕژێمی فیدڕال هەیە وەک ئەمریکا، کەنەدا، ئوستورالیا، ئەرجەنتین، مەکسیک، هیندستان... هتد هەموو هەرێمێک لەڕژێمی فیدڕاڵدا خاوەنی دەزگای بەڕیوەبردن و ئەنجومەنی یاسادانانی تایبەتی خۆیەتی بە مەرجێ یاساکان پێچەوانەی یاسای ناوەندی (فیدڕاڵ) نەبێ.

## ڤیتۆ Veto

لەزمانی لاتینیدا بەمانای قەدەغە دێ و لە بنچینەدا لە وشەیVetare واتە قەدەغەکردن هاتووە ڤیتۆ بریتییە لە ڕێگریکردن لە کارێک. مافی ڤیتۆش بریتییە لە ڕێگریکردن. بەم پێیە ڤیتۆ یان مافی ڤیتۆ دەسەڵات و توانایەکی یاسایی هەیە کە دەزگایەک یان ئەندامانی دەزگایەک بۆ ڕێگریکردن لە کارێک بەکاری دێنن. ئەم زاراوەیە لە ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا مانایەکی تایبەتی هەیە کە بریتییە لە مافی ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ڕێگریکردن لە کارێک کە ئەندامانی تر دەنگیان لەسەر داوە. ڤیتۆ چەند جۆرێکە : جارێ وا هەیە ڤیتۆ بۆ پوچەڵ کردنەوەی کارێک بەکاردەهێنرێ بۆ نموونە دەزگای جێبەجێکار بۆی هەیە لە ڕێگای بەکارهێنانی ڤیتۆ لەلایەن دەزگای جێبەجێکاری نەتەوەییەوەو یاسایەک پوچەڵ بکاتەوە. جۆرێکی تری ڤیتۆ هەیە کە پێی دەوترێ ڤیتۆ هەڵپەسێردراو ئەم جۆرە ڤیتۆیە تەنها بۆ دواخستنی کارێک یان مانەوەی کارەکە بە هەڵپەسێردراوی، بی ئەوەی جێبەجێ بکرێ یان پۆچەڵ بکرێتەوە بەکاردەهێنری. بۆنموونە ئەم جۆرە ڤیتۆیە مافی ڤیتۆی ئەنجومەنی لۆردەکانی ئینگلتەرایە. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پانزە ئەندام پێکدێ کە پێنچیان ئەندامی هەمیشەیین و مافی ڤیتۆ هەیە و بریتییە لە چین،یەکێتی سۆڤێت، ئەمریکا، فەرەنساو بەریتانیا.

## بایکۆت Baycott

دەکرێ ئـەم زاراوەیـە بـۆ بـێ بـەری کردنیـش بەکاربهێنـرێ، بـەڵام مەبەسـت لـەم زاراوەیـە بچرانـی پەیوەندییـە بـە کەسـێکەوە یـان بـە ڕێکخراوێکە یان بە حزبێکەوە یان بە دەوڵەتێکەوە و لەمەیدانی سیاسی و ئابـووری دا یەکێکـە لـە شـێوەکانی خەبـات. بۆ نمونـە کاتێـک دەوتـرێ ڕژێمـی ئەفریقـای خـواروو بایکـۆت کـراوە، واتـە هەمـوو پەیوەندییەکـی لەگەڵدا بچڕێنراوە یان کە دەڵێن فلانە وڵات بەرهەمەبیانییەکانی بایکۆت کـردوە واتـە کرینـی هەمـوو بەرهەمێکـی بیانـی قەدەغـە کـراوە، یـان کـە دەڵێـن فلانـە کـەس بایکـۆت بکـەن واتـە هەمـوو پەیوەندییەکتـان لەگەڵـی ببڕن.شـتێکی ڕوون و ئاشـکرایە کـە دەکـرێ بایکـۆت کـردن کارێکـی کونەپەرستانە بێت یان پێشکەوتنخوازانە. ئەم شێوەیەی خەبات جۆرەکەی بەندە بەو لایەنـەی کە بایکۆت دەکرێ یان بایکۆت دەکا. ئەگەر لایەنێکی کۆنەپەرست و چەوسێنەر و بەکرێگراو یان وڵاتێکی ئیمپریالیستی، لەلایەن زەحمەتکێشانەوە بایکۆت بکرێن، بێشک ئەم جۆرەیان پێشکەوتنخوازانەیە و لـە بەرژەوەندیی جەماوەری زەحمەتکێشـان و گەلانی چەوسـاوەیە.بەڵام ئەگەر دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و کۆنەپەرستان و ڕژێمە چەوسێنەرەکان و دەزگا سـەرمایەدارییەکان ئـەو شـیوازە دژی وڵاتانـی بچـوک و لاواز لـە ڕووی ئابـووری و سیاسـییە یـان دژی زەحمەتکێشـان یـان دژی وڵاتانـی سۆشیالیستە بەکاربهێنن بێ شک ئـەم جۆرە بایکۆتـە کۆنەپەرستانە و لـە بەرژەوەنـدی چەوسـێنەراندا دەبێ.وشـەی بایکـۆت لـە نـاوی ئەفسـەرێکەوە هاتـووە کـە داهێنـەری ئـەم شـێوازەی خەبـات بـووە دژی بەرهەمەکانـی ئینگلیـز و دژی سـەرانی ئینگلیـز لـە ئێرلانـدا لەسـەردەمی پەیدابوونـی ناکۆکـی لـە نێوان ئینگلتـەرا و ئیرلاندا لـە کاتـی خەباتی ئێرلاندییـەکان بـۆ بەدەسـت هێنانـی سـەربەخۆیی نەتەوەیـی.

## کارەکتەر Character

کەسایەتی لە کۆمەڵشوناسیدا بریتییە لە مرۆڤێک کە لەڕوی ئامادەیی و فەرمانەوە نەخشی لە کۆمەڵدا دەردەکەوێ. هەموو کەسایەتییەک بەرهەمی گەشەکردنی کۆمەڵ و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان. مارکسیزم-لینینیزم شوێنی کەسایەتی لە کۆمەڵدا لە دیدگای قۆناغی ئابوریی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵەوە دەبینی. بۆ نموونە لە کۆمەڵگای فرە چین دا بێ شک ململانێی چینایەتی لە نیوان چەوسێنەر و چەوساوەدا تێیدا توندە دەستنیشان کردنی کەسایەتی بەندە بە سەرچاوەی چینایەتییەوە واتە چینی چەوسێنەر کەسایەتیی خۆی هەیە چینی چەوساوە کەسایەتیی خۆی هەیە. لەهەر قۆناغێکی ئابووریی کۆمەڵایەتیدا کەسایەتی گۆرانی بەسەردا دێ. ئاشکرایە کەلە قۆناغی شوسیالیزمدا بەهۆی نەمانی چەوسانەوەو خاوەندارێتیی تایبەتی تفاقەکانی بەرهەم هێنانەوە چاکترین هەلومەرجی لەبار بۆ گەشەکردنی مرۆڤ ئامادە دەکرێ. بەدیهێنانی چاکترین هەلومەرجی لەبار بۆ گەشەکردنی مرۆڤ و مسۆگەر کردنی کەرەستەکانی پەرەپێدان و پەروەردە و نەهێشتنی کۆسپەکانی رێگر لە دەرکەوتن و سود وەرگرتن لەتوانای مرۆڤ، بەمەرجێ لەسەر بنچینەی سودی گشتی و مەبەستی بەدی هێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵ بێ دەبێتە هۆی پەیدا بوونی کەسایەتی ودەوری گرنگی لەسەرکردایەتی کردنی خەبات دا دەبێ. شوێنی کەسایەتی لە مێژوودا یەکێکە لەبابەتە گرنگەکانی کۆمەڵ شوناسی. مارکسیزم براوی وایە کە مێژوو بەرهەمی چالاکییەکانی جەماوەر خەڵکە چونکە جەماوەر بنیاتنەری مێژووی راست و هێزی دەستنیشانکەری قۆناغی کۆمەڵگایە. بۆیە سەرچاوەی ماددی گەشەکردنی بەرهەم.دیارە جەماوەری ڕەنجدەرانە کە هێزی سەرەکی و بەدیهێنەری هەموودەسکەوتە ماددییەکانە کە مانی کۆمەڵگا بە بێ ئەوانە خەیاڵە.جەماوەری ڕەنجدەران دروستکەری

و سەرچاوەی پێشکەوتنی تەکنیکە. تەکنیکیش بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی گەشەکردنی هێزەبەرهەم هێنەرەکان کە بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەنجدەران و بەهەردووکیان دەبنە هۆی گۆڕانی شێوەی بەرهەم هێنان. جەماوەر ئەو هێزەیە کە دوا ڕۆژو چارەنووسی هەموو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و هەموو بزوتنەوەیەکی سیاسی دیاری دەکەن و دەوری سەرەکی لەسەرکەوتنی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی و رزگاری و نیشتمانیدا دەبینن.جەماوەری ڕەنجدەرانن کە بەدیهێنەری سۆسیالیزم و گۆڕهەڵکەنی سەرمایەداری چەوساندنەوەن بۆ هەتا هەتایە و مێژووی ڕاستەقینەی یەکسانی وەکیەکیی بنەڕەتی لە کۆمۆنیزم دروست دەکەن. بەڵام لە هەمان کاتدا مارکسیزم لینینزم هەرگیز ڕۆڵی کەسایەتی تاک پوچەڵ ناکاتەوە چونکە تاک ڕۆڵێکی گرنگی لەو گۆڕانانە دا دەبێ. بۆیە هەموو بیرکردنەوەیەک کە وا بزانێ کۆمەڵ بە ڕەهایی ڕۆڵی لە گۆڕاندا هەیە بە ڕەهایی ڕۆڵی تاک و پۆچەڵ دەکاتەوە. هەر کەسێک ئەگەر چالاکییەکانی خۆی بەپێی هەلومەرج و یاسا بابەتییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگا بەکار بێنی ڕۆڵێکی کاریگەری لە گۆڕانی کۆمەڵدا دەبێ. هەر ئەوانەشن کە دەبنە سەرکردەی جەماوەرو چالاکییەکانی جەماوەریش بەرەو پیشەوە دەبن. چینی پێشەڕەو بەبێ سەرکردایەتییەکی شارەزا و لێهاتوو ناتوانێ پیشڕەوایەتی بکا و دەسەڵاتی سیاسی بەدەست بێنێ و ڕژێم بەرێوە بەرێ بەسەر دوژمناندا زاڵ بی. پیاوانی مەزن وگەورە ئەوانەن کە هەموو هێز و توانا و چالاکییەکانی خۆیان بۆ پیشکەوتنی کۆمەڵگا تەرخان دەکەن، ئەویش لەبەر رۆشنایی بەرنامەی چینی پێشڕەوو بە پشتیوانیی جەماوەر.بەڵام ئەوانەی کە بە پێچەوانەی یاسا بابەتییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگا و مێژوو کاردەکەن و لەبەر تیشکی بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە ڕەفتار دەکەن،بەبێ شک ئەوانە توشی شکان وتیا چوون دەبن و پاشان تاوانبار دەبن.مارکسیزم لینینزم لەگەڵ ئەوەدا کە ڕۆڵی کەسایەتی پۆچەڵ ناکاتەوە بەڵام زۆر بە توندی دژی تاکپەرستی دەوەستێتەوە.

تاكپەرستی بریتییە لە دواكەوتنی كوێرانەی سەركردەیەكی گەورە وهەست كردن بە توانای لە بران نەهاتووی تاك و تەنیای ئەو سەركردەگەورەیە.ماركس، ئەنگلس، لینین، ستالین، ماوسی تۆنگ هەمیشە، بەتوندی، دژی تاك پەرستی بوون دژی پێداهەڵگرتن وشاخ وباڵ دروست كردنی دور لە ڕاستی بوون بۆ تاك ودژی هەموو خۆهەڵواسین و كلكەلەقێ كردن و مەرایی بوون بۆتاك. تاكپەرستی لەژیانی حیزبایەتیدا ئەوە دەگەیەنێ كە :

١-سەركردایەتی بە كۆمەڵ پوچەڵ دەبێتەوە.

٢-تەواو پیچەوانەی بنەماكانی دیموكراسییە.

٣- پێچەوانەی بنەما و ڕێبازی ماركسیزمە.

٤- دوا كەوتنی كوێرانە و بێ باوەڕی بە خۆ.

## لۆمپین پرۆلیتاریا Lumpen proletaria

ئەم زاراوەیە كەلە زۆربەی زۆری لێكۆڵینەوە كۆمەلایەتی و سیاسییەكاندا بەكار دەهێنرێ لە ڕووی زمانەوانییەوە بەمانای پرۆلیتاریای بەرەلا دی. بەلام لە ڕووی زانستییەوە بەو توێژە دەگوترێ كە ناسنامەی چینایەتی خۆی لە دەست داوە. ئەمانە لە سەردەمی سەرمایەداریدا بە زۆری لە شارە گەورەكان دەژین. دووچاری بەرەلایی و دورەپەرێزی چینایەتی دەبن و ژیانێكی زۆر سادەو ساكار بەسەر دەبەن، هیچ كارو پیشەیەكی دیاریان نیا و هیچ كارێكی سودبەخشیان بۆ كۆمەڵگا نیە كاری وادەكەن كە ئەگەر بۆ كۆمەڵگا زیانبەخش و خراپیش بێ و دژی مرۆڤایەتی بێ و تەنانەت ئەگەر خۆشیان تێدا رسوا بن یان تیا بچن هەر بەلایانەوە گرنگ نیە وەك دزیكردن، چەقۆكێشی، سەرسەرێتی، جاشایەتی، بەدڕەوشتی،چەتەیی، پیاوكوژی، ئەنجامدانی تاوان... هتد.

بەشی زۆری ئەمانە لەسەرەتا دا كرێكار یان وردە بۆرجوازی بون، بەلام بەهۆی باری تایبەتی ڕژێمی سەرمایەدارییەوە دووچاری بێ

بەختی و سەگەردانی و بەڕەلایی بوون و هەموو پەیوەندییەکی خۆیان بە چینی پرۆلیتاریا وە پچڕاندووە و ئایدیۆلۆژیای پرۆلیتاریایان لەدەست داوە. کۆنە پەرستان و سەرمایەداری بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بۆ دژایەتیکردنی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی و دیموکراتی، سود لەو توێژە وەردەگرن، ئەویش لە ڕێگای بەکرێ گرتنیانەوە کردنیان بە سیخور و جاش و پیاو خراپ بە جۆراوجۆر ناوی دروستکراو بۆنمونە،ڕژێمی ڕەفتار فاشیستی بەغدا سودێکی زۆر لەو جۆرە کەسانە وەردەگرێ دەیانکاتە بەکرێگیراو بەشێوەی جاش و دژی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد و خەباتی دیموکراتیی گەلانی عێراق بەکاریان دێنێ یان بە شێوەی پیاوکوژ بۆ کوشتن و هەڵواسینی سیاسییەکان و تێکۆشەران لە زیندانەکان دا بەکاریان دێنێ. ڕژێمی بۆرجوازی وسەرمایەداری لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی بێکاری و ئاوارەکردن و هەژارکردنی ڕەنجدەران، کارێکی وا دەکا ڕەنجدەران ببنە سەرچاوەی لۆمپنی پرۆلیتاریا. دەبێ ئەوەمان لە بیرنەچێ کە هەر کەس بێ ئیش بێ یان ئاوارە بێ، لۆمپنی پرۆلیتاریا نیە واتە بە لۆمپنی پرۆلیتاریا ناژمێردرێ بگرە تەنیا ئەوانە دەچنە ڕیزی لۆمپنی پرۆلیتاریا کە ئایدیۆلۆجیەتی چینایەتی و ناسنامەی چینایەتی و پەیوەندیی چینایەتی لەدەست دەدەن. ئەم توێژە لە وڵاتێکدا کاتێک لە ناو دەچێ و نامێنێ کە سەرمایەداری نەمێنێ و ڕژێمێکی سۆسیالیست لە شوێنەواری بنیات بنرێ.

## کرێکاری کشتوکاڵی Farm worker

کرێکارانی کشتوکاڵی یان پرۆلیتاریا کشتوکاڵی بریتییە لەو کرێکارانەی کە بە کرێ لە کشتوکاڵی سەرمایەداران کار دەکەن. کرێکارانی کشتوکاڵی زۆربەیان ئەو جوتیارە ماڵوێرانەن کە بێ زەوین و بۆوەدەست هێنانی ڕۆژانەیەک یان کرێیەک کە پێی بژین دەبنە کرێگرتەی زەویدارەکان. لە ڕژێمی سەرمایەداریدا جوتیارە هەژارەکان تەنانەت ئەوانەش کە خاوەن

پارچە زەوییەکی بچوکن، زەوییەکانیان لەدەست دەدەن و ئەو زەوییان دەبنە موڵکی سەرمایەداران، خۆیشیان لە زەوییەکی ئەوانە کار دەکەن تا وردە وردە توێژێکی جوتیاران بە شێوەی کرێکاری کشتوکاڵی دروست دەبێ. کرێکاری کشتوکاڵی لە ڕووی پەیوەندییان بە هۆکانی بەرهەم هێنانەوە، پەیوەندییەکی نەگونجاو و چەوسێنەرانەیە بەهۆی لەدەستدانی زەوییەکانیان و فرۆشتنی هێزی کاری خۆیان بە خاوەن زەوی و بەرهەم هێنانی زێدەبایی بۆ سەرمایەدارانی کشتوکاڵی، بۆیە بەم توێژە ناوتریٚ جوتیار، چونکە لە هەموو ڕوویەکی شێوەی بەرهەمهێنانەوەو سەرباری بەرهەم و زێدەبایی وجۆری کارکردن و چەوساندنەوە وەک کرێکارانن بەلاٚم کە پێیان دەڵێن کرێکاری کشتوکاڵی، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە کاری کشتوکاڵی دەکەن، هەروەها لە هەلومەرجی دێهاتی پاشکەوتوو کار دەکەن و دواکەوتووترین بەشی کریکارانن. سەرمایەداری کشتوکاڵی بریتین لە خاوەن زەوییە گەورەکان کە زەوییەکانیان دەبنە بناغەیەک بۆ پەیدابوونی سەرمایەداری هێندە گەورە کە دەتوانن زەویی هێندە فراوان و بەرین بخەنە ژێر دەستی خۆیان کە چاکترین و فروانترین زەوی پێکدێن. جاری وا هەیە دەبنە خاوەنی دەزگای جۆربەجۆری وەک کارگە و بانق لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا کە چەوساندنەوە نامێنێ و زەوی بەسەر هەموو جوتیاراندا دابەش دەکرێ و هاوبەشیکردنی کشتوکاڵی دێتە کایەوە، ئەو کاتە پرۆلیتاریای کشتوکاڵی نامێنێ.

## کۆنفیدراسیۆن Confederacy

**بریتییە** لە یەکگرتنی چەند ڕژێمێک لە ڕوی هاوکاری و بەرگری لە یەکتری. کۆنفیدراسیۆن بریتی نییە لە یەکگرتنی ڕژێمێکی ناوەندی (فیدڕاڵ) و چەند ڕژێمێکی بەستراوە پێیەوە.

لە کۆنفیدراسیۆندا هەموو وڵاتێک سەربەخۆیی و سەربەستی لە سیاسەتی دەرەوە و ناوەوەی خۆی هەیە. یەکەکانی ناو کۆنفیدراسیۆن

لە پەیوەندیی نێونەتەوەییدا بە شێوەی جیا جیا دەمێننەوە.

## کۆنسێرڤاتیزم Conservatism

لە زمانی ئینگلیزیدا بە مانای پاراستن دێ بریتییە لە پارێزگاری. واتە هەم لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە هەم لە ڕوی سیاسییەوە، باوەڕیان بە پارێزگاری کردنی نمونە و ڕابردوی دور و درێژی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە و بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەو گەنجینە کەلەپورە دەکەن.

کۆنسێرڤاتیزم لە بواری سیاسی بریتانیادا ڕیشەیەکی یەجگار بەهێز و دیاری هەیە کە لە ساڵی ١٨٣٠-١٨٤٠ پەیدا بووە و پاشان پەرەی سەندووە.

لە سیستمی بریتانیادا حزبی کۆنسێرڤاتی (پارتی پارێزگاران) هەمیشە یەکێک بووە لە حزبە گەورەکان. کۆنسێرڤاتیزم بەرهەڵستی کردنی بەرەی پێشکەوتنخوازە شۆڕشگێڕەکان بە گرنگترین ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێ. بە ڕای پارێزگارەکان پێشکەوتنخوازە شۆڕشگێڕ و ڕادیکالەکان لە پێناوی ئامانجی تیۆری و بیروڕای ناو کتێبەکاندا هەموو کەلەپورێکی کۆمەڵایەتی لەناو دەبەن.

کۆنسێرڤاتیزم زۆر گرنگی بە پاشماوەی کۆن و میراتی باوک باپیران دەدا لە هەموو ڕویەکی هونەری و وێژەیی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و نەتەوایەتییەوە. بۆ نمونە، ئیدمۆند برک کە یەکێک بووە لە سەرکردەکانی ئەو حزبە دەڵێ ((من لە ئاستی کاری چارەسەری ڕیفۆرمیستیدا چاو نانوقێنم، بەڵام ئەو گۆڕانەی کە دەیشیکەین دەبێ بپارێزرێ و هەرچییەک بکەم دەبێ تەواوکەری کارەکانی باپیرانمان بێ و هەر گۆڕانێک لە لایەن ئێمەوە دەبێ لە چوارچێوەی بنچینەی کاری پێشووتان دەرنەچێ و نابێ شتێکی نوێی ئەوتۆ بێ کە پێچەوانەی ڕابردوومان بێ)).

## کۆرپۆراتیزم Corporatism

تیۆرییەکە کە لە ئیتاڵیای سەردەمی فاشیزم هاتۆتە کایەوە سەبارەت بە ئابوریی وڵات. بەپێی تیۆرییەکە، دەبێ ئابوریی وڵات لەسەر بناغەی پیشەیی ڕێک بخرێ و لە ژێر چاودێریی ڕژێمدا بێ فاشیزمی ئیتاڵیا کە دژی سۆسیالیزم و دژی سەرمایەداری بوو، بۆ ئەوە تێدەکۆشا کە ژیانی ئابوریی وڵات لەسەر تەرزێکی نوێ ڕێک بخات لە چوارچێوەی سەندیکای وەک ڕێکخراوی یەکێتی کرێکاران، یەکێتی پیشەکاران، کاسبکاران، سەرتاشان، دارتاشان و هتد بە جۆرێک کە هەر یەکێک لەم سەندیکایانە سەندیکای فاشیستی بێ یان دۆستی فاشیستەکان ڕابەریی بکا.

فەلسەفەی کۆرپۆراتیزم دوو سەرچاوەی هەیە:

١-پێویستە مرۆڤ نەک هەر لە ڕووی سیاسییەوە پاشکۆی ڕژێم بێ بگرە پێویستە بەپێی کاری ڕۆژانەشی کە لە کۆمەڵگا بە ئەنجامی دەگەیەنێ، وەک کرێکاری، فەرمانبەری، کشتوکاڵی، پزیشکی، نوسەری، دوکانداری، دارتاشی، ئەندازیاری...هتد پاشکۆی ڕژێم بێ. جا لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ بەپێی پەیوەندیی بە کاری ڕۆژانەیەوە تەنیا شارەزایی لەو کارەدا هەیە کە دەیکا، نابێ بە هیچ جۆرێ دەست بکێشێتە کاروباری سیاسی ڕژێمەوە بگرە تەنیا بۆی هەیە ڕای خۆی لەسەر کاروباری پیشەکەی خۆی بدا.

٢-کۆمەڵە کەسێک کە لە کاروباری سیاسی و بەڕێوبردنی ڕژێمدا کار دەکەن، تەنیا ئەوانە مافی ڕادەربڕینیان لەسەر ڕژێم و سیاسەتی ڕژێم و بەڕێوەبردن هەیە. ئەم فەلسەفەیە لە سەرچاوەدا ئەفلاتۆنییە و لەو سەردەمەدا بەرگێکی نوێی بە بەردا کرابوو.

## Commentangh کۆمینتانگ

لە زمانی چینیدا بە مانای حزبی جەماوەر دێ حزبێکە لە ساڵی ١٨٩١ بە سەرکردایەتی سون یات سن دامەزراوە و پێشڕەوایەتی خەباتی جەماوەری چینی کردووە و دژی زۆر و ستەمی داگیرکەران بووە. ئەم حزبە لە ساڵی ١٩١١ دا بنەماڵەی پاشایەتیی مەنگۆی ڕوخاند و کۆماری چینی دامەزراند و لە ساڵی ١٩١٢ دا شۆڕشی بەسەر دیکتاتۆریەتی یوان شی کای دا کرد.

پاش مردنی سون یات سن لە ساڵی ١٩٢٥ دا، لە لایەن چان کای چیکەوە سەرکردایەتی کرا لەو ساڵە بەدواوە کۆمینتانگ کەوتە دژایەتیکردنی مارکسییەکان ودەرکردنی کۆمۆنیستەکان لە ڕیزەکانی حزب. کۆمینتانگ لەسەردەمی سون یات سن ڕێبازی چەپی گرتبووە بەر، بەڵام لە سەردەمی چان کای چیکدا بەرەو ڕاستڕەوی ڕۆیشت.

کۆمینتانگ لە ساڵی ١٩٣٧ تا ساڵی ١٩٤٥ سەرکردایەتی دژی ژاپۆن کرد و لە ساڵی ١٩٤٨ دا حزبی کۆمۆنیستی چین بە سەرکردایەتی ماوتسی تۆنگ سەرتاسەری چینی گرت و ڕژێمی دیموکراسی گەلی دامەزراند سەرکردەکانی کۆمینتانگ بۆ دورگەی فەرمۆزە (تایوان) ڕایانکرد.

## Common form کۆمنفۆرم

بریتییە لە کورتکراوەی بارەگای پرسگەی حزبە کۆمۆنیستەکان بە دەستپێشخەریی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٤٧ لە بەلگراد دامەزرا، ئەویش بە مەبەستی ڕێکخستنی هاوکاریی نێوان حزبە کۆمۆنیستەکانی ئیتاڵیا، چیسلۆڤاکیا، ڕۆمانیا، یەکێتی سۆڤێت، فەرەنسا، بولگاریا و یۆگۆسلاڤیا. لە ساڵی ١٩٤٨ دا کاتێک یۆگۆسلاڤیا لە کۆمنفۆرم

دەرچـوو، ناوەنـدی کۆمنفـۆرم گوێزرایـەوە بـۆ بۆخارسـت، بـەڵام پـاش دروسـت بونـەوەی پەیوەنـدی نێـوان یۆگۆسـلاڤیا و یەکێتـی سـۆڤێت لـە سـاڵی ١٩٥٦ کۆمنفـۆرم هەڵوەشـایەوە.

## کۆمنتێرن Common tern

بەمانـای نێونەتەوەیـی دێ کۆمنتێـرن بریتییـە لـە نێونەتەوەیـی سـێیەم کـە لـە سـاڵی ١٩١٩ لەسـەر پێشـنیاری حزبـی کۆمۆنیسـتی سـۆڤێت پێـک هـات بـە ئامانجـی کۆکردنـەوە و یەکگرتنـی هەمـوو حزبـە کۆمۆنیسـت و سۆسیالیسـتە مارکسـییە لینینییـەکان لـە یـەک بـەرەدا و بـۆ پوچـەڵ کردنـەوەی نێونەتەوەیـی دووەم.
کۆمنتێرن بـەرەی چەپـی لـە جیهانـدا بـە دوو بـەرە داناوە بەرەیەکییـان بـەرەی مارکسـییە ڕاسـتەقەینەکانە و بـەرەی دووەم بـەرەی سۆسـیال دیموکراتەکانـە.
کۆمنتێـرن هـەر لـە دامەزراندنـەوە تـا سـاڵی ١٩٤٣ خەباتـی سـەرەکیی دژی سـەرمایەداری بـوو، بەڵام پاش بەرپابونـی جەنگـی دووەمـی جیهـان، خەباتـی سـەرەکیی بـۆ یەکخسـتنی خەباتـی پرۆلیتـاری و نەتەوەیـی و ڕزگاریخـوازی بـوو دژی نازیـزم. پـاش تـەواو بونـی جەنگـی دووەمـی جیهـان کۆمنفۆرم جێگای کۆمنتێرنی گرتـەوە بەڵام سنوری کۆمنفۆرم لـە سـنوری کۆمنتێـرن تەسـکتر بـوو.

## کۆنەپەرستی Reaotion

لـە ڕوی سیاسـییەوە زاراوەیەکـە بـە مانـای دژایەتیکردنـی هەمـوو پێشـکەوتنێکی کۆمەڵایەتـی دێ و دژی خەباتـی هەمـوو چیـن و توێـژە پێشـکەوتنخوازەکانە کـە خەبـات بـۆ پێشخسـتنی کۆمـەڵ و خێراکردنـی ڕەوڕەوەی مێـژوو و توندوتـۆڵ کردنـی خەباتـی جەمـاوەر و کۆمەڵـگای مرۆڤایەتـی دەکـەن. لە لایەکـی تـرەوە ئـەو چیـن و توێژانـەی کـە پەیوەسـتی

دەورانی کۆنن و لایەنگری مانەوەی دەورانی خۆیانن و دژی پێشکەوتنی کۆمەڵن، بێ شک بەرەو پوچەڵبون و لەناوچون دەچن. هەر بەم جۆرەشە کە سەردەمەکانی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری لە ڕەوڕەوەی مێژوی ژیانی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی، یەک بە یەک پوچەڵ دەبنەوە و لەبەردەم گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمێنان خۆ ڕاناگرن و هەر یەکێک لەم چینانە کە دژی چینەکەی تر خەبات دەکەن، پاش هاتنە سەر کار جێ و شوێنی پێشویان دەگرنەوە و دەکەونە ڕێگری کردن لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پاراستن و درێژەدان بە مانای خۆیان و چەوساندنەوەی چینە ستەملێکراوەکان و هێشتنەوەی شێوەی پەیوەندیی بەرهەم هێنانی ڕێگر لە گەشەکردنی کۆمەڵگا. بۆیە کۆنەپەرستی مانای پشتیوانی کردنی دەزگای کۆن و بێ کەڵک و بەرەو فەوتان چوو دەدا، هەروەک بە مانای دژایەتیکردنی گەشەکردن و پێشکەوتن دێ.

جاری وا هەیە کۆنەپەرستی لە ڕێگای زۆر و ستەمی خوێناوی و ڕشتنی خوێنی جەماوەرەوە خۆی ڕادەگرێ و جاری واش هەیە لە ڕێگای ڕوکەشی بیروباوەڕ خۆشاردنەوە لە ژێر پەردەی حزب و ڕێکخراوو ئاینداری، بە پشتیوانی نەریتی کۆن و کەلتوری ئایدیالیستی دژایەتی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەی خەبات دەکا و خۆی دەسەپێنێ. کۆنەپەرستان هەمیشە لە ڕیگای زۆر و ستەم و پیلانەوە ڕێگر دەبن لە بەردەم تێکۆشانی ئابوری و سیاسی چینە زەحمەتکێشەکان و گەلانی خەباتکەر لە پێناوی بەدیهێنانی مافی لە دەستچووی خۆیان، یان لە ڕێگای سەرکوتکردنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕ کۆسپ لە بەردەم پێشکەوتن دروست دەکەن لە دەورانی ئیمپریالیزمدا لەو وڵاتانەی کە لە ڕوی پیشەسازییەوە وابەستەی ئیمپریالیزمن، هەمیشە فاشیست و خۆپەرستان پێشڕەوایەتی کۆنەپەرستی دەکەن.

کۆنەپەرست بە کەسێ دەوترێ کە هەمیشە دژی هەموو پێشکەوتن و نوێبونەوەیە و تێدەکۆشێ بۆ پاراستن و زیندوکردنەوەی ڕژێمە پەککەوتوو و گەندەڵبووەکان و بیروباوەڕە کۆن و دواکەوتووەکان.

## کۆمۆنیزم Communism

لـە کۆمەڵگای سۆسیالیسـتیدا چەوسـاندنەوەی مـرۆڤ لـە لایـەن مرۆڤـەوە نامێنـێ، خاوەندارێتـی تفاقەکانـی بەرهەمهێنـان دەبـن بـە تفاقـی بە کۆمـەڵ هەمـوو ژیانـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و کەلتوریـی کۆمـەڵ لـە ڕەگ و ڕیشـەوە دەگـۆڕێ و بـە خێرایـی بـەرەو پێشـەوە دەڕوا، کێشـەی نەتەوایەتـی چارەسـەر دەکـرێ، مـرۆڤ لـە هەمـوو بارێکـەوە هەلـی بـۆ هەڵدەخـرێ بـۆ پێشـکەوتن یاسـای «هـەر کەسـە بەپێـی توانـای کار بکا و هـەر کەسـە بەپێـی پێویسـتی وەربگـرێ» دەچەسـپێ.

لـە سـایەی سۆسـیالیزمدا وڵاتـی دواکەوتـوو دەبێتە وڵاتێکی پێشـکەوتوو بـۆ کرێـکاران کار و سـەرفرازی بـۆ جوتیـاران زەوی و تەکنیـک و بـۆ ڕۆشـنبیران ئاسـۆیەکی ڕون و فراوانـی زیندوانـە مسـۆگەر دەکـرێ.

سۆسـیالیزم قۆناغـی سـەرەتایی کۆمۆنیزمـە گۆڕانـی سۆسـیالیزم بـۆ کۆمۆنیـزم، یاسـایەکی بابەتییـە کۆمۆنیـزم لـە منداڵدانـی سۆسـیالیزم پەیـدا دەبـێ و دواییـن قۆناغـی کۆمەڵـگا کۆمۆنیزمـە.

کۆمۆنیـزم چییـە؟ کۆمۆنیـزم بریتیـە لـە ((هـەر کەسـێ بەپێـی توانـای و هـەر کەسـێ بەپێـی پێویسـتیی)). کۆمۆنیـزم پەیامێکـی مێژووییـە کـە مـرۆڤ سـەرفراز دەکا لـە هەمـوو جیاوازی و چەوسـاندنەوەیەک. سـەردەمێکە کـە بـۆ هەمـوو گـەلان ئاشـتی و کار و یەکسـانی و برایەتـی و خۆشـگوزەرانی مسـۆگەر دەکا. لـەو کۆمەڵگایـەدا هەمـوو دروشـمێک لـە پێنـاوی مـرۆڤ و خێـر و خۆشـی و بەختیاریـی مـرۆڤ بـەرز دەکرێتـەوە.

شـێوەی بەرهەمهێنـان لـە کۆمۆنیزمـدا چۆنـە؟ بەرهەمهێنانـی کۆمەڵایەتی لـەو سـەردەمە و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی کار لەسـەر بنچینـەی پێشـکەوتنی خێـرای زانسـتی و تەکنیکـی مسـۆگەر دەکا و مـرۆڤ دەکاتـە خاوەنـی نوێتریـن و بەهێزتریـن تەکنیک. توانـا و دەسـەڵاتی مـرۆڤ سروشـت دەگاتـە لوتکـەی دەسـەڵاتداری و لـە ئەنجامـدا هەمـوو هێزەکانـی سروشـت دەکەونـە

ژێر فەرمانی مرۆڤەوە.

ئامانجی بەرهەمێنان لەو سەردەمەدا چییە؟ ئامانجی بەرهەمهێنانی کۆمۆنیستی مسۆگەرکردنی بەردەوام و هەمیشەیی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و مسۆگەرکردنی هەموو خێروبێرە ماددی و کەلتورییەکانە بۆ مرۆڤ. بەپێی خواستەکانیان کەلوپەل بۆ هەموو مرۆڤێکە و لە ژێر ئارەزوی خۆیدا دەبێ.

جیاوازیی چینایەتی لە کۆمۆنیزمدا چۆنە؟ لە سەردەمی کۆمۆنیزمدا جیاوازیی چینایەتی نییە و جیاوازیی نێوان شار و لادێ و لە هیچ ڕوویەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کەلتوری و ژیانەوە نامێنێ.

لەو سەردەمەدا خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی یەک جۆرە، ئەویش خاوەندارێتی جەماوەرە. لە کۆمۆنیزمدا کاری دەست و مێشک جیاوازییان نامێنێ بەم شێوەیە کۆمۆنیزم ئەو قۆناغەیە کە تێیدا کۆتایی بە هەموو چین و توێژێکی چینایەتی دێ.

پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵ لە کۆمۆنیزمدا چۆنە؟ هەموو کەسێک لە کۆمەڵگای کۆمۆنستیدا لە یەک ئاستدا پەیوەندییان بە کۆمەڵەوە هەیە. پەیوەندی هەموو مرۆڤەکان بە تفاقەکانی بەرهەمهێنانەوە لە ڕوی کار و خێر و خۆشییەوە وەک یەک و یەکسانە هەموو کەس لە بەڕێوبردنی کاردا هاوبەشی چالاکانەی هەیە. تاک و کۆمەڵ پەیوەندییەکانیان لەسەر بنچینەی یەکێتی بەرژەوەندیی کۆمەڵ بنیات نراوە.

کارکردن لە کۆمەڵگای کۆمۆنیزم چۆنە؟ لەبەر ئەوەی کە بنچینەی بەرهەمهێنان بریتییە لە پێشکەوتن باڵایی تەکنیکی شێوەی کارکردنیش بریتییە لە پێچەوانەی خۆپەرستی و خۆویستی و تەمەڵی و دەغەلیکردن لە کاردا بگرە هەموو کەس بەقەدەر توانای خۆی کار دەکا. کاری بەرهەمهێنەرانە بە زۆرەملێی نییە، بگرە بەپێی هەستکردنە بە بەرپرسیاری.

پەیوەندی نەتەوایەتی لە سایەیی کۆمۆنیزمدا چۆن دەبێ؟ لە کۆمۆنیزمدا هەموو نەتەوەکان لە هەموو کاتێکی تر زیاتر لە یەکتری

نزیکتـرن و لەسـەر بناغـەی هاوبەشـی کردنـی تـەواوی بەرژەوەندییـە ئابـوری و سیاسـی و مەعنەوییـەکان بەهێزتریـن و دۆسـتایەتی یەکێتییـان هەیـە. کۆمۆنیزمـی نێونەتەوەیی دەبێتـە هـۆی جێنشـینکردنی مرۆڤایەتـی لـە شـوێنی نەتەوایەتـی.

## کۆمۆنی سەرەتایی Commune

کۆمۆنـی یەکـەم یـان کۆمەڵـگای کۆمۆنـی یەکـەم یـان کۆمەڵـگای هاوبەشـی سـەرەتایی: یەکەمین شـێوەی بەرهـەم هێنـان بووە لـە مێژوودا خاوەندارێتـی بـە کۆمەڵـی هۆکانـی بەرهـەم هێنـان بـووە لـە مێـژوودا. خاوەندارێتـی بە کۆمەڵی هۆکانی بەرهـەم هینـان لـە سـەرەتای پەیدابونـی کۆمەڵـگای مرۆڤایەتیـدا بنچینـەی کاری هـەرەوەزی بـوو.

بـە شـێوەیەکی گشـتی بەرهـەم هێنانـی بـە کۆمـەڵ و هۆکانـی بەرهـەم هێنـان زۆر سـادە و سـاکار بـوون وەک ڕاو میـوە کۆکردنـەوە و بەرهەمـی کار هاوبـەش بـووە و مـرۆڤ بـە شـێوەیەکی یەکسـان بـە دەسـتی هێنـاون و دابەشـی کـردوون. خاوەندارێتـی هاوبـەش گشـتی بـووە و لـە هـەر کۆمەڵگایەکیـش خاوەندارێتـی تایبەتـی بـۆ تفاقـی شـەڕ لـە دژی دڕندەکان هەبوە. خاوەندارێتی هاوبـەش لـە کۆمۆنـی یەکەمدا سـەرەنجامی کۆمەڵایەتـی کردنـی تفاقـەکان نەبـوە، بەڵکـو سـەرەنجامی نزمتریـن ئاسـتی هێـزە بەرهەمهێنـەرەکان و کەمپـی هۆشـیاری بـووە و لـە هەلومەرجێکـی وادا نەوتـراوە کەسـێک بەتەنها بەرهەمـەکان مسـۆگەر بکا و بەربەرەکانێی هێزەکانـی سروشـت بـکا. بۆیـە پێکـەوە ژیـان و کار و بەرگـری لـە خـۆ کـردن بـۆ مـان و ژیـان شـتێکی پێویسـتی بـووە.

ئەو سـەردەمە کە چەند ملیۆن سـاڵێک درێژەی کێشـاوە چەوساندنەوەی تێـدا نەبـوە، بـەڵام لـە ئەنجامـی گەشـەکردنی هۆکانـی بەرهەمهێنانـدا کار وردە وردە بـە شـێوەیەکی سروشـتی دابـەش کـرا. واتـە کار بەپێـی ژن یـان پیـاو لاو یـان پیـر دابـەش کـرا گەشـەکردنی ئابـوری بـە هەمـان شـێوەی

سەرەتایی و هەروەها زۆربەی ژمارەی دانیشتوان بووە هۆی پەیدابونی تیرەگەری.

لە کۆمەڵگای تیرەگەریدا دەسەڵاتی ژن هاتە کایەوە و ژن بووە خاوەن فەرمان و دەسەڵات. بەو قۆناغە دەوترێ قۆناغی مانزیاکال یان دەسەڵاتی دایک. پاش ئەو قۆناغە و دوای ئەوەی کە کۆمەڵگا پتر گەشەی کرد وردە وردە دەسەڵاتی ژن کەم بۆوەو دەسەڵاتی پیاو هەڵکشا تا وای لێ هات پیاو بووە خاوەن دەسەڵات و ئەم قۆناغە ناو نراوە قۆناغی دەسەڵاتداریی پیاو(پاتریاکال) یان قۆناغی دەسەڵاتی باوک.

لە قۆناغەکانی دوایی سەردەمی کۆمۆنیزمی سەرەتاییدا لە ئەنجامی گەشەکردنی ئاژەڵداری و کشتوکاڵدا فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی-ئابوریی تازە هاتە ئاراوە ئەم سەردەمە لەسەر دابەشکردنی کۆمەڵگا لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە بەسەر چەند بەشێکدا دامەزرا و ئاڵوگۆڕ لە نێوان تیرەکاندا دەستی پێ کرد.

یەکەم دابەشکردنی کار لە شێوەی جیاوازی بەرهەمهێناندا، بریتی بوو لە دابەشبون بەسەر ئاژەڵدار و گەشتیاردا. لە ئەنجامی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێناندا، کاری مرۆڤیش بەرهەمی باشتری پەیدا کرد و تفاقەکانی بەرهەم هێنان فراوانتر و چاکتر بون. ژیانی مرۆڤ وردە وردە بۆ پێشتر چوو بەڵام مەترسی کەموکوڕیی تێدا پەیدا بوو، بۆیە وای لێ هات لەسەر ئاستی تاک زێدەی کاری مرۆڤ و زێدەی بەرهەم هاتە کایەوە.

پەیوەندی بەرهەمهێنان کە پەیوەندییەکی هاوبەش بوو، چیتر لە بەرامبەر گەشەکردنی تفاقەکانی بەرهەمهێنەران و هێزە بەرهەمهێنەرەکان نەیتوانی بەپێی پێویست یارمەتی ئەو گەشەکردنە بدا، بگرە بووە ڕێگر و وردە وردە چەوساندنەوەی تاکی تێدا پەیدا بوو. هەروەها ئاڵوگۆڕکردنی کەلوپەل بووە هۆی پەیدابونی خاوەنداریتی تایبەت و جیاوازیی ساماندااران و پەیدابونی جیاوازیی چینایەتی و چەوساندنەوەی

مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە ئیتر کۆمەڵگای هاوبەشی سەرەتایی بەرەو نەمان و لەناوچون چوو و سەردەمی بەرهەمهێنانێکی نوێ هاتە کایەوە کە پێی وترا سەردەمی کۆیلەداری کە یەکەم پەیوەندی بەرهەمهێنانی داڕێژڕاو لەسەر بنەمای چەوساندنەوە بوو.

## کۆیلەداری Slavery

کۆیلەداری یەکەم شێوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئابوریی دامەزراوە لەسەر بنچینەی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە. کۆیلەداری لە کۆتایی قۆناغی کۆمۆنیزمی سەرەتایی، لە ئەنجامی پەرەسەندی جیاوازیی چینایەتی و پەیدابونی خاوەنداریێتی تاکدا هاتە کایەوە.

لەسەرەتادا کۆیلەداری لە میسر، بابل، ئاشور، چین و هیندستان پەیدا بوو و پاشان بە شێوەیەکی کلاسیکی لە یۆنان و ڕۆما گەشەی کرد و پەرەی سەند.

بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەتایبەتی لە کوردستان و ئێران، بە شێوەی پاتریارکی و تایەفەگەری خۆی نواند. لەم قۆناغەدا دوو چینی سەرەکی هەبوون، یەکێکیان کۆیلەکان ئەوی تریان سەردارەکان هەندێ چین و توێژی تریش لە نێوان ئەم دوو چینە سەرەکییەدا هەبون وەک مۆڵکدارە بچوکەکان و پیشەوەرەکان. بنچینەی پەیوەندیی بەرهەم هێنان لەو سەردەمەدا بریتی بوو لە پەیوەندی نێوان سەردارە خاوەن ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و کۆیلەکان لەو کاتەدا کۆیلەکان کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکرا سەردار خاوەنی گیانی کۆیلە بوو.

سەرداران بەگشتی یەک چین بون بەڵام توێژی جیاجیایان هەبوو وەک زەویدارە گەورەکان، خاوەن کارگەکان، بازرگانەکان...هتد. بەهۆی زۆریی ژمارەیی کۆیلە و هەرزانیی دەستی کارەوە، هەرچەند ئامرازەکانی بەرهەم هێنان لە نزمترین و سادەترین ئاستدا بون، بەرهەمێکی زۆر هاتە ئاراوە کە ئەمەش بە نۆرەی خۆی بووە هۆی گەشەکردنی هۆکانی

بەرهـەم هێنـان و پەیدابونـی زانست و هونـەر.

لە ئەنجامی کەڵەکەبونی زۆر و ستەمی سـەردارەکان لەسـەر کۆیلەکان ڕۆژ بـە ڕۆژ ناکۆکیـی نێوان ئـەم دوو چینـە توندوتیژتـر دەبوو تـا وای لـێ هـات کـە کۆیلـەکان چەندین جـار بزوتنـەوەی گـەورە هەڵیگرسـێنن ئەمـەش بووە هـۆی هەڵتەکاندنـی بنچینـەی سـەردەمی کۆیلـەداری و هێنانـە کایـەی سـەردەمێکی تـر و جـۆرە پەیوەندییەکـی کۆمەڵایەتـی و ئابوریـی تـر کـە ئەویـش لەسـەر بنەمـای چەوسـاندنەوە و داگیرکـردن دامـەزرا بـوو کـە سیسـتمی دەرەبەگایەتییـە. سـەردەمی دەرەبەگایەتـی لـە چـاو سـەردەمی پێشـوو پێشـکەوتوتر بـوو و زەمینەیەکـی لەبـار تـری بـۆ گەشـەکردنی هێـزە بەرهەمهێنـەرەکان ڕەخسـاند.

بـەم جـۆرە بەرژەوەندیـی هاوبـەش لـە نێـوان دەرەبـەگ و جوتیـارەکان هاتـە ئـاراوە، بـەڵام نـەک بـە ئەنـدازەی یەکسـانی مـادام چینایەتـی هەیـە تەنانـەت ئەگـەر چینەکانیـش دۆسـتی یەکتـر بـن و دوژمنایەتـی لـە نێوانیـان نەبـێ هێشـتا یەکسـانی تـەواو نایەتـە دی، بـەڵام تـا ڕادەیـەک جیاوازیـی چینایەتـی و توێـژی چینایەتـی و جیاوازیـی شـێوەی سـود وەرگرتـن هـەر دەمێنـێ تـا ئـەو کاتـەی کـە پرنسـیپی ((هـەر کـەس بەپێـی توانـای کار دەکا و هـەر کـەس بەپێـی کارکردنـی سـود وەردەگـرێ)) دەگـۆڕێ بـۆ ((هـەر کـەس بەپێـی توانـای کار دەکا و هـەر کـەس بەپێـی پێویسـتی سـود وەردەگـرێ)). ئـەم گۆڕانـەش تەنهـا لـە کۆمەڵگای بڵندتریـن ئاسـتی گەشـەکردنی کۆمەڵگادا دەبـێ کـە ئەویـش کۆمەڵگای کۆمۆنیزمـە.

## کێشەی زەوی Land Issue

کێشەی زەوی بریتییە لە کێشەی پەیوەندیی خاوەنداریێتی کشتوکاڵی و کێشەی چینایەتی و خەباتی چینایەتی لە دێهاتدا. کێشەی زەوی لە شێوەدا بەندە بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی–ئابوری لە هەر سەردەمێکدا، واتە ناوەڕۆکی کێشەی زەوی بەپێی ناسنامەی ڕژێمی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی ئەو ڕژێمە بە یاساکانی ئابوری دەگۆڕێ.

جوتیاران لە کۆتایی قۆناغی کۆمۆنی سەرەتایی و سەردەمی کۆیلەداریدا لە ژێر زۆر و ستەم و چەوساندنەوەی سەرداران و سوخۆران دەیانناڵاند و وردە وردە هەژارتر دەبون تا وای لێ هات دەبونە کۆیلە و هەر لە هەمان کاتیشدا سەرداران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پانتایی زەوییەکانیان فراوانتر دەکرد. خەباتی جوتیاران بە ڕاپەڕینی کۆیەلەکان پەرەی سەند و بووە هۆی جێگا لەق کردن بە سەردەمی کۆیلەداری.

لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا زەوی بەند بوو بە دەرەبگەوە کە زۆر بە توندی مسکێنەکانی دەچەوساندەوە خەباتی جوتیاران لە پێناوی بەدەست هێنانی زەوی و ڕزگاربون لە کۆتی دەرەبەگایەتی، ناوەڕۆکی کێشەی زەوی پێکدێنێ.

خەبات و ڕاپەڕینی جوتیاران دژی چەوساندنەوە شوێنەوارێکی گرنگی لە پوچەڵ کردنەوەی ئەو سەردەمەدا بەجێ هێشت. لە سەردەمی سەرمایەداریدا کێشەی زەوی بەندە بە گەشەکردن و دەسەڵاتدارێکی سەرمایەداری دێوە سەرمایەدارانی دێهاتی لەو سەردەمەدا هێز پەیدا دەکەن و زەویدارەکان زەوییەکانیان بە کرێ دەدەن و پاشان دەسەڵاتداریێتی خۆیان لەسەر لاشە و ڕەنجی دێهاتییەکان دروست دەکەن. توێژەکانی کەم زەوی، بێ زەوی نیوەکارەکان، توتنەوانەکان و کرێکارە کشتوکاڵییەکان لە لایەن زەویدار و بازرگانە گەورەکانەوە

دەچەوسێنرێنەوە.

گەشەکردنی سەرمایەداری دێ دەبێتە هۆی هاتنە کایەی بەرهەمهێنەری گەورە لە جێگای بەرهەمهێنەرە بچوکەکان لە کشتوکاڵدا و پاشان بەستنەوەی جوتیاران بەو دەزگا بەرهەمهێنەرە گەورانە و ماڵوێرانکردنیان.

لە قۆناغی ئیمپریالیزمیدا سەردەمی دەسەڵاتداریێتی سەرمایەی دارایی خاوەن بانق و دامەزراوەی کشتوکاڵی فراوانتر و قوڵتر دەبێ. بانق و مۆنۆپۆلەکان لە ڕێگای ڕەهن کردنی زەوی وزاری جوتیاری بچوک و قەرزداران بەجوتیاران بەشێکی هەرە زۆری زەویوزاری جوتیاران داگیر دەکەن و هەموو کڕین و فرۆشتنێکی بەرهەمی کشتوکاڵ دەخەنە ژێر چنگی خۆیانەوە و لە ڕێگای گرانگردنی نرخی کەلوپەلە پیشەسازییەکان و هەرزان کردنی نرخی بەروبومی کشتوکاڵەوە قازانجێکی زۆر دەکەن.

جوتیاران لە هەموو ئەو قۆناغە جیاجیایانەدا خەبات دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی لە ڕێگای گۆڕینی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی و بەدەست هێنانی زەوی و لەناو بردنی خاوەنداریێتی زەویی فراوان و پاشماوەی دەرەبەگایەتییەوە و دژی شێوە نوێیەکانی چەوسانەوە لەلایەن سەرمایەداری دێهاتەوە تێدەکۆشن. لە ڕەوتی گەشەکردنی سەرمایەداریدا، جوتیاران و کرێکارانی کشتوکاڵی لە دژی کۆلاک خەباتی خۆیان پتەوتر دەکەن، ئەویش لە ژێر سەرکردایەتی پرۆلیتاریا.

لە قۆناغی سۆسیالیزمدا لە سۆنگەی لەناوبردنی چەوساندنەوەی جوتیاران و نەهێشتنی خاوەنداریێتی زەوی و زاری گەورە و سود وەرگرتن لە شێوە جۆربەجۆرەکانی هەرەوەز و هاوکاری کردنی جوتیاران لە بەرهەمی کشتوکاڵیدا و گونجاویی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان کێشەی زەوی چارەسەر دەکرێ.

## گۆشەگیریی ڕێکخراوەیی Sectarism

گۆشــەگیریی ڕێکخراوەیی یاخـود سـکتاریزم بـە مانـای جیابونـەوە لـە جەمـاوەر و خۆهێشـتنەوەیە لـە یـەک قاڵبـی تەسـک و دورەپەرێـزدا. لـە ڕووی زمانەوانییـەوە لـە وشـەی سـکتەوە هاتـووە بـە مانـای تاقـم و بـە تاقمێـک دەوتـرێ کـە ئەندامەکانـی خۆیـان لـە نـاو خۆیانـدا بـە یەکترییـەوە بەسـتراونەتەوە و پەیوەندییـان لەگـەڵ جەمـاوەر نییـە.

سکتاریزم لـە ڕوی سیاسییەوە، لـە بزوتنـەوەی پرۆلیتاریـادا بـە جۆرە ئۆپۆرتۆنیزمێکـی چـەپ دادەنـرێ کـە دەیـەوێ حزبـی کۆمۆنیسـت لـە جەماوەری فراوانـی ڕەنجدەران جیا بکاتـەوە. سکتاریزم یەکێتـی ڕیزەکانی کرێکاران و بـەرەی یەکگرتوی نەتەوەیی و خواسـتە گشـتییەکانی جەماوەر و دروشـمی خـوازراوی زۆرینـە وەک دیموکراسـی و سـەربەخۆیی یـان خواسـتە تەکنیکییەکانـی جەمـاوەر پوچـەڵ دەکاتـەوە. سـکتاریزم هەمیشـە گۆشــەگیر و دورەپەرێـزە و هیـچ نرخێـک نـادا بـە دروشـمی ڕۆژانـە و خەباتـی پیشـەیی و سـەندیکالیسـتی و پەرلەمانـی. سـکتاریزم لەسـەر ئاسـتی جیهـان هـاوکاری و پەیوەندیـی نێـوان سـێ هێـزە سـەرەکییەکەی دژی ئیمپریالیـزم کـە بریتیـن لـە وڵاتانـی سۆسیالیسـت و بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوایەتـی و بزوتنـەوەی کرێکاریـی وڵاتانـی سـەرمایەدار پەسـەند نـاکا.

سـکتاریزم لایەنـە ڕزیوەکـەی دۆگمایـی و چەپڕەوییـە، وەک جالبـی لۆکـە هـەر خەریکـی تەنینـی دەوروبـەری خۆیەتـی و هیـچ پەیوەندییەکـی بـە ژیانـی جەمـاوەرەوە نیـە و خۆپارێـزە، واتـە لادەرە لـە ڕێبـازی مارکسـیزم. سـکتاریزم لـە دیـدگای دابەشـکردنی کرێـکاران بەسـەر چەنـد چیـن و توێژێکـدا سـەیری چینـی کرێـکاران دەکا، بۆیـە هەمیشـە لـە نـاو حزبیـش پەیـڕەوی ململانێـی ناڕاسـت و تێکدەرانـە دەکا و پاشـان بـەرەو ڕاڕایـی دەڕوا.

سکتاریزم لە ڕوی ناوەڕۆکی فەلسەفییەوە جۆرێکە لە سەبجەکتیزم، واتە لە بیر و کاردا باوەڕی بە پاشکۆیەتی هەموو بۆ بەش هەیە واتە زاڵکردنی خۆی بەسەر کۆمەڵگا دا و زاڵکردنی بەرژەوەندیی چەند کەسێک بەسەر بەرژەوەندیی کۆمەڵگادا و زاڵکردنی بەرژەوەندیی تاقمێکی دیاریکراو بەسەر بەرژەوەندیی حزبدا و زاڵکردنی بەرژەوەندیی حزب بەسەر بەرژەوەندیی بزوتنەوەی جەماوەردا.

## ئانارشیزم Anarchism

زاراوەیەکە کە خۆی لە جۆرە قاڵبێکی سیاسی گێرە شێوێنیدا دادەڕێژێ و دژی ئامانج و خواستەکانی چینی کرێکاران و هەموو زەحمەتکێشانە. لە ڕوی چینایەتییەوە ئەنارشیستەکان پتر لە وردە بۆرجوازییەوە پەیدا دەبن، بەڵام لە ڕوی سیاسییەوە کۆنەپەرستن و دژی هەموو گۆڕان و گەشەکردنێکی کۆمەڵگان.

ئەم زاراوەیە لە وشەی ئانارجیای یۆنانییەوە هاتووە کە مانای بێ سەرکردایەتی و بێ سیستمی دەگەیەنێ. گێرەشێوێنەکان دژی هەموو جۆرە ڕژێم و دامودەزگایەکن بە ڕژێمی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاشەوە، هەروەها دژی پێویستیی بوونی حزب و ڕێکخراو و دیسپلین و ڕێبازی سیاسی و پرۆگرام و پەیڕەوو بەرنامەن. گێرەشێوێنان تەنانەت لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا دژی ڕابەری و سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەی سیاسین لە لایەن حزبەوە و دژی ئیدۆلۆژیای حزبایەتیشن ئەمانە تەنها لایەنگری کاری خۆکردەیین بەو مەهانەیەی کە گوایە مرۆڤ لە لایەک لە کارەکانیدا سەربەستە و لە لایەکی ترەوە کاری بە کۆمەڵ و خەباتی چینایەتی و ڕاپەڕینی جەماوەری هیچ نرخێکیان نیە.

هەر لەبەر تیشکی ئەم سەرچاوەیەی بیرکردنەوەیە کە گێرەشێوێنەکان بە کردەوە دژایەتی خەباتی جەماوەری و یەکێتی ڕیزەکانی گەل دەکەن. گێرەشێوێنەکان هەمیشە لە تەقەلا دان بۆ لادانی کرێکاران لە ڕێبازی

ڕاستی خۆیان و هەوڵ دەدەن کرێکاران توشی پەراگەندەیی و بێ سەروبەری بکەن. گێرەشێوێنی وەک ڕوداوێکی سیاسی بەر لە ١٠٠-١٢٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئەوروپا پەیدا بووە و ناودارترین پڕوپاگەندەکار و ڕێبەریان ماکس ستیرنەر، پرۆدۆن و باکۆنیف بوو.

داڕێژەرانی تیۆریی زانستیی پرۆلیتاریا و دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی چینی کرێکاران، واتە مارکس و ئەنگلس، خەباتێکی سەخت و درێژخایەنیان دژی گێرەشێوێنی بەرپا کردووە.

لینینی مەزن نوسیویەتی ((گێرە شێوێنان چینی کرێکاران دەکەنە پاشکۆی سەرمایەداران و بە شێوەیەکی ڕوکەش بیر لە دژایەتی کردنی چەوساندنەوە دەکەنەوە، بێ هیچ جۆرە تەقەلایەک بۆ لە ڕیشە دەرهێنانی چەوساندنەوە و بێ درک کردن بە ناوەڕۆکی چەوسانەوە، هیچ بڕوایەکیشیان بە خەباتی چینایەتی نیە)).

هەر بۆیە پێکهێنانی ڕێکخراوی پرۆلیتاری و پێشڕەو و چەکدار بە ئایدۆلۆژیای پرۆلیتاری و ڕێبازی سیاسی ڕاست، لە ئەنجامی خەباتی دور و درێژ، دژی گێرە شێوێنی هاتە کایەوە و پتەو بوو. مەترسی پەرەسەندنی بیری گێرەشێوێنی لەناو توێژەکانی خوردە بۆرجوازی بەدی دەکرێ و لە هەلومەرجی پاشەکشەکردنی توێژی بودەڵە و خەساوەی کرێکاراندا گەشە دەکا، ئەویش ئەگەر مارکسیزم زۆر بە توندی ڕوبەڕوی ئەو مەترسییە نەبێتەوە.

پێویستە لەسەر حزبە مارکسییە لینینیەکان لە وڵاتانیک کە تێیدا کرێکاران لە کۆمەڵگادا زۆرینە و کاریگەر بن یان لە وڵاتانێک کە لە سەرەتای گەشەکردنی سەرمایەداری دان یان لە وڵاتێک کە باری کۆمەڵایەتییان بۆ گەشەکردنی بیری وردە بۆرژوازی و بیری تاکپەرستی لەبارە، زۆر لە مەترسیی گێرەشێوێنەکان وریا بن و زۆر بە توندی دژیان خەبات بکەن.

## ریڤیژنیزم Revisionism

ریڤیژیوونیزم سەرهەڵدانێکی نوێ نییە، بگرە هەر لە پەیدابونی بزوتنەوەی کرێکارییەوە لە جیهاندا بورجوازی لە تەقەلادانـدا بووە بۆ لادانی کرێکاران لە ئایدۆلۆجیەتی پرۆلیتاری و بردنی بزوتنەوەی کرێکاران بە ڕێبازێکدا کە لە بەرژەوەندیی بۆرجوازیەتدا بێت. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا کاتێک مارکسیزم، وەک تاکە ئایدۆلۆجیەتی ڕاستەقینەی پرۆلیتاریا، لە ڕەوتی خەباتدا دژی ئایدۆلۆجیەتی جۆراوجۆر، خۆی چەسپاند و بووە بەرنامەی هەموو حزبە پرۆلیتارییە ڕاستەقینەکان، هەر لەو کاتەدا ریڤیژیونیزم بەشێوەی دوو شەپۆلی توندوتیژ شان بە شانی یەک کەوتە بەرهەڵستی کردنی مارکسیزم.

یەکەم شەپۆلی ریڤیژیونیزم لە کۆتایی چەرخی ڕابردوو سەری هەڵدا و بە بەرپابونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کۆتایی هات. ئەم شەپۆلە هەموو حزبە سۆشیال دیموکراتەکانی ئینتەرناسیۆنالی دووەمی لە خۆی ئالاند و پاشان ئەم شەپۆلە شێوەیەکی نێونەتەوەیی وەرگرت و پێشڕەوو سەرکردە فیکرییەکەی برنشتاین بوو لە ئەڵمانیا کە مارکسیزمی نە بە تیۆری و نە بە پراکتیک پەسەند نەدەکرد. پاشان کاوتسکی بووە ڕابەری ڕەوتەکە کە لە ڕوی تیۆرییەوە مارکسیمی پەسەند دەکرد بەلام بە پراکتیک تەواو پێچەوانەی بوو.

قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە پاش بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەردەوام بون لەسەر ڕێبازەکەیان کە باناوبانگترین زانایان ترۆتسکی بوو لە بەرەی چەپی ریڤیژیونیستی و بۆخارین لە بەرەی ڕاستی ریڤیژیونیستی بەلام بە خەباتی پارتی کۆمۆنیستی ڕاستەقەینەی سۆڤێت بە سەرکردایەتی ستالین کە ئینتەرناسیۆنالی سێیەم (کۆمنترن) بەرهەمەکی بوو، هەموو تەقەلایەکی ریڤژیونیزم پوچەڵ کرایەوە بەلام پاشماوەکەی تا شەڕی دووەمی جیهان هەر مایەوە.

دووەم شـەپۆلی ریڤیژیونیـزم لـە کاتـی شـەڕی دووەمـی جیهـان لەنـاو حزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا سـەر هەڵداو لـە کاتـی شـەڕدا فراوانتـر بـوو تـا وای لـێ هـات نـە تەنیا لـە نـاو حزبـە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانـی ئیمپریالیسـت لەوانـە ئەمریکا گەشـە بکا بگـرە هەندێ وڵاتـی سۆشیالیسـتیش بگرێتـەوە.

**ماکەکانی ریڤیژیونیزم**

تـا ئـەو کاتـەی سـەرمایەداری و ئیمپریالیـزم بونیـان هەبـێ، بیـری ریڤیژیونیسـتیش هـەر دەبـێ و ماکـی لـە نـاو کۆمـەڵ هـەر دەمێنـێ و هـەر جـارەی بـە شـێوەیەک دەکەوێتـە ڕوو. ریڤیژیونیـزم لـە کۆمەڵـگای سـەرمایەداریدا ڕێکـەوت نیـە، بەڵکـو بەرهەمـی گەشـەکردنی کۆمەڵگایـە. لـەم ڕووەوە دەتوانیـن ماکـە کۆمەڵایەتییەکانی ریڤیژیونیـزم بکەیـن بـە دوو بەشــەوە:

آ-ماکی یەکەم (ئۆرۆستۆکراسیی کرێکارانە):

وڵاتـە سـەرمایەدارییە پێشـکەوتووەکان سـاڵانە بەرهەمێکـی سەرسـوڕهێنەرانە بـەدی دێنـن کـە بـەری ڕەنجـی سـەدان ملیـۆن خەڵکـی ڕەنجدەرە لـە سەرانسـەری جیهانـدا. بەشـێکی ئـەو بەرهەمانـە بـۆ کڕینـی کرێکارانـی پارتـە کۆمۆنیسـتەکان تەرخـان دەکـەن و دەیانخەسـێنن و دەیانکـەن بـە کرێـکاری تێرخـۆر و تێرشـۆر کـە وردە وردە توێژێکـی ئۆرۆسـتوکراتی لەنـاو چینـی کرێـکاران دروسـت دەکـەن و پاشـان دەبنـە ماکـی ریڤێژیونیـزم و گیانـی شۆڕشـگێڕییان تیـا نامینـێ و دەگۆڕێـن بـۆ ئۆپۆرتۆنیسـتی ریفۆرمیسـت و ریڤیژیونیسـت.

ب-ماکـی دووەم (بونـی ئەندامـی ناپرۆلیتـارە لـە ڕیزەکانـی پارتـی پرۆلیتاریـادا):

لـە هەمـوو وڵاتێکی سـەرمایەداریدا شـان بەشـانی چینی کرێکاران، چین و توێـژی تـری چەوسـاوەش هـەن وەک جوتیـاران و وردە بورجوازیـی شـاری و بورجوازیـی بچـوک و مامناوەنـج، لـە ئەنجامـی گەشـەکردنی

بەرهەمی سەرمایەداریدا ئەم توێژانە توشی شکان دەبن و دەچنە ڕیزەکانی پرۆلیتاریاوە بە ئایدۆلۆجیەتی چینایەتی خۆیانەوە و شوێن پێی خۆیان لە ناویدا قایم دەکەن.

فاکتەرەکانی پەیدابونی ریڤیژیونیزم لەناو پارتە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی سۆشیالیستدا لە بەیاننامەی کۆبونەوەی حزبە پرۆلیتاری و کۆمۆنیستەکانی ساڵی ١٩٥٧ دا هاتووە کە دوو فاکتۆر دەبنە هۆی پەیدابونی ریڤیژیونیزم لە ناو پارتە پرۆلیتاری و کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی سۆشیالیست:

آ-فاکتۆری ناوخۆیی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی کاریگەریی بۆرجوازیەت.

ب-فاکتۆری دەرەکی کە دەگەڕێتەوە بۆ خۆتەسلیم کردن بە ئیمپریالیزم.

**نیشانەکانی ریڤیژیونیزمی ئەم سەردەمە:**

لینین دەڵێ »ریڤیژیونیزم بریتییە لە ئینکارکردنی ماتریالیزمی دیالەکتیک، واتە مارکسیزم». هەروەها دەڵێ «ئۆپۆرتۆنیستە هەلپەرستەکان شۆڕشی سۆشیالیستیان قبوڵ نیە و بڕوایان بە ڕیفۆرمی بۆرجوازییانە هەیە، بۆیە کاتێک کە خەباتی چینایەتی زەمینەی بۆ ساز دەبێ کە بتوانرێ شەڕێکی ناوخۆیی هەڵگیرسێنرێ، لەو کاتەدا خەباتی چەکداری پرۆلیتاریا پەسەند ناکەن و لە جیاتی ئەمە هاوکاریی چینایەتیی نێوان چینەکانی پەسەند دەکەن».

بەیاننامەی ساڵی ١٩٥٧ ی کۆبونەوەی پارتە کۆمۆنیست و کرێکارییەکانی جیهان نیشانەکانی ریڤیژیونیزمی لەم خاڵانەی خوارەوە دەربڕیوە:

١-ریڤیژیونیستەکان تەقەڵای ئەوە دەکەن کە مارکسیزم لەکەدار

بکەن بەو بەڵگەیەی کە گوایە ئێستا ئەو فەلسەفەیە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی ئەم سەردەمە ناشێ.

٢-دەیانەوێ لە نرخی شۆڕشی مارکسیت کەم بکەنەوە و سۆشیالیزم لەبەر چاوی کرێکاران و ڕەنجدەران بخەن.

٣-بەتەواوی دژی شۆڕشی پرۆلیتاریا و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریان و بونی بە پێویست نازانن لە سەردەمی گۆڕانی سەرمایەداری بە سۆسیالیزم.

٤-سەرکردایەتی و پێشڕەوایەتیی حزبی مارکسیت-لینینیست پوچەڵ دەکەنەوە.

٥-لەناو پارتی کۆمۆنیستدا بڕوایان بە لادان لە لینینزم هەیە، بەتایبەتی سەبارەت بە ناوەندێتی دیموکراتی کە بوونی بە پێویست نازانن.

هەرچەند نیشانەکانی ریڤیژیونیزمی ئەم سەردەمە لە ڕوکەشدا جیاوازە لە نیشانەکانی ریڤیژیونیزمی کۆن بەڵام لە ناوەرۆکدا نیشانەکان خۆیان لەمانەدا دەنوێنن:

١-تیۆریی بە ئاشتی پێکەوە ژیانی وڵاتانی سەرمایەدار، وڵاتانی سۆشیالیست و ئیمپریالیست، چینە چەوسێنەرەکان و چەوساوەکانی یەک وڵات. لەبەر ڕۆشنایی تیۆریی لینین دەربارەی بە ئاشتی پێکەوە ژیان، ریڤیژیونیزمی ئەم سەردەمەمان لەم خاڵانەدا بۆ دەردەکەوێ.

آ.لینین مەسەڵەی بە ئاشتی پێکەوە ژیانی دوو وڵاتی سەرمایەدار و سۆسیالیستی بۆ کات و زەمینەیەکی تایبەت داناوە، نەک بۆ نێوانی وڵاتانی سەرمایەداری یان بۆ نێوانی چینەکانی ئەنتاگوینستی. کەچی ریڤیژیونیستەکانی ئەم سەردەمە هێندە وەستاوەیە مەسەلەی بە ئاشتی پێکەوە ژیان دەگۆڕن کە فەتوای ڕاستی و ڕەوایی بۆ نێوان هەموو وڵاتان و هەموو چینەکان و هەموو پارتەکان لێ دەردەکەن و چەندین شاخ و گویی سەرسوڕهێنەری لێ دەڕوێنن.

ب-مەسەلەی بە ئاشتی پێکەوە ژیان هەرگیز بۆ هەموو پارتە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی ناسۆشیالیست ناشێ کە لە هەلومەرجی

کۆمەڵگایەکی فرە چیندا خەبات دەکەن. کەچی ریڤیژیونیستەکانی ئەم سەردەمە پرنسیپی بەئاشتی پێکەوە ژیان بە ڕێبازێکی سەرتاسەری دادەنێن و دەبێ هەموو پارتە کۆمۆنیستەکان لە هەموو هەلومەرجیکی جیاجیاشدا لەسەری بڕۆن.

ج-لە ڕوی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی سۆشیالیستەوە، پێویستە لەسەر بنچینەی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری بنیات بنرێ، نەک لەسەر ڕێبازی بەئاشتی پێکەوە ژیان چونکە دووەمیان یەکەمیان پوچەڵ دەکاتەوە مەسەلەی بەئاشتی پێکەوە ژیان لە ڕوی سیاسەتی دەرەوەی سۆسیالیستەوە، تەنها بۆ نێوان خۆی و وڵاتانی سەرمایەدار دەبێ نەک لەسەر کیسەی وڵاتانی ژێردەستە و داگیرکراو یان لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیستدا چونکە لینین دەڵێ «پشتیوانیکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی پرۆلیتاریا لە وڵاتانی پێشکەوتنخواز و پشتیوانی کردنی لە شۆڕشی دیموکراتی و ڕزگاریخوازی وڵاتانی داگیرکراو و وابەستە، بەشێکی هەرە گرنگی سیاسەتی نێونەتەوەیی حزبەکەمانە».

٢-ڕێککنەکەوتن و شەڕنەکردن:

دەبێ ئەوە بەس بزانین کە شەڕ بەرهەمی ناکۆکیی چینایەتییە و «تا کۆمەڵگای فرەچین بمێنێ ئەویش هەر دەمێنێ و تا ئەو کاتەی کە مرۆڤ بچەوسێنێتەوە، لادان ناکرێ».

بەڵام ریڤیژیونیستەکانی ئەم سەردەمە دەیانەوێ لە ڕێگای ڕێککەوتنەوە لەگەڵ ئیمپریالیزم و ڕێگری کردن لە بەرپابونی شەڕ بۆ هەتاهەتایە، دۆخەکە هەروا بمێنێ و بە خەیاڵ یان بە تیۆریی بێ کردار ئیمپریالیزم بڕوخێنن و کۆمەڵگای چیانایەتی لەناو بەرن و کۆمەڵگای بێ چینایەتی بهێننە کایەوە، لە ڕاستیدا ئەم تێزە گەورەترین پشتیوانیکردنە لەمانەوەی ئیمپریالیزم و چەوسانەوەی چینایەتی.

٣-ناکۆکییە جیهانییەکان:

بەپێی تیۆری مارکسیزم-لینینیزم خەباتی چینایەتی ئەنجامی نەگونجاویی ناکۆکیی نێوان بەرژوەندیی چینەکانە. خەباتی چینایەتی دینەمۆی هەڵسوڕێنەری گەشەکردنی کۆمەڵگایە. خەباتی چینایەتی لە سێ مەیدان ئەنجام دەدرێ (ئابوری،سیاسی، ئایدۆلۆجی).

ئێستا لە جیهاندا زنجیرەیەک ناکۆکی هەیە وەک ناکۆکیی نێوان وڵاتانی سۆشیالیست و سەرمایەدار، ناکۆکیی نێوان وڵاتانی داگیرکراو و نیمچە داگیرکراو و نێوان ئیمپریالیزم. ئەم دوو ناکۆکییە بەشە ناکۆکیی توندوتیژن و بە ڕێوشوێنی ئاشتییانە چارەسەر ناکرێن، جگە لە ناکۆکیی نێوان وڵاتانی سەرمایەدار خۆیان کەچی ریڤیژیونیستەکانی ئەم سەردەمە بێ شەرمانە ئەم ناکۆکییانە فەرامۆش دەکەن و لە پشت پەردەی ئاشتیی ژێردەستانەوە دەیشارنەوە.

## لەشکری پێنجەم The figth columu

ئەم زاراوەیە بۆ ئەو تاوانبارانە شاردراوانە بەکار دەهێنرێ کە لە خزمەتی دوژمندا کار دەکەن و لە پشت مەیدانەوە کاری خراپەکارانە ئەنجام دەدەن. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار لە ئیسپانیا لە ساڵەکانی ١٩٣٦-١٩٣٩ لە شەڕی ناوخۆییدا بەکارهێنراوە، لە کاتێکدا کە کۆنەپەرستانی ناوخۆ بە پشتیوانیی فرانکۆ لە خزمەتی فاشیستەکانی ئەڵمان و ئیتاڵیا کاریان دەکرد و دژی جەماوەری خەڵکی ئیسپانیا و کۆماری نوێی ئیسپانیا دەجەنگان. جەنراڵ مۆلا کە یەکێک بوو لە سەرکردە سوپاییەکانی فرانکۆ و فەرماندەی چوار لەشکر بوو کە بەرەو مەدرید دەرۆیی بۆ گرتنی ئیسپانیا و لەناوبردنی، دەر بڕی کە لەشکری پێنجەمیش لەناو مەدرید هەیە. مەبەستی ئەو تاوانبارانە بوو کە لەناو مەدرید بە شاردوارەیی و لەناو هێزەکانی کۆماری ئیسپانیا بە قازانجی

فرانکۆ کاریان دەکرد و هەمیشە خەریکی گێرەشێوێنی و کاری تێکدەرانە و ئاژاوەنانەوە و ئازاردانی ڕەنجدەران بون.
واتە ستونی پێنجەم یان لەشکری پێنجەم بەو کۆمەڵە تاوانبارانە دەوترێ شۆڕشی گەلانی ڕزگاریخواز و وڵاتانی ڕزگاریخواز و چینە چەوساوەکاندا خۆیان مەڵاس دەدەن و لە پشتی پەردەوە دەکەونە ئاژاوەنانەوە و گێرەشێوێنی و کاری خراپ دژی جەماوەر بۆ ساردکردنەوەی جەماوەر لە پشتیوانیکردنی شۆڕشەکەیان لە لایەک و لایەکی تریشەوە بۆ سەرسەختنی نەخشەی گڵاوی دوژمن بۆ لەباربردنی شۆڕش.

## لکاندنی زەوی Geopolitics

ئەم زاراوەیە لە دوو وشەی جیۆ (زەوی) و پۆلۆتیک (لکاندن) پێکهاتووە کە بریتیە لە تیۆرییەکی کۆنەپەرستانە و لە قازانجی وڵاتانی ئیمپریالیست دایە و پشت بە فاکتۆری جوگرافیا دەبەستێ. ئامانجی سەرەکیی ئەم قوتابخانەیە داگیرکردن و لکاندنی زەویی بێگانەیە بە سنوری وڵاتی خۆیانەوە و چەوساندنەوەی دانیشتوانەکەی یان دەربەدەرکردنی دانیشتوانەکەی.
بۆ نمونە، زایۆنیزم کە جگە لە داگیرکردنی فەلەستین و دەربەدەرکردنی دانیشتوانی، کەوتۆتە لکاندنی زەویی وڵاتە عەرەبییەکانی سوریا و ئەردەن و میسریش بە فەلەستینی داگیرکراوەوە. یان وەک بەزۆر پارچە پارچە کردنی کوردستان و لکاندنی هەر پارچەیەکی بە ئێران و عیراق و تورکیا و سوریاوە کە تائێستاش ڕژیمە داگیرکەرە جۆربەجۆرەکانی ئەو وڵاتانە هەر بە زەویی خۆیانی دەزانن و بەردەوامن لەسەر ئەو سیاسەتە. پارتی پان ئێرانیستی سەردەمی محەمەد ڕەزا پەهلەوی و پارتی بەعسی ڕەگەزپەرستی بەغدا و هەردوو پارتەکەی جمهوری و عەدالەتی تورکیش هەر لەهەمان سەرچاوە ئاو دەخۆنەوە.

## لیبرالیزم Liberalism

لە ڕوی ناوەڕۆکەوە دەتوانین بڵێین لیبرالیزم بەوانە دەوترێ کە سەربەستیی بێ سنور دەخوازن. ئەم زاراوەیە سەرچاوەی وشەی (لیبەر) واتە سەربەستییەوە هاتووە.

لە ڕوی سیاسییەوە لیبرالیزم دوو ناوەڕۆکی جیاوازی هەیە: یەکیان بریتیە لە بزوتنەوەیەکی سیاسی بۆرجوازی لە سەردەمێکدا کە سەرمایەداریی پیشەسازی لە دژی ئۆرۆستۆکۆاسیی دەرەبەگایەتی خەبات دەکات. واتە کە دەڵێن بۆرجوازیی لیبرال مەبەست ئەو چینەیە کە خەباتی ئازادیخوازانەی دژی دەرەبەگایەتی و هەموو کۆت و پێوەندەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی کردووە، ئەویش بۆ دانانی سنورێک بۆ دەسەڵاتی پاشایەتیی نوێنەری دەرەبەگایەتی.

لەپەرلەماندا نوێنەری لیبرالەکان پشتوانی مسۆگەرکردنی مافی ڕەوا و سەربەستیی سنوردار و مافە سیاسییەکانی ترن، ئەویش لە دیدگا ئایدۆلۆجیەتی بۆجوازییەوە.

لایەنەکەی تری لیبرالیزم بریتیە لە بەرەڵایی و دەروێشی لە لایەن کەسانێکەوە لەناو ڕیزەکانی حزبی کرێکاراندا. ئەم جۆرە کەسانە بە دوژمنی چینایەتی ناو دەبرێن. ئەم لایەنەیان ئەوانە دەگرێتەوە کە ئاشتیخوازن و دژی ناوەندیەتن ئەمە ئۆپۆرتۆنیستەکان (هەلپەرستەکان) و تاکگەرایی (Individualism) یش دەگرێتەوە.

## مارکسیزم-لینینیزم Marxism–Leninism

مارکسیزم: بریتیە لە فەلسەفەی ماتریالیزمی مێژویی و دیالەکتێکی تیۆریی سیاسی و ئابوری. کارل مارکس لەساڵی ١٨١٨ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٨٨٣ مردووە. فەیلەسوفێکی ئەڵمانی بوو، لەگەڵ هاوڕێی ڕێبازی، فردریک ئەنگڵس (١٨٢٠-١٨٩٥) هاوخەبات بوو. مارکسیزم لە

چلەکانی سەدەی ڕابردوودا بووە سەرچاوەی خەباتی ڕزگاریخوازی چینی کرێکاران و وەک ڕوناککەرەوەی ڕێبازی خەبات تیۆریی مارکسیزم بووە ڕێنیشاندەری بەرژەوەندیی پرۆلیتاریا و بەرنامەی کاری پرۆلیتاریا بۆ بەدەستهێنانی سۆشیالیزم و پاشان کۆمۆنیزم.

بەناوبانگترین نوسینی ئەم دوو فەیلەسوفە»مانیفێست» ساڵی ١٨٤٨ ە. هەروەها گەورەترین نوسینی مارکس بریتیە لە کتێبی «سەرمایە» کە بەرگی یەکەمی لەساڵی ١٨٦٧ بڵاوکرایەوە و دوو بەرگەکەی تری، پاش مردنی، لەلایەن ئەنگڵسەوە کۆکرانەوە و بڵاوکرانەوە.

کارل مارکس لەساڵی ١٨٥٠ دورخرایەوە بۆ لەندەن و تا دوایی ژیانی لەوێ مایەوە و بووە هەوێنی لەدایکبونی ئینتەرناسیونالی یەکەم.

مارکسیزم نەک تەنها بریتیە لە ڕونکردنەوەیەکی جیهانی بگرە بریتیە لە زانستی گۆڕینی جیهان، واتە گۆڕنی سروشت، مرۆڤ، کۆمەڵ، تیۆریی مارکسیزم بریتیە لە جیهانبینییەکی تەواو و گشتلایی کە لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە و گۆڕانەکانی لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی بەدی دەهێنرێ.

ئامانجی بنچینەیی مارکسیزم بەجێگەیاندنی پەیامی پرۆلیتاریایە بە سەردەمی ڕاستەقینەی خۆی کە کۆمۆنیزمە. مارکس بە ئاشکراکردنی یاسا زیوە بابیەتییەکانی ئابوریی سەرمایەداری و پوچەڵبونی ئەو ئابورییە و جێگرتنەوەی لە لایەن سۆشیالیزمەوە، سەلماندی کە گرنگترین و دوایین قۆناغی نەمری ژیانی مرۆڤایەتی، کۆمۆنیزمە.

بناغەی فەلسەفەی مارکسیزم لەسەر ماتریالیزمی مێژویی و ماتریالیزمی دیالەکتێک دامەزراوە کە یەکەمیان بریتیە لە قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەسەر بنچینەی گەشەکردنی تفاقەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵدا و هێزە بەرهەمهێنەرەکان و پێویستییە ماددییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ و پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە بە ژێرخانی کۆمەڵ دادەنرێ. بەشەکەی تر کۆمەڵایەتییە وەک ئاین، ڕەوشت، ڕژێم، سیاسەت، پەروەردە، کەلتور، وێژە، هونەر

کەبە سەرخانی کۆمەڵ دادەنرێ هەموو کۆمەڵگایەک بەپێی گۆڕانی ژێرخانەکەی، سەرخانەکەشی دەگۆڕێ و دەبێتە ناسنامەی سەردەمی خۆی.

دووەمیان بریتیە لە یاساکانی دیالەکتیک: پەرەسەندن، گۆڕان، پێکەوە بەستران، ناکۆکی یان دژبەیەکی.

پەیوەندیی دولایەنەی نێوان تیۆری و پراکتیک ڕوی ناسراوی مارکسیزم لینینیزمە کە تەواو پێچەوانەی تیۆرییەکانی چارەسەری ڕوکەش (ریفۆرم) و لادەرانە لە مارکسیزم (ریڤیژیونیزم) و تاقمگەری (سکتاریزم) و بڕیاردان لە پشت جەماوەر (بیرۆکراتیزم) و هەلپەرستی (ئۆپۆرتۆنیزم) و خۆپەرستی.

گرنگترین بەشی کۆمەڵناسیی مارکسیزم شیکردنەوەی چۆنێتیی پەیدابونی بۆرجوازی و میکانیزمی کارە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری کە لە منداڵدانی دەرەبەگایەتی لەدایک دەبێ و پاشان گۆڕانی بەرهەمی کشتوکاڵی بە بەرهەمی کاڵایی و پیشەسازی کە ژێرخانی کۆمەڵ دەگۆڕێ و دەبێتە مامانی لەدایکبونی چینی پرۆلیتاریا.

مارکسیزم ماکی چەوساندنەوەی پرۆلیتاریای لە سەردەمی سەرمایەداری بە « زێدەبایی» دادەنێ. مارکسیزم لە لایەک لە قۆناغی گەشەکردنی سەرمایەداری پەیدا بووە و لە لایەکی ترەوە لە قۆناغی بزوتنەوەی چینایەتیی کرێکاران. پاش ئەوە قۆناغێکی نوێی گەشەکردنی مارکسیزم دێتە پێشەوە کە پێی دەوترێ لینینیزم.

لینینیزم کە زۆر جار بە بەلشەفیزم ناودەبرێ، یەکێکە لە لقە بە توانا و هەرە فراوانەکانی مارکسیزم. قۆناغی لینینیزم قۆناغی گەشەکردنی سەرمایەدارییە بۆ بڵندترین لوتکە کە ئیمپریالیزمە. ئەم قۆناغە لە لایەک بە دوایین قۆناغی سەرمایەداری دادەنرێ و لە لایەکی ترەوە بە قۆناغی گەشەکردنی خەباتی پرۆلیتاریا و دامەزراندنی یەکەم ڕژێمی پرۆلیتاری لەسەر بنەمای دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دادەنرێ.

لینین (١٨٧٠-١٩٢٤) بە ڕادەیەک مارکسیزمی دەوڵەمەند کرد کە

فەلسەفەی مارکسیزم بە ناوی مارکسیزم-لینینیزم بناسرێ. لینین بە شێوەیەکی زیندووانە و وەستایانە، دیالەکتێکی مارکسی لە ڕێگای شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی زانستییانەوە لە قۆناغێکی مێژوویدا جێبەجێ کرد و شارەزایانە یاساکانی قۆناغی ئیمپریالیزمی دۆزییەوە. بەپراکتیک، ڕاستیی تیۆریی مارکسیزمی دەربارەی ئایدۆلۆجیەتی پرۆلیتاریا سەلماند، ئەویش لە ڕێگای چەسپاندنی تیۆریی شۆڕشگێڕانەی سۆسیالیزمەوە بەناوبانگترین نوسینەکانی لینین ئەمانەن:

دەوڵات و شۆڕش، ئیمپریالیزم دوایین قۆناغی سەرمایەدارییە، هەنگاوێک بۆ پێشەوە دوو هەنگاو بۆ دواوە، هتد. لینین پێی وایە تەنیا ڕێگای ڕیشەکێش کردنی سەرمایەداری ڕێگای شۆڕش کردنە، شۆڕشیش دەبێ بە دەستی پرۆلیتاریا و سەرکردایەتیی ئەو بەرپا بکرێ و بە ئەنجام بگا.

لینین هێندێک ئامۆژگاری و پەیڕەوی مارکسی گۆڕی.بۆ نمونە مارکس دەڵێ هەموو سیستەمێکی ئابوری زەمینەی هێنانە دیی سیستەمێکی ترە، بۆیە پێویستە هەموو قۆناغێک بگاتە پلەی کامڵبونی تەواوی خۆی و دەبێ ناکۆکییەکانی دەرونی ئەو قۆناغە بگەنە پلەی تەقینەوە. بەڵام گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ڕوسیا بەبێ ئەوەی بگاتە قۆناغی سەرمایەداری دەتوانێ بگوێزرێتەوە بۆ قۆناغی سۆشیالیزم.

ئەم گۆڕانە لە لایەن لینینەوە، لە ساڵی ١٩٠٤ دا بووە هۆی پەیدابونی دوبەرەکی لە ناو حزبی سۆشیال دیموکراتی ڕوسیا: بەرەیەک بە ناوی مەنشەوێک بە سەرکردایەتی یۆلیۆس مالتۆف کە لایەنگرەکانی بڕوایان وابوو کە دەبێ لەو کاتەدا شۆڕشی پرۆلیتاری ڕوسیا بەرپا بکرێ کە ڕوسیا گەیشتبێتە پلەی کامڵبونی سەرمایەداری. بەرەکەی تر بە ناوی بەلشەفیک و بە سەرکردایەتی لینین بوو. لایەنگرەکانی بڕوایان وابوو کە دەبێ حزبە پرۆلیتارییەکان خۆیان ئامادە بکەن تا لە هەر شکانێکی ڕژیم یان لە هەر پچڕانێکی شیرازەی ڕژێم سود وەربگرن و لە هەر هەلومەرجێکی لەباردا کە هەڵدەکەوێ شۆڕش بەرپا بکەن.

## مافی بێ سنور Unlimtod Rights

لە ڕژێمی سەرمایەداریدا ئیمتیازدان بە سەرمایەداران و مسۆگەرکردنی هەموو هەلومەرجێکی لەبار بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو زەوییانەی کە بۆ دانانی کارگە و کارخانە و بۆ دەستگرتن بەسەر هەموو بەروبومە سروشتییەکان، کانەکان، سەرچاوەکانی ئابوری، لە وڵات و شارەکان و ناوچەکان پیادە دەکرێ و دەخرێتە ژێر دەسەڵاتی سەرمایەدارانی ناوخۆو دەرەوە.

سەرمایەداران و مۆنۆپۆلەکان لەم پێدانی ئیمتیازە کەڵک وەردەگرن و دەیکەنە پلیکانەی سەرکەوتنیان بۆ زاڵبون بەسەر یاسا و ڕەوتی ڕژێمدا لە ڕوی سیاسی و سەربەخۆیی وڵاتەوە، هەروەک لە ڕوی ئابوریشەوە دەستی بەسەردا دەگرن. بۆ نمونە، ئەو ئیمتیازاتەی کە بە سەرمایەداران و مۆنۆپۆلەکانی وڵاتانی ئیمپریالیست دراون، بۆ دەستگرتنە بەسەر پیشەسازی نەوت یان توتن یان بەکارهێنانی دەریا و کەنداوەکانی وڵاتانی بەستراو پێیانەوە وەک ئێران، سعودیە، میرنیشینەکانی کەنداوی عەرەب...هتد.

## مالتاسیانیزم Malthusianism

ئەم زاراوەیە لە ناوی مالتۆسی قەشەی ئینگلیزەوە وەرگیراوە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا ژیاوە. مالتۆس خاوەنی تیۆرییەکی کۆنەپەرستانە بوو کە دەڵێ «کۆمەڵی مرۆڤ هێندە بە پەلە پەرە دەسێنێ کە خۆراک بەشی ناکا». لەم تیۆرییەوە تیزێکی کۆنەپەرستانە دەخاتە ڕوو کە گوایە هەر ئەوەشە دەبێتە هۆی بڵاوبونەوە و پەرەسەندنی هەژاری و بێکاری. قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە هەرگیز ڕژێمی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی بەرهەمهێنان و چەوساندنەوە نابینن و هیچ بایەخێک بە شوێن پێی زانست و تەکنیک و داهێنان نادەن.

لـەم دواییـەدا قوتابیانـی ئـەم قوتابخانەیـە لـە ئەمریـكا و ئینگلتـەرا و شـوێنی تریـش تەقەڵایـان دا کـە ئـەم بیـرە بـە بەرگێکـی نـوێ بهێننـەوە سـەر شـانۆ بـە نـاوی تیۆریـی مالتۆسـینیزم بـۆ درێـژەدان بـە سیاسـەتی داگیرکەرانـە. ئەمانـە تەنانـەت ڕایان وایـە کـە شـەڕ چاکترین چارەسـەر بۆ مسـۆگەرکردنی ژیانـی مـرۆڤ چونکـە زیـادەکان لەنـاو دەبـات.

ئـەم تیۆرییـە هەڵقـوڵاوی ناوەڕۆکێکـی کۆنەپەرسـتانەی دژ بـە مرۆڤایەتییـە، بۆیـە مارکس زۆر بـە تونـدی بـە گژ ئـەم ڕایەدا چـوەو پەچەی کۆنەپەرسـتی لـە ڕووی هەڵماڵیـوە. وڵاتانـی سۆشیالیسـت ئـەم تیۆرییەیـان بـە خۆشـگوزەران کردنـی ژیانـی مـرۆڤ و کۆمـەڵ، پوچـەڵ کردۆتـەوە.

## مانیفێست Manifest

ئـەم زاراوەیـە کـە هەنـدێ جـار بـۆ ڕونکردنـەوە، پەیـام، بڵاوکـراوە بـەکار دەهێنـرێ بـۆ زۆر نـاوەڕۆک دەشـێ، بـەڵام ئـەوەی کـە لـە مەیدانـی سیاسـیدا بـاوە، ئەوەیـە کـە ئـەم زاراوەیـە بـۆ پەیامێـک دەشـێ کـە حیزبێـک دەری بـکات بـە جۆرێکـی وا بتوانـێ ڕێبـاز و بـاوەڕی خـۆی بەدرێـژی تێدا بـاس بـکا. مانیفێسـتی جیهانبینـی: ئەوەیـە کـە پرۆگـرام و پەیـڕەو و نەخشـە و پێشـنیارە کارپێکـراوەکان تێیـدا دەردەکـەوێ.

بەناوبانگتریـن مانفێسـت بەیاننامەکـەی سـاڵی ١٨٤٨ ی مارکـس و ئەنگڵسـە کـە لـە لەنـدەن دەریانکـردووە و بـە یەکـەم دیکۆمێتـی ئاشـکراکردنی کۆمۆنیزمـی زانسـتی دەژمێـردرێ دەکـرێ مانفێسـت لـە لایـەن تاقمێـک هونەرمەندانیشـەوە دەرچـێ کـە بـاوەڕ و ڕای خۆیـان تێـدا دەردەخـەن.

زۆر جـار وڵاتێـک یـان حزبێـک ڕاو بـاوەڕو سـەرنجی خـۆی لەسـەر مەسـەلەیەک لەڕێـی مانفێسـتەوە دەردەخـا لـە کاتـی هەڵبژاردنیش مانفێسـتی هەڵبـژاردن بڵاودەکرێتـەوە کـە تێیـدا بەرنامـەی کاری داهاتـوو نیشـان دەدرێ.

## ماک کارتیزم McCathysim

ئەم زاراوەیە لە ناوی سیناتۆری ئەمریکی جۆزیف ماک کارتییەوە وەرگیراوە. ماک کارتی ١٩٠٩-١٩٥٧ لە ساڵی ١٩٤٦ دا لە لایەن ویلایەتی ویسکۆنسەوە هەڵبژێردرا و بووە نوێنەری بەرەی ڕاستڕەوی ئەمریکا و سەرۆکی کۆنۆپەرستترین دەزگای ئیمپریالیزم بە ناوی ئۆرگانی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمریکا و بە دڕندانەترین شێوە کەوتە لێدان و گرتن و لەناوبردنی ڕۆشنبیران و نوسەران و خەباتگێڕان، تەنانەت سیاسییە لیبرالەکانیش بە تۆمەتی کۆمۆنیزم گیران.

قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە هەموو بزوتنەوەیەکی دیموکراسیخوازانە و تەنانەت ئازادیخوازانی نوسین و ڕادەربڕینیشیان بە تۆمەتی دژایەتیکردنی ئەمریکا تاوانبار کردووە.

ئەم قوتابخانەیە تەقەلا دەدا کە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەودیو دیموکراتی پێشێل بکات. هەرچەندە ئەم قوتابخانەیە تا ئێستا لە ئەمریکا ڕەگ و ڕیشەی هەر ماوە، بەڵام پاش بەهێزبونی بەرەی لیبرال، بەتایبەتی پاش هاتنە سەر کاری جۆن کینیدی، ئەم قوتابخانەیە تا ڕادەیەک بەرەو لاوازبون ڕۆیشتووە.

## مرۆڤ دۆستی Humanism

ئەم زاراوەیە بۆ کۆمەڵێکی خاوەن بیروباوەڕی مرۆڤ دۆستی بەکاردەهێنرێ کە بۆ بەختیاری و خۆشگوزەرانیی مرۆڤ تێدەکۆشی و ڕێزێکی تایبەتی بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەیە. لەڕوی مێژوییەوە، سەرچاوەی ئەم بیروباوەڕە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ١٤ و ١٦ی زاینی کە تێیدا وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی هونەری سەری هەڵداوە کەوتە کار دژی ئایدۆلۆجیەتی دەرەبەگایەتی و توێژە ئاخوندەکان.

شێوەی بیرکردنەوەی ئەم کۆمەڵەیە لەو سەردەمە پێشکەوتنخوازانە

بوو چونکە ڕێبەرانی بریتی بون لە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر کە نمونەی خەباتی بۆرجوازی بون و دەیانویست زنجیرەی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی بپچڕێنن.

ماتریالیستەکان و ڕۆشنبیرەکانی فەرەنسا لە سەدەی هەژدەهەمدا پێشکەوتوترین وێنەی بیرکردنەوەی مرۆڤدۆستی بون و بەرزکەرەوەی دروشمی »سەربەستی،یەکسانی،برایەتی« بون.

بەڵام ئەم دروشمانە وردە وردە لە پراکتیکدا بە هۆی گەشەکردنی بۆرجوازی و هەنگاونانی بەرەو قۆناغی سەرمایەداری، بە قازانجی بۆرجوازییەکان بەکارهێنران و لە چوارچێوەی چینایەتیی ئەواندا خۆیان گرتەوە تاوای لێ هات دروشمەکانی سەربەستی، یەکسانی و برایەتی بوونە چەوساندنەوە، فاشیزم و ملیتاریزم.

مرۆڤدۆستی لە دیدگای سۆشیالیستە خەیاڵییەکان لەوانە سان سیمۆن، فۆریە...هتد بریتیە لە نەهێشتنی زۆر چەوساندنەوە و پاراستنی مرۆڤایەتیی مرۆڤ بەڵام بەبێ دەستکاریکردنی یاسا بابەتییەکانی کۆمەڵگا و بەبێ دەستبردن بۆ خەباتی چینایەتی، بۆیە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە جگە لە خۆزگە بەولاوە هیچی تر نیە.

مارکسیزم بڵندترین شێوەی مرۆڤدۆستییە کە تێیدا مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی پارێزراوە. ئامانجی مرۆڤدۆستیی سۆشیالیستی، ڕزگاریی تەواوی زەحمەتکێشانە لە چەوساندنەوە و جیاوازیی کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی فراوانترین شێوەی یەکسانی و سەربەستی و سازکردنی چاکترین هەلومەرج بۆ گەشەکردنی مرۆڤ و کارکردن بۆ خۆشبەختی و خۆشگوزەرانیی مرۆڤ.

هەر مرۆڤدۆستیی سۆشیالیستیی مارکسیزمیشە کە دەتوانێ ڕۆڵێکی کاریگەر بۆ مرۆڤ لە مەیدانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بدۆزێتەوە، ئەویش بە لەناوبردنی خاوەندارێتیی تاکی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و لەناوبردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە
.

## مەنشەویزم Manshvism

لە زمانی روسیدا مەنشفیزم بە مانای کەمایەتی دێ. مەنشفیزم بریتیە لە ئایدیۆلۆجی و نەخشە و ڕێبازی سیاسیی ئەو بەرەیەی کە ساڵی ۱۹۰۳ لە حزبی سۆسیال دیموکراتی ڕوسیا جیا بۆوەو لەبەرئەوەی کە ئەو بەرەیە کەمایەتی بوو، ناوبرا مەنشەویک لە بەرامبەر ئەمانەدا، بەرەی گەورە و ڕاست کە لینین سەرکردایەتیی دەرکرد ناوبرا بەلشەویک.

پاشان مەنشەویکەکان کەوتنە دژایەتیی تەواوی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە لەساڵی ۱۹۱۷ دا بە سەرکردایەتیی بەلشەفیکەکان لە ڕوسیا سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

## ماکیاڤیللیزم Macgiavellianism

ئەم زاراوەیە لە ناوی نیکۆلای ماکیاڤیلەوە هاتووە کە سیاسییەکی ناوداری ئیتاڵیا بوو (١٤٦٩–١٥٢٧) ماکیاڤیللیزم خۆی لە ڕستەی «ئامانج پاکانە بۆ ڕێوشوێن دەکا» دەنوێنێ، واتە بۆ گەیشتن بە ئامانج پێویستە هەموو ڕێگایەک بگیرێ بەبێ هیچ لێکدانەوەیەکی ڕەوشتی.

ماکیاڤیللی دەسەڵاتدارەکانی ئیتاڵیای ئامۆژگاری دەرکرد کە بۆ گەیشتن بە ئامانج، پێویستە هەموو ڕێگایەک بگرێتە بەر هەرچەند ئەو ڕێگایە ناپەسەند و ئابڕوبەرانە و ڕەوشت نزمیش بێت. واتە ئامانج ئاڕاستەکەری ڕێبازە.

قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە بڕوایان وایە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان، پێویستە گوێ نەدەنە ڕەوشت و ویژدان و ڕاستی و یەکسانی و ئەگەر بیانەوێ هەر دەسەڵاتدار بن و پلە و پایەی خۆیان لەدەست نەدەن، پێویستە هێز و دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن ئەگەرچی لە ڕێگای زۆرو فێڵ و غەدر و تاوان و بێباری و درۆکردنیش بێ.

## نازیزم Nazism

نازیزم کورتکراوەی ناوی حزبی کرێکارانی سۆسیالیستی نەتەوەیی ئەڵمانیایە زاراوەکە بۆ تیۆری و فەلسەفە و شێوەی ڕژێمی ئەڵمانیا. بەکاردێ کە لەسەردەمی ئەدۆلف هتلەردا و لەسەرتاسەری وڵاتانی جیهان لە قاڵبی فاشیزمدا ناوی دەبرێ. ئەم حزبە کە پاش شەڕی یەکەمی جیهان دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٣٣ تا ١٩٤٥ لە ئەڵمانیا دەسەڵاتدار بوو.

سەرچاوەی تیۆریی ئەم حزبە بریتی بوو لە: فاشیزمی ئیتاڵی و تیۆریی ڕەگەزایەتی و نەتەوەیی کۆنی ئەڵمانی و تیۆریی ڕەگەزپەرستی و ملیتاریزمی پرۆسی.

بەرنامەی حزبەکە بریتی بوو لە بەدیهێنانی ئەڵمانییەکی بەدەسەڵات و ملیتاریست کە هەموو سەرزەمینەکانی گەلانی زوبان جەرمەنی بگرێتەوە. واتە پێکهێنانی ئیمپراتۆریەتی گەورەی ئەڵمان ڕووی ئاشکرای ئەو ڕژێمە بریتی بوو لە دڕندانەترین شێوەی دیکتاتۆری و تۆتالیتاریزم.

حزبی نازیی ئەڵمان لە ساڵی ١٩٢٠ لە میوونغ پێک هات. هتلەر سەرکردایەتی حزبەکەی گرتە دەست پاش هەڵگەڕانەوەکەی ساڵی ١٩٢٣، هتلەر خرایە بەندینخانەوە. لە بەندینخانەدا هتلەر کتێبی ((خەباتم))ی دانا کە دواتر بوو بە پەڕاوی پیرۆز و بەرنامەی نازییەکان.

نازییەکان هۆی تێکشکانی ئەڵمانیایان لە شەڕی یەکەمی جیهان دەگەڕاندەوە بۆ دەسەڵاتی بێگانە، مارکسییەکان، لیبراڵە دیموکراتەکان، کاسۆلیکەکان و جولەکەکان بۆیە بە توندی دژی ئەوانە بوون.

فاشیزمی نازییەکان دەگەڕێتەوە بۆ تیۆریی پاکی و بەرزی و بەتوانایی ڕەگەزی جەرمەنی و زاڵیی بەسەر ڕەگەزەکانی سەرتاسەری جیهان.

حزبی نازی تا هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٣٠ هیچ گرنگییەکی لە ئەڵمانیا

نەبوو، بەڵام لە ماوەی سێ ساڵدا وا بە خێرایی گەشەی کرد کە بووە گەورەترین حزب لە ئەڵمانیا و هتلەر کە سەرۆکی حزبەکە بوو، لەلایەن هیدنبۆرگەوە کە سەرۆکی کۆمار بوو کرا بە ڕاوێژکار (سەرۆکی حکومەت). پاش چەند مانگێک حزبی نازی هەموو حزبەکانی ئەڵمانیای هەڵوەشاندەوە و خۆی بووە حزبی دەسەڵاتدار و تەنیا حزب سیاسیی ئەڵمانی و هەموو ئەوانەی کە بەرهەڵستیی نازیزمیان کرد، خرانە ئۆردوگای زۆرەملێی کارەوە.

لە ساڵی ١٩٤٥ دا پاش شکانی ئەڵمانیا لە شەڕی دووەمی جیهان، نازیزم تاوانبار کرا بە فاشیزم.

## ناوەندێتی دیموکراتی Central democracy

ئەم زاراوەیە لە ڕووی زمانەوانییەوە لە دوو وشە پێکهاتووە:

سانترالیزم واتە ناوەندێتی و دیموکراسی. ناوەندێتیی دیومکراتی خۆی لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە خۆی لە سەرکردایەتی دەستەی بەکۆمەڵدا دەنوێنێ ڕیشەی ناوەندێتی دیموکراتی بریتییە لە پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی و ئەندامانی حزب و هەروەها نێوان ئۆرگانەکانی سەروو و ئۆرگانەکانی خواروو و نێوان حزب و ئەندامانی. بەکورتی، ناوەڕۆکی ناوەندێتیی دیموکراتی بریتییە لە هەڵبژاردنی هەموو ئۆرگانەکان دیسپلینی حزب، ملکەچیی کەمایەتی بۆ زۆربەی نەخشەی ڕێکخراوەیی. ناوەندێتی و دیموکراسی دوو لایەنی یەک حزبن و جێبەجێکردنیان مەرجی سەرەکیی ژیانی حزبەکەیە لەناو هەموو حزبە مارکسی لینینییەکاندا بە کردەوە.

حزبە بۆرجوازییەکانیش لە ڕووی تیۆرییەوە هەر لەسەر ناوەندێتی دیموکراتی دەڕۆن بەڵام، بە کردەوە نە حزبە بۆرجوازییەکان و نە حزبە دەستورییەکان بڕوایان بە پرینسپی ناوەندیتی دیموکراتی نییە.

حزبی کرێکاری شێوە نوێ کە خاوەنی جیهانینیی مارکسیتی بێ

و بەرنامەی کاری ڕاستی هەبێ، هەرگیز ناتوانێ چالاکییەکانی خۆی و ژیانی ناو دەرونی حزبەکەی لە ناوەندێتیی دیموکراتی جیابکاتەوە. حزبی کرێکاری وەک هەموو ئۆرگانیزمێک گەشەکردنی بەندە بە تێکچوونی دوو دژ لە دەرونی خۆیدا و لەم سەروبەندەدا ململانێی دژەکان ناوەڕۆکی حزب پێکدێنێ، واتە یەکێتی و تێکهەڵچونی ناوەندێتی دیموکراتی ناوەڕۆکەکەیەتی. جۆرە بیرکردنەوەیەک هەیە کە پێی وایە دەبێ حزب ململانێ و ناکۆکیی تێدا نەبێ. ئەم بیرکردنەوەیە تەواو دورە لە دیالەتیک و واقیعیەت.

سانترالیزم یان ناوەندێتی بریتییە لە:

١-بونی یەک پەیڕەو و پڕۆگرام.

٢-بونی سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵی هەڵبژێردراو لە کۆنگرە.

٣.هەموو ئۆرگانەکانی حزب بە ئۆرگانی سەرکردایەتییەوە دەبەسترێنەوە و خوارەوە ملکەچی فەرمانەکانی سەروو دەبێ و کەمایەتی ملکەچی فەرمانی زۆربە دەبێ.

٤.دەبێ دیسپلینی حزب لە سەرەوەی حزبەوە تا خوارەوە پیادە بکرێ.

دیموکراسیش بریتییە لە:

١-هەموو ئۆرگانەکانی سەرکردایەتی لە سەرەوە تا خوارەوە بە هەڵبژاردن دەبێ.

٢-بۆ هەموو ئۆرگانێک هەیە ڕاپۆرتی خۆی بۆ سەروی خۆیەوە بنێرێ.

٣-هەموو ئەندامێک و ئۆرگانێکی حزب مافی ڕەخنەگرتن و ڕەخنە لە خۆگرتنی هەیە.

بەم پێیە، نە دیموکراسی بەبێ ناوەندێتی دەبێ و نە ناوەندێتی بێ دیموکراسی، چونکە دیموکراسی بێ ناوەندێتی دەبێتە لیپرالیزم (بەرەڵایی) و نەمانی یەکێتی کارو بیر. ناوەندێتیش بەبێ دیموکراسی مانای خۆسەپاندن و دیکتاتۆری دەدا.

ناوەندێتی نەک هەر لەسەر باری ڕێکخراوەیی حزب کاریگەرە، بەڵکو لە ڕوی سیاسیشەوە دەورێکی باڵای لە دیاریکردنی سیاسەتی ڕاست و ستراتیج و تاکتیکی راستدا هەیە.

## ناسیونالیزم Nationalism

ناسیۆنالیزم هەستێکی هۆشیارانەیە کە پەیوەندیی بە نەتەوەوە هەیە و پێی دەوترێ هەستی نەتەوایەتی توندوتۆڵ.

زۆرجار هەستی نەتەوایەتی سەرچاوەی پەیوەندی توندوتۆڵی مرۆڤە بە نیشتمانەکەیەوە لە ڕوی وەفاداری و شانازی کردنەوە بە ڕەگەز و زمان و ئاین و ڕەوشت و بایەخە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ و کەلتوری نەتەوەوە.

بەڵام نەتەوەپەرستی تۆخ وا لە مرۆڤ دەکا زێدەڕۆیی بکا لە بڕوای بە نەتەوەکەی و توانا و دەسەڵاتی نەتەوەکەی بە جۆرێ کەوا تێبگا نەتەوەکەی لە هەموو نەتەوەکانی تری جیهان سەروەرترە.

ناسیۆنالیزم دوو جۆرە: ناسیۆنالیزمی تەسکبین و ناسیۆنالیزمی نیشتمانپەروەر. هەڵگرانی ناسیۆنالیزمی تەسکبین ئەوانەن کە وڵات و نەتەوەی خۆیان بە چاکترین و پاکترین وڵات و نەتەوەی جیهان دەزانن و بڕوایان بە هاوکاری و برایەتی نەتەوەکان نییە. ناسیۆنالیزمی نیشتمانپەروەریش بریتیە لە وەفاداری بۆ خاک و نیشتمان و خۆفیداکردن بۆ ڕزگارکردن و پاراستنی لە هێرشی بێگانە.

ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆجیەتێکە کە ڕژێمی نەتەوەیی بە بڵندترین شێوەی خەبات و ئامانجی ڕێکخراوەیی دەزانێ و پشتیوان لە خەباتی نەتەوەیی دەکا دژی دەسەڵاتی یان هێرشی بێگانە و پاراستنی ڕژێم و وڵات. ناسیۆنالیزم بەرهەمی سەردەمێکی مێژوییە. لەو سەردەمەدا نەتەوەکان بەشێوەیەکی تایبەت سیما و دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیان دامەزراندووە.

ناسیۆنالیزم لە ئەوروپا لەسەدەی حەڤدەهەم پەیدا بووە بەڵام لە ئاسیا و ئەفریقا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم پەیدا بووە.

ناسیۆنالیزم هەستێکی نەتەوایەتی تۆخە لە کاتی دەسەڵاتداریی نەتەوەدا کۆنەپەرستان و چەوسێنەرانی نەتەوەی دەسەڵاتدار لە لایەک ئەم ئایدۆلۆجیەتە بۆ مانەوەی خۆیان لەسەر کار بەکار دێنن و لەلایەکی ترەوە بۆ لێدان و دژایەتی کردنی نەتەوەی تری ژێردەست.

مارکسیزم-لینینیزم هەڵوێستێکی ڕون و لۆجیکی بەرامبەر بە ناسیۆلیزم هەیە. مارکسیزم بەرپەچی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی دەسەڵاتدار بەرامبەر بە نەتەوە ژێردەستەکان دەداتەوە و بە کۆنەپەرست و چەوسێنەر دەیناسێ، لە کاتێکدا پشتگیری لەو ناسیۆنالیزمەی نەتەوەی ژێردەست و داگیرکراو دەکا کە خاوەنی ناوەڕۆکێکی جەماوەرییە و بۆ دیموکراسی و سەربەستی و سەربەخۆیی کار دەکا. واتە مارکسیزم لە قۆناغێکی دیاریکراودا کە هەست و ڕاپەڕینی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی لە دژی ئیمپرایالیزم و داگیرکەران شەپۆل دەدا، بە ئەرکی سەرشانی هەموو حزبێکی مارکسی و کۆمۆنیستی دەزانێ کە بە توندی پشتگیریی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی ژێردەست و داگیرکراو بکا لە دژی ئیمپرایالیزم.

## نەتەوە و کێشەی نەتەوایەتی National Cause

نەتەوە بریتیە لە هاوبەشی ڕەچەڵەکی ئەو مرۆڤانەی کە بەرئەنجامی گەشەکردنێکی مێژوویین لەسەر بناغەی یەک زمان و یەک نیشتمان و یەک ژیانی ئابووری و یەک کەلەپوری کۆمەڵایەتی و یەک زنجیرە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و کەلتوری پێکەوە گرێدراو.

واتە نەتەوە هەموو ئەو چینانە دەگرێتەوە کە لە سنوری یەک وڵاتدا دەژین و یەک زمان و یەک ڕەچەڵەکی مێژویی کۆمەڵایەتیان هەیە هەر کۆنەپەرستانەوە تا ئەوپەڕی پێشکەتنخواز و دیموکرات و پرۆلیتار.

پێش پەیدابونی نەتەوە، ئەو جۆرە هاوبەشیە بە شێوەیەکی تەسکتر

هەبـوە، ئەویـش لـە چوارچێـوەی خێڵەکـی و بەرەبابـی و تایفەگـەری تیرەگەریـدا.

لـە ئەنجامـی گەشـە کردنـی سـەرمایەداریدا، بەتایبەتـی لـە سـەردەمی ئیمپریالیزمـدا ناکۆکییـە کۆمەڵایەتییـەکان ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ پتـر پەرەیـان سـەند، خەباتـی چینایەتـی توندوتیژتـر بـوو، بەرژەوەندیـی نەتەوەیـی ڕۆژ بـە دوای ڕۆژ توندتـر دەلـکا بـە خەباتـی نەتەوەییـەوە. بۆرجوازییـەت بـۆ دادانـەوەی پەچـە بەسـەر ئـەوە ناکۆکییانـەدا، هەمیشـە خەریکی خۆشکردنی ئاگـری نەتەوەپەسـتی و ناکۆکـی نێـوان نەتـەوەکان بـوو. ڕق و کینـەی نێوان نەتـەوەکان و ململانێـی و پێکداهەڵچوونـی نەتـەوەکان، سـەرەنجامی پیـلان و نەخشـەی دەسـەڵاتی سـەرمایەدارییە. پـاش سـەرەنگون بوونـی سـەرمایەداری نەتـەوەش لـەو کاڵا کۆنـەی پێشـووی دەردەچـێ و زاراوەی گـەل بـە خۆیـەوە دەگـرێ و گـەل بریتـی دەبـێ لـە چینـە پێشـکەوتنخواز و شۆڕشـگێڕ و پرۆلیتارییـەکان، واتـە سـەرجەم ڕەنجـدەران کـە لـە ڕوی چینایەتـی و ناکۆکـی چینایەتـی و خەباتـەوە ئـازاد دەبـن و ئاشـتییانە ململانێکانیـان چارەسـەر دەکـەن.

واتـە لـە سـەردەمی سۆسـیالیزمدا نەتـەوە دەبێتـە نەتەوەیەکـی سۆسیالیسـت لەسـەر بناغـەی یەکگرتنـی چینـی کرێـکاران و جوتیارانـی ڕەنجدەر، پەیوەندیی نێوان نەتـەوەکان لـە ڕەگوڕیشـەوە دەگـۆڕێ، ناکۆکـی و نەتەوەپەرسـتی و تەنگبینـی نامێنـێ، چەوسـاندنەوەی نەتەوایەتـی لەنـاو دەچـێ و لـە جێگەیدا هـاوکاری و ڕێزی بەرامبەر دەچەسـپێنێ و پێشـکەوت و گەشـەکردنی هاوسـەنگی نەتـەوەکان بـە یەکگرتوویـی دەڕاوە، تـا وردە وردە نەتەوایەتی وردە وردە بـەرەو توانـەوە و نەمـان دەچـێ و لـە جێگەیدا یـەک کۆمەڵـگای زۆر فراوانتـر لـە نەتـەوە و وڵاتـان دێتـە کایـەوە، ئەویـش کۆمەڵـگای کۆمۆنیزمـە.

کێشـەی نەتەوایەتی بریتیە لە چۆنییەتی ڕزگاریی نەتەوە ژێردەسـتەکان و یەکسـانی بونیـان لـە هەمـوو مافێکـدا لەگـەڵ نەتـەوە سەربەسـتەکانی تـردا. مارکسـیزم گرنگییەکـی تایبەتـی بـە کێشـەی نەتەوایەتـی داوەو ڕای

وایە کە دەبێ هەڵوێستێکی تایبەتی مێژوویی لەسەر وەربگرێ. واتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی ڕاست پێویستە باری کۆمەڵگا لە سەردەمە جیاجیاکاندا و تایبەتمەندیی هەر وڵاتێک و پەیوەندیی نێوان هێزە چینایەتییەکانی جیهان و وڵاتە دیاریکراوەکە، پلەی چالاکی جەماوەری ڕەنجدەرانی نەتەوە جیاجیاکان و پاشان ئاستی هۆشیارییان ڕەچاو بکرێ.

گرنگی و ناوەڕۆکی کێشەی نەتەوایەتی لە هەموو سەردەمێکدا وەک یەک نییە.

لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا کێشەی نەتەوایەتی بریتی بووە لە سەرەنگون کردنی دەرەبەگایەتی و دامەزراندنی ڕژێمی نەتەوەیی. بەڵام لەسەردەمی ئیمپریالیزمدا کێشەی نەتەوایەتی بۆتە کێشەی نێونەتەوەیی، بۆیە کێشەی سەربەست بونیان لە کۆتی داگیرکەران ئەمەش لەبەر ئەوەی لەسەردەمی ئیمپریالیزمدا سیستمی داگیرکردنی وڵاتان و ژێردەستەکردنی گەلان هاتۆتە کایەوە.

سەرتاسەری جیهان کرا بە دوو بەشەوە: بەشێکیان نەتەوە داگیرکەرە و بەشەکەی تریان نەتەوەی داگیرکراو و ژێردەستەن.

سەرمایەداریی ئیمپریالیست سەربەستی نەتەوەکانە. لەم قۆناغەدا، واتە لە قۆناغی ئیمپریالیزمدا کێشەی نەتەوایەتی لە شێوە تەسکەکەی دەرچوو و بووەتە کێشەی نەتەوەی وڵاتانی داگیرکراو نیمچە داگیرکراو و ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە خەباتی جەماوەر دژی دەسەڵاتی داگیرکەر بۆ بەدەست هێنانی سەربەستی و سەربەخۆیی.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لەم قۆناغەدا کێشەی نەتەوایەتی تێکەڵ بە کێشەی زەوی دەبێ و هێزی سەرەکیی خەباتی نەتەوایەتی، چینی جوتیارانە.

حزبی کۆمۆنیست و مارکسیت-لینینیستی ڕاستەقینە ئەو حزبەیە کە هەڵوێستی ڕاست و ڕەوای لە مەسەلەی نەتەوایەتیدا هەبێ و هاوبەشییەکی سەرەکی و پێشڕەوانە لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتیدا بکا، بۆ

بەرپەچدانەوە و تێکشکاندنی پیلانەکانی ئیمپریالیزم.

مارکس، ئەنگڵس، لینین، ستالین و ماوتسی تۆنگ و هەموو ڕابەر و سەرکردە پرۆلیتارییەکانی جیهان، گرنگییەکی زۆریان بە کێشەی نەتەوایەتی داوەو هەمیشە بە بەشێکی شۆڕشی پرۆلیتاریا و خەباتی چینایەتییان بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم داناوە.

هەروەها ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە کە هەر نەتەوەیەک نەتەوەکەی تر بچەوسێنێتەوە، خۆیشی سەربەست نییە و پێویستە کێشەی نەتەوایەتی چارەسەر بکرێ ئەگەر ئەو چارەسەرە خۆی لە بژاردەی جیابونەوەشدا خۆی بنوێنێ. هەروەها ڕایان وا بووە کە پێویستە هەموو نەتەوەیەک خۆی دەستنیشانی مافی چارەی خۆنوسینی خۆی بکات کێشەی نەتەوایەتی لە سایەی چوارچێوەی سەرمایەداریدا چارەسەر ناکرێ تەنیا لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا کێشەی نەتەوایەتی بە یەکسانیی هەموو نەتەوەکان لە هەموو مافێکدا، چارەسەر دەکرێ.

## نێونەتەوەیی Internationalism

زاراوەی ئینتەرناسیۆنال بە مانای جیهانگەرایی ڕێکخراوەیی کرێکاران. ئەم ناوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، لە ڕێکخراوەی کرێکاران نراوە.

دروستکەری ئەم ڕێکخراوە، خودی کارل مارکسە و بناغەی هاوکاری لە دروستبونیدا یەکێتیی جیهانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتانی جۆراوجۆر بووە.

**ئینتەرناسیۆنالی یەکەم:**

ئەم ڕێکخراوە یەکەم ڕێکخراوی جیهانی کرێکارانە و لە ساڵی ١٨٦٤ لە لایەن کارل مارکسەوە دامەزراوە.

زۆر لە مێژ بوو مارکس و ئەنگڵس خەریکی پێکهێنانی حزبی

شۆڕشـگێڕی پرۆلیتاریـا بـون و خەباتیـان بـۆ دەکـرد. دامەزراندنـی ئینتەرناسـیۆنال وەک ڕێکخراوێکـی جیهانـی پرۆلیتاریایـی، بەرهەمـی ئـەو خەباتەیـان بـوو کـە سـەدەیەک لەمەوبـەر سـەرکەوتنی ڕێبـازی مارکسـیزنی سـەلماند لـە نـاو بزوتنـەوەی پرۆلیتاریـادا.

بەهـۆی گەشـەکردنی سـەرمایەدارییەوە و لەپـاڵ سـەرمایەداریدا گەشـەکردنی پرۆلیتاریـا لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەهەمـدا و سـەرهەڵدانی بزوتنەوەی پرۆلیتاریایی و دیموکراتییانە لە زۆربەی وڵاتاندا، پێویسـتیی بونـی ڕێکخراوێکـی سەرتاسـەریی جیهانـی بـۆ پرۆلیتاریـا و یەکێتـی پرۆلیتاریـا وەک پێویسـتییەکی مێـژووی هاتـە کایـەوە.

ئینتەرناسـیۆنالی یەکـەم لـە ٢٨ ی ئەیلولـی سـاڵی ١٨٦٤ لـە شـاری لەندەن دامـەزرا و یەکـەم بەیاننامـەی دامەزراندنەکـەی لە لایـەن مارکسـەوە نوسـرا و لـە قۆناغـی دووەمـدا ئینتەرناسـیۆنالەکە کەوتـە خەباتکـردن دژی ئەنارشـیزم لـە ئیسـپانیا و ئیتاڵیـا و توانـی جوڵانـەوەی ئەنارسیشیسـتی پوچـەڵ بکاتـەوە و بناغـەی سەسـیالیزمی ڕاسـتەقینە دابڕێـژێ.

ئینتەرناسیۆنالی یەکەم بە خەباتی پڕ شـانازیی خۆی، ڕاسـتی و ڕەوایی لـە یەکـەم شۆڕشـی پرۆلیتاریـادا لـە فەڕەنسـا سـەلماند و پشـتیوانییەکی زۆر تونـدی لـە کۆمۆنـی پاریـس کـرد. پـاش ڕوخانـی کۆمۆنەکـەش، بـە لێبڕاوانەتریـن شـێوە بەرپەچـی کوشـتارە خوێناوییەکـەی بۆرجوازیەتـی فەڕەنسـای دایـەوە.

پـاش تێکشـکانی کۆمۆنـی پاریـس، پاڵەپەسـتۆیەکی زۆر کەوتـە سـەر ئینتەرناسـیۆنالی یەکـەم و وردە وردە کەسـانی ڕاڕاو بێبـار خۆیـان لـێ کێشـایەوە تـا وای لـێ هـات کـە سـەرکردایەتی ئیتەرناسـیۆنالی یەکـەم نەیتوانـی لـە ئەوروپـا کار بـکا و لـە سـاڵی ١٨٧١ دا سـەرکردەکانی ناچـار بـون لـە کۆنگرەی لاهـای بڕیاری گواستنەوەی ناوەنـد بدەن بۆ نیویـۆرک.

ئینتەرناسـیۆنالی یەکـەم پـاش کۆنگـرەی فلادیفیـا چـوار سـاڵ دەوامـی کـرد و پاشـان هەڵوەشـایەوە.

## ئینتەرناسیۆنالی دووەم:

وەک کۆمەڵگایەکی جیهانی حزبە سۆسیالیستەکان هاتە کایەوە، ئەویش لە ساڵی ١٨٨١ دا لە کۆنگرەی پاریس و زۆربەی حزبە پرۆلیتارییەکانی وڵاتانی ئەوروپا و و ئەمریکا و ئەرجەنتین بەشدارییان تێدا کرد.

ڕێکخراوەکە ماوەی شەش ساڵی تەواوی خایاند، ئەویش بە سەرکردایەتی ئەنگلس و لەبەر تیشکی ئامۆژگارییەکانی مارکس. ئەم ڕێکخراوە درێژەی بە خەباتی سەختی خۆی دا لە پێناوی چەسپاندنی بیری سۆسیالیستی و بیروباوەڕی حزبی پرۆلیتاری تا وای لێ هات لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا حزبە پرۆلیتارییەکان بوونە هێزی سەرەکی.

بەڵام هەر پاش نەمانی ئەنگلس، وردە وردە سەرکردایەتی ئینتەرناسینالی دووەم کەوتە دەست ئۆپۆرتۆنیستەکان و ئەمانە بونە هۆی بڵاوکردنەوەی بیر و ڕێبازی بۆرجوازیەت لە ناو بزوتنەوەی کرێکاراندا. گەشەکردنی ئینتەرناسیۆنالی دووەم لە ڕووی چەندایەتییەوە زۆر جیاواز بوو لە چۆنایەتی و چەندایەتی لە یەک ئاستدا نەبون. بۆیە لە ڕوی هەستی سیاسی و باری شۆڕشگێڕییەوە زۆر لە دواوە بوو و وردە وردە کەوتە پاشەکشەکردن بە شێوەیەکی گشتی. بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت لە هەندێ وڵاتدا و لە ناو هەندێ حزبی پرۆلیتاریدا یان لە ناو باڵی چەپی هەندی حزبی پرۆلیتاریدا کەوتنە خۆو بەردەوام بون لەسەر ڕێبازی ڕاستی مارکسییانەدا وەک حزبی بۆلشەویکی ڕوسی و بە توندی چوون بە گژ خۆبەدەستەوەدەران و ئۆپۆرتۆنیستەکان. ئەمەش بووە هۆی پەیدابونی باڵێکی چەپ لە ئینتەرناسیۆنالی دووەمدا.

لە دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهاندا لە ساڵی ١٩١٤، زۆربەی سەرکردەکانی ئینتەرناسیۆنالی دووەم کەوتنە هەڵەی پشتیوانی کردن لە بۆرجوازیەتی وڵاتانی خۆیان و بە تەواوی پشتیان کردە یەکێتی کرێکاران و ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری و لە ئەنجامدا ئینتەرناسیۆنالی

دووەم بـوو بـە سـێ پارچـەوە:

١-باڵی ڕاسترەو (سۆشیال شۆڤێنی).
٢-باڵـی چـەپ (ئینتەرناسـیۆنال) ئەمەیـان بریتـی بـوو لـە بـەرەی شۆڕشـگێڕانی ئەڵمـان بـە سـەرکردایەتیی کارل لیبکنخـت و پارتـی سۆسیالیسـتی چەپـی بولگاریـا و چەنـد حزبێکـی تـر.
لادانـی سـەرکردەکانی ئینتەرناسـیۆنالی دووەم و پشـتگوێ خسـتنی بڕیارەکانی کۆنگرەکانـی ئـەو ڕێکخـراوە، بـووە هـۆی هەڵخسـتنی هەلـی خۆ کۆکردنـەوە لـە لایـەن چەپەکانـەوە و تەقـەلادان بۆ یەکگرتنەوەیـان لـە ڕووی خەبات و ڕێکخراوەییـەوە تـا لـە سـاڵی ١٩١٥ دا لـە شـاری ئیمرفالد لـە سویسـرا یەکێتی سۆسیالیسـتە ئینتەرناسیۆلیسـتەکان بە سـەرکردایەتی ڤیلادیمیـر ئیلیـچ لینیـن پێـک هـات. سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر لـە سـاڵی ١٩١٧ گەورەتریـن سـەرکەوتن بـوو بـۆ بـەرەی سۆسیالیسـت کـە ڕاسـتیی فەلسـەفەی مارکسـیزم-لینینیزمی سـەلماند و وزە و توانـا و گیانێکـی نوێـی بـە بزوتنـەوەی شۆڕشـگێڕانەی پرۆلیتاریـا بەخشـی. بـۆ جیاکردنـەوەی یەکێتیی ئـەم ڕێکخـراوە چەپانـە لـە ئینتەرناسیۆنالی دووەم، حزبـە پرۆلیتارییـەکان ناونـران حزبـی کۆمۆنیسـت.

**ئینتەرناسیۆنالی سێیەم:**

ئینتەرناسـیۆنالی سـێیەم کە بە کۆمینترن ناسـراوە، لە حزبە کۆمۆنیسـتە شۆڕشـگێڕەکان پێـک هـات. ئـەم ڕێکخـراوە لـە سـاڵی ١٩١٩ وە تـا سـاڵی ١٩٤٣ درێـژەی کێشـا و گەورەتریـن گۆڕانـی لـە بزوتنـەوەی پرۆلیتاریـدا پەیدا کرد.
ئینتەرناسـیۆنالی کۆمۆنیست بریتی بوو لـە ڕێکخراوێکی شۆڕشـگێڕی جیهانی و ناوەندی سـەرکردایەتیی بزوتنـەوەی پرۆلیتاریـای جیهان.
یەکـەم کۆبونـەوەی وتووێژکـردن لـە مانگـی کانونـی دووەمـی سـاڵی

١٩١٩ به سەرۆکایەتی لینین و بە بەشداریی ٨ حزبی کۆمۆنیست بەسترا. پاشان لە ئازاری هەمان ساڵدا یەکەم کۆنگرە بە بەشداربونی حزب و ڕێکخراوە پرۆلیتارییەکانی ٣٠ وڵات بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا یەکەم جار بوو حزب و ڕێکخراوە مارکسییەکانی ڕۆژهەڵات و ئاسیا بەشداری بکەن.

لەو پەیامەی کە لە کۆنگرەکە دەرچوو، داوا لە هەموو کرێکارانی جیهان کرا کە سوور بن لەسەر خەباتی شۆڕشگێڕانەی توندوتیژیان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و دامەزراندنی ڕژێمی پرۆلیتاریایی. ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا زۆر بە خێرایی لە ئەوروپا و ئاسیا و ئەمریکا پەرەی سەند و ڕەگی داکوتا و لە زۆر وڵاتدا حزبی کۆمۆنیست دامەزرا و ئەو حزبانە بونە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم تەشەنە سەندنی ئۆپۆرتۆنیزم و میانڕەویی ڕێکخراوە چەپڕەوە نەخۆشەکان و سکتاریزم، بەتایبەتی کە ئەو ڕێکخراوانە لە کەسانی کاڵفام و کەم تەجروبە پێکهاتبوون.

کۆنگرەی دووەمی ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩٢٠ بە بەشداریی ٤١ حزبی کۆمۆنیست بەسترا و تێیدا دروشمی ((خەبات دەکەین دژی هەموو بیروباوەڕ و ڕەفتارێکی چەپڕەوی پەلەپەلکەری منداڵانە)) بەرز کرایەوە و ئاکارێکی زۆر گرنگ بۆ خەباتی توندوتیژ دژی ڕێبازی ڕیفۆرمیستی پەسەند کرا، هەروەها بڕیاری بەشداری کردنی حزبە کۆمۆنیستەکان لە پەرلەمان و سەندیکا بورژوازییەکاندا و بە کردەوە سەلمێنرا کە دەبێ سوود لە هەموو شێوەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاری وەربگیرێ. چاپکردن و بڵاوکردنەوەی پەڕاوی ((نەخۆشیی چەپڕەویی منداڵانە))ی لینینی مەزن یەکێکی تر لە کارە گرنگەکانی ئەو کۆنگرەیە بو.

هەر لەو کۆنگرەیەشدا بوو کە بیر لە مەسەلەی جوتیاران و گەلانی وڵاتانی ژێردەستە و داگیرکراو کرایەوەو ئەم بڕیارە ڕووی کۆنگرەی زیاتر ڕۆشن کردەوە.

لە کۆنگرەی حەوتەمی کۆمنترندا کە ئامۆژگاریی تایبەتی تێدا دژی فاشیزم دەرکرا، ٧٦ حزبی کۆمۆنیست بەشدار بون لەوانە تەنها ٢٢ حزب بە ئاشکرا کاریان دەکرد و٤ ٥ حزبیش بە شێوەی نهێنی کاریان دەکرد.

پاش بەرپابونی جەنگی دووەمی جیهان، هەموو حزبە کۆمۆنیستەکان زۆر چالاکانە لە وڵاتەکانی خۆیان خەباتیان کرد و قارەمانانە چوون بەگژ فاشیزمدا. هەر لەو کاتەدا باری تایبەتی حزبە کۆمۆنیستەکان بەرەو گۆڕان و جیاوازی چوو و باری وڵاتەکانیان ئاڵۆزتر بوو، کە ئەمەش وای لێ کردن کە بە ناچاری بەپێی باری بابەتی و خۆیی تایبەت بە خۆیان و وڵاتەکانیان، ڕابەرایەتی بزوتنەوەی زەحمەتکێشان بکەن. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە زەمینەیەکی تایبەت بێتە کایەوە کە تێیدا بوونی یەک ناوەندی سەرکردایەتی نەگونجێ بە جۆرێک کە دەست خستنە باری وڵات و حزبی وڵاتێک لە لایەن ناوەندەوە، تەواو پیچەوانەی ڕیباز و تاکتیک و شێوەی ئیشکردنی هەر وڵات و حزبێک بێت و زیانبەخشیش بێت.

بۆیە لە ساڵی ١٩٤٣ دا بە زۆرینەی دەنگ بڕیار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی کۆمنترن، واتە ئینتەرناسیۆنالی سێیەم درا.

ئەمە بوو بە کورتی مێژووی دامەزراندنی ئینتەرناسیۆنال ئێستا پەیڕەوکردنی ڕێبازەکانی ئینتەرناسیۆنالی پرۆلیتاری یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی یەکگرتویی خەباتی پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشان و گەلانی چەوساوەی جیهان بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتن لەبەر ڕۆشنایی و بیری مارکسیزم–لینینیزم بە شێوەیەکی زانستی و داهێنەرانە بە جۆرێک کە مارکسیزم لە هەر وڵاتێکدا ژیرانە لەگەڵ بارودۆخی ئەو وڵاتە بگونجێنرێ و لە هەلومەرجێکی لەباردا بچەسپینرێ و تیۆرییەکانی مارکس و لینین بە پراتیک تێکەڵ بکرێن و کاریان پێ بکرێ بەبێ دەستێوەردانە کاری یەکتری.

هەروەها پێویستە لەسەر هەموو حزب و ڕێکخراوە مارکسییە-لینینییەکانی جیهان، بۆ زیاتر گەشەکردن و پتەوبون و بەهێزکردنی یەکێتی نێوانیان لە تەقەڵای نەپساو و تیکۆشانی توندوتیژدا بن بۆ مسۆگەرکردنی کۆبونەوەی فراوان و کۆنفرەسی جیهانی و دامەزراندنی دەزگای چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی گشتی تیۆرییە ڕاستەقینە مارکسی لینینییەکان، دوور لە ڕیڤیژیونیزم و ئۆپۆرتۆنیزم و دور لە هەڵپە و نەخۆشی پەلەپلکەری مندالانەی چەپ و ڕاست تا لە سایەیدا یەکێتیی و هاوکاریی پرۆلیتاریا و زەحماتکێشانی جیهان پتەوتر و پارێزراوتر بێ و سەربەستی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری و کەلتوری و ئایدۆلۆژی و ڕێکخراوەیی هەر حزب و ولاتێکی تێدا مسۆگەر بکرێ.

**ئینتەرناسیۆنال:**

ئەم زاراوەیە نازناوی سرودێکی شۆڕشگێڕی کرێکاریی هەموو کۆمۆنیستەکانی جیهانە. هەڵبەستەکە لە لایەن ئایوگن پۆتیرەوە دانراوە و ئاوازەکەشی لە لایەن پیر دیگترەوە بۆ دانراوە. ئایوگن پۆتیر یەکێک بوو لەو کرێکارانەی کە بەشداریی لە کۆمۆنەی پاریسدا کردبوو هەڵبەستەکانی هەمیشە شۆڕشگێڕانە بون. ئەم تێکۆشەرە پاش تێکچونی کۆمۆنی پاریس لە سەخترین باری ژیاندا بوو. یەکێک بوو لە ئەندامانی ئینتەرناسیۆنالی یەکەم، بە دورخراوەیی ساڵەهای ساڵ هەلی بۆ هەڵنەکەوتووە کە هەڵبەستەکانی خۆی چاپ بکات. پاش ماوەیەکی زۆر دوای ئەوەی کە بەشێکی هەڵبەستەکانی چاپ کران مۆزیکژەنی بەهرەمەند و کرێکاری تێکۆشەر دان مۆسۆ توانی ئاهەنگێک بۆ هەڵبەستەکانی ساز بکا، لەو کاتەوە ئەم سرودە لە هەموو کارێکی پڕ پاڵەوانێتی و لە خۆپیشاندانەکانی کرێکاران و یادی جەژنی کرێکاران و ڕاپەڕینی زەحمەتکێشاندا بووە، سەرمەشق و ئیلهامبەخشی شۆڕشگێڕان.

هەروەها هەر لەو کاتەوە ئەم سرودە بۆتە یەکەمین مارشی

سەرکەوتن لە سەرانسەری جیهاندا، بۆتە سرودی جەژن و خۆشی و چوونە سەر سێدارە و چوونە ناو مەیدانی شۆڕشگێڕێتییەوە بۆتە سرودی ڕاپەڕین و خۆپیشاندان و سەرسەختی نواندن بەرامبەر دوژمنان و چەوسێنەران.

بەهرەمەند و کرێکاری تێکۆشەر دان موسۆ توانی ئاهەنگێک بۆ هەڵبەستەکانی ساز بکا. لەو کاتەوە، ئەم سرودە لە هەموو کارێکی پڕ پاڵەوانێتی و لە خۆپیشاندانەکانی کرێکاران و یادی جەژنی کرێکاران و ڕاپەڕینی زەحمەتکێشاندا بووە، سەرمەشق و ئیلهامبەخشی شۆڕشگێڕان.

هەروەها هەر لەو کاتەوە ئەم سرودە بۆتە یەکەمین مارشی سەرکەوتن لە سەرانسەری جیهاندا، بۆتە سرودی جەژن و خۆشی و چوونە سەر سێدارە و چوونە ناو مەیدانی شۆڕشگێڕێتییەوە، بۆتە سرودی ڕاپەڕین و خۆپیشاندان و سەرسەختی نواندن بەرامبەر دوژمنان و چەوسێنەران.

## نێونەتەوەیی پرۆلیتاری

## Proletarian internationalism

ڕێکخراوی سەرتاسەری جیهانیی کرێکاران.

ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری بریتیە لە ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی هاوکاریی سەرتاسەری جیهانیی کرێکاران و زەحماتکێشان. لە ڕوی مێژووییەوە، بیری ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ سەد ساڵ پێش ئێستا، کاتێک لە ژێر سەرکردایەتی مارکس و ئەنگلس و سەرکردەکانی تری پرۆلیتاریا داڕێژرا و خۆی چەسپاند. دروشمی پیرۆز و نەمری ئەم ڕێکخراوە لە مانفێستدا دەستنیشان کراوە و بریتیە لە «ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن». ناوەڕۆکی تیۆریی ئەم دروشمە بریتی بوو لە خەباتی بێ وچانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتانی

دژی بۆرجوازیـی بەرهەمبـەر و بـۆ بەرگـری کـردن لـە دەسـتکەوتەکانی ژیانـی زەحمەتکێشـان و بـۆ پاراسـتنی دیموکراسـی سۆسـیالیزم بـوو.
لـە هەمـان کاتـدا هەمـوو کرێکاران و زەحمەتکێشـانی جیهـان یـەک ئاوات و ئامانـج و خواسـتیان لـە هەمـوو وڵاتانـی جیهـان هەیـە، هەروەهـا یـەک دروشـمی دوژمنـی چینایەتیشـیان هەیـە کـە بۆرجوازیەتـی سـەرتاسـەری جیهانـە، بۆیـە یەکێتـی و یەکگرتنـی هەمـوو کرێـکاران و زەحمەتکێشـان و گەلانـی ژێردەسـتە و وڵاتانـی ژێردەسـتە مەرجـی سـەرکەوتنی خەباتـی سـەخت و نەپسـاوە لـە پێنـاوی بەدیهێنانـی سـەربەسـتی و سـەربەخۆیی و دیموکراسـی و سۆسـیالیزم بـووە و بـۆ سـەرەنگونکردنی سـەرمایەدارییە.
سـەرمایەداران لە سەرانسـەری جیهانـدا یەکگرتـوون، بۆیـە پێویسـتە بەرەی دووەمـی ناکۆکییەکـەش یەکگرتـوو بـێ.
نـاوەڕۆک و هەسـتی ئینتەرناسـیۆنالیزمی پرۆلیتـاری بـەر لـە سـەد ساڵەوە تـا ئێسـتا، ڕۆژ بـە ڕۆژ لەگـەڵ گەشـەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتـی و ڕەوڕەوەی مێـژودا بـەردەوام دەوڵەمەندتـر بـووە.
پێش شۆڕشـی مەزنـی ئۆکتۆبـەر ناوەڕۆکـی ئـەم ڕێکخراوە بریتـی بوو لـە هاوکاریـی سـەرتاسـەری جیهانـی زەحمەتکێشـانی وڵاتـان لـە خەباتیانـدا دژی سـەرمایەداری و بەدیهێنانـی ڕژێمـی پرۆلیتـاری، بـەڵام پـاش شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر و بەدیهێنانـی ڕژێمـی سۆسیالیسـتی پرۆلیتاریـا ئـەم ناوەڕۆکـە قووڵتر و دەوڵەمەندتر کرا و گەلـێ بیری نـو هاتـە سـەر کـە بریتـی بون لـە:
١-پشـتگیریکردنی بزوتنـەوەی کرێکارانـی جیهـان لـە یەکـەم ڕژێمـی پرۆلیتاریـا و پاراسـتنی ئـەو قـەڵا پـڕ سـام و شـکۆیەی پرۆلیتاریـا.
٢-پشـتگیریکردنی ڕژێمـی سۆسیالیسـتی یەکێتیی سـۆڤێت لـە بزوتنـەوە و خەبـات و شۆڕشـی کرێکارانـی جیهـان.
٣-بڵاوکردنـەوەی ناوەڕۆکـی ئینتەرناسـیۆنالیزم بـە شـێوەیەکی ئەوتـۆ کـە خەباتـی گەلانـی ژێردەسـتە و شۆڕشـی ڕزگاریخـوازی نەتەوایەتیـی پێشـکەوتوو بگرێتـەوە.
ئەنگلس دەڵـێ ((هـەر نەتەوەیـەک نەتەوەیەکی تر یان چەند نەتەوەیەکی

تر بچەوسێنێتەوە، ناتوانێ خۆیشی سەربەست بێ)).

لینین ئەم وتەیەی لە شێوەی تیۆریدا داڕشتەوەو هێنایە سەر شێوەی کارپێکردن لەسەر بنچینەیەکی ئینتەرناسیۆنالیستی کە لە ڕژێمی یەکێتی سۆڤێتدا بەرامبەر بە نەتەوە جۆربەجۆرەکان و کەمینە نەتەوەیەکان بە شێوەیەکی داهێنەرانە کاری پێ کرا. هەروەها بە کردەوە دروشمی ((ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن))ی سەلماند، ئەویش بە چەسپاندنی دروشمی ((ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی جیهان یەکگرن)). پەیدابونی چەند وڵاتێکی تری سۆسیالیست پاش جەنگی دووەمی جیهان و پەیدابونی ئۆردوگای سۆسیالیست بووە هۆی زیاتر پتەوکردنی ناوەڕۆکی هەستی ئینتەرناسیۆنالیستی لە نێوان وڵاتە سۆسیالیستەکاندا وەک یەکێتیی سۆڤێت، چین، ئەلبانیا، بولگاریا...هتد.

مارکسیزم-لینینیزم یەکێتی و هاوبەرژەوەندیی نەتەوەیی و جیهانی هەموو زەحمەتکێشانی سەلماند و چەسپاند و ئەو ڕاستییەی دەرخست کە خەباتی نەتەوەیی بەشێکە لە خەباتی چینایەتی و خەباتی سەرتاسەری جیهانی، دژی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم، هەرچەند دەشێ ڕێبازی سەرکەوتن جیاجیا بێ و تایبەت بە زەمینە و هەلومەرجی تایبەتی هەر وڵاتێک بێ بەجیا.

ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری (سۆسیالیزم) بناغەی پەیوەندیی نێوان وڵاتە سۆسیالیستەکانە. بۆ نمونە ئەم چەند دێڕەی خوارەوە دەخەینە ڕوو کە لە کۆبونەوەی حزبە کۆمۆنیستەکان لە ساڵی ١٩٦٩ کراوە بە بڕیار:

«چەسپاندنی نێوان ڕێکخراوە جیهانییەکان و حزبە کۆمۆنیستەکان بە شێوەیەکی نوێ کە بریتییە لە جێبەجێکردنی»:

آ-پەرەپێدانی یەکێتی برایانەی نێوان وڵاتە سۆسیالیستەکان.

ب-کارکردن لەسەر بنەمای ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری زۆر بە وردی.

پ-یارمەتیدان و پشتیوانیکردن لە یەکتری بۆ وە دەست هێنانی

مافەکانیـان شـان بەشـانی مافـی حوکمڕانـی کردنـی خۆشـیان.
ت-دەست وەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی یەکتری بە هیچ جۆرێک.
ج-سروشـتی سۆسـیالیزم بـەو جۆرەیـە کـە ناکۆکیـی بنچینەیـی لـە نێوان وڵاتـە سۆسیالیسـتەکان و حـزب و ڕێکخـراوە پرۆلیتارییـەکان وەک ناکۆکیی سـەرمایەداری نییـە، بۆیـە هـەر کاتێـک جیاوازیـی بیروڕا لـە نێوان دوو وڵاتـی سۆسیالیسـت یـان دوو حـزب و ڕێکخـراوی پرۆلیتـاری بـە هـۆی جیاوازیی گەشـەکردنی ئابوورییـەوە یان بەهـۆی جیاوازیـی دەزگایی کۆمەڵایەتییـەوە یـان بـە هـۆی بەرژەوەندیـی نەتەوەییـەوە، پێویسـتە ئـەو ناکۆکییـەی نێوانیـان لـە ڕێگـەی وتووێـژ و لێکۆڵینـەوە و شـیکردنەوەی مارکسـییانەوە چارەسـەر بکرێـن».
ئـەو وڵاتـە سۆسیالیسـت و ئـەو حـزب و ڕێکخـراوە پرۆلیتارییانـەی کە بەباشـی پەیـڕەوی لـە مارکسـیزم-لینینیزم ناکـەن و بەپێـی پرینسـیپەکانی ئینتەرناسـیۆنالیزمی پرۆلیتاریا ناجوڵێنـەوە، نـەک هـەر بـەرەو شـۆڤێنیزمی بیـر تەسـک و ریڤیژیونیـزم دەڕۆن، بگـرە دەشـبنە کۆسـپ و دوژمنـی خواسـت و ویسـتە نەتەوەیی و چینایەتییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشـانی وڵاتەکـەی خۆیـان.
بزوتنـەوەی چـەپ تێکدانـی یەکێتـی نێـوان زەحمەتکێشـانی جیهـان و گەلانـی زۆرلێکـراوو تۆمەتـی نـاڕەوا خسـتنە پـاڵ حزبـی کۆمۆنیسـتی مارکسـیتی ڕاسـتەقینە و تێکدانـی خەباتـی هاوبەشـی دژی ئیمپریالیـزم، ئەمانە هەمووی پێچەوانەی پرینسیپەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتارییە.
ئینتەرناسـیۆنالیزمی پرۆلیتـاری تـەواو جووتـە لەگـەڵ بەرژەوەندیـی نەتەوەیـی و گرتنـە بـەری ڕێبـازی نیشـتیمانپەروەری و سـەربەسـتی و سـەربەخۆیی و ئەمـە هەمـوی بەشـێکە لـە خەباتـی هاوبـەش دژی ئیمپریالیـزم و وای دەبینێ کـە یارمەتـی هەمـوو وڵاتانـی سۆسیالیسـت و گەلانـی سـەر ڕێـی کاروانـی ئـەو ڕێبـازە، بـۆ یەکتـری زۆر ڕەوایـە. لـەم ڕووەوەیـە کـە دەوتـرێ نیشـتمانپەروەری بەشـێکە لـە ئینتەرناسـیۆنالیزم، ئینتەرناسـیۆنالیزمیش لـە قوڵاییـدا نیشـتمانپەروەرییە.

ئەرکی نەتەوەیی و ئەرکی هاوخەباتیی جیهانیی پرۆلیتاریی سەر شانی هەموو حزب و ڕێکخراوێکی کرێکاری و کۆمۆنیست، دوو شتی پێکەوە بەستراون و لە یەکتری جویٚ نابنەوە.

لەسەر هەموو حزب و ڕێکخراوێکی مارکسی-لینینی پێویستە ئەرکەکانی سەر شانی خۆی بەرامبەر بە چینی کرێکارانی وڵاتی خۆی و جەماوەری گەلەکەی خۆی و هەروەها بەرامبەر بە کرێکارانی جیهان بە ئەنجام بگەیەنیٚ.

مارکسیزم-لینینیزم لە لایەک بیرتەسکیی نەتەوەپەرست تاوانبار دەکا و لە لایەکی تریشەوە پشتگویٚ خستن و فەرامۆشکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی وەک هژموتیزم، واتە خۆسەپاندن بەسەر خەڵکی تردا، تاوانبار دەکا.

گەورەترین خزمەت کە حزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکان پێشکەش بە سۆسیالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریای دەکەن، ئەوەیە کە هەموو تەقەلایەکیان بۆ وەدەستهێنانی دەسەلاتی کرێکاران بیٚ جا چ لە ڕێگای شۆڕشی پرۆلیتارییەوە بیٚ چ لەڕێی بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازەوە بیٚ کە خۆیان پێشڕەوی بن.

جیاوازیی باری بزوتنەوەی حزبە پرۆلیتارییەکان بەپێی زەمینە و هەلومەرجی تایبەتی خۆیان، نابێتەوە هۆی دەرچونیان لە چوارچێوەی مارکسیزم لینینزم و پێویستە زۆر بە وریایی بەپێی پرینسیپەکانی مارکسیزم بجوڵێنەوە و هەر بۆ نمونە ئەم چەند خاڵە دەخەینە ڕوو:

١-هەموو حزبێک بۆی هەیە لە دارشتنی سیاسی خۆیدا، سەربەخۆیی تەواوی هەبیٚ.

٢-بۆی هەیە لە دەستنیشان کردنی شێوەی خەباتی قۆناغی خۆیدا سەربەخۆ بیٚ.

٣-هەرگیز نابیٚ ناکۆکیی نێوان حزبەکان ببێتە هۆی لادانیان لە خەباتی هاوبەشی دژ بە ئیمپریالیزم.

## نیشتمانپەروەری Patriotism

نیشـتمانپەروەری دروشـمێکە دژی شـۆڤێنیزم و کۆسـمۆپۆلۆتیزم بـەرز دەکرێتـەوە. مارکسیسـتەکان لـە هەمـوو وڵاتانـدا هەمیشـە بەوپـەڕی قارەمانێتییـەوە سـەرکردایەتی خەباتـی ڕزگاریـی نیشـتمانی دەکـەن. نیشـتمانپەروەری بەڵگـەی پەیوەندیی ڕاستەقینەی مرۆڤـە بـە نیشـتمان و جەمـاوەرەوە.

هیـچ کەسـێک ئەگـەر نیشـتمانپەروەر نەبـێ، ناتوانـێ مارکسیسـتێکی ڕاسـتەقینە بـێ، چونکـە دژی تیشـتمانپەروەری، هـەر کۆسـمۆپۆلیتیزم و دۆسـتایەتیی ئیمپریالیزمـە، واتـە دوژمنـی سۆسـیالیزم و مارکسـیزمە لـە کاتێکدا کـە ڕەنجدەران هەڵگری دروشـمی ڕزگاریـی نیشـتمانن و تـا دوا هەناسـە بـەردەوام دەبـن لەسـەر قوربانیـدان.

ڕزگاریـی نیشـتمان مانـای خەبـات کردنـە بـۆ مسـۆگەرکردنی سـەربەخۆیی ئابـوری و سیاسـی و ڕزگارکردنـی گـەل لـە هەمـوو جـۆرە چەوسـاندنەوەیەکی نەتەوەیـی، هەروەهـا بـۆ مسـۆگەرکردنی سەربەسـتی و سـەربەخۆیی مـاددی و مەعنـەوی و کەلتـوری وڵات و لـە پێنـاوی خۆشـگوزەرانی و بەختیاریـی ئـەو نەتـەوە ئـەو نەتەوانـەی لـە وڵاتەکـە دەژیـن.

ئیمپریالیـزم کـە بـە هەمـوو شـێوەیەک، هـەر لـە بەکارهێنانـی تفاقـی هونـەری و زانیسـتییەوە تـا دەگاتـە دەسـەڵاتی کەلتوری و بڵاوکردنـەوەی خراپـەکاری، کار دەکا بـۆ هێشـتنەوەی گـەلان و وڵاتانـی ژێردەسـتە بـە دواکەوتویی. لە بەرامبەری ئیمپریالیزمدا تەنیا خەباتی ڕزگاریی نیشـتمانییە کـە بتوانـێ سەربەسـتی و سـەربەخۆیی گـەلان و وڵاتـان مسـۆگەر بـکا و هەمـوو پیلانەکانـی ئیمپریالیـزم پوچـەڵ بکاتـەوە. جگـە لـەوە ڕزگاریـی نیشـتمان یەکێکـە لـە شـێوەکانی ریشـەکێش کردنـی ئیمپریالیزم و دەسـەڵاتی ئیمپریالیسـتی و لـەرزۆک کردنی. لـە لایەکی تـرەوە، ڕزگاربونـی هـەر وڵات

و نەتەوەیەک مانای دروستبونی قەڵایەکە بۆ گەلان و نەتەوەکانی تری ڕزگاریخواز لە ڕێگای هاوکاری و پشتگیری کردنییەوە.

## نیهیلزم Nihilism

لەزمانی لاتینیدا نیهیلیزم بە مانای «هیچ» دێ. خوێندنگە و تیۆریی فەلسەفەیی نیهلیزم بریتیە لە نەهێشتنی هیچ جۆرە نرخێک بۆ ئاین و ڕەوشت و نەهێشتنی هیچ جۆرە یاسایەکی کۆمەڵایەتی و هیچ ڕەوشتێکی ئاینی.

نیهیلستەکان لە سەرەتادا لە سەرچاوەی ئانارشیستی، بیروڕای خۆیان هەڵهێنجاوە، ئەویش لە سەدەی نۆزدەهەمدا و لە ڕوسیا سەریان هەڵداوە.

بۆ یەکەم جار نوسەری ناودار تۆرگینڤ لە داستانی ((باوکان و کوڕان)) دا لە ساڵی ١٨٦٢دا ئەم تاقمەی بە نهیلیست ناوبردووە. ناودارترین کەسی ئەم خوێندنگەیە میخائیل باکۆنییە (١٨١٤–١٨٧٦). باکۆنین دەڵێ «نەک تەنها ڕژێمی یاسایی، بگرە هەموو ڕژێمێک، تەنانەت ڕژێمی دکتاتۆریش، هۆی لەناوچونی کۆمەڵگایە».

ئایدیۆلۆژیای نیهیلیزم لەسەر ئەم بنەمایانە دامەزراوە:

١–بڵاوکردنەوەی بێ بڕوایی و بێ ئاینی و پوچەڵکردنەوەی بڕوا و ئاین.

٢–لە ناوبردن و نەهێشتنی هەموو شێوەکانی دەوڵەت و ڕژێم.

٣–بڵاوکردنەوەی بەڕەڵایی و گێرەشێوێنی لە شوێن کاری سیاسی.

نیهیلزم لە سەرەتادا لە ڕوسیا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا بڵاوبۆوە بەڵام لە ڕەوتی گەشەکردنی فەلسەفی و سیاسیدا پرۆدۆن ڕۆڵێکی باڵای تێدا گێڕاوە و پاشان کرۆپاتکین سەرکردایەتیی کردووە.

## یەکسانی Equality

یەکسانی یان وەکیەکی هەمیشە یەکێک بووە لە ئامانجەکانی مرۆڤایەتی. پێش پەیدابونی مارکسیزم، تیۆریی جۆراوجۆر لەسەر یەکسانی هەبوو کە لە لایەن وردە بۆرجوازییەوەکانەوە دانرا بوو،بەڵام بە کردەوە یەکسیانی تەنها لە بەرامبەر یاسادا بینراوە بێ ئەوەی بچێتە سەر ناوەڕۆکی مەسەلەکە کە بریتیە لە نەبونی یەکسانی چینایەتی. دیارە ئەمەیان سەرچاوەی هەموو نایەکسانییەکە.

بەپێی بیری مارکسیزم–لینینیزم یەکسانی هەرگیز ڕیگا نیە بۆ نەمانی جیاوازیی چینایەتی چونکە تا ناکۆکیی چینایەتی هەبێ و تا یاسای چینایەتی هەبێ و بەسەر خەڵکی جێبەجێ بکرێ و بەپێی ئەو یاسایانە وشەی یەکسانی بەکار بهێنرێت، هەرگیز یەکسانیی ڕاست و بنەڕەتی نایەتەوە کایەوە. ئەو یەکسانییەی کە خوردە بۆرجوازییەکان داوای دەکەن و دەڵێن دەبێ هەموو کەس یەکسان بن لە خاوەنداریێتیی تاکی ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا، یەکسان نیە.

کاتێک یەکسانیی ڕاستەقینە دێتە کایەوە کە خاوەنداریێتیی تاکی ئامرازی بەرهەمهێنان نەمێنێ و چینایەتی لەناو بچێ و خاوەنداریێتیی کۆمەڵ بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بێتە کایەوە، ئەویش بە بەدی هاتنی کۆمەڵگای کۆمۆنیزم دێتە دی. لە قۆناغی سۆسیالیزم کاتێک چینی چەوسێنەر و چەوساندنەوە نامێنێ و هەموو زەحماتکێشان بە شێوەیەکی یەکسان سود لە بەرهەمی ئیشەکانیان وەردەگرن و هەموو کەس وەک یەک سود لە بەهرە ماددی و مەعنەوییەکان وەردەگرن، ئەویش بەقەدەر ئەوەندەی کە کاری بۆ دەکەن و هەموو کەس سود لە کار، پشوو، پەروەردە و فێرکردن و کەلتور وەردەگرن و پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان و ژیان لە پیریدا و وەکیەکی لە ڕوی نەتەوایەتی و ڕەگەز و بیروباوەڕی ئاینی دێتە دی، یەکسانی بە چاکی فەراهەم دەبێ.

## سۆسیالیزم Socialism

سۆسـیالیزم قۆناغـی یەکەمـی سـەردەمێکی ئابـوری و کۆمەڵایەتییـە کـە پێـی دەوتـرێ کۆمۆنیـزم و کۆمەڵگایەکـە بەپێـی یاسـا بابەتییـە کۆمەڵایەتییـەکان شـوێنی سـەرمایەداری دەگرێتـەوە.

لـە سـەردەمی سـەرمایەداریدا ئابوریـی وڵات لەسـەر بناغـەی خاوەندارێتیـی تایبەتـی هۆکانـی بەرهـەن هێنـان دامـەزراوە. بـەڵام لـە سـەردەمی سۆسـیالیزمدا، ئابوریـی وڵات بەپێچەوانـەی سـەردەمی سـەرمایەدارییەوە لەسـەر بناغـەی خاوەندارێتیـی بەکۆمەڵـی هۆکانـی بەرهـەم هێنـان دادەمـەزرێ واتـە ڕەنجـدەران خۆیـان خاوەنـی هۆکانـی بەرهـەم هێنانـن.

لـە کۆمەڵگای سۆسیالیسـتیدا دوو جۆر خاوەندارێتـی هەیـە: یەکەمیان خاوەندارێتـی سـەرجەم جەمـاوەر یان دەوڵـەت، ئـەوی تریان خاوەندارێتی هەرەوەزییـە (کیۆپراتیڤ) لە هەردوو جۆر خاوەندارێتییەکەدا پەیوەندییەکی برایانـە و هاوکارییانـە هەیـە.

دەبێ ئـەوەش بـاش بزانین کـە شـان بەشـانی خاوەندارێتیی بـە کۆمەڵـی هۆکانـی بەرهـەم هێنـان، خاوەندارێتـی تایبەتیـش هەیـە لـە هەلومەرجێکـی تایبەتدا، بـەڵام بـە مەرجێ نەبێ بەهـۆی چەوساندنەوەی خەڵکی.

پـاش نەمانـی سـەردەمی کۆیلـەداری و دەرەبەگایەتـی و سـەرمایەداری کـە لەسـەر بنچینـەی چەوسـاندنەوەی مـرۆڤ لـە لایـەن مرۆڤـەوە هەڵدەسـوڕێن، سـەردەمی سۆسـیالیزم دێتـە کایـەوە کـە بـۆ هەمـوو کەسـێک بەپێـی کارکردنـی گەنـج دەخـوا و بەقـەدەر تواناشـی ڕەنـج دەدا.

هـەر بۆیـە گوێزانـەوەی کۆمەڵگا لـە سـەرمایەدارییەوە بـۆ سۆسـیالیزم بـە گەورەتریـن و قوڵتریـن گـۆڕان لـە مێژوودا دەزانـرێ.

کۆمەڵـگای سۆسیالیسـتی قۆناغـی پێگەیشـتن و کامڵبونـی ئابـوری و کەلتوریـی مرۆڤایەتییـە بۆیـە لـە پەیدابونـی سۆسـیالیزمەوە بـە مێـژووی

ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی دەژمێردرێ و هەموو سەردەمەکانی پێشوو، واتە سەردەمەکانی پێش سۆسیالیزم بە پێش مێژوو دەزانرێن.

سۆسیالیزم ئەو سەردەمەیە کە ئابورییەکی نوێ تێدا پەیدا دەبێ و سەرخانێکی نوێی کۆمەڵگاش دێتە ئاراوە. چەوساندنەوەی چینە بەرهەمهێنەرەکان نامێنێ، جەساندنەوەی نەتەوایەتی و ڕەگەزی نامێنێ و سەربەستی و یەکسانیی ڕاستەقینە دێتە کایەوە.

لە سۆسیالیزمدا گەشەکردنی ئابوری و کەلتوری لە پێناوی سەرفرازی و خۆشگوزەرانی و ڕازیکردنی زۆربەی جەماوەرە، لە ڕوی ماددی و مەعنەوییەوە، لە ڕێگای گەشەکردن و بەرەو پێشەوە بردنی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان بە جۆرێک کە لسەر بناغەی پێشکەوتوترین و بالاترین تەکنیک بەرهەمی زانستی بێ.

لە سۆسیالیزمدا پەیوەندیی بەرهەمهێنان گونجاوو هەرەوەزییە و هێزەکانی بەرهەمهێنانیش هێزی بەکۆمەڵن کە ئەمەش گرنگترین هۆی گەشەکردنی ئابورییە بەخێرایی. لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە بە هۆی لەناو بردنی چینە چەوسێنەرەکانەوە، کۆمەڵگا سۆسیالیستی لە چەند چینێکی دۆستی یەکتری وەک کرێکاران و جوتیاران و توێژی کۆمەڵایەتی وەک ڕۆشنبیران پێک دێت. چەند سۆسیالیزم لەسەر ڕێبازی ڕاستی مارکسیزم لینینیزم بەرەو پێشەوە بڕاو و پتر گەشە بکا، ئەوەندە بەرەو نەمانی جیاوازیی کاری بیر و کاری دەست دەچێ و بەرەو نەمانی جیاوازیی نێوان شار و لادێ دەچێ تا وردە وردە دەگاتە قۆناغی کۆمۆنیزم کە ئەو جیاوازییانە تێیدا بە تەواوی لە ناو دەچن. لە کۆمەڵگای سۆسیالیزمدا کارکردن سەرچاوەی دەستکەوتی هەموو کەسێکە، بەقەدەر کارەکەی واتە لەباتی ئەوەی سەرمایە سەرچاوەی خۆشگوزەرانی بێ، کارکردن سەرچاوەی خۆشگوزەرانی دەبێ.

سۆسیالیزم بریتیە لە پیشاندەری ڕوی دڕندانەی ئیمپریالیزم بەرامبەر بە مرۆڤایەتی و سیستمێکی کۆمەڵایەتیی نوێیە کە لەسەر بنچینەی خاوەندارێتی بە کۆمەڵی هۆکانی بەرهەمهێنان دامەزراو و تێیدا ئابوریی

وڵات بۆ سود و قازانجی جەماوەر بەکار دەهێنرێ و هەموو مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ڕەنجدەرانی تێدا مسۆگەر دەکرێ، هەروەها دیموکراسییەکی ڕاستەقینە دێنێتە دی و هێزی لە بڕان نەهاتوی جەماوەر هاوبەشی بەڕێوبردنی کۆمەڵگایە و لە خزمەتی پەیداکردنی کەسایەتیی تەواوی مرۆڤە لە هەموو ڕویەکەوە. لە سایەی سۆسیالیزمدا هەموو گەلان بە مافی نەتەوایەتیی خۆیان دەگەن و بەوپەڕی دیموکراسی و سەربەستییەوە بۆیان هەیە دەستنیشانی مافی چارەی خۆنوسینی خۆیان بکەن. سۆسیالیزم گەورەترین پاڵپشتی ڕزگاریخوازانەی وڵاتانی داگیرکراو و گەلانی ژێردەستە و چینە چەوساوەکانە.

## هەڵپەی چەپڕەوانەی بلانکیزم

بلانکیزم زاراوەیەکە بۆ ڕێکخراوێک بەکار دەهێنرا کە لە سەردەمی سەرهەڵدانی سۆسیالیزم لە سەدەی نۆزدەهەم لە فەڕەنسا پەیدا بووە و بە ناوی ئۆگەست بلانکی شۆڕشگێڕەوە ناو نراوە. بلانکیسیتەکان ڕایان وابوو کە بە دەستەیەکی بچوکی شۆڕشگێڕی نەبەرد و قوربانیدەر دەتوانرێ سەرمایەداری و چەوساندنەوە لەناو ببرێ، بێ پشت بەستن بە جەماوەر، ئەویش لە ڕێگای هەڵگەڕانەوە (کودەتا) و پاشان بنیاتنانی ڕژێمی سۆسیالیستی.

واتە بلانکیزم بریتیە لە بڕوابون بە کاری پەلەپەلکەر و فیداکاریی دەستەیەکی بچوک و تۆکمە، بێ گوێدانە پشت بەستن بە جەماوەر و خەباتی جەماوەری و باری شۆڕشگێڕی و باری بابەتی و خۆیی و بێ هاندان و سازدان و ڕاپەڕاندنی جەماوەر.

وەک وتمان، بلانکیزم لە بیروباوەڕی ئۆگست بلانکەوە سەرچاوە دەگرێ. لویس ئۆگست بلانک لە ساڵی ١٨٠٥ هاتۆتە دنیاوە لە فەڕەنسا و یەکێک بووە لە شۆڕشگێڕە سەرسەختەکانی فەڕەنسا لە کە مێژوی خەباتی گەلی فەڕەنسا و گەلاندا بەناوبانگە. خاوەنی ٦٠ ساڵ خەباتە

و لـەو ماوەیـەدا چەندیـن جـار ڕۆڵێکـی سـەرەکیی لـە پێکهێنانـی چەندیـن ڕێکخـراو و گرووپـی بچـوک بچوکـی نهێنیـدا هەبـوەو دوو جـار نەخشـەی بـۆ هەڵگەڕانـەوە و ڕاپەڕیـن کێشـاوە و دوو جـار بڕیـاری خنکاندنـی بـۆ دەرچـووە لـە دادگا، بـەڵام هـەردوو جـار بـۆی کـراوە بـە بەندیی هەمیشـەیی. بلانک چل سـاڵی تـەواوی لـە زینداندا بردۆتـە سـەر تـا لـە سـاڵی ١٨٧١ دا، کاتێـک لـە زینـدانـدا بـوو بـێ ئاگاداریـی خـۆی هەڵبژێـردرا بـۆ ئەندامەیتـی کۆمۆنـی پاریس کە یەکـەم ڕاپەڕاندنی کارگـەران بـوو دژی سـەرمایەداری و بـەم بۆنەیـەوە لـە زینـدان هاتـە دەرێ.

مارکـس و ئەنگلـس بـە ڕێـزەوە سـەیری شۆڕشـگێڕێتیی بلانکیـان کـردەوەو نرخیـان داوەتـێ، بـەڵام هەمیشـە بەرپەرچـی ڕێبازەکەیـان داوەتـەوە لـە مـەڕ گۆڕینـی کۆمەڵگا. ئەمـڕۆش ئـەو چەپڕەوانـەی کـە هیـچ بایەخێک بە مەسـەلەی پێگەشـتنی زەمینـەی لە باریـی کۆمەڵگا بۆ شـۆڕش نـادەن و گـوێ نادەنـە مەسـەلەی ئامادەکردنـی مەرجـە بابەتـی و خۆییەکانـی شـۆڕش و دانانـی تاکتیکـی لەبـار بـۆ خۆشـکردنی ڕێـگای بەدەسـتهێنانی سـەرکەوتن و گەیشـتن بـە ئامانجـی ستراتیجی و بڕواشیان بـەم مەسـەلانە نییـە، دەتوانیـن بـە بزوتنـەوەی ئـەم چەپڕەوانـە بڵێیـن بلانکیزمـی نـوێ.

## یەکێتیی پیرۆز Sainte alliance

زاراوەیەکـی زۆر بەربـڵاوە لـە وتوویـژی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـدا بـۆ یەکگرتن و هاوپەیمانیی سوپایی و سیاسیی نێوان دەوڵەتان یان ڕێکخراوو حزبـە سیاسـییەکان ناپێشـکەوتنخوازەکان دژی خواسـتەکانی گـەلان و بـەرەی پێشـکەتنخوازی بـەکار دەهێنـرێ. بـۆ نمونـە دەڵێیـن ئیمپریالیزمـی ئەمریـکا و ئینگلیـز و لایەنگرانیـان لـەو ڕووەوە دەیانـەوێ یەکێتییەکـی پیـرۆز لـە کەنـداوی فـارس (یـان عـەرەب) دژی ڕاپەڕیینـی ئازادخوازانـەی نەتەوایەتیـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و دەوروبـەری دروسـت بکـەن. یـان

دەڵێن لەناوبردنی شۆڕشی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٧٥ ئەنجامی یەکێتیی پیرۆزی نێوان کۆنەپەرستانی ناوخۆ (واتە سەرکردایەتیی خێڵەکیی ئەوسای کورد و کۆنەپەرستیی شاهنشاهیی ئێران و ڕژێمی فاشیستی عێراق و ئیمپریالیزمی ئەمریکا بوو.

لێرەدا دەردەکەوێ کە وشەی پیرۆز لەم زاراوەیەدا مانای پاکی و ڕاستی نابەخشێ بەڵکو بەپێچەوانەوە مانای ناپیرۆزی و کلک تێک گرێدانی کۆنەپەرستان و ئیمپریالیزم دەبەخشێ. بڵاوبونەوەی ئەم زاراوەیە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە لە سەرەتادا ناوی ڕێکخراوێک بووە کە پاش ڕوخانی ناپلیۆن لە ئەیلولی ١٨١٥، لە پاریس دروست بووە، ئەویش لە لایەن ئیمپراتۆر و پاشاکانی ئەوسای ئەوروپا بۆ لێدان و سەرکوت کردنی هەموو جۆرە جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازانە و لە هاوپەیمانیی نێوان ئەلیکسەندەری ڕوسیا و مەتەرنیخی سیاستمەداری دەسترۆیشتوی نەمسا پێک هاتبوو و پاشان هەموو پاشا و خاوەن تاجەکانی ئەوروپا بەشدارییان تێدا کرد و ئەمانە پارێزەری ڕژێمی دەرەبەگایەتی و ئەشرافەکانی ئەو سەردەمە بون و دژی هەموو جۆرە گۆڕانێکی دیموکراتییانە و سەربەخۆیی خوازانە بون. هەرچەندە ئینگلتەرە بە شێوەیەکی ڕەسمی نەچووە ناو ئەم هاوپەیمانییە، بەڵام بە شێوەیەکی ئاشکرا پشتیوانی لێ دەکرد. ئەم هاوپەیمانییە هەموو ساڵ جارێک کۆنگرەی دەگرت و کۆمەڵێک بڕیاری پێویستی تێدا دەدرا بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕی جەماوەر، بۆیە هەزاران هاوڵاتیی ئیسپانی و ئیتاڵی یۆنانی و هی تر بونە قوربانیی چارە ڕەشی خوێناویی کۆنەپەرستانەی ئەم یەکێتییە ناپیرۆزە. سەرکردەکانی ئەم هاوپەیمانییە لە ژێر ناوی (( بەربەست کردنی بڵاوبونەوەی شۆڕش دەستیان کێشایە کاروباری گەلانی ئازادیخواز و بە زەبری هێزی سوپا سەرکوتیان کردن)).

بەڵام لە ئەنجامی تەقینەوەی ناکۆکیی پڕ لە چاوچنۆکیی نێوان بەرەکانی ئەو هاوپەیمانییە، وردە وردە هاوپەیمانییەکە پوکایەوە و

شۆڕشی ساڵی ١٨٣٠ی فەڕەنسا و شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی ساڵانی ١٨٤٨-١٨٤٩ کە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا هەڵگیرسان، بونە هۆی لێک هەڵوەشانەوەی شیرازەی ئەو هاوپەیمانییە بە یەکجاری و لەناوچونی.

## یەکێتیی کرێکاران (سەندیکا) Syndicate

سەندیکا بریتیە لە ڕێکخراوی پیشەیی کرێکاران و ڕەنجدەران. سەندیکا سەرەنجامی خەباتی کرێکاران و ڕەنجدەرانە بۆ بەرگری لە بەرژەوەندیی چینایەتییان و لە بارودۆخێکی ئابوریی تایبەتدا هاتۆتە کایەوە.

بۆ یەکەمین جار سەندیکا لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم دروست کرا، ئەویش لە ئینگلتەرا بە ناوی ترێدیۆنیۆن واتە یەکێتیی کرێکاران. هەروەها لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا لە فەڕەنسا پێک هات و لە ئەمریکا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم هاتە کایەوە و لە ئەڵمانیش لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم پەیدا بوو. لەو قۆناغانەی گەشەکردنی کۆمەڵگای سەرمایەداری کە هێشتا گۆڕانە سیاسییەکان هیچ پەیڕەوێکییان بەخۆیانەوە نەگرتبوو، سەندیکاکان وردە وردە بونە ڕێکخراوەی هەمیشەیی و کەم و زۆر هێزیان پەیدا کرد و گرنگییان بۆ خۆیان پەیدا کرد. لە کاتێکدا کە حزبی سیاسی چینی کرێکاران هێشتا پەیدا نەبوبو، سەندیکاکان هەمویان لەسەر ڕێباز و نەخشە و پرۆگرامی یەکێتی کرێکارانی ئینگلتەرا (ترێدیۆنیۆن) دەڕۆیشتن. چالاکییەکان بریتی بون لە بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی ئابوریی ئەندامانی سەندیکا.

لە وڵاتە سەرمایەدارییەکانی ڕۆژئاوا زۆربەی سەندیکاکان لە ژێر سەرکردایەتیی ڕاسترەوەکانی ئۆرۆستۆکراسیی کرێکاریدا بون، بەڵام لە لایەکی ترەوە لە هەندێ وڵاتی سەرمایەداریدا سەندیکاکان زۆر بەهێزن و چالاکانە کار دەکەن، نەک تەنیا بۆ بەرگری لە بەرژەوەندیی

تاکی سەندیکا، بگرە خەباتی سیاسیی جۆراوجۆری خۆیان بە چاکی درێژە پێ دەدەن دژی ڕژێمی سەرمایەداری و بۆ مسۆگەرکردنی مافی دیموکراتی و پیشەیی و سەربەستیی نەتەوەیی لە لایەک و هەروەها لەلایەکی ترەوە خەبات دژی چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی و ڕەگەزپەستی دەکەن. سەندیکا پێشکەوتنخوازاکانی جیهان لەسەر ڕێبازی یەکێتیی ڕەنجدەرانی جیهان دەڕۆن و ئەم یەکێتییەشیان خۆی لە فدراسیۆنی جیهانیی سەندیکاکاندا دەنوێنێ.

مەیدانی کاری سەندیکا شوێنی کاری کرێکاران و ڕەنجدەرانە. لەو وڵاتانەی کە کاربەدەستانی ڕژێم دژی جەماوەر بن، لە ڕێگای زۆر و ستەم و پۆلیس و سوپا و پیاوکوژ و تەقاندنەوە، بەرهەڵستیی دروستکردنی سەندیکا دەکەن.

## یونسکۆ UNESCO

یۆنسکۆ کورتکراوەی ڕێکخراوی زانستی و کەلتوری و پەروەردە و فێرکارییە کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٦ دایمەزراندووە.

ئامانجی یونسکۆ پشتیوانیکردنە لە ئاشتی و ئاسایش لە ڕێگای دروست کردنی هاوکاری لە نێوان نەتەوەکان بەهۆی پەروەردە و فێرکاری و زانست و کەلتورەوە کە دەبنە بەردی بناغەی ڕێزگرتنی دادپەروەری و دەسەڵاتی یاسایی و مافی و سەربەستی کە ئەم بەهایانەش لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانیان پێدا نراوە.

دەزگاکانی یونسکۆ ئەمانەن:

آ-کۆنفرانسی گشتی: هەر دەوڵەتێک کە ئەندام بێ تێیدا هەر دوو ساڵ جارێک نوێنەری دەچێتە ئەو کۆنفرانسەوە بۆ دەنگدان لەسەر پرۆگرام و بودجەی ڕێکخراوەکە.

ب-ئەنجومەنی بەڕێوەبردن کە لە ٢٤ ئەندام پیکدێ و لانی کەم ساڵی دوو جار کۆدەبنەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆگرامەی کە لە لایەن

کۆنفرەنسەوە ئامادە کراوەو دەنگی لەسەر دراوە.
ج-بارەگای بەڕێوەری: کە بەڕێوەبەرێکی گشتیی لە پاریس بەڕێوەی دەبا.
چالاکییەکانی یۆنسکۆ خۆیان لە چوارچێوەی ئەم هەشت خالانەی خوارەوەدا دەنوێنن:
١-پەروەردە و فێرکاری بۆ قەلاچۆکردنی نەخوێنەواری و چەسپاندنی پەروەورد و فێرکاریی سەرەکی بەرەو فراوانکردنی مەودای ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ لەم مەیدانەدا.
٢-زانستی سروشت: دروستکردنی هاوکاریی تەواو لە نێوان خوێندکارانی ئەم بەشە و گەشەپێدانی.
٣-زانستی کۆمەلایەتی: هاندانی تەواو بۆ خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە و زانیاری پەیداکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی وەک ڕەگەزپەرستی و ناکۆکیی ئاینی لە ڕێگای تێگەیشتن و هێنانە دیی یەکسانی.
٤-چالاکیی ڕۆشنبیری: هاوکاری و شارەزابون لە مەیدانی کەلتوریی و ولاتانی ئەندام و ئالوگۆڕکردنی بەرهەمی هونەریی و وێژەیی و فەلسەفی.
٥-گۆڕینەوەی کادیر و سەردانی دۆستانە لە نێوان دەوڵەتانی ئەندام بە مەبەستی کارکردن و خوێندن و شارەزایی پەیداکردن لە ولاتی یەکتری.
٦-هەستی جەماوەری: بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەری ولاتانی ئەندام لە ڕوی تێگەیشتن و هۆشیاری پەیداکردن بەرامبەر بە یەکتری و بەرامبەر بە کارەکانی یونسکۆ.
٧-هاوکاریی دارایی: بۆ مەبەستی یارمەتیدانی خوێندکارانی هەژار و هەروەها بۆ یارمەتیدانی خوێندگەکان و پەرتوکخانە و دەزگا زانستی و هونەرییەکانی ولاتانی وێرانکراو بەهۆی شەڕەوە.
٨-یارمەتی تەکنیکیی.

## یونیسیف UNICEF

بریتیە لە سندوقی نێونەتەوەیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان کە لە ١١ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە.

ئەم دەزگایە لە ژێر چاودێریی ئەنجومەنی کۆمەڵایەتی و ئابوریی نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکا بۆ پەروەردەکردنی منداڵان.

ئەم دەزگایە بەرنامەیەکی هەیە بۆ خۆشگوزەرانیی منداڵان لەو وڵاتانەی کە بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانەوە توشی ماڵوێرانی بوو ببون. بەڵام وردە وردە بەرنامەکە فراوانتر کرا تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە یارمەتی منداڵانی وڵاتانی دواکەوتوو بدا.

ناوەندی ئەم دەزگایە لە نیویۆرکە و لە لایەن وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو کەسێکی دەوڵەمەندەوە یارمەتی دەدرێ.